حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# هەڵسەنگاندنی بازاڕی کاری ئێستا و داهاتوو لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## هەندێک خاڵ بۆ سیاسەتەکانی زیادکردنی کاری کەرتی تایبەت



هوارد جی. شاتز
لۆئەی کۆنستانت
جیل ئێی. لوتو
ئەلێکساندەریا س. سمیس
شموئێل ئابرامزون

RAND
CORPORATION

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# هەڵسەنگاندنی بازاڕی کاری ئێستا و داهاتوو لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## هەندێک خاڵ بۆ سیاسەتەکانی زیادکردنی کاری کەرتی تایبەت

بە پشتگیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هوارد جی. شاتز
لۆئەی کۆنستانت
جیل ئێی. لوتو
ئەلێکساندەریا س. سمیس
شموئێل ئابرامزون

RAND LABOR AND POPULATION

# پێشەکی

ئەم توێژینەوە باس لەو پرسیارە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) چۆن دەتوانێت بازاڕی کاری کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI)دا باشتر بکات. دانەرانی سیاسەت دەیانەوێ هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو ئابوورییەک بە ناوەندییەتی کەرتی تایبەت ڕێنمایی بکەن. جێبەجێبوونی ئەم کارە پێویستی بەدیهێنانی هەندێک میکانیسمە بۆئەوەی داخوازانی کار بتوانن بە بەکارهێنانی ئەوان کارامەیی گونجاو بەدەست بێنن ئەو خاوەنکارانە بدۆزنەوە کە ئەوان دابمەزرێنێت، خاوەنکارەکان بتوانن فەرمانبەری پێویستی خۆیان بدۆزنەوە و حکومەت بتوانێت ئاقارێکی گونجاو بونیات بنێت کە پەیوەندی نێوان داخوازانی کار و خاوەنکارەکان بە باشترین شێوە بەدی بێت.

بەم پێیە، ئەم پرۆژەیە ناودراوی پێویست بۆ باشترکردنی سیاسەتەکانی بازاڕی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی پەیوەندی نێوان داخوازانی کار و خاوەنکارەکان لە ڕێگەی چوار قۆناغەوە دابین دەکات. سەرەتا باس لە مەزەندەکردنی ژمارە و ئاستی خوێندەواری ئیحتیمالی دۆزەرانی کاری نوێ تاکوو ساڵی 2020 دەکات. لە قۆناغی دووهەمدا، ڕاپرسییەکی بنەڕەتی و کرداری جێبەجێ دەکات بۆئەوەی بتوانێت لە تێڕوانینی خاوەنکارەکان سەبارەت بە کەلێنەکانی کارامەیی لە هەرێمی کوردستان زانیاری بەدەست بێنێت. سێیەم: لێکۆڵێنەوە دەکات لە گەشەی کار بەپێی کەرتەکان لە ئابوری هاوشێوەدا بۆ دەستنیشانکردنی گەشەی کەرتە موژدەبەخشەکان. وە چوارەم، باس لە شرۆڤەکردنی قۆناغەکانی دانانی ئەو سیاسەتەی کە دەبێ حکومەت جێبەجێی بکات لەوانە ئەگەری دانان و وەڕێخستنی سیستەمێکی زانیاری بازاڕی کاری فەرمی بە مەبەستی باشترکردنی کرداری بازاڕی کاری کەرتی تایبەت دەکات.

ئەم توێژینەوەی جێگەی بایەخە بۆ سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها بەگشتی هەر کەسێک کە پسپۆڕ بێت یان بایەخ بدات بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بازاڕی کاری وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان و ئەوانەی کە توێژینەوە دەکەن لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە "هێزی کار و جەماوەری RAND" دا جێبەجێ کرا. " هێزی کار و جەماوەری RAND" لە بواری جێبەجێکردنی پلانی لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەخوازانە، بە کوالیتی باش و ئەزموونی بۆ پشتگریکردن لە سیاسەت و ڕێکخراوەکان لە سەرتاسەری دونیادا و چاکسازی ئەوان، ناوبانگی دەرکرووە. چالاکی ئەو لەسەر بازاڕی کار، سیاسەتی ئاسوودەیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی جەماوەر، کۆچبەری، پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و کێشەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ بەساڵاچوویی و خانەنشینی بە مەبەستی ناسینی کاریگەری هێزی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر بڕیاری ڕاستەوخۆ و تەندروستی منداڵان، گەورەکان و خێزانەکان چەق دەبەستێت.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بەم ڕاپۆرتە، پەیوەندی بکە بە هۆوارد جی. شاتز یان لوویی کۆنستانت کە لێکۆڵەرانی سەرەکی ئەون. دەستراگەیشتن بە دکتۆر شاتز لە ڕێگەی ئیمەیڵی Howard_Shatz@rand.org؛ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ژمارەی 1100 –413–703 ناوخۆیی 5184؛ یان لە ڕێگەی پۆستە و لە ڕێگەی کۆمپانیای RAND، بە نیشانی خوارەوە دەکرێت: South Hayes Street, Arlington, Virginia, 22202 1200. دەستراگەیشتن بە دکتۆر کۆنستانت لە ڕێگەی ئیمەیڵی Louay_Constant@rand.org؛ ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ژمارەی 310–393–0411 ناوخۆیی 6766؛ یان لە ڕێگەی پۆستە و لە ڕێگەی کۆمپانیای RAND، بە نیشانی خوارەوە دەکرێت: Main 1776 Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, California, 90407.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە یەکەی کار و دانیشتوانی راند، پەیوەندی بکە بە کریشنا بی. کومار، بەڕێوەبەری بەشی هێزی کار و جەماوەری RAND، کۆمپانیای RAND پەیوەندی بکە بە نیشانی خوارەوە: Box 2138, Santa Monica, CA 90407–2138, (310) 393–0411 x7589, Krishna_Kumar@rand.org.

# ریزبەندی بابەتەکان

**پێشەکی** ........ iii
**وێنەکان** ........ ix
**خشتەکان** ........ xi
**کورتە** ........ xiii
**سپاس و پیزانین** ........ xix
**نیشانە کورتکراوەکان** ........ xxi

**پاژی یەک**
**پێشەکی** ........ 1
پێشینە ........ 1
داتاکان و شێوازەکان (مێتۆدەکان) ........ 2
پێکهاتەی راپۆرت ........ 4

**پاژی دوو**
**ئاستی خوێندن، کارامەییەکان و بەشداری تازەهاتووانی پۆتانسیەلی چوونەناو بازاڕی کار لە داهاتوودا لە هێزی کار** ........ 5
شێوازەکان و بەکارهێنانی ئەوانە لە سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق ........ 6
سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق ........ 6
خاڵەکانی دەرکەوتن لە خوێندن ........ 7
شێوازەکانی مەزندەی رێژەی کەسانێ کە سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن ........ 8
بەکارهێنانی رادەی بەشداریی هێزی کار بەپێی تەمەن، رەگەز، و پلەی خوێندن ........ 8
تایبەتمەندیەکانی هێزی کاری نوێ ........ 9
کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کە لە سیستەمی خوێندن دەرکەوتوون ........ 10
پێشبینی داواکارانی نوێی چوونەناو بازاڕی کار پاش پۆلی 9 ........ 12
پێشبینی داواکارانی نوێی چوونەناو بازاڕی کار پاش پۆلی 12 ........ 13
پێشبینی کارخوازی نوێ پاش تەواوکردنی پەیمانگا و زانکۆ ........ 14
تازەهاتووان بۆ بازاڕی کار لە پاش خوێندنی دواناوەندی بە پێی لقی خوێندن ........ 15
ئەگەری گۆڕانی خەمڵاندن و پێشبینییەکان ........ 17
خاڵە پەیوەندیدارەکان بە بازاڕی کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ........ 18

**پاژی سێ**
**کەلێنەکانی کارامەیی و خواستی چاوەڕوانکراوی کەرتی تایبەت لە هێزی کاری هەرێمی کوردستان-عێراق** ........ 21
مێتۆدەکانی راپرسی ........ 22
تێگەیشتنی خاوەنکارەکان، ئەزموونەکانی دامەزراندن و شێوازەکانی دامەزراندن ........ 24
تێگەیشتنی خاوەنکارەکان لە هێزی کاری هەرێمی کوردستان ........ 24

ئەزموونەکانی دامەزراندنی خاوەنکاران ........ 25
کاریگەری کێشەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن ........ 27
چالاکیەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن لە لایەن خاوەنکاران ........ 29
خواستی خاوەنکار لەسەر کارامەییەکان ........ 32
پۆلێنبەندی کۆی کارامەییەکان ........ 32
هەڵوێست و کارامەیی هاندەری کرێکاران ........ 34
پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکانی نێوان تاکی ........ 34
خوێندەواری ........ 34
کارامەیی پەیوەندیدار بە زمانی بیانی ........ 34
زانست و ئەزموونی تایبەت بە کار ........ 35
کارامەییە پەیوەندیدارەکان بە بەڕێوەبەرایەتی و هەڵسووڕاندن. ........ 36
کارەماییەکانی فرۆشیاری و بازرگانی ........ 36
راهێنانی پێشکەش کراو لە لایەن خاوەنکار و کۆسپەکانی ........ 37
خاڵە پەیوەندیدارەکان بە بازاری کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ........ 39

بەشی چوار

**سیناریۆکانی گەشەکردنی دامەزراندنی کەرتە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق** ........ 41
هەڵبژاردنی وڵاتەکان ........ 41
گەشەی کار لە کەرتە سەرەکییەکاندا ........ 45
خاڵەکان ........ 49
گەشەی کار لە کەرتی بەرهەمهێناندا ........ 52
خاڵەکانی پەیوەندیدار بە بازاڕی کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ........ 56

پاژی پێنجەم

**سیستەمی زانیاریەکانی بازاڕی کار** ........ 59
هەڵسەنگاندنی LMIS ەکان ........ 60
پێشینە، ئامانجەکان و پێناسەی سیستەمی زانیارییەکانی بازاڕی کار ........ 61
وێکخستن و لێکدانەوەی داتاکان لە ئاستی وەزارەتخانەکان و لە ئاستی کەرتە گشتی و تایبەتیەکان ........ 62
ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بە LMIS هەیە؟ ........ 64
هەرێمی کوردستان وەک کارپێکەری LMIS ........ 65
سیاسەتی پوتانسیێلی و دیکەی پرسیارەکان سەبارەت بە LMIS ........ 66
کاربەدەستانیحکوومەتی دەتوانن لە LMIS بە مەبەستی تۆمارکردنی سیاسەتەکان کەڵک وەربگرن. ........ 66
خاوەنکارەکان دەتوانن لە LMIS بۆ دۆزینەوەیکارگێرگەلێک لە ماوەیەکی کورتدا بە مەبەستی بڕیاردان لە بواری سەرمایەدانان لە درێژخایەندا کەڵک وەربگرن. ........ 68
کارخوازەکان دەتوانن لە LMISێک بە مەبەستی بە دەست هێنانی ئیشە ئامادەبووەکان وەک بنەمای بەرنامەڕێژی پیشەیی کەڵک وەربگرن. ........ 69
دامەزراوە پەروەردە و خوێندنیەکان دەتوانن لە LMIS بۆ ئاسان کردنەوەی بەرنامەڕێژی وانەیی کەڵک وەربگرن. ........ 70
توێژەرەکان دەتوانن لە LMIS بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی بازاڕی کار کەڵک وەربگرن. ........ 71
نموونەگەلێک لەبارەی خزمەتگوزارییەکان دیکە کە هەندێک کات لە لایەن LMIS وە پێشکەش دەکرێن. ........ 71
LMISێک بۆ هەرێمی کوردستان بە چ چەشنێک دەبێت؟ ........ 72
دیمەنەکانی بازاڕی کار ........ 73
ناوکەوتەکانی زانیارییەکانی پێشکەش کردنی هێزی کار ........ 73
ناوکەوتەکانی زانیاری داواکاری بۆ هێزی کار ........ 74
کردەوەکانی راهاتوویی بازاڕی کار ........ 75
خاڵە پەیوەندیدارەکان بە بازاری کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ........ 77

پاژی شەشەم

**ئەنجامی کار و ئاڕاستەکانی سیاسەتدانان**........................................ 79
قۆناخەکانی سیاسەتدانان لەبۆ چاکتربوونی پێشکەشکردنی هێزی کار و هەڵسەنگاندنی داواکاریی هێزی کار ........ 79
ئاڕاستەکانی سیاسەتدانان پێوەندیدار بە سیستەمی خوێندنی باڵا........................................ 79
ئاڕاستەکانی سیاسەتدانان پێوەندیدار بە هەموو بەشەکانی ئێستاکە و داهاتووی بازاڕی کار ........ 80
دابەزاندنی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان........................................ 81

پاشکۆکان

**پاشکۆی ئا ڕاپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی 2012: دیزاینی لێکۆڵینەوەی ئاماری**... 85
**پاشکۆی ب ڕاپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی 2012: دیزاینی نموونەی ئاماری**..... 101

**لیستی سەرچاوەکان**........................................ 109

## وێنەکان


2.1 تەخمینی ڕێژەی کەسانێک کە چوونەتە نێو بازاڕی کار لە پاش تێپەڕاندنی پۆلی 9 ........... 12
2.2 تەخمینی ڕێژەی کەسانێک کە چوونەتە نێو بازاڕی کار لە پاش تێپەڕاندنی پۆلی 12 .......... 13
2.3 تەخمینی ڕێژەی کەسانێک کە چوونەتە نێو بازاڕی کار لە پاش تێپەڕاندنی خولەکانی خوێندنی دوو ساڵە و چوار ساڵە لە پاش قۆناغی دواناوەندی ........................... 14
3.1 تێڕوانینی خاوەنکاران لە ئامادەباشی دەرچوان بۆ کار، بەپێی دامەزراوەی پەروەردەیی ....... 24
3.2 سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە بوونی کێشەیان راپۆرت داوە، هۆکانی دامەزراندن بۆ ئەو کێشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەیە بۆداواکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق ........................................................ 26
3.3 سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە بوونی کێشەیان راپۆرت داوە، لەسەدی کەسانێک کە گوتوویانە کێشەکانی دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیی هەندێک کێشەیان هەبووە، بە پێی جۆری ئیش، 2012 ........................................................ 27
3.4 سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە بوونی کێشەیان راپۆرت داوە، لەسەدی کەسانێک کە گوتوویانە کێشەکانی دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیی کاریگەری لە سەر کار و کاسبی ئەوان داناوە، 2012 ........................................................ 28
3.5 لەسەدی کارمەندانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق کە ئێستا کار دەکەن بە پێی ئەندازەی دامەزراوی کار و کاسبی و بەشی ئابووری، 2012 ........................ 29
3.6 لەسەدی ئەو کارفەرمایانە کە گوتوویانە تا رادەیەک یان زۆربەی جار ناچار بوون بە دوا کارمەندانێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بن، بە پێی ئەندازەی دامەزراوی کار و کاسبی، 2012 ........................................................ 30
3.7 لەسەدی ئەو کارفەرمایانە کە گوتوویانە دەیانەوێت پەرە بە هێزی کاری خۆیان لە ساڵی داهاتوودا بدەن و ڕێژەی پەتی بابەتەکانی دامەزراندن، بە پێی ئەندازەی دامەزراوی کار و کاسبی، 2012 ........................................................ 31
3.8 لەسەدی ئەو کارفەرمایانە کە گوتوویانە لە کام لە مێتۆدەکان بۆ دامەزراندنی کارمەندە نوێکان کەڵک وەردەگرن، 2012 ........................................................ 31
3.9 جۆری راهێنانی پێشکەشکراو لەو کۆمپانیانەی کە گوتوویانە جۆرێک لە راهێنانیان پێشکەش کردووە، 2012 ........................................................ 37
3.10 سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە هەبوونی کێشە و کۆسپیان بۆ پێشکەشکردنی راهێنان راپۆرت دابوو، لەسەدی ناوبردنی کۆسپە دیارەکان بۆ پێشکەش کردنی راهێنان، 2012 .......... 38
4.1 کەرتەکانی خاوەن گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجی و بەشێکی بەرچاو لە کار (ژمارەی جارەکانی ڕوودان لە نۆ وڵاتدا) ........................................ 47
4.2 پەرەپێدانی کەرتەکانی خاوەن گەشەی کاری بەرچاو وسەرتر لە نێوەنج لە چوار خولی کاتیدا ....... 48
4.3 پیشەی بەرهەمهێنانی خاوەن گەشەی کاری زۆرتر لە نێوەنج و بەشێکی بەرچاو لە کار (ژمارەی ڕوودان لە نۆ ولاتدا) ........................................................ 54
4.4 پەرەپێدانی پیشەکانی خاوەن گەشەی کاری بەرچاو و سەرتر لە ئاستی نێوەنج لە پێنج خولی کاتیدا........................................................ 55
5.1 هێڵکاری گەڕانی پرۆسەی سیستەمی زانیاری پەیوەندیدار بە بازاری کار ................... 63

# خشتەكان


2.1 ناونوسی خوێندكارانی قوتابخانە/زانكۆ بە پێی جۆری دامەزراوەی فێركاری لە هەرێمی كوردستانی عێراق، ساڵی خوێندنی 1102–2102 ........ 7
2.2 ڕێژەكانی بەشداری هێزی كار كە بەكارهاتوون لە خەمڵاندنی چوونەناو بازاڕی كار ........ 9
2.3 دابەشكردنی خوێندن لە هێزی كار ........ 10
2.4 تەمەن و پێشینەی تەواوی خوێندنی هێزی كار، تەمەنی 15 ساڵ بەرەو سەر ........ 11
2.5 ڕێژەكانی بەشداری هێزی كار، بەپێی تەمەن و ڕەگەز، تەمەن 15 ساڵ و زیاتر ........ 11
2.6 ناونووسی و تەخمینی ڕادەی كەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی كار، بە پێی لقی خوێندن لەدامەزراوەكانی دوو ساڵو لە پاش قۆناغی دواناوەندی، 2012 و 2013 ........ 16
2.7 ناونووسی و پێشبینی ڕادەی كەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی كار، بە پێی لقی خوێندن لە دامەزراوەكانی چوار ساڵە لە پاش قۆناغی دواناوەندی، 2012 و 2015 ........ 17
3.1 سێ گرنگترین كارامەیی، بەپێی ئاستی خوێندنی پێویست بۆ كارەكە ........ 33
4.1 وڵاتانی بەراورد ........ 44
4.2 دەستەكانی وڵاتەكان ........ 45
4.3 كەرتە بەربڵاوەكانی ئابووری ........ 46
4.4 ریزبەندی كەرتەكانی ئابووری بە پێی زۆری گەشەی كار سەرتر لە نێوەنج و بوونی بەشێكی گەورەی كار ........ 50
4.5 پیشەكانی بەرهەمهێنان و ئاستەكانی تەكنەلۆجیا ........ 53
4.6 حەوت بابەت لە باشترین پیشەكانی بەرهەمهێنان لە بواری ڕێژەی كار و نرخی گەشە ........ 56
5.1 پوختەی ناوكەوتی داتاكانی LMIS بە پێی ئەولەوییەت ........ 62
5.2 بەكارهێنەران و بابەتەكانی كەڵك وەرگرتن لە LMIS ........ 67
5.3 ماڵپەڕەكانی سیستەمی زانیاری بازاڕی كار و گۆڕینەوەی هێزی كار ........ 70
ب.1 حەشیمەتی ڕەچاوكراوی دامەزراوەكانی كار و كاسبی، 2009 ........ 102
ب.3 دابەشكردنی كۆمپانیاكان، بە جیاوازی بەش، 2009 ........ 103
ب.2 دابەشكردنی كۆمپانیاكان بە پێی پارێزگا لە حەشیمەت و نموونەی ئاماری، 2009 ........ 103
ب.4 دابەشكردنی كۆمپانیاكان لە حەشیمەت بە پێی بەش و پارێزگا، 2009 ........ 104
ب.5 دابەشكردنی كۆمپانیاكان لە نموونە بە پێی بەش و پارێزگا، 2009 ........ 104
ب.6 كێشی نموونەهەڵگری بە پێی پارێزگا و بەش، 2009 ........ 104
ب.8 پشكی كۆمپانیاكان بە پێی بەش و ئەندازە لە وڵاتەكانی بە داهاتی ناوەنجی بە پێی رووپێوی بانكی جیهانی، 2006–2010 ........ 105
ب.7 دابەشكردنی كۆمپانیاكان بە پێی گرووپبەندی ئەندازە لە نموونەی ئاماری ئێمە، 2012 ........ 105
ب.9 كێشی نموونەهەڵگری بەكارهێنراو لە شیكاری بە پێی بەش و ئەندازە ........ 106
ب.10 پەراوێزی هەڵە بۆ ڕادە جیاوازەكان p ........ 108

# کورتە

حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) هەوڵ دەدات ئابوورییەک لەسەر ناوەندییەتی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) بونیات بنێت کە لەودا کەرتی تایبەت وەکوو خاوەنکاری سەرەکی دانیشتووانی کوردستان بێت. هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە ساڵی 1992 وە حکومەتی تایبەت بە خۆی هەیە بە پێی یاسای بنەڕەتی عێراق لە ساڵی 2005 ەوە وەکوو دامەزراوەیەکی سیاسی فەرمی بە فەرمی ناسێندراوە، لە ساڵەکانی دواییدا گەشەکردنێکی خێرای لە بەشی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی خۆیدا تاقی کردۆتەوە، بەڵام دەخوازێت ئەم گەشەیە لەسەرانسەری کەرتی تایبەتدا زیاتربکات. باشترکردنی بازاڕی کار– کە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوە – دەتوانێت یارمەتی پشتگری گەشەکردنی بەردەوامی کەرتی تایبەت بدات.

بە مەبەستی باشترکردنی بازاڕی کار بۆ پشتگریکردن لە گەشە و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، دەبێ سێ مەبەست بەدواداچوونی بۆ بکرێت. سەرەتا، داخوازانی کار دەبێ ئەو کارامەیانە بەدەست بێنن کە خاوەنکاران پێدوایستیان بەو هەیە و دەبێ بتوانن ئەو خاوەنکارانە بدۆزنەوە کە ئەوان دابمەزرێنن. دووهەم خاوەنکارەکان دەبێ بتوانن فەرمانبەرانی پێویست و خاوەن کارامەیی گونجاو بدۆزنەوە. سێهەم سیاسەتەکانی حکومەت دەبێ ئاقارێکی گونجاو بونیات بنێت کە لەودا توانایی پەیوەندی پکهێنانی داخوازانی کار و خاوەنکارەکان بە باشترین شێوە بونیات بندرێت.

بەم پێیە، ئەم پرۆژەیە ناودراوی پێویست بۆ باشترکردنی سیاسەتەکانی بازاڕی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی پەیوەندی نێوان داخوازانی کار و خاوەنکارەکان لە ڕێگەی چوار قۆناغەوە دابین دەکات. سەرەتا باس لە مەزەندەکردنی ژمارە و ئاستی خوێندەواری ئیحتیمالی داخوازانی کاری نوێ تاکوو ساڵی 2020 دەکات. لە قۆناغی دووهەمدا، ڕاپرسییەکی بنەڕەتی و کرداری جێبەجێ دەکات بۆئەوەی بتوانێت لە تێڕوانینی خاوەنکارەکان سەبارەت بە کەلێنەکانی کارامەیی لە هەرێمی کوردستان زانیاری بەدەست بێنێت. لە قۆناغی سێهەمدا، باس لە شیکردنەوەی گەشەی پیشەی بەشەکان لە ئابووریدا دەکەن بۆئەوەی ئەو بەشانە بناسن کە ڕێژەی گەشەکردنی ئەوان دڵخۆشکەرە. وە چوارەم، باس لە شرۆڤەکردنی قۆناغەکانی دانانی ئەو سیاسەتەی کە دەبێ حکومەت جێبەجێی بکات لەوانە ئەگەری دانان و وەڕێخستنی سیستەمێکی زانیاری بازاڕی کاری فەرمی بە مەبەستی باشترکردنی کرداری بازاڕی کەرتی تایبەت دەکات.

بۆ ئەوەی بازاڕی کاری کەرتی تایبەت بە باشی ئیش بکات، دەبێ بکەوێتە بەر پشتگری سیاسەتی کاریگەر و بەربڵاوی حکومەت لە بواری یاسا و ڕێساکانی کار و کاسپی، بازاڕی ماڵی و پێکهاتەی یاساییەوە. گەرچی شیکردنەوەی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئێستاکەدا ناکەین، بەڵام دەزانین کە ئەو سیاسەتە بازاڕانەی کە باسیان دەکەین پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی بەربڵاوتر هەیە و لە ئاکامدا بەرنامەیەکی بەسوود– بەڵام ناتەواو– بۆ باشترکردنی بازاڕی کار لە کەرتی تایبەتدا بۆنیات دەنێت. قۆناغەکانی تر لە لێکۆڵینەوەکانی تردا کە کۆمپانیای RAND بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی کردووە، شرۆڤە کراوە.

## پێکهاتەی هێزی کار لە گۆڕاندایە

بە پێی داتا نوێیەکان، زۆرترین هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق ئاستی خوێندەواری پۆلی 6 یان قۆناغی سەرەتایان هەیە. ڕەوتەکانی ئێستاکە پێشان دەدات کە ئەو داخوازی کارانە کە تازە دێنە ناو بازاڕی کارەوە ئاستێکی خوێندەواری زۆر باشتریان لە گشت بازاڕی کاردا دەبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەگشتی کردنی ڕاهێنان و فێرکاری لە ساڵی 2007 دا هەندێک پلانی جێبەجێ کرد و ڕاهێنان تاکوو پۆلی 9 (نەک تاکوو پۆلی 6) کردە ناچاری جگەلەوەش، ئەم جەماوەرە خەریکە زیاد دەکات هەروکوو ژمارەی دامەزراوەکانی ڕاهێنانی باڵاش خەریکە گەشە دەستێنێت. ئەم

گۆڕانکاریانە بە زیادتربوونی خوێندەواری هێزی کار بە ئەگەری زۆرەوە کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر بازاڕی کار دادەنێت.

ئێمە وا مەزەندە دەکەین کە ژمارەی ئەو داخوازە کارە نوێیانەی کە دێنە ناو بازاڕی کار و بڕوانامەی خوێندەواری پۆلی 9 یان هەیە کەمتر دەبێت لەو داخوازە کارانەی کە خوێندەواری زیاتریان دەبێت. ئێمە پێشبینیمان کردووە کە لە کۆتایی ساڵی 2012 تاکوو ساڵی 2020، نزیکەی 44,600 تاکوو 51,500کەس (ساڵانە 5,000 تاکوو 5,700 کەس) دەستبەجێ پاش وازهێنان لە قوتابخانە و بە خوێندەواری پۆلی 9 دێنە ناو بازاڕی کارەوە. ئێمە پێشبینیمان کردووە کە لە کۆتایی ساڵی 2012 تاکوو ساڵی 2020، نزیکەی 44,600 تاکوو 51,500کەس (ساڵانە 5,000 تاکوو 5,700 کەس) دەستبەجێ پاش وازهێنان لە قوتابخانە و بە خوێندەواری پۆلی 9 دێنە ناو بازاڕی کارەوە.

هەروەها گەشەکردنێکی خێرا لە ناونووسین لە دامەزراوەکانی ڕاهێنانی باڵای دوو ساڵە و چوار ساڵەدا هەبووە. ژمارەی ئەو داخوازە کارانەی دێنە ناو بازاڕی کار بە بڕوانامەی ڕاهێنانی باڵای دوو ساڵە و چوار ساڵانیش زیاد دەبێت. ئێمە پێشبینی دەکەین کە لە کۆتایی ساڵی 2012 تاکوو ساڵی 2020، نزیکەی 85,000 کەس (ساڵانە 9,500 کەس) دەستبەجێ پاش وازهێنان لە پێکهاتەی ڕاهێنان و بە بڕوانامەی خوێندەواری باڵای دوو ساڵان بێنە ناو بازاڕی کار. ئێمە پێشبینی دەکەین کە هەر لەم ماوەیەدا، نزیکەی 130,100 کەس (ساڵانە 14,500 کەس) دەستبەجێ پاش وازهێنان لە پێکهاتەی ڕاهێنان و بە بڕوانامەی خوێندەواری باڵای چوار ساڵان بێنە ناو بازاڕی کار.

## داواکاری خاوەنکارەکان لە بواری زانستی تەکنیکی، ئەزموونی کرداری و کارامەیی نەرم

ئەم توێژینەوەیە جگە لە شیکردنەوەی گۆڕینی پێکهاتەی هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق، بە یارمەتی ڕاپرسییەک لە 360 خاوەنکار خەریکی هەڵسەنگاندنی داواکاری خاوەنکارەکان بۆ کارامەیی بوو. ئێمە لە ڕاپرسی خۆماندا هەندێک داتامان لە بوارەکانی خوارەوەدا کۆ کردەوە: پێکهاتەی هێزی کار (لەوانە خوێندەواری و نەتەوایەتی)، بەرنامە و شێوازەکانی دامەزراندن، ئەو کارامەییانە کە زۆرترین داواکاریان هەیە، کێشمەکێشمەکانی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، جۆرەکانی پیشە کە دابینکردنی هێز بۆ ئەوان زۆر دژوارە، کەلێنەکانی هێزی کار بە پێی تێڕوانینی خاوەنکاران و ڕاهێنانی پێشکەشکراو لە لایەن خاوەکارانەوە. هەروەها ئێمە سەبارەت بەم بابەتانە وتووێژمان لەگەڵ زۆر خاوەنکار کردووە.

ئەو خاوەنکارانەی کە وتووێژمان لەگەڵ کردوون هەمووان ئاماژەیان بە نەبوونی ئامادەگی تەواوی دەرچووان دەکرد، گەرچی شیکردنەوەکانی ئێمە پێشانی دا کە هەڵسەنگاندنی زۆربەی ئەوان ئەمەیە کە بەگشتی دەرچووان بۆ کار ئامادەن. نزیکەی 40 لەسەدی خاوەنکاران لەم ڕاپرسییەدا ئاماژەیان بە ئامادەکردنی نەگونجاوی دەرچووان لە ئاستی ئامادەییدا کردووە.

یەک لەسەر سێی خاوەنکاران ڕاگەیاندووە کە بەنیازن بۆ پێداویستییەکانی هێزی کاری خۆیان لە داهاتوودا هاووڵاتی جگە لە هاووڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق دابمەزرێنن. پێدەچێت کە کۆمپانیا گەورەکان گرینگترین سەرچاوەی سەرەکی دامەزراندنی کەسانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن و هەروەها لەوانەیە سەرچاوەیەکی گرنگ بن بۆ پیشەکان لە داهاتوودا. یەک لەسەر چواری خاوەنکارەکان ڕاپۆرتیان داوە کە بۆ دامەزاندنی کەسەکان لەو پیشانەدا کە پێدوایتسیان بە بڕوانامەی ئامادەیی هەیە کێشەیان هەیە. کەسانی ناوبراو، ئاماژەیان بە هۆی وەکوو نەبوونی ئەزموون، نەبوونی توانایی فێرکاری و کەمبوونی کارامەیی کردووە. باوترینی ئەو پیشانە کە دامەزراندنی فەرمانبەران خۆجێیی لەو پیشانەدا دژوار بوو، پیشە تەکنیکییەکان (وەکوو تەکنیککاری باڵا و تەکنیککاری ئەندازیاری) دەگرتەوە. خاوەنکارەکان لە وتووێژەکاندا پێداگریان لەسەر پێداویستی بە کارامەیی بنەڕەتی پیشەیی کە لە بازاڕی کاردا بۆ ئەوان داواکاری زۆر هەیە، دەکرد.

تاوتوێکردنی ئێمە لە وتووێژ و ڕاپرسییەکان، ئەو گرنگایەتییەی کە خاوەنکارەکان بۆ کارامەییە نەرمەکان وەکوو پێڕاگەیاندن و کارلێکردنی نێوان تاکەکەسی و هەروەها ئەتیکی کار، ئیشی بەکۆمەڵ و چارەسەرکردنی کێشەکە قایل بوون، سەلماند. خاوەنکارەکان لە ڕاپرسییەکەی ئێمەدا پێداگریان لەسەر دەکارهێنانی مشتەری؛ کارامەیی پێڕاگەیاندن، وەکوو پێڕاگەیاندنی زارەکی و بەنووسین و ئارەزووی زۆر هەوڵدان کرد. خاوەنکارەکان سەبارەت بەو پیشانەی کە پێدوایستان بە کارامەیی زیاترە، بە شوێن کارامەیی بیرکاری و زمانی ئینگلیزی لەگەڵ هەندێک ئەزموونی تەکنیکی کرداری بوون.

بەشێکی بچووک لە خاوەنکارەکان (20 لەسەد) باسیان لە ڕاهێنانی فەرمانبەرانی خۆیان دەکرد و لەوها بابەتێکیشدا فێرکاری بەگشتی پەیوەندی بە بوارە تایبەتەکانی کارەوە هەبوو نەک بە دروستکردنی کارامەیی نەرم یان کارامەیی

زمانی. خاوەنکارەکان کەمایەسییەکانی پێشکەشکردنی فێرکاری بە فەرمانبەرانی خۆیان کەمبوونی بودجە، کەمبوونی کاتی فەرمانبەران و نەبوونی هەڵبژاردنی فێرکاری لە بواری پێداویستی خۆیان زانی.

## بە ئەگەری زۆرەوە دامەزراندن لە هەندێک لە کەرتەکانی خزمەتگوزاریدا وەکوو بونیاتنان و ئاوەدانکردەوە، گواستنەوە و بازرگانی ناوخۆیی زۆرترین گەشکردنی دەبێت.

ڕاپرسی خاوەنکارەکان سەبارەت بە کارامەیی پێویستی ئێستاکە و بابەتی پێویستی شاراوە لە داهاتوودا هەندێک خاڵی پێشکەش کرد. ئەمە دەتوانێت یارمەتی دانەرانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات بە مەبەستی باشترکردنی سیستەمی فێرکاری بە مەبەستی پێشکەشکردنی کارامەیی پێویست. شێوازێکی تر ئەوەیە کە وای دابنێن کە ئەگەری گەشەکردن لە کام لە بەشەکاندا زیاترە و لەو وەکوو ڕێگەیەک بۆ ناساندنی ئەم کێشەیە کەڵک وەربگرین کە دەرچووە نوێیەکان تاکوو ساڵی 2020 بە  ئەگری زۆرەوە لە کام بەشدا کار دەدۆزنەوە.

ئێمە بۆ تێگەیشتنی پۆتانسیێلەکانی ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق لە داهاتوودا، پشتمان بەست بە بەڵگەکانی پێشوو سەبارەت بە چۆنیەتی کار لە ئابوورییە دەوڵەمەندە بچووک و مامناوەندییەکان. ئێمە کۆمەڵەیەک لە وڵاتانی خاوەن تایبەتمەندی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقمان هەڵبژاردووە. پاشان شێوازی پەرەپێدانی پیشە لە ئابوورییە ناوبراوەکان و لە بەشی سەرەکی و پیشەسازی بەرهەمهێنانمان شی کردەوە و تیشکۆی خۆمان خستە سەر ئەو بەش و پیشەسازیانە کە گەورە بوون و گەشەکردنی پیشەی سەرووی ئاستی مامناوەندیان تاقی کردبۆوە.

سێ بەشی سەرەکی لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵات و خولەکانی کاتی گەشەپێدانی سەرووی مامناوەندیان تاقی کردبۆوە. ئەم بەشانە داگری (1) بونیاتنان و ئاوەدانکردنەوە؛ (2) گواستنەوە، خەزنکردن و پێڕاگەیاندن؛ (3) کۆفرۆشتن و بە تاک فرۆشتن بوو. ئەم بەشانە ئێستاکەش لە  هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەخێرایی خەریکن گەشە دەستێنن. دانەرانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگریان لەسەر بەشی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ وەکوو ئەو بەشانەی ئەفزەلییەتی هەوەڵیان هەیە بۆ گەشەکردنی پیشە، کردووە. ئێمە تێگەیشتین کە لە هەندێک لە وڵاتەکاندا، ئەم بەشانە لە ڕووی پیشەوە گەشەی نەکردووە. بەڵام بەدەگمەن لە ئابوورییەکی تاکدا هەردووکی ئەوان بەخێرایی گەشەی کردبوو، بەگشتی بەشە خزمەتگوزارییەکان ئەو بەشانە بوون کە شایەتی زۆرترین گەشەکردن لە بواری پیشەدابووە.

حەوت بابەت لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی گەشەکردنی پیشەی سەرووی ئاستی مامناوەندی پێشان دراوە. ئەم بابەتانە برتین لە : (1) بەرهەمهێنانی مادەی خواردەمەنی و خواردنەوە ؛ (2) بەرهەمی کانی ناکانزایی؛ (3) کانزای بنەرەتی و سەرەکی (4) بەرهەمی دەستکردی کانزایی ؛ (5) مادەی کیمیایی و بەرهەمی کیمیایی ؛ (6) لاستیک و پلاستیک؛ و (7) ئامێری گواستنەوە جگە لە باربەری ماتۆڕ، ترێلە و نیوە– ترێلەکان. لەوانەیە هەندێک لەم پیشەسازییە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە باشی گەشە بکەن. ئەم بابەتانە بریتین لە بەرهەمهێنانی مادەی خواردەمەنی و خواردنەوە بە پێی سەرچاوەکانی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ بەرهەمی کانی ناکانزایی بە پێی سەرچاوە کانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ و پیشەسازی بەرهەمی کیمیایی– کە داگری پیترۆکیمییە– و هەروەها پیشەسازی لاستیک و پلاستیک بە لەبەرچاوگرتنی لەبەردەستبوونی  هەرێمی کوردستانی عێراق بە سامانە نەوتییەکان.

## سیستەمی زانیارییەکانی بازاڕی کار دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ چاوەدێری لەسەر جێبەجێکردنی بازاڕی کاردا.

ئەم توێژینەوە پێشان دەدات کە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق و ئابوورییەکەی بەخێرایی خەریکە دەگۆڕدرێت و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای پێشاندان و داواکردن سەبارەت بە کارامەییەکان هەستان و هەوڵێکی بەسوودە بۆ دانانی سیاسەتی کاریگەری بازاڕی کار. زۆربەی وڵاتەکان لە هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی زانیاری باشتری بازاڕی کار، هەندێک لە نووسینگە حکومییەکانیان کردۆتە بەرپرسی کۆکردنەوە و دانانی زانیاری بازاڕی کار، وەها کە بەرپرسایەتی نوێی جێبەجێکردنی شیکردنەوەکانی هێزی کار بە شێوەی سێ مانگە دراوە بە نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO). ئەم نووسینگە یان ڕێکخراوانە دەتوانن خەریکی کۆکردنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکانی بازاڕی کار بن بۆئەوەی یارمەتی جێبەجێکردنی بڕیاردان لە لایەن خاوەنکار، فەرمانبەر، دامەزراوە فیرکارییەکان، دانەرانی سیاسەت و کەسانی تری تێوەگلاو لە بازاڕی کاردا بدەن.

بە ڕێکخستنە دامەزراوەیی و شێوازەکانی بەکارهێندراو بۆ هەماهەنگی کۆکردنەوە، پرۆسەکردن، خزنکردن، دوبارەدۆزینەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی بازاڕی کار دەوترێت سیستەمی زانیاری بازاڕی کار (LMIS). سیسەمێکی دڵخوازی زانیاری بازاڕی کار لە حەوت پێکهاتە بەدی هاتووە کە لە سێ دەستەدا پۆلێن دەکرێن: (1) پێشاندانی هێزی کار (ئاماری هێزی کار، خوێندەواری و لێوەشاوی؛ تۆمارکردنی دانیشتووانی بیانی)، (2) داواکاری هێزی کار (هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار)؛ و (3) گونجاندنی بازاڕی کار (تۆمارکردنی داخوازانی کار و پێشنیارەکانی کار، زانیارییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن ڕێکخراوەکانی دۆزینەوەی کاری ئەهلی). حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا پێشکەوتنی لە بواری هەندێک لە پێکهاتەکان و لە ڕێگەی شیکردنەوەی هێزی کار، لەبەردەستبوونی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی لە بواری خوێندەواری و گۆڕینەوەی کاری نوێدا هەبووە. بەگشتی سیستەمێکی زانیاری بازاڕی کار جگە لە هەبوونی ئەم حەوت پێکهاتەیە، لە لایەن دیدەوانی بازاڕی کار (LMO) ەوە بەڕێوە بچێت. ئەرکی سەرەکی دیدەوانی بازاڕی کار بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیارییە جیاوازەکان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان و پاشان پرۆسەکردن و شیکردنەوەی ئەوان لە چوارچێوەیەکدا کە بۆ بەکارهێنەرانی لەبەرچاوگیراوی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار شیاوی بەکارهێنان بێت. سەرکەوتنی دیدەوانی بازاڕی کار و هەروەها سەرکەوتنی گشتی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار تا ڕادەیەک پشت دەبەستێت بەم بابەتە کە دیدەوانی بازاڕی کار تا چ ڕادەیەک دەتوانێت وەزارەتخانە جیاوازە حکومی و هەروەها بەشە حکومی و ئەهلییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ هەماهەنگ بکات.

سەرەڕای بوونی باوترین سیستەمەکانی داتای زانیاری بازاڕی کار، سەبارەت بە کاریگەری ئابووری ڕاستەقینەی ئەوان لەناو لێکۆڵەرانی بازاری کاردا هیچ ڕەزامەندییەکی گشتی نییە. گەرچی هیچ بەڵگەیەک نییە کە پیشان بدات سیستەمی زانیاری بازاڕی کار دەبێتە هۆی خراپتر بوونی ئاکامەکانی بازاڕی کار، بەڵام هەڵسەنگاندنی ورد دەربارەی قازانجی ئابووری ئەواندا نییە. هەندێک لە توێژینەوەکان بەڵگەیان پێشکەش کردووە لەسەر ئەو بنەمایە کە کەوتنە بەردەستی زانیاری بازاڕی کار، کرداری بازاڕەکانی کار باشتر دەکات و ئەمەکە پێکهاتەکانی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار لەوانە یارمەتیدان بۆ دۆزینەوەی کار دەتوانێت ئاکامەکانی بازاڕی کار باشتر بکات. هەرچەندە، لێکۆڵینەوەی تر پێشیانیان داوە کە سیستەمی زانیاری بازاڕی کار زۆرجار سەرناکەون و زۆرجار ڕێژەی دژواری جێگربوونی ئەوان بەکەم دادەندرێت.

## سیاسەتی پێشنیارکراو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانی بازاڕی کاری کەرتی تایبەت

دانەرانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن بۆ باشترکردنی بازاڕی کار بە قازانجی کەرتی تایبەت هەنگاو هەڵێننەوە.

**ڕێنمایی دانانی سیاسەتی پەیوەندیدار بە پێکهاتەی فێرکاری باڵا**

ئەگەرچی سیستەمی پەروەردە دەرچوو بەرهەمدەهێنێت، بەڵام هێشتا دەرفەت هەیە بۆ باشتر ئامادەکردنیان بۆ هێزی کار. چاکسازییە نوێیەکان لە پێکهاتەی فێرکاریدا تا ڕادەیەک بۆ باسکردنی زۆربەی کێشە پەسەندکراوەکانی خاوەنکارەکان جێبەجێ کراوە. بەڵام پێکهاتەی فێرکاری باڵا دەتوانێت هەنگاوی زیاتر هەڵێنێتەوە.

**بونیاتنانی بەستەر لەگەڵ کەرتی تایبەت لە ڕێگەی شاندی ڕاوێژی کەرتی تایبەت.** ئەم شاندانە دەتوانن بۆ بڕیاردانی پەیوەندیدار بە سەردێڕ و بەرنامەی خوێندن بەردەوام ناودراو دابین بکەن کە یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ داواکاری بازاڕی کاری کەرتی تایبەت باشتر ئامادە بن.

**بونیاتنانی بەستەر لەگەڵ کەرتی تایبەت لە ڕێگەی ناوەندی پیشەیی و پێشانگاکانی هەلی کار.** ناوەندە پیشەییەکان دەتوانن فێری قوتابیان بکەن کە چۆن وەدوای کار بکەون، لەکوێ وەداوی هەلی کاری شاراوە بکەون و چۆن خۆیان بۆ ژیانی پاش کۆتایی پێهاتنی خوێندن باشتر ئامادە بکەن. پێشانگای هەلی کار دەتوانێت بۆ گونجاندنی خاوەنکارەکان لەگەڵ داخوازانی کار میکانیسم دابین بکەن و زانیاری سەبارەت بە هەلەکان دەخەنە بەردەستی قوتابیان.

**باشترکردنی ئەزموونی کاری قوتابیان لە ڕێگەی پەرەپێدان و باشترکردنی ڕاهێنانی پیشەیی.** ڕاپرسی و وتووێژەکان پێشانی دا کە خاوەنکارەکان گرنگایەتی بە ئەزموونی کار دەدەن. دەکرێ ئەم ئەزموونە لە ڕێگەی ڕاهێنانی پیشەییەوە بەدەست بێنی. ئێستاکە چەند بەرنامەی ڕاهێنانی پیشەیی هەیە، بەڵام وتووێژەکانی ئێمە پێشانی دا کە لە زۆریەک لەواندا قوتابیان ئیشێکی کەمیان ئەنجام داوە و کارامەیی کەم فێر دەبن. سەرەڕای ئەوەش وتراوە کە هەندێکی تر لەم بەرنامانە بەسوود بوون و بوونەتە هۆی پێشنیاری کار. ناوەندەکانی پیشەیی زانکۆیی دەتوانن ڕۆڵی ڕێبەری لە بەهێزکردنی

هەلی کاری ئێستاکەدا لە ڕێگەی هاریکاری لەگەڵ خاوەنکار و قوتابیان و بە مەبەستی بردنەسەری چاوەڕوانی سەبارەت بە ئاکامی دەستکەوتوو لە ڕاهێنانی پیشەییدا بگێڕن. هەنگاوی دواتر دەرس وەرگرتن لەم ئەزموونانەیە بۆ پەرەپێدانی شێوازی سەرکەوتوانە لە درێژایی کاتدا.

**ڕێنمایی دانانی سیاسەتی پەیوەدیدار بۆ هەموو بەشەکانی ئێستاکە و داهاتووی بازاڕی کار**

**جێبەجێکردنی شێکردنەوەی ڕێکوپێکی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار.** زۆربەی ڕاسپاردەکانی ئێمە بۆ باشترکردنی پێشاندانی هێزی کار لە دۆزراوەکانی ڕاپرسی ئێستا دەست کەوتووە. بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە پێداویستییەکانی بازاڕی کار، دەبێ چالاکی ڕێکوپێکی کۆکردنەوەی سیستیماتیکی داتاکان جێبەجێ بکرێت. دەکرێ لە داتا کۆکراوەکان بۆ تێگەیشتنی ڕەوتی دیارکەوتوو و یارمەتی بۆ پلاندارێژی سوود وەربگیرێت.

**چەق بەستن لەسەر پەرەپێدانی ئەو کارامەیانە کە لە شەبەنگێکی بەربڵاو لەو بەشانەدا کە ئەگەری گەشەکردنیان هەیە، بەکار بهێندرێن.** تاوتوێکردنی ئێمە لە ئابوورییەکانی تر پێشان دەدات کە بەشێکی سەرەکی لە زیادبوونی پیشە بە ئەگەری زۆرەوە لە بەشی وەکوو بونیاتنان و ئاوەدانکردنەوە، گواستنەوە، خزنکردن و پێڕاگەیاندن و کۆفرۆشتن و بە تاک فرۆشتندا جێبەجێ دەکرێت. دانەرانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سوودوەرگرتن لەم بەشانە کە بە ئەگەری زۆرەوە شایەتی گەشکردن دەبن و لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی توانایی هەبوونی هێزێکی کاری ئامادە بۆ بەشە گونجاوەکانی خۆیان یانی بەرهەمهێنان، کشتوکاڵ و گەشت و سەیران، دەبێ دڵنیا بنەوە کە خوێندەواری و ڕاهێنانی کەسەکان ئەو کارامەییانە بگرێتەوە کە لە شەبەنگێکی بەربڵاودا لە بەشە ناوبراوەکاندا بەکار بهێندرێن.

**بەرەنگاری لەگەڵ بەربەست و لەمپەڕەکانی گەشەکردنی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ.** ئەم لەمپەڕانە لەوانەیە داگری کەلێنی کارامەیی، نەگونجاوبوونی ئاقاری چاودێری یان لاوازبوونی ژێرخانەکانی بازرگانی بێت. پەرەپێدانی کارامەییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق نابێ تەنیا گونجاو لەگەڵ ئەم بەشانە یان بە چەق بەستن لەسەر ئەوان جێبەجێ بکرێت. جگەلەوەش، دەکرێ زۆریەک لە کارامەییەکانی ئەم بەشانە لە قوتابخانەی ئامادەیی پیشەیی و پەیمانگاکانی پیشەیی باڵاو کۆلێژی خاوەن کواڵیتی بەرزدا فێر بیت.

**درێژەدان بە چاکسازییەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراندنی حکومی.** پیشە حکومییەکان ئێستایش وەکوو هەڵبژاردەیەک لە بواری پیشەدا دێنە ئەژمار کە زۆربەی دەرچووان پێکهاتەی فێرکاری باڵا و تەنانەت فێرکردنی ئامادەیی ئەوان بە باشتر دەزانن. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئارزووی خۆی بە سنووردارکردنی پەرەپێدانی کەرتی حکومی دەربڕیوە و پلانێکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە لە کارەکانی پێشوی خۆی لە لایەن RAND ەوە وەرگرتووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ درێژە بە چاکسازی شێوازەکانی دامەزراندنی حکومی خۆی بدات.

**هەندێک قۆناغ بۆ لەبەرچاوگرتنی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار حکومەتی هەرێمی کوردستان**

گەرحکومەتی هەرێمی کوردستان دەیهەوێ هەستێت بە بونیاتنانی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار، ڕادەسپێرین قۆناغەکانی خوارەوە جێبەجێ بکات. تەنانەت گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم ئاکامە بگات کە نایهەوێ زانیاری بازاڕی کار بونیات بنێت، دیسانیش لە جێبەجێکردنی قۆناغەکانی خوارەوە کە پەیوەندی بە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی داتاکانەوە هەیە، سوود وەردەگرێت.

**لەبەرچاوگرتنی تەواوی تێچوون و قازانجەکانی بونیاتنانی سیستەمێکی بازاڕی کار.** لەوانەیە جێگرکردنی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار لە ڕێگەی بونیاتنانی ڕێکخراوەیەک کە شوێنی ناوەندی هەماهەنگی بووە و توانایی تاوتوێکردن دەڕەخسێنێت کە لە جۆرەکانی داتاکانی لەبەردەست سوودی تەواو وەردەگرێت، کارێکی بەبایەخ بێت. هەرچەندە لەوانەیە وەها ڕێکخراوەیەک تێچوونی زۆری بوێت، نەتوانێت کەسانی خاوەن مەرج ڕاکێشێت، لە هەماهەنگی گونجاودا سەرنەکەوێت و ببێتە هۆی سنووردارکردنی ناپێویستی کەوتنەبەردەستی بەکارهێنەران. گەر بونیاتنانی زانیاری بازاڕی کار بە هەوڵێکی دروست دابندرێت، پاشان حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ هەستێت بە جێبەجێکردنی قۆناغەکانی دوایی.

**بونیاتنانی پلانی هەستان بۆ پەرەپێدانی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار لە پانتایی هەرێمی کوردستانی عێراق کە دەبێ هەوەڵین هەنگاوی ئەو دیاریکردنی پێکهاتەی دیدەوانی بازاڕی کار بێت کە سیستەمی زانیاری بازاڕی کار بەڕێوەبەرایەتی دەکات.** ئەو بڕیارانەی کە دەبێ سەبارەت بە دیدەوانی بازاڕی کار بدرێن بریتین لەمە کە دەبێ لە چ وەزارەتخانە یان وەزارەتخانەگەلێکدا مسۆگەر بکرێت، بودجە و فەرمانبەرانی ئەو چۆن هاریکاری نێوان ڕێکخراوەکانیان دەست کەوێت. پاش ئەمە کە سیستەمی زانیاری بازاڕی کار و دیدەبان بازاڕی دەستیان کرد بە چالاکی، دەبێ ئەم

پلانە وردەوردە و لە کاتی ئەمە کە دیدەوانی بازاڕی کار ئەزموون بەدەست دێنێت و چوارچێوەی هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوەی پێویست بەدی دێنێت، هەندێک بابەت بە کردار و دەفرایەتییەکانی سیستەمی زانیاری کار زیاد دەکات.

**دروستکردنی ماڵپەڕێک (یان پەرەپێدانی ماڵپەڕی ئاماری هەرێمی کوردستان) بە مەبەستی خستنە بەردەستی هەموو سەرچاوەکان لە بواری زانیاری بازاڕی کاردا.** ئەم ماڵپەڕە نوێیە دەتوانێت وەکوو بنەمایەک بۆ سیستەمی زانیاری بازاڕی کار بێت و کاری پڕۆسەکردنی گەڕی زانیاری نێوان دابنیکارانی زانیاری و بەکارهێنەرە جیاوازەکان دەست پێبکات. جگەلەوەش دەتوانێت وەکوو هەوەڵین سەرچاوەی تایبەت لە کەوتنە بەردەستی گشتی لە پەیوەدی لەگەڵ زانیاری بەڕۆژ و گشتگیر سەبارەت بە ئابووری کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار بکات.

**بونیاتنانی بنکەیەکی تۆمارکردنی بەڵگەی خوێندەواری لە ڕێگەی بەستنی پێکهاتننامە بە هاوبەشکردنی داتاکان لەگەڵ دامەزاوەکانی فێرکاری هەرێمی کوردستانی عێراق.** دەکرێ ئەم کارە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ئێستای بە هاوبەشدانانی داتاکانی نێوان وەزارەتی ڕاهێنان و پەروەردە، وەزارەتی فێرکاری باڵا و توێژینەوە زانستی و قوتابخانەکان جێبەجێ بکرێت.

**هاریکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی دانیشتوو و کۆنتڕۆڵی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی پەیوەندیدار بە هاتنی کرێکارانی بیانی.** لەوێوە کە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی هاتا بێ زیاتر بووەتە شوێنی کۆچبەران– چ لە شوێنەکانی تری عێراق و چ لە دەرەوەی وڵات، پێویستە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشینە، ژمارە و کارامەیی کۆچبەران بپاریزێت بۆئەوەی دیمەنێکی بڕواپێکراو لە هێزی کاری ناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەبێت.

**جێبەجێکردنی ڕێکوپێکی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە بەشە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دامەزراوەی دیدەوانی بازاڕی کار.** ئەمە دەبێتە هۆی نوێکردنەوە و باشترکردنی دۆزراوەکانی بنەمایی لە پەیوەندی لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار و کەلێنەکانی کارامەیی کە لە لایەن RAND ەوە کۆ کراوەتەوە. لەوێوە کە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق پەرەپێدان و گۆڕانکاری خێرا تاقی دەکاتەوە، پێویستە کە تێگەیشتنی ناو کەلێنەکانی کارامەیی و پێداویستییەکانی بازاڕی کاری کەرتی تایبەت بە شێوەی خولی بەڕۆژ بکرێتەوە بۆئەوەی زانیاری دروست و گونجاوی لەبەردەست بێت.

**ناچارکردنی دیدەوانی بازاڕی کار بە هاریکاری کەگەڵ ڕێکخراوەکانی دۆزینەوەی کاری ئەهلی بۆ بونیاتنانی میکانیسمێک بۆ بە هاوبەشدانانی زانیاری لەگەڵ سیستەمی زانیاری بازاڕی کار کە تازە دامەزرێنداوە.** لەوێوە کە ڕێکخراوەکانی دۆزینەوەی کاری ئەهلی لە ئابووری کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا چالاکی دەکەن، هەبوونی پەنجەرەیەکی ڕوو لە چالاکییەکانی ئەوان لە کاتی گەشکردنی خێرای کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا زۆر گرنگ دەبێت.

**پاش ئەمە کە سیستەمی زانیاری بازاڕی کار ڕۆڵی خۆی لە پێشکەشکردنی پشتگری لە دانانی سیاسەت بەتەواوەتی گێڕا، دەبێ داوا لە دیدەوانی بازاڕی کار بکرێت بونیاتنانی بەستەر یان تیکەڵکردنی کرداری گونجاوی بازاڕی کار لەگەڵ پێداویستییەکانی پیشەی ڕۆژدا شی بکاتەوە.** دەکرێ بە دروستکردنی بەستەر بە هاوبەشدانانی داتاکان کارێکی بکەیت کە سیستەمی زانیاری بازاڕی کار لەسەر داواکارانی کار و هەلی کار کارتێکردنێکی زیاتریان هەبێت. هاوپەیوەندی فەرمیش دەتوانێت گۆڕینەوەی زانیاری هێزی کار بۆ خزمەتگوزاری بە دۆزەرانی کار بەهێز بکات و هەروەکوو سیستەمی ئێستاکەش بە شوێن جێبەجێکردنی وەها کارێکە، دەکرێ ئەم کارە بە پێشکەشکردنی پێشبینی ئەو بوارانە کە لەواندا هەلی کار بونیات دەندرێت، بگەیێنییە ئاکام.

## سپاس و پیزانین

نووسەران بە هۆی پشتگریکردن لەم لێکۆڵینەوەیە سپاسگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. بەتایبەت دەکەین بەڕێز دکتۆرعەلی سندی، وەزیری پلاندانان بە هۆی پشتگری ئەو لە کاری ئێمە و پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ڕا و بۆچوونی ئەو لە ماوەی تۆژینەوەدا و ئاسانکردنەوەی کارلێکردنەکانی ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و کەرتی تایبەت. سوپاس بۆ بەڕێز زاگرۆس فەتاح سیوەیلی، بەڕێوەبەری گشتی بودجەی وەبەرهێنان، کە پێشتر بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان بوو لە وەزارەتی پلاندانان. بە هۆی پێشکەشکردنی ڕا و بۆچوون و ڕێنماییە ڕوونەکانی لە ماوەی ئەم تۆژێنەوەیەدا سپاسگوزاری ئەوین. هەروەها سپاسگوزاری هەوڵی زۆری بەڕێز سیروان محمد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانبەرەکانی بەتایبەت کاک موحسین، بەڕێز گوهدار و کاک هەوراز دەکەین بە بۆنەی یارمەتی دانی ئێمە بۆ کەوتنە بەردەستی داتای پێویست. هەروەها سپاسگوزاری ئەرکەکانی دکتۆر هەیسەم نەعمان لە کۆمپانیای الشرق و فەرمانبەرەکانی ئەوین کە ڕاپرسی گۆڕەپانیان بە شێوەیەکی ورد و لە ئاستی کۆمپانیاکان بۆ ئێمە جێبەجێ کردووە و لەگەڵ ئێمە هاریکاری نزیکیان هەبووە بۆئەوەی سەبارەت بە سەرکەوتنی ئەم ڕاپرسییە دڵنیایی دەست کەوێت.

سپاسگوزاری فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هۆی پێشکەشکردنی ئەو زانیاریانەی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستمان پێی بوو. بەتایبەت دەبێ سپاسگوزاری کاک مەقسوود س. محەممەد و دکتۆر فاتمە ڕ. حەسەن باجەلانی بە بۆنەی وڵامدانەوەوە و پشتگری بەردەوامیان بکەین.

سپاسگوزاری بێ¬وچانی فەرمانبەرانی وەزارەتی پلاندانان لەوانە کاک وریا مەحموود، کاک هوشیار عەزیز، کاک عومەر ئەبیت و کاک محەممەد ئا. ئەحمەد کە بوون بە هۆی ئاسانکردنەوەی ئیشی ئێمە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

سپاسی دوو ڕەخنەگری نەناس کە بۆچوونی وردی ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتی باشتر تاوتوێکردن و پێشکەشکردنی ئەم ڕاپۆرتەی دا، دەکەین. لە کۆتاییدا، سپاسگوزاری هاوکارەکانی خۆمان لە بواری بڵاوکردنەوە، ستیڤ ئۆشایەر سەرنووسەری بەرهەمهێنان، پاتریشیا بدرۆسیان سەرنووسەر و ماریتا تاپانایەنەن دیزاینەر دەکەین کە لە باشترکردن و تەواوکاری بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا یارمەتی ئێمەیان دا.

# نیشانە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ANETI | دەزگای کار و کاری سەربەخۆ (تونس) |
| GDP | کۆبەرهەمی ناوخۆیی |
| GNI | کۆداهاتی نیشتیمانی |
| IFC | کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی |
| IHSES | رووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی |
| IKN | تۆڕی زانیاری عێراق |
| ILO | رێکخراوەی نێودەوڵەتی کار |
| INS | دامەزراوەی نەتەوەیی ئامار (تونس) |
| IsBD | بانکی پەرەپێدانی ئیسلامی |
| ISIC | پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێونەتەوەیی |
| IT | تەکنۆلۆجیای زانیاری |
| K–12 | باخچەی ساوایان تاکوو پۆلی 12 |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان –عێراق |
| KRLFS | رووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان |
| KRSO | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| LFPR | رێژەی بەشداربووانی هێزی کار |
| LFS | رووپێوی هێزی کار |
| LMIS | سیستەمی زانیاری بازاڕی کار |
| LMNA | هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار |
| LMO | چاوەدێری بازاڕی کار |

| | |
|---|---|
| MENA | ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا |
| MOE | وەزارەتی پەروەردە |
| MOHESR | وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی |
| MOLSA | وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی |
| MOP | وەزارەتی پلاندانان |
| NESS | شیکردنەوەی کارامەیی خاوەنکارانی نەتەوەیی (بەریتانیا) |
| OECD | ڕێکخراوەی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان |
| PPP | یەکسانی توانایی کڕین |
| UKCES | کۆمیسیۆنی پیشە و کارامەیی بەریتانیا |
| UNIDO | ڕێکخراوەی پەرەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان |
| USAID | دەزگای پەرەپێدانی نێودەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا |

# پێشەکی

## پێشینە

هەرێمی کوردستان – عێراق (KRI) بە خێرایی خەریکە پەرە دەستێنێت. ئابووریەکەی بە هۆی سامانی سروشتی دەوڵەمەندی خۆی، بەتایبەت لە بەشی ژێرخانەکان و خزمەتگوزاریی خەریکە گەشە دەستێنێت. ئەگەرچی بەشێکی بەربڵاو لە ئابووری هێشتا بە شێوەی گشتی (دەوڵەتی) ماوەتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) دەورێکی زیاتری بۆ کەرتی تایبەتی لەبەرچاو گرتووە. سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پێکهێنانی کەرتێکی تایبەتی کە بتوانێت ئەم گەشە ئابووریە بباتە بەرەوە و بیپارێزێت، دەبێت هەندێ هەنگاو بۆ پەرەپێدانی کاری بازاری بەهێزتر هەڵگرن کە بتوانێت کارامەییە پێویستەکان دابین بکات. ئەم خوێندنەوە ئەو بابەتە لێکدەداتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە بازاڕی کار وەلامدەری پێویستییەکانی کەرتی تایبەتی بێت.

بە مەبەستی پێکهێنانی بازاڕ کاری بەهێزتر لە کەرتی تایبەتیدا، دەبێت سێ ئامانج دەستەبەر بکرێت. یەکەم کارخوازان دەبێت کارامەیی پێویست دەستەبەر بکەن کە پێویستیەکانی خاوەنکار دابین بکات و بە هاسانی بکرێ لە کاتی کاردا لەوانە کەڵک وەرگیردرێت. دووەم، خاوەنکارەکان دەبێت بتوانن کارخوازەکان بە گوێرەی پیشەکان ئاگادار بکەنەوە و دەبێت بتوانن خاوەنکارانێ بدۆزنەوە کە کارامەییە پێویستەکانیان لەبەر دەستە. سێیەم سیاسەتەکانی حکومەت دەبێت شوێنێکی شیاو پێکبهێنێت کە لەو شوێنەدا پێوەند دانی کارخوازەکان و خاوەنکارەکان بە چاکترین شێواز پێکبێت.

ئەم خوێندنەوە ناوکەوتی پێویست بۆ چاکترکردنی سیاسەتەکانی بازاڕی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵکردنی پێوەندی نێوان کارخوازەکان و خاوەنکارەکان دابین دەکات. سەرەتا رێژەی ئاستی خوێندنی گریمانەیی کارخوازە نوێیەکان تا ساڵی 2020 مەزندە دەکات. بە ئەگەری زۆرەوە پێکهاتەی هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق دەگۆڕدرێت. سیستەمی پەروەردەی باخچەی ساوایان تا پلەی 12 (K–12) لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی زۆرچاکی بەخۆیەوە دیوە. رادەی ناونووسی بە هۆی گەشەی جەماوەر خەریکە زیاتر دەبێت و هەروەها رادەی داواکاریی بۆ خوێندنی بنەڕەتی (پلەی 1–9) و نێوەنجی (پلەی 10–12) بەرز بووەتەوە. وێرای ئەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جێی بە زۆرەملێ کردنی خوێندن تا پلەی 6 کە پێش ئەم چاکسازیانە جێبەجێ دەبوو، خوێندن تا پلەی 9ی کردووەتە زۆرەملێ؛ کەواتە بە ئەگەری زۆرەوە رێژەی کەسانی زیاتر دەچنە خوێندنگە و لانیکەمی فێرکردنی بنەڕەتی تێدەپەڕێنن. جگە لە گەشەی فێرکاریی سیستەمی K–12، داواکاریی بۆ خوێندنی باڵاش خەریکە پەرە دەستێنێت کە ئەمە لە زیاتربوونی توندی ناونووسی لە دامەزراوەکانی پێشکەشکاری خولە دوو ساڵەو چوار ساڵەکانی پاش خوێندنی ناوەندیدا دەردەکەوێت. ئەم بارودۆخە بۆ ئامادەکردنی کەسانێ کە دەچنە ناو بازاڕی کار و هەروەها جۆری ئەو کارانەی کە رەنگە بیانەوێت بەدەسیان بهێنن، دواهاتی گرنگی هەیە.

دووەم ئەم خوێندنەوە راپرسییەکی دەستی یەک و زانستی لە خاوەنکارەکان جێبەجێ دەکات تاکو بتوانێت ئاگادار ببێتەوە لە سەر داواکاریی کار. ئەم راپرسییە بۆچوونی خاوەنکارەکان لە سەر هێزی کاری هەرێمی کوردستان و لەوانە ئەو بوارانەی دیاری دەکات کە بە رای ئەوان لاوازن. هەروەها هەوڵ دەدات شێوازەکانی دامەزراندنی (چوونە سەر کار) خاوەنکارەکان لێک بداتەوە و ئەوەی کە ئەم خاوەنکارانە تا چ رادەیەک بۆ دابینکردنی پێویستی خۆیان دەچنە سەروەختی شوێنەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و هۆیەکانی ئەم کارە چییە. ئەم راپرسییە هەروەها بیروڕاکانی خاوەنکارەکان سەبارەت بە گرنگترینی ئەو کارامەییانە کە کارگێڕانی گریمانەییش دەبێت هەیانبێت دیاری دەکات. ئەمانە

ئەو کارامەییانەن کە پێویستە دامەزراوەکانی پەروەردە و ڕاهێنان پرۆگرامەکانی خۆیانی ئاراستەبکەن.

سێهەمین بەشی ئەم خوێندنەوە بریتییە لە لێکدانەوەی گەشەی کار بەپێی کەرت لە ئابوورییە هاوشێوەکاندا بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو بەشانەی کە پۆتانسیەلی گەشەیان هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەندێ سیاسەت (ڕێباز) بۆ گەیشتن بە پێویستیەکانی بازاڕی کاری ئەوڕۆ و بە کەڵکوەرگرتن لە ناوکەوتەکانی خاوەنکارەکان دابنێت، بەڵام هەر لەو کاتەدا دەبێت گەشەی گریمانەیی کەرتە جیاوازەکان پێش بینی بکات تاکو بتوانێت بوارەکان و ئەو کارامەییانەی کە خاوەنکارەکان دەبێت لە داهاتوودا هەیانبێت دیاری بکات. ئەم بەشە ڕێگای گەشەی وڵاتانی هاوشێوە لێکدەداتەوە تاکو بەشە بەربڵاوەکانی ئابووریی و پیشەسازی بەرهەمهێنانی تایبەت کە بە ئەگەری زۆرەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا گەشە دەستێنن دیاری بکات.

لە کۆتاییدا، بەشی چوارەمی ئەم خوێندنەوە قۆناخەکانی سیاسەتدانان لێکدەداتەوە کە حکومەت دەبێت ئەوانە لەبەرچاو بگرێت، لەوانە پێکهێنانی سیستەمێکی زانیاریی بازاڕی کار (LMIS) بۆ پشتیوانی لە سیاسەتدانان و چاکترکردنی کردەی بازاڕ کاری کەرتی تایبەتی. ئێمە لە ماوەی ئەم خوێندنەوەدا، جۆرەکانی شیکاریی پێویست بۆ چاوەدێریی بە سەر کردەی بازاڕی کار پیشان دەدەین. سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار دەتوانێت بە خڕکردنەوەی داتاکان، پێکهێنانی توانستی خۆماڵی شیکاریی داتاکان و بڵاوکردنەوەی ڕێکوپێکی داتاکان و نیشاندەرەکان بۆ بەکارهێنان لەلایەن سیاسەتدانەران و کەسانی ترەوە، ئەم چالاکییە هاسان بکاتەوە.

بازاڕ کاری کەرتی تایبەتی کە کردەی شیاوی هەبێت لە سیاسەتە بەربڵاوەکانی حکومەتیش کەڵک وەردەگرێت، وەکو سیاسەتەکانی پێوەندیدار بە ڕێساکانی کەسب و کار، بازاڕەکانی پێوەندیدار بە دارایی، و سیستەمی یاسایی. گەرچی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی خوێندنەوەیدا لێکنادەینەوە، بەڵام دەزانین کە سیاسەتەکانی بازاڕی کار کە لەسەریان باس دەکەین پێوەندی بە سیاسەتی بەربڵاوتر هەیە و لە ئاکامدا بەرنامەیەکی بە قازانج –بەڵام ناتەواو– بۆ چاکترکردنی بازاڕی کار لە کەرتی تایبەتیدا پێکدەهێنێت. قۆناخەکانی تر لە توێژینەوەکانی تردا کە کۆمپانیای RAND بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی جیبەجێ کردوون (هانسن و هاوکارەکانی، 2011) شرۆڤە کراون. بەوەشەوە تەنانەت بە بێ لەبەرچاو گرتنی دیکەی چاکسازیەکان، کۆکردنەوە و شیکاریی داتاکان و ڕێنوێنییەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی پەرەپێدانی کارامەییەکان کە لەم ڕاپۆرتەدا باسیان لە سەر کراوە یارمەتی کردەی چاکتری بازاڕی کار دەدات.

## داتاکان و شێوازەکان (مێتۆدەکان)

ئێمە لەبۆ جێبەجێ کردنی ئەم خوێندنەوە لە ڕێژەیەک لە سەرچاوەکانی داتاکان کەڵکمان وەرگرتووە.

- **زانیاریی ناونووسی وەزارەتی پەروەردە (MOE) بۆ پلەکانی سەرەتایی و ناوەندیی.** ئێمە لە زانیاریی ناونووسی لەبۆ ساڵی خوێندنی 2004–2005 تا ساڵی خوێندنی 2009–2010ی وەزارەتی پەروەردە کەڵکمان وەرگرت و گەشەی ناونووسیمان بەپێی کارەکانی پێشتر (ڤەرنەز، کالبێرستۆن و کۆنستانت، 2012) مەزندە کرد تاکو ڕێژەی کەسانێ کە لە پلەی 9 و 12 دا دەرچوون و دەرەنجام هەلی پێوەندی کردن بە بازاڕی کاریان هەیە بەراورد بکەین.
- **زانیاری ناونووسی وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی (MOHESR) پێوەندیدار بە هەموو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای حکومەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.** ئێمە لە زانیاریی کۆکراوی ناونووسی وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبۆ ساڵی خوێندنی 2006–2007 تا ساڵی خوێندنی 2011–2012 بۆ ئەژمێرکردنی ڕادەی گواستنەوە لە ساڵێکەوە بۆ ئەوی تر کەڵکمان وەرگرت و پاشان ئەم ڕادە گواستنەوەمان لەسەر ناونووسی دوابینی کراوی وەزارەتی پەروەردە تا ساڵی 2020 بەکار هێنا تاکو کەسانێ کە چوونەتە ناو بازاڕی کار ل ە دامەزراوە تەکنیکیەکانی دوو ساڵە و زانکۆ چوار ساڵەکانەوە بەراورد بکەین. ئێمە لە زانیارییە تێروتەسەلەکانی ناونووسی بەپێی لقەکان لە ساڵی خوێندنی 2008–2009 تا ساڵی خوێندنی 2011–2012 کەڵکمان وەرگرت تاکو دوابینی کورتەماوە سەبارەت بە ڕێژەی کەسانی فێرکراو لە لقە تایبەتەکان کە لە سیستەم دەچنە دەرەوە و شیاویەتی چوونەناو بازاڕی کاریان هەیە، جێبەجێ بکەین.
- **ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان (KRLFS 2012).** لە ساڵی 2012 دا، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بە هاوکاری کۆمپانیای RAND ڕاپرسییەکی نوێی هێزی کاری جێبەجێ کرد و مەبەستی ئەوە بوو کە ئەم ڕاپرسییە بە شێوەی سێ مانگە جێبەجێ بکرێت (نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012).

ئێمە لە راپرسییەکی نوێ خێزان بۆ لێکدانەوەی رادەی بەشداریی هێزی کار، ئاستی فێرکاریی هێزی کار و مۆدێلەکانی دامەزراندن (چوونەسەرکار) کەڵکمان وەرگرت.

- **رووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی 2007 (IHSES 2007) (رێکخراوی ناوەندیی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاریی، رێکخراوی ئاماری هەرێمی کوردستان، و بانکی جیهانی، 2008).** ئێمە لەم لێکدانەوەی خێزان بۆ تەواوکردنی داتاکانی لێکدانەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ رادەی بەشداری هێزی کار، ئاستی فێرکاریی هێزی کار و مۆدێلەکانی دامەزران لەسەر کار کەڵکمان وەرگرت.
- **راپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کەسب و کاری 2012 (راپرسی کارامەییەکانی RAND، کۆمپانیای RAND، 2012).** ئێمە بە یارمەتی هاوکارانی خۆمان لە تیمی لێکۆڵینەوەکانی فێرکاریی RAND –حکومەتی هەرێمی کوردستان، راپرسییەکمان لە 360 دامەزراوەی کەسب و کار لە دهۆک، هەولێر و سلێمانی جێبەجێ کرد و لە خاوەنکارەکان سەبارەت بە شێوازی چوونەسەرکار، بیرورای ئەوان لەسەر هێزی کاری خۆجێیی و کارامەییە پێویستەکان پرسیارمان کرد. کۆمپانیای RAND ئەم راپرسییە و هەروەها ئامرازی لێکۆڵینەوە و ستراتێژی نموونەگرتنی گەڵاڵە کرد. ئەم راپرسییە لەلایەن کۆمپانیای الشارق کە کۆمپانیایەکی لێکۆڵینەوەییە هەڵکەوتوو لە بەغدا، عێراق جێبەجێ کرا. نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستانی عێراق و کۆمپانیای الشارق یارمەتی پڕبایەخیان دا بە نێوەرۆکی راپرسی و ستراتێژی نموونەهەڵگرتنەکە (بۆ دیتنی راپرسییەکە بڕواننە پاشکۆی ئەلف و بۆ دیتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ستراتێژی نموونەهەڵگرتن پاشکۆی ب چاولێکەن). ئەنجامە پێشکەشکراوەکان لەم راپۆرتەدا، لە کێشپێدانی نموونەگرتن بەپێی پارێزگا و کەرت کەڵکی وەرگرتووە کە ئەژمێرکردنی ئەوە بە کەڵکوەرگرتن لە سەرژمێری خانووبەرە و دامەزراوەکانی کەسب وکاری کوردستان –سەرژمێری هەموو بنەماڵەکان و دامەزراوەکانی کەسب و کار کە لە ساڵی 2009 و لەبۆ ئامادەبوون بۆ جێبەجێ کردنی سەرژمێری بەرنامە بۆ دارێژراو لە عێراق جێبەجێ کرا– جێبەجێ کراوە. بۆ لەبەرچاوگرتنی کێشی نموونەکانی کۆمپانیاکانی بەر دیمانە کە ئەندازەی جیاوازیان هەبوو، لە زانیارییەکانی لێکدانەوەی بانکی جیهانی لەسەر کۆمپانیاکان کەڵکمان وەرگرت کە خۆی لێکدانەوەیەکی چەندساڵەی دامەزراوەکانی کەسب و کار لە وڵاتانی جۆراوجۆرە.
- **دیمانە لەگەڵ بەرپرسانی حکومی، کەرتی تایبەتی و زانکۆکان.** توێژەرانی RAND لە مانگی فێبریوەری ساڵی 2010 تاکو ئێستا لەگەڵ بەرپرسە جیاوازەکانی حکومی، تاکەکان لە کەسبوکارە تایبەتیەکان و نوێنەرانی دامەزراوەکانی خوێندن و فێرکاریی دیمانەیان کردووە. ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی کەسب و کارەکان لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و لە جۆرە جیاوازەکانی پیشەسازیدا لەوانە کردنەوە و چێ کردن، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، ژێرخانەکان، خزمەتگوزرایی، گەشتیاریی، کاروباری دارایی و تەکنۆلۆژیای زانیاری و پێوەندییەکان دیمانەمان کرد. ئێمە لەگەڵ کۆمپانیا بچووکە بنەماڵەییەکان و هەروەها کۆمپانیا گەورە نێونەتەوەییەکان قسەمان کرد کە بریتی بوون لە کۆمپانیا کۆن و تازەدامەزراوەکان. دیمانە لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و زانکۆیی هەندێ زانیاریی لەسەر گەڵاڵەکانی ئێستا و بەرنامە بۆ دارێژراوی پێشکەشی ئێمە کرد تاکو کەسانێ کە خوێندنیان تەواو کردووە لەگەڵ داواکاریی کەرتی تایبەتی بەراورد بکەین. دیمانە لەگەل تاکەکان لە کەسب و کارەکاندا داتای چۆنایەتی دەوڵەمەندی لەسەر بۆچوونی خاوەنکارەکان لەسەر هێزی خۆجێیی –واتە هەڵسەنگاندنی ئەوان لەسەر کەلێنەکانی کارامەیی و گرنگترین بوارەکان – خستە بەردەستی ئێمە.
- **کۆی داتا لاوەکیەکانی هەبوو.** ئێمە بە مەبەستی تێگەیشتن لە سێناریۆکانی گریمانەیی پێوەندیدار بە گەشەی پیشە لە بەشە ئابووریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، زانیاریی پێوەندیدار بە دیکەی وڵاتانمان لە بانکی جیهانی؛ سندۆقی نێودەوڵەتی پارە؛ ناوەندی بەراوردی نێودەوڵەتی بەرهەمهێنان، داهات و نرخەکان لە زانکۆی پێنسیلڤانیا؛ رێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان؛ و رێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ILO) دابین کرد.
- **لێکدانەوەی بەڵگەنامەکان.** ئێمە بەڵگەنامە بەدەستهاتووەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و هەروەها بەڵگەنامەکانی سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان و وێژەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رەوتی پێشکەشکردنی کارامەییەکان و پیشەکان، داواکاریی خاوەنکارەکان لەبۆ کارامەییەکان و کەڵکوەرگرتن لە سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتدانانمان لێکدایەوە.

## پێکهاتەی ڕاپۆرت

لە پاژی دوودا، پێشکەشکردنی هێزی کاری دوابینی کراو لێکدەدەینەوە. ئێمە سەبارەت بە ڕادەی خوێندنی پێشبینی کراوی ئەو تاکانەی کە دەچنە ناو بازاڕی کارەوە باس دەکەین و ئەوە لەگەڵ پێکهاتەی ئێستای هێزی کار بەراورد دەکەین. لە پاژی سێدا، دەسکەوتەکانی خۆمان لەسەر بۆچوونی خاوەنکارەکان لەسەر هێزی کاری خۆجێیی، کەلێنەکانی کارامەیی و بەرنامەکانی دامەزران لەسەر کاردا لێکدەدەینەوە. لە پاژی چواردا، هەندێ سێناریۆ بۆ گەشەپێدانی دامەزراندنی بەشەکان لە داهاتوودا و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە ئابووریە هاوشێوەکاندا لێکدەدەینەوە. لە پاژی پێنجدا، سیستەمەکانی زانیاریی بازاڕی کار و دەوری ئەوانە لە شیکردنەوەی بازاڕی کاردا لێکدەدەینەوە. ئێمە ئەنجامی کار و سفارشتەکانی خۆمان لە پاژی شەشدا کە دوایین پاژە، پێشکەش دەکەین. لە پاشکۆی ئەلف، ڕاپرسی کارامەییەکانی RAND و لە پاشکۆی ب دا وردەکاریە تەکنیکیەکانی پێوەندیدار بە ستراتێژی نموونەگرتن لەبۆ ئەم ڕاپرسییە پێشکەش دەکەین.

## ئاستی خوێندن، کارامەییەکان و بەشداری تازەهاتووانی پۆتانسیەلی چوونەناو بازاڕی کار لە داهاتوودا لە هێزی کار

یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنانی ئابوورییەکە کە زیاتر بەرەو کەرتی تایبەتی مەیل بکات تاکو کارخوازانی داهاتوو بتوانن بە جێی پشت بەستن بە حکومەت بۆ پێکهێنانی پیشە لە کەرتی تایبەتیدا کار بدۆزنەوە. ئێمە لەم پاژەدا پێشکەشکردنی هێزی کار لە داهاتوودا تا ساڵی 2020 هەڵدەسەنگێنین و هەندێ دوابینی لەسەر ڕێژەی کارخوازان لە داهاتوودا و ئاستی خوێندنی ئەوان پێشکەش دەکەین و هەروەها سەبارەت بە کەسانێ کە خوێندنی زانکۆی خۆیان تەواو کردووە لقەکانی خوێندنیان پێشبینی دەکەین. ئەم شیکارییە یارمەتی سیاسەتدانەران دەدات کە لە شێوازی گۆڕانی گریمانەیی ناوکەوتەکانی هێزی کار و سەرمایەی مرۆیی بۆ ئابووری کوردستانی عێراق و هەروەها جۆرە جیاوازەکانی ئەو پیشانەی کە کرێکاران بە ئەگەری زۆرەوە لە داهاتوودا بۆ ئەوانە فێرکاریی دەبینن، تێبگەن. ئەم شیکارییە خاڵگەلێکی گرنگ هەم بۆ کەرتی تایبەتی و هەم بۆ سیستەمی خوێندنی حکومەتی لەبەر دەگرێت. بە لێکدانەوەی ڕێژەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار و خوێندنی ئەوان دەتوانین جۆری شارەزایی ئەو کەسانەی کە لە خوێندنگە و زانکۆ دەچنە ناو هێزی کار دوابینی بکەین، لەوانە ئەوەی کە ئاخۆ تیشک خستنە سەر پێکهێنانی هەندێ کارامەییە تایبەتەکان بە گوێرەی شارەزاییەکانی تر بۆ کەرتی تایبەتی گرنگایەتی لەناخداهەڵگری (پۆتانسیەلی) هەیە یان نا. دەسکەوتەکانی ئەم پاژە لەگەڵ ئەنجامەکانی پاژی دواتر کە داواکاریی خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەتی هەڵدەسەنگێنێت، بە ئێمە ڕێگە دەدات کە دەست بکەین بە لێکدانەوەی ئەم پرسە کە ئاخۆ سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو کارگێڕانەی پێشکەش دەکات کە کەسب و کارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق چاوەڕێ دەکەن یان نا.

ئێمە تێگەیشتین کە تا ساڵی 2020 بە گوێرەی ساڵی 2012، ڕێژەی کەسانی خوازیاری کار کە خوێندنی ئەوان تا ئاستی بنەڕەتی 9، بنەڕەتی 12، پەیمانگە دوو ساڵەکان، یان زانکۆکانی چوار ساڵەیە لانیکەم 396,000 کەس دەبێت کە پترە لە یەک سێیەمی هەمووی هێزی کار لە جوولای 2012 دا. ئەم ڕادەیە بەرابەرە لەگەڵ 44,000 کارخوازی نوێ لە هەر ساڵدا. لە نێوان کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار، پتر لە نیوەی ئەوان خوێندن لە ئاستی دامەزراوە دوو سالەکان یان زانکۆکانی چوار ساڵەیان دەبێت. لە بازاڕی کاری ساڵی 2012 دا، تەنیا لە سەدا 18ی تاکەکان خاوەن خوێندن لە ئاستی پەیمانگەی دوو ساڵە یان زانکۆ چوارساڵەکان بوون. ئەمە بەو واتایە کە کەسانێ کە تا ساڵی 2020 سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن و لە پیشە دەگەڕێن خوێندەوارتر دەبن لەو کەسانەی کە لە جوولای 2012 دا خەریکی کار بوون.

ئەم شیکارییە هەندێ کەموکورتی هەیە. هەروەها کە لە درێژەدا روون کراوەتەوە، بۆ گروپە جیاوازەکانی خوێندن پشتمان بەستووە بە ڕادەی پێشتری بەشداری لە هێزی کار و پرسەکەمان بەوجۆرە سادە کردووەتەوە کە ئەم دۆخە لە وەڵامی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان یان گۆڕان لە داواکاریی خاوەنکارەکان لە بواری ئاستی خوێندن و شارەزایی ناگۆڕدرێت. سەرەڕای ئەوە، هەرجۆرە گۆڕانی گریمانەیی لە چۆنایەتی خوێندنی پێشکەشکراومان لەبەرچاو نەگرتووە. بەوەشەوە، داتای پێویست بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتانە لە بەردەست نییە، کەواتە ئێمە مەزندەکانی خۆمان بەپێی زانیاریی هەبوو، بە مەزندەی ماقووڵانە دەزانین. لەڕاستیدا، هەروەها کە لە خوارەوە ئاماژەمان کردووە، دوابینیەکانی ئێمە بە ئەگەری زۆرەوە ڕێژەی کارخوازەکانی داهاتووی کەمتر لە ڕادەی ڕاستەقینە بەراورد کردووە.

ئێمە بەشێکی گرنگ لە شیکاریی خۆمان لەسەر داتاکانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوە زانستیەکان پتەو کردووەتەوە. کارەکە بە شرۆڤەی شێوازەکان و بەکارهێنانی ئەوانە لە سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، پاشان ئاماری ئێستاکەی پێوەندیدار بە بازاڕی کار پێشکەش دەکەین. پاشان دەسکەوتەکانی خۆمان لە بواری پێشکەشکردنی هێزی کار لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندن پێشکەش دەکەین. پاش باسکردن لەسەر سنووردارێتیەکانی شیکاریی خۆمان، بە ئاماژەکردن بە تایبەتمەندیەکانی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق باسەکە کۆتایی پێ دەهێنین.

## شێوازەکان و بەکارهێنانی ئەوانە لە سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق

لە هەر بەراوردێکدا کە سەبارەت بە چوونەناو بازاڕ کاری تاکەکان لە داهاتوودا جێبەجێ دەکرێت، جۆرە جیاوازەکانی داتاکان پێویستن. سەرەتا رێژەی کەسانێ کە دەگەن بە تەمەنی کارکردن کە بەپێی پێناسە لە تەمەنی 15 ساڵانیەوە دەس پێ دەکات و لە ئاکامدا دەتوانن بچنەناو هێزی کار. لە قۆناخی دووەمدا رێژەی ئەو کەسانەی کە لە کار دەگەڕن بە گوێرەی ئەوەی کە لە خوێندنگەدا بمێننەوە یان چالاکی تر جێبەجێ بکەن کە بە چوونەسەرکار و خاوەن پیشە بوون لە ئەژمێر نادرێت. بەوەشەوە ئامانجی ئێمە شتێک پتر لە مەزندەی چوونەناو بازاڕی کارە و ئەم مەزندەیە بەپێی لقی خوێندن جێبەجێ دەکەین. بەم پێیە، هەروەها دەبێت رێژەی کەسانێ کە سیستەمی خوێندن لە ئاستە جیاوازەکاندا بەجێ دەهێڵن و پاشان رێژەی ئەم کەسانە بە گوێرەی کەسانێ کە لە کار دەگەڕن مەزندە بکەین.

هەموو ئەو تاکانەی کە سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن، ناچن بە دوای کاردا. کەسانێ کە ئەم کارە دەکەن دەبنە بەشێک لە هێزی کار. بەشێک لە هێزی کاربوون بەو واتایە کە تاک یان پیشەیەکی هەیە یان بێکارە و بە گشتی بێکاربوون بە واتای چالاکانە لە کار گەڕان پێناسە دەکرێت. کەسانێ کە کاریان نەبێت، بەڵام چالاکانە بە دوای کاردا نەگەڕێن، وەک بێکار نایەنە ئەژمێر (ILO، 2011).

پشکی دانیشتوانی تەمەنی کار لەناو هێزی کاردا ناسراوە بە رێژەی بەشداری هێزی کار (رادەی بەشداریی هیزی کار؛ ILO، 2011). دوو خاڵی گرنگ سەبارەت بە بەشداریی هێزی کار دەبێت سەرنج بدرێن. یەکەم، بەشداریی لە هێزی کاردا بە واتای دارابوونی پیشە نییە. بەڵکو بە واتای دارابوونی کار یان چالاکانە بە دوای کاردا گەڕانە. دووەم، تاکەکان رەنگە بە هۆی جۆراوجۆر بریار بدەن لە هێزی کاردا بەشداری نەکەن. بۆ نموونە رەنگە ژنێک بە چاکی بزانێت کە لە ماڵدا بمێنێتەوە و منداڵانی خۆی بەخێو بکات. لەلایەکی ترەوە، رەنگە تاک بە دوای کارەوە بێت، بەڵام دڵسارد بووبێتەوە و دەسی لە گەڕان هەڵگرتبێت. ئەم کەسە وەک بەشێک لە بەشداریی لە هێزی کاردا پۆلێنبەندی ناکرێت، تەنانەت ئەگەر پێی خۆش بێت پیشەیەک دەستەبەر بکات.

ئێمە رێژەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە دوو قۆناخی گشتیدا مەزندە دەکەین. سەرەتا رێژەی ئەو کەسانەی مەزندە دەکەین کە سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن. لەوێوە کە هەموو ئەو کەسانەی کە سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن ناچنە ناو هێزی کار، لە قۆناخی دواتردا لە زانیاریەکانی پێشتری رادەی بەشداریی هێزی کار بەپێی گروپی تەمەن و خوێندن بە مەبەستی مەزندەی رێژەی کەسانێ کە دەچنەناو هێزی کار کەڵک وەردەگرین، واتە کەسانێ کە یان خەریکی کارن یان چالاکانە لە کار دەگەڕن.

### سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پۆلی 1 تا 9ی خولی خوێندن بنەڕەتی دەگوترێت کە پۆلی 1 تا 6 خولی سەرەتایی و پۆلی 7 تا 9 خولی ناوەندیی پێ دەگوترێت. بە پۆلی 10 تا 12 دواناوەندی دەگوترێت کە خوێندنی پێش زانکۆشی پێ دەگوترێت. خولی دواتر سیستەمی خوێندنی باڵا یان پاش خوێندنی دواناوەندییە.

چاکسازیەکانی ساڵی 2007 خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی 9ی کردە زۆرەملێ. پێش ئەمە تەواوکردنی خوێندن تەنیا تا پۆلی 6 بەپێویست بوو. پاش کۆتایی خوێندنی سەرەتایی، قوتابیەکان دەتوانن بچنە ناو خوێندنی ناوەندیی، فێرکاریی تەکنیکی و شارەزایی یان دامەزراوەکانی چوارساڵەی پەروەردەی مامۆستا کە دوایین بژاردە ئێستاکە خەریکە هەڵدەوەشێتەوە. بژاردەکانی پاش خوێندنی دواناوەندیی بریتین لە پەیمانگە تەکنیکیەکانی دووساڵە، زانینگە تەکنیکیەکانی چوارساڵە و زانکۆکانی چوارساڵە (کە بۆ هەندێ لقی تایبەت لەوانە پزیشکی پێنج و شەش ساڵەیە). نزیکەی زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆکان دەچنە زانکۆ حکومەتیەکان. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش (MOLSA) ناوەندەکانی فێرکاریی لە هەرکام لە پارێزگاکاندا هەیە کە فێرکارییە تەکنیکیەکانی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات. تاکەکان دەتوانن بە بێ هەبوونی خوێندن لە پێشدا لەم ناوەندانەی فێرکاریدا بخوێنن. کەواتە، رێگاکانی خوێندنی تریش بۆ ئەو قوتابیانەی کە سیستەمی خوێندن پێش کۆتایی خوێندنی خۆیان بەجێ دەهێڵن هەیە.

لە ساڵی خوێندنی 2011–2012 دا، نزیکەی 1.43 میلیۆن قوتابی لە پۆلەکانی 1 تا 12 دا ناونووسیان کرد. هەروەها رێژەی 90,272 کەس لە سیستەمی خوێندنی باڵای حکومەتی ناونووسیان کرد (خشتەی 2.1). ناونووسی لە خویندنی سەرەتاییدا لە سەدا 76.3 کۆی گشتی بوو. دیکەی ناونووسیەکان پێوەندییان هەیە بە خوێندنی دواناوەندیی (لە سەدا 17.7)، دامەزراوە تەکنیکیەکانی دوو ساڵە (لە سەدا 2.0) و زانکۆ حکومەتیەکانی چوارساڵە (لە سەدا 3.9). ناوەندەکانی فێرکاریی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و زانکۆ تایبەتیەکان پشکێکی زۆر بچووک لە کۆی گشتی ناونووسی فێرکاریی بۆ خۆیان تەرخان دەکەن. بەپێی رادەی بچووکی ئەم ناوەندانە، لە شیکاریەکەی خۆمان لە سەر رەوتی پۆتانسیەلی دڵخوازەکانی چوونەناو بازاڕی کار، ئەوانە لەبەرچاو ناگرین.

لە ساڵی خوێندنی 2006–2007 تا ساڵی خوێندنی 2010–2011، نزیکەی لەسەدا 44.5 لە قوتابییانی پۆلی 12 ساڵی خوێندنی پێشتر لە دامەزراوەیەکی تەکنیکی یان زانینگەیەک یان زانکۆیەکی حکومەتی ناونووسییان کرد. هەردووکی ئەم رادانە زیاتر بوون؛ ڕێژەی ئەو تاکانەی کە ناونووسیان کردووە لە دامەزراوەکان و زانینگە تەکنیکیەکان لەسەدا 276 و ڕێژەی کەسانێ کە چوونەتە زانکۆ لەسەدا 29 زیاتر بووە. بەم پێیە، پێکهاتەی ئەوانەش گۆڕدراوە و ڕێژەی کەسانێ کە چوونەتە دامەزراوە و زانینگە (کۆلیج) تەکنیکیەکان بە گوێرەی کەسانێ کە چوونەتە زانکۆ، زیاتر بووە. بەوەشەوە، ڕێژەی گشتی چوونەناو خوێندنی پاش دواناوەندی لە نێوان لەسەدا 40 و لەسەدا 49 لە هاتوچۆدا بووە و ڕەوتێکی گۆڕانی دیاری نەبووە.

**خاڵەکانی دەرکەوتن لە خوێندن**

بۆ پێشبینی ڕێژەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە داهاتوودا، تیشکمان خستووەتە سەر کەسانێ کە سیستەمی خوێندن پاش کۆتایی خولی خوێندنی بنەڕەتی (پۆلی 9)، دواناوەندیی (پۆلی 12)، خولی خوێندنی دوو ساڵە پاش دواناوەندیی و خولی چوار ساڵە پاش دواناوەندی بەجێ دەهێڵن. ئەم چوار خاڵەی دەرکەوتن، خاڵەکانی دەرکەوتنی سروشتین کە قوتابیەکان هەڵدەبژێرن درێژە بە خوێندن بدەن یان بە شێوەی پۆتانسیەل بچنە ناو هێزی کارەوە. پۆلی 9 دوایین ساڵی سەرەتایی زۆرەملێ و پۆلی 12 دوایین ساڵی خوێندنی دواناوەندیی دڵخوازانەیە. زۆربەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا خولەکانی دوو ساڵە یان چوار ساڵەی زانکۆیی پێشکەش دەکەن.

سەبارەت بە هەموو خاڵەکانی دەرکەوتن لە سیستەمی خوێندن، تیشک دەخەینە سەر کەسانێ کە لە خولێکی کورتەماوەدا دەچنە ناو بازاڕی کار، نە کەسانێ کە ڕەنگە بە چاکتر بزانن بۆ ماوەی چەند ساڵ وەها کارێک نەکەن و پاشان بچنەناو بازاڕی کارەوە. لە ئاکامدا، شیکاریەکەی ئێمە تیشکی خستووەتە سەر کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار و لە بڕگەیەکی تایبەتی کاتیدا پاش کۆتایی خوێندنەکانیان. ئەمە بەو واتایە کە ڕەنگە دوابینیەکانی ئێمە ڕێژەی راستەقینەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کەمتر لە رادە مەزندە بکات. ئەم کارە بەتایبەت ڕەنگە سەبارەت بە کەسانی خاوەن خوێندنی پۆلی 9 یان 12 گرنگایەتی هەبێت، لەبەر ئەوەی کە هەروەها کە لە خوارەوە پیشان دراوە، رادەی بەشداری هێزی کاری وەها کەسانێ لە گروپە تەمەنیەکانی پاش خوێندندا، زۆر لە خوارەوەیە. وێرای ئەوە، هەموو ئەو کەسانەی کە سیستەمی خوێندن لە خاڵگەلێکدا جگە لە تەواوکردنی پۆلی 9، پۆلی 12، خوێندنی پاش دواناوەندیی دووساڵە یان چوارساڵە بەجێ دەهێڵن لەبەرچاو ناگرین. ئەگەر ڕێژەی ئەم کەسانە زۆر بێت، لەو کاتەدا دوابینیەکانی ئێمە دیسانەوە ڕێژەی راستەقینەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار بە هێند لەبەرچاو دەگرێت.

**خشتەی 1.2**
**ناونووسی خوێندکارانی قوتابخانە/زانکۆ بە پێی جۆری دامەزراوەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵی خوێندنی 2011–2012**

| جۆری دامەزراوەی فێرکاری | ڕێژە | لەسەد |
|---|---|---|
| پەروەردەی بنەڕەتی (پۆلی 1–9) | 1,163,805 | 76.3 |
| فێرکردنی ئامادەیی (و پیشەیی) (10-12) | 270,501 | 17.7 |
| دامەزراوە تەکنیکییەکان و کۆلیژەکان (دووساڵە و چوار ساڵە) | 30,155 | 2.0 |
| زانکۆ حکومەتییەکان (چوار ساڵە) | 60,117 | 3.9 |
| کۆی گشتی | 1,524,578 | 100.0 |

سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێی زانیارییەکانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

تێبینی: ڕەنگە بە هۆی سەرڕاست کردنەوەی (خرت کردنەوە) ژمارەکان، کۆی گشتی نەبێتە 100.

**شێوازەکانی مەزندەی ڕێژەی کەسانێ کە سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن.**

بۆ جێبەجێ کردنی پێشبینی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار تا خولی دواناوەندی (پۆلی 12)، لە پێشبینیەکانی ڤەرنێز، کالبێرتسۆن و کۆنستانت (2012) کەڵک وەردەگرین کە ناونووسی قوتابییەکان لەبۆ پۆلەکانی 1–12یان پێشبینی کرد. ئەوان لە داتاکانی پێشتری ناونووسی لە خوێندنگەکان لە ساڵی خوێندنی 2004–2005 تا ساڵی خوێندنی 2009–2010 کەڵکیان وەرگرت و پێشبینیەکانی خۆیان بەپێی ڕادەی گواستنەوە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر ئەژمێر کرد؛ پاشان هەندێ گریمانە سەبارەت بە گەشەی حەشیمەت، زیاتربوونی ڕادەی درێژەی خوێندن لە خولی سەرەتاییەوە بۆ خولی دواناوەندی و زیاتربوونی ڕادەی بەرابەری ڕەگەزی واتە ڕێژەی ناونووسی ژن بە پیاویان لەبەرچاو گرت.

ڤەرنێز، کالبێرتسۆن و کۆنستانت (2012) سێ مەزندەیان لەسەر گەشەی ناونووسی لە ساڵی 2010 تا ساڵی 2021 لەبەرچاو گرت: گەشەی کەم (گەشەی ناونووسی ساڵانە لە نزیکەی 69,000 قوتابی بەپێی لەسەدا 5ی گەشەی ساڵانەی ڕێژەی لەدایکبوون و نەگۆڕان لە ڕادەی تەواوکردنی خولی سەرەتایی و بەرابەری ڕەگەزی)؛ گەشەی نێوەنجی (گەشەی ناونووسی ساڵانە لە نزیکەی 85,000 قوتابی بەپێی لەسەدا 6.5 گەشەی ساڵانەی ڕێژەی لەدایکبوون و بە هێوری پێشوەچوون بەرەو خوێندنی بنەڕەتی بەربڵاو)؛ و گەشەی زۆر (گەشەی ناونووسی ساڵانە لە نزیکەی 111,000 قوتابی بەپێی لەسەدا 7.5 گەشەی ساڵانەی ڕێژەی لەدایکبوون، ڕادەی تەواوکردنی خولی سەرەتایی هاوتای لەسەدا 90 و بەرابەری ڕەگەزی تا ساڵی 2021). ئێمە لە هەرسێکی ئەم مەزندانە لە دوابینیەکانی بازاڕی کاری خۆماندا کەڵکمان وەرگرتووە.

ئەم پێشبینیانەی ناونووسی بریتین لە چەند سەرچاوەی پۆتانسیەلی هەڵە. کێشەی سەرەکی نەبوونی زانیاری لەسەر هەندێ لە نیشاندەرە گرنگەکان لەوانە ڕێژەی کەسانێ کە تازە چوونەتە ناو سیستەمی خوێندن پاش پۆلی 1 بەپێی ناونووسییە نوێیەکان یان ئەو قوتابییانەی کە ڕەنگە پێشتر خوێندنی خۆیان بەجێهێشتبێت و دیسانەوە خوێندن دەس پێ بکەنەوە. ڕەنگە بەربڵاو بوونی خوێندن تا پۆلی 9 ببێتە هۆی زیاتربوونی داواکاریی لەبۆ تەواوکردنی پاشماوەی خوێندن و هەروەها گەڕانەوە بۆ خوێندنگە. ئەگەرچی دەتوانین هەندێ گریمانە لەسەر ئەم ژمارانە لەبەرچاو بگرین، بەڵام ناتوانین دڵنیا بین کە گریمانەکانی ئێمە بەتەواوی بڕوادارن.

ئێمە لە ڕێبازێکی هاوشێوە بۆ پێشبینی ڕەوتی ناونووسی لە خوێندنی باڵا و مەزندەی ڕێژەی کەسانی دەرکەوتوو لە سیستەمی خوێندنی باڵا کەڵکمان وەرگرت. ئێمە داتا گشتییەکانی ناونووسیمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی بەپێی زانکۆ، ساڵی ناونووسی، ساڵی خوێندن و ڕەگەز لەبۆ هەموو زانکۆ حکومیەکان لە ساڵی خوێندنی 2006–2007 تا ساڵی خوێندنی 2011–2012 دەستەبەر کرد. ئێمە سەرەتا ئەم داتایانەمان لەگەڵ داتاکانی K–12 تێکەڵ کرد تاکو ڕادەی گواستنەوە لە پۆلی 12 بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای دووساڵە و چوارساڵە بەپێی ڕەگەز ئەژمێر بکەین. پاشان ڕادەی گواستنەوەمان لە ساڵێکی ناونووسی پاش خولی دواناوەندی بۆ ساڵی دواتر ئەژمێر کرد. پاشان توانیمان ڕەوتی ناونووسی بەپێی ساڵی ناونووسی و ڕەگەز تا ساڵی 2020 پێشبینی بکەین.

ئێمە هەروەها داتا وردبینانەکانی ناونووسی لە ئاستی زانینگە (کۆلیج) و گروپە زانکۆییەکانمان بۆ هەر ساڵێکی خوێندن و لە ساڵی خوێندنی 2009–2010 تا ساڵی خوێندنی 2011–2012 بەدەستهێنا. داتاکانی ئاستی گروپە زانکۆییەکان ڕێگە بە ئێمە دەدەن بۆ لێکدانەوەی گۆڕانکاریەکانی ناونووسی و ڕێژەی تەواوبووانی بەر چاوەڕوانی بەپێی پسپۆڕایەتی تاکو بتوانین جۆری پێشینەی خوێندن کە تەواوبووان لەگەڵ خۆیان دەیهێننە بازاڕی کار دیاری بکەین. ئێمە نەمانتوانی بەپێی ماوەی خولی خوێندن پاش ساڵی 2015 ناونووسی دوابینی (پێشبینی) بکەین. سنووردارێتیەکانی داتاکان بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانین ڕادەی گواستنەوەی جێ بڕوا لەسەر دامەزراوەکانی دووساڵە و چوارساڵە بەپێی لقی خوێندن ئەژمێر بکەین.

**بەکارهێنانی ڕادەی بەشداریی هێزی کار بەپێی تەمەن، ڕەگەز، و پلەی خوێندن**

جیاوازیی جێی سەرنج هەیە لە ڕادەی بەشداریی هێزی کار لە نێوان تاکەکانی خاوەن تەمەنی جیاواز، پیاوان و ژنان و کەسانی خاوەن پلەی خوێندنی جیاواز. کەواتە لە ڕادەی بەشداریی هێزی کاری جیاواز کەڵک وەردەگرین بۆ هەرکام لەو گروپانەی کە سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن. بۆ هەڵبژاردنی ڕادەی بەشداریی هێزی کاری شیاو، ئەو گروپانەمان دیاری کرد کە دەکرێ بەراورد بکرێن لەگەڵ هەرکام لەو گروپانەی کە سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە کە بە گشتی ڕادەی بەشداری هێزی کار بۆ گروپە تەمەنیەکانی پێنج ساڵە ئەژمێر دەکرێن. بۆ وێنە، گروپێ کە بە چاکترین شێواز دەکرێ بەراورد بکرێت لەگەڵ کەسانێ کە پاش پۆلی 9 لە سیستەم دەچنە دەرەوە و دەچنە نێو هێزی کار کەسانێکن لە تەمەنی 15–19 ساڵانی و بە پێشینەی خوێندنی پۆلی 9، لەبەر ئەوەی کە بە گشتی کەسانێ کە کۆتایی بە پۆلی 9 دەهێنن، 14–15 ساڵەن. بەپێچەوانەی ئەوان، گروپێ کە بە چاکترین شێواز دەکرێ بەراورد بکرێت

لەگەڵ کەسانێ کە پاش پۆلی 12 لە سیستەم دەچنە دەرەوە و دەچنە نێو هێزی کار کەسانێکن لە تەمەنی 20–24 ساڵان و بە پێشینەی خوێندنی پۆلی 12، لەبەر ئەوەی کە بە گشتی کەسانێ کە کۆتایی بە پۆلی 12 دەهێنن، 17–18 ساڵەن.

ئێمە رادەی بەشداریی هێزی کاری خۆمان لە یەکێک لە لێکدانەوە نوێیەکانی هێزی کاری هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2012 دا لەلایەن نووسینگەی ئاماری حکومەتی کوردستان جێبەجێ کرابوو، وەرگرت. رادەی بەشداریی هێزی کاری ئێمە بریتییە لە هەموو تاکەکان لە تەمەنی کاردا کە لە هێزی کاردا بەشدارییان کردووە و ئێستاکە لە خوێندنگە ناونووسیان نەکردووە. رادەکانی بەشداریی هێزی کار بەکارهێنراو لە پێشبینییەکان لە خشتەی 2.2 دا لەگەڵ گروپەکانی بەراوردی تایبەت بەکارهێنراو بۆ هەر ئاستێک لە کەسانێ کە سیستەمی خوێندنیان بەجێهێشتووە پێشکەش کراوە.

دەبێت سەرنج بدرێت کە رادەی بەشداریی هێزی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پیاوان و ژنانی ژێر 25 ساڵ و بەتایبەت بۆ ژنان لە تەمەنی 15–19 تارادەیەک کەمە. داتاکانی IHSES (رێکخراوی ناوەندیی ئامار و تەکنۆلۆژیای زانیاریی، رێکخراوی ئاماری هەرێمی کوردستان، و بانکی جیهانی، 2008) پیشانی دا کە نزیکەی زۆرینەی ژنانی لاو لە تەمەنی 15–19 ساڵیدا کە ناچنە خوێندنگە یان بەو هۆیە کە شوویان کردووە یان بە هۆی کۆمەڵایەتی ناکەونە ناو هێزی کار (بابەتەکە پتر لەمە لێکنەدراوەتەوە). سەبارەت بە پیاوانی گەنج لە تەمەنی 15–19 ساڵ، هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بابەتە حەز لێ نەکردن یان لەکارکەوتوویيە (ناتوانی). هەبوونی رادەی بەشداریی هێزی کاری باشتر لە نێوان گروپەکانی بە تەمەنتر پیشان دەدات کە لانیکەم هەندێ لەم کچ و کوڕانە پاش ئەوەی تەمەنیان دەڕواتە سەرێ دەچنە ناو هێزی کار. بەوەشەوە، داتایەکمان بۆ پەسەندی ئەم بابەتە لە بەردەست نییە.

## تایبەتمەندیەکانی هێزی کاری نوێ

بەپێی لێکدانەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، رێژەی کەسانی 15 ساڵ یان سەرتر لە هێزی کاردا کە لە خوێندنگە ناویان نەنووسیوە، لە ساڵی 2012 دا لە نزیکەی 1.2 ملیۆن کەس بوو (خشتەی 2.3). بەپێی راپۆرتەکان زۆرترین لەسەدی هێزی کار پێوەندی بە کەسانی نەخوێندەوارەوە هەیە (لەسەدا 38) پاشان لەسەدا 22 کەسانێ کە سەرترین ئاستی خوێندنیان، خوێندنی سەرەتاییە؛ ئەمە بەو واتایە کە لە هەر پێنج کەس هێزی کار، سێ کەسیان خوێندنی سەرەتایی یان خوێندنی کەمتریان هەیە. هەروەها کە لە خوارەوە پیشان دراوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم دۆخە تا ساڵی 2020 و پاش ئەوە بگۆڕدرێت.

**خشتەی 2.2**

**رێژەکانی بەشداری هێزی کار کە بەکارهاتوون لە خەمڵاندنی چوونەناو بازاڕی کار**

| ئاستی رۆشتنە دەرەوە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری | گرووپی بەراورد | | رێژە بەشداری هێزی کار | |
|---|---|---|---|---|
| | تەمەن | ئاستی خوێندن | پیاو | ژن |
| پۆلی 9 | 15–19 | پۆلی 9 | 0.26 | 0.03 |
| پۆلی 12 | 20–24 | پۆلی 12 | 0.77 | 0.15 |
| دامەزراوە (دوو ساڵە) | 20–24 | دامەزراوە (دوو ساڵە) | 0.72 | 0.49 |
| بەڵگەنامەی بەکالۆریا یان سەرتر (چوار ساڵە) | 25–29 | بەڵگەنامەی بەکالۆریا یان سەرتر | 0.81 | 0.80 |

سەرچاوە: نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.

تێبینی: گرووپی بەراورد گرووپێکی حەشیمەتییە کە نرخی بەشداری هێزی کاری ئەو زۆرترین هاوشێوەیی هەیە لەگەڵ نرخی پەیوەندیدار بە کەسانێک کە سیستەمی پەروەردی و فێرکاری لە هەر ئاستێکدا بە جێ دەهێڵن. بۆ ژنانێک کە لە پۆلی 9 لە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری دەڕۆنە دەرەوە، لە نرخی بەشداری هێزی کار لە تەمەنی 15–19 ساڵاندا و بە بێ رەچاو کردنی ئاستی خوێندنیان کەڵک وەردەگرین، چونکە ئەندازەی نموونەی ژنان لە تەمەنی 15–19 ساڵاندا کە پۆلی 9 یان تێپەڕاندووە لە لێکۆڵینەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان ئەوەندە کەمە کە هەلی تەخمینی دروست دابین ناکات.

**خشتەی 3.2**
**دابەشکردنی خوێندن لە هێزی کار**

| ئاستی خوێندن | ڕێژە بەشداربووانی هێزی کار | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 460,749 | 38.5 |
| سەرەتایی | 258,444 | 22.6 |
| سەرەتایی یان ناوەندی | 109,232 | 9.1 |
| ناوەندی | 75,035 | 6.3 |
| دیپلۆم یان دامەزراوە (دوو ساڵە) | 119,874 | 10.0 |
| بەڵگەنامەی بەکالۆریا یان سەرتر | 95,146 | 7.9 |
| خەریکی خوێندن | 79,431 | 6.6 |
| کۆی گشتی | 1,197,910 | 100.0 |

سەرچاوە: نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.

تێبینی: ڕێژەی بەشداربووان بە هۆی سەرڕاست کردنەوەی ژمارەکان لەگەڵ کۆی گشتی راهاتوو نییە. تێستی ماناداربوونی ئاماری پیشان دەدات کە رادەی دڵنیایی لەسەدا 95 ی گرووپەکانی خوێندنی خوارەوە لە هێزی کار پێکەوە ئۆڤەرلەپیان هەیە: (1)سەرەتایی یان ناوەندی و دیپلۆم یان دامەزراوە (دوو ساڵە)؛ (2) سەرەتایی یان ناوەنجی و بەڵگەنامەی بەکالۆریا یان سەرتر؛(3) ناوەندی و خەریکی خوێندن؛ و (4) بەڵگەنامەی بەکالۆریا یان سەرتر و خەریکی خوێندن. مەبەست ئەوەیە کە رەنگە سەبارەت بەم جووتە گرووپانە، پشکی هێزی کار هاوشێوە بێت.

بە لێکدانەوەی وردبینانەتری ئاستی خوێندنی هیزی کار تێدەگەین کە ئەگەرچی ئاستی خوێندنی زۆرینەی بەشداربووان لە هێزی کاردا خوێندنی سەرەتایی یان کەمتریان هەیە، لە گروپەکانی لاوتردا ئاستی خوێندن زۆر چاکترە لە گروپەکانی بەتەمەنتر (خشتەی 4.2). لە نێوان بەشداربووان لە هێزی کاردا، گروپی تەمەنی 25–29 ساڵە خاوەن بەرزترین ئاستی خوێندن بوو و پتر لە لەسەدا 28ی تاکەکانی خوێندنی باڵای دووساڵە یان چوارساڵەیان تێپەڕاندبوو.

جیاوازیەکی راشکاو لە رادەی بەشداری هێزی کاری ژنان و پیاواندا هەیە (خشتەی 5.2). بە روانین بە سەر رادەی بەشداری هێزی کار بۆ کەسانی پتر لە 15 ساڵ لەوانە کەسانێ کە ئێستاکە لە خوێندنگەدا ناونووسیان کردووە تێدەگەین کە رادەی بەشداری ژنان لە هێزی کاردا بۆ کەسانی خاوەن تەمەنی 20–24 ساڵ لەسەدا 11 بووە و پاشان ئەم رادەیە بۆ کەسانی خاوەن تەمەنی 25–29 ساڵ بۆ لەسەدا 21 زیاتر دەبێت. لەلایەکی ترەوە، لەسەدا 80ی پیاوانی لە تەمەن 25–29 ساڵ لە هێزی کاردا بەشدارییان هەبوو، و ئەمە لەسەد تا تەمەنی 40–49 ساڵ لە گروپە تەمەنیەکانی بانتردا زیاتر دەبێت.

## کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کە لە سیستەمی خوێندن دەرکەوتوون

ئێستا مەزندەکان و دوابینیەکانی خۆمان لەسەر کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کە پاش پۆلی 9، پۆلی 12، خوێندنی دووساڵە پاش خولی دواناوەندی و خوێندنی چوارساڵە پاش خولی دواناوەندی لە سیستەمی خوێندن دەردەکەون، پێشکەش دەکەین. سەبارەت بە کەسانێ کە پاش پۆلی 9 و 12 دەرکەوتوون، داتاکانی مەزندەی تاکەکانی داواکاری چوونەناو لە ساڵی 2006 تا ساڵی 2012 و پاشان لە ساڵی 2012 تا ساڵی 2020 پێشکەش دەکەین. سەبارەت بە کەسانێ کە پاش خولی دواناوەندی لە سیستەمی خوێندن دەرکەوتوون، داتاکانی مەزندەی تاکەکانی داواکاری چوونەناو بازاڕی کار لە ساڵی 2007 تا ساڵی 2012 و پاشان لە ساڵی 2012 تا ساڵی 2020 پێشکەش دەکەین. لە بەردەست نەبوونی داتاکان بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانین بەشداربووانی بازاڕ کاری گروپی دووەم بۆ ساڵی 2006 مەزندە بکەین.

**خشتەی 4.2**
**تەمەن و پێشینەی تەواوی خوێندنی هێزی کار، تەمەنی 15 ساڵ بەرەو سەر**

| گرووپی بە پێی تەمەن | لەسەد پشک لە هێزی کار | لەسەد پشک لە ناو گرووپی بە پێی تەمەن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | سەرەتایی | سەرەتایی یان ناوەندی | ناوەندی | دیپلۆم یان دامەزراوە | بەڵگەنامەی بەکالۆریا یان سەرتر | خەریکی خوێندن | کۆی گشتی |
| 19–15 | 4.7 | 36.0 | 25.6 | 2.1 | 0.5 | 0.3 | 0.0 | 35.5 | 100.0 |
| 24–20 | 14.0 | 28.3 | 25.3 | 11.3 | 3.9 | 8.0 | 7.4 | 15.8 | 100.0 |
| 29–25 | 18.4 | 35.4 | 17.2 | 8.5 | 4.2 | 14.7 | 13.7 | 6.3 | 100.0 |
| 34–30 | 16.6 | 40.0 | 25.9 | 8.1 | 4.2 | 8.6 | 9.2 | 4.0 | 100.0 |
| 39–35 | 13.9 | 39.6 | 21.6 | 12.4 | 6.3 | 12.2 | 5.5 | 2.4 | 100.0 |
| 44–40 | 13.3 | 37.7 | 23.6 | 10.0 | 11.0 | 10.3 | 5.3 | 2.1 | 100.0 |
| 49–45 | 7.3 | 37.9 | 17.5 | 11.9 | 11.2 | 12.7 | 6.5 | 2.2 | 100.0 |
| 54–50 | 3.5 | 34.3 | 18.6 | 6.9 | 14.5 | 12.0 | 11.8 | 1.9 | 100.0 |
| 59–55 | 4.9 | 59.0 | 15.6 | 4.6 | 7.2 | 5.4 | 6.4 | 1.8 | 100.0 |
| 64–60 | 2.0 | 58.4 | 19.4 | 5.6 | 7.3 | 1.0 | 8.2 | 0.2 | 100.0 |
| 65+ | 1.4 | 79.7 | 9.0 | 1.3 | 5.9 | 3.3 | 0.9 | 0.0 | 100.0 |

سەرچاوە: نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.

تێبینی: ڕەنگە بە هۆی سەرڕاست کردنەوەی (خرت کردنەوە) ژمارەکان، کۆی گشتی نەبێتە 100.

**خشتەی 5.2**
**ڕێژەکانی بەشداری هێزی کار، بەپێی تەمەن و ڕەگەز، تەمەن 15 ساڵ و زیاتر**

| گرووپ بە پێی تەمەن | پیاو | ژن |
|---|---|---|
| 19–15 | 0.20 | 0.02 |
| 24–20 | 0.56 | 0.11 |
| 29–25 | 0.81 | 0.21 |
| 34–30 | 0.94 | 0.17 |
| 39–35 | 0.94 | 0.19 |
| 44–40 | 0.92 | 0.20 |
| 49–45 | 0.89 | 0.12 |
| 54–50 | 0.77 | 0.11 |
| 59–55 | 0.74 | 0.08 |
| 64–60 | 0.50 | 0.04 |
| 65+ | 0.18 | 0.01 |

سەرچاوە: نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.

تێبینی: ئەم نرخانەی بەشداری هێزی کار بۆ هەموو کەسی 15 ساڵ بەرەو سەرەوەیە بە بێ سەرنجدانی ئاستی خوێندنیان و ئەوەیکە ئاخۆ ئێستا خەریکی خوێندنن یان نا.

بۆ نێوان ساڵی 2011 و 2012 زانیاریی پێشکەش ناکەین لەبەر ئەوەی کە خولی یەکەمی لێکدانەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2012 دا جێبەجێ کراوە و ئێمە لە داتاکانی بۆ لێکدانەوەی بازاڕ کاری هەرێمی کوردستانی عێراق کەڵک وەرناگرین. بۆ هاسانکاریی ئەم گریمانە لەبەرچاو دەگرین کە کەسانێ کە لە ساڵی 2012 دا سیستەمی خوێندنیان بەجێهێشتووە لەم خوێندنەوەدا نەکەوتوونەتە بەر لێکدانەوە، بەڵام لە مانگی ئاگوستدا دەسیان کردووە بە چوونەناو بازاڕی کار.

لەسەر کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کە پاش پۆلی 9 و پۆلی 12 لە سیستەمی خوێندن دەچنە دەرەوە، مەزندەی ئێمە بۆ ساڵی 2006 تا ساڵی 2009 پشتی بەستوو بە داتا ڕاستەقینەکانی خوێندن، بەڵام ئەم مەزندەیە بۆ ساڵی 2010 تا ساڵی 2020 لەسەر بنەمای داتا پێشبینی کراوەکانی خوێندنە. سەرەڕای ئەوە، ئەو مەزندانەی کە لە ڕێگای پێشبینیەکانی ڕادەی ناونووسی کەم، نێوەنجی و باڵا کە لەلایەن ڤەرنێز، کالبێرستۆن و کۆنستانت (2012) جێبەجێ کرابوون پێشکەش دەکەین. سەبارەت بە کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کە پاش خوێندنی دوای خولی دواناوەندی لە سیستەم دەچنە دەرەوە، مەزندەی ئێمە بۆ ساڵی 2007 تا ساڵی 2012 پشتی بەستبوو بە داتا ڕاستەقینەکانی خوێندن، بەڵام ئەم مەزندەیە بۆ ساڵی 2013 تا ساڵی 2020 لەسەر بنەمای داتا پێشبینی کراوەکانی خوێندنە. ئێمە پێشبینیەکانی خۆمان لە ناونووسی خوێندن پاش خولی دواناوەندی بەپێی پێشبینی ڕادەی نێوەنجی ناونووسی K–12 جێبەجێ دەکەین کە ڤەرنز، کالبێرتسۆن و کۆنستانت (2012) پێشکەشیان کردبوو.

### پێشبینی داواکارانی نوێی چوونەناو بازاڕی کار پاش پۆلی 9

ئێمە مەزندەی دەکەین کە نزیکەی 23900 کەس لەو کەسانەی کە پۆلی 9یان کۆتایی پێ هێناوە، لە کۆتایی هاوینی ساڵ 2006 تا کۆتایی هاوینی 2011 ڕاستەوخۆ لە سیستەمی خوێندنەوە چوونەتە نێو بازاڕی کار. ئەم ڕادەیە بە شێوەی نێوەنجی هەر ساڵ نزیکەی 4000 کەسە. پێشبینی ئێمە ئەوەیە کە ئەم ڕادەیە تا ساڵی 2020 زیاتر دەبێت (وێنەی 1.2). ئێمە پێشبینی دەکەین کە لە کۆتایی ساڵی 2012 تا ساڵی 2020، نزیکەی 44600 کەس بەپێی سێناریۆی ناونووسی کەم، 48900 کەس بەپێی سێناریۆی ناونووسی نێوەنجی و 51500 کەس بەپێی سێناریۆی ناونووسی زۆر پۆلی 9یان تێپەڕاندووە و چوونەتە ناو بازاڕی کار. ئەم ڕادە بە ڕیزەوە بەرابەری 5000، 5400 و 5700 کەس تازەهاتوو بۆ بازاڕی کارە لە ساڵدا.

**وێنەی 1.2**
**تەخمینی ڕێژەی کەسانێک کە چوونەتە نێو بازاڕی کار لە پاش تێپەڕاندنی پۆلی 9**




سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێی داتاکانی وەزارەتی پەروەردە و نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.
RAND *RR489-2.1*

لە ساڵی 2012 دا، نزیکەی 109,000 کەس لە هێزی کاری هەرێمی کوردستانی باشوور (عێراق) خاوەن خوێندنی بنەڕەتی پۆلی 9 یان کەمتر بوون. بەپێی ئەندازەگرتنی رادەی هێزی کار لە هاوینی ساڵی 2012، کۆی گشتی کەسانێ کە لە ساڵی 2012 دەچنە ناو بازاری کار نێوان لەسەدا 41 تا لەسەدا 47ی کۆی گشتی ئەو کەسانەیە کە لە هێزی کاری ساڵی 2012 دان و خوێندنی ئەوان تا پۆلی 9 یان کەمتر بووە، بەڵام ئەم رادەیە تەنیا 3.7 لەسەد تا 4.3 لەسەد لە کۆی گشتی هێزی کار پێکدەهێنێت. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بەمجۆرە بە ئەگەری زۆرەوە رێژەی کەسانی خاوەن خوێندنی کەم کە دەچنە ناو هێزی کار بە نزم مەزندە دەکرێت، لەبەر ئەوەی کە کەسانێ کە پێش پۆلی 9 سیستەمی خوێندن بەجێ دەهێڵن بەڵام خێرا ناچنە ناو هێزی کار و درەنگ ئەو کارە دەکەن، لەبەرچاو ناگیردرێن. هەروەها کە لە درێژەدا دەیبینین، ئەگەرچی رێژەی کارخوازانی خاوەن خوێندنی کەم کە دەچنە ناو بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق، گەشە دەستێنێت، بەڵام ئەم بەشە کەمترین رادەی گەشەی هێزی کاری داهاتووی هەرێمی کوردستان–عێراق بە خۆیەوە دەبینێت.

### پێشبینی داواکارانی نوێی چوونەناو بازاڕی کار پاش پۆلی 12

ئێمە مەزندە دەکەین کە نزیکەی 50800 کەس لە کەسانێ کە پۆلی 12یان تەوا وکردووە، لە دوایی هاوینی ساڵی 2006 تا دوایی هاوینی 2011 راستەوخۆ لە سیستەمی خوێندنەوە چوونەتە ناو هێزی کارەوە. ئەم رادەیە بە شێوەی نێوەنجی نزیکەی 8500 کەسە لە هەر ساڵدا. پێشبینی ئێمە ئەوەیە کە ئەم رادەیە تا ساڵی 2020 زیاتر دەبێت (وێنەی 2.2). ئێمە پێشبینی دەکەین کە لە دوایی ساڵی 2012 تا ساڵی 2020، نزیکەی 127,000 کەس بەپێی سێناریۆی ناونووسی کەم، 132000 کەس بەپێی سێناریۆی ناونووسی نێوەنجی و 137000 کەس بەپێی سێناریۆی ناونووسی زۆر پۆلی 12یان تێپەڕاندووە و دەچنە ناو بازاڕی کار. ئەم رادە بە ریز بەرابەرە لەگەڵ 14,000، 14,600 و 15,200 کەس داخوازی چوونەناو هێزی کار لە ساڵدا.

لە ساڵی 2012، نزیکەی 75،000 کەس لە هێزی کاری هەرێمی کورستان خوێندنی بنەڕەتییان تەواو کرد بەڵام بۆ پەروەردەی دواناوەندی درێژەیان پێ نەدا. بە پێی ئەندازە گرتنی رادەی هێزی کار لە هاوینی ساڵی 2012، کۆی گشتی ئەو کەسانەی کە لە ساڵی 2012 دەڕۆنە بازاڕی کارەوە لە نێوان لە سەدا 168.7 تا لە سەدا 182.5 ی سەرجەم کەسانێکە کە لە ساڵی 2012 خوێندنیان تا پۆلی 12 بووە. رێژەی داخوازانی نوێی چوونەناو بازاڕی کار نیسبەت بە ئەندازەی گشتی هێزی کار لە نێوان لە سەدا 10.6 تا لە سەدا 11.4 کۆی هێزی کاری ساڵی 2012 پێک دەهێنێت.

وێنەی 2.2
**تەخمینی رێژەی کەسانێک کە چوونەتە نێو بازاڕی کار لە پاش تێپەڕاندنی پۆلی 12**




سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێی داتاکانی وەزارەتی پەروەردە و نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.
تێبینی: داتاکانی ئێمە ئەوەندە نەبوو کە بتوانین کەمبوونەوەی رادەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە ساڵی 2013 شرۆڤە بکەین.
RAND *RR489-2.2*

لێرەیشدا هاوشێوەی ئەو ڕەقەمانەی کە بۆ تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار بە خوێندنی بنەڕەتی پۆلی 9 پێشکەشمان کرد، ڕەنگە ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەو کەسانەی کە بە خوێندنی بنەڕەتی پۆلی 12 داخوازی چوونە ناو بازاڕی کار بن، کەمتر لە ڕادەی ڕاستەقینەی مەزندەکراو بێت. ئێمە کەسانێکمان لە بەر چاو نەگرت کە دەسبەجێ ناڕۆنە نێو بازاڕی کار و لە پاش خوێندنی بنەڕەتی 12 بڕیار بۆ چوونە ناو بازاڕی کار دوادەخەن. سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ باشتربوونی ئاستی یەکسانی ڕەگەزی لە سیستەمی فێرکاری، ناونووسی کچان لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا زێدە دەبێت و لە ئاکامدا ڕێژەی ئەو کچانەی کە بە شێوەی پۆتانسییەڵ دەتوانن بێنە ناو هێزی کارەوە و هەروەها ئەوانەی کە دەتوانن بڕۆنە زانکۆ، زێدە دەبێت. ئەگەر نرخی بەشداری هێزی کاری ژن و ئاستی خوێندنی ئەم گرووپی تەمەنییە زێدە ببێت، ڕێژەی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار زێدە دەبێت.

**پێشبینی کارخوازی نوێ پاش تەواوکردنی پەیمانگا و زانکۆ**

ئێمە مەزندە دەکەین کە نزیکەی 23,400 کەس لەوانەی کە خولی دووساڵانی دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا و 47,600 لەوانەی کە خوێندنی چوارساڵەی زانکۆی خۆیان تەواو کردووە، لە کۆتاییەکانی هاوینی ساڵی 2007 تا کۆتاییەکانی هاوینی 2011 چوونەتە نێو هێزی کارەوە. ئەم ڕادە بە گشتی، بە شێوەی مامناوەندی بەرابەرە لەگەڵ 14,200 کەس لە هەموو ساڵێک؛ 4,700 کەس بۆ تەواو کەرانی خولە دوو ساڵانەکان و 9,500 کەس بۆ تەواو کەرانی خولە چوار ساڵانەکان.

پێش بینی ئێمە بۆ داهاتوو ئەمەیە کە ئەم ڕادە تا ساڵی 2020 بە شێوەیەکی گرنگ زێدە دەبێت(وێنەی 2.3). پێشبینی دەکەین کە لە کۆتاییەکانی ساڵی 2012 تا ساڵی 2020، لانیکەم 215,700 کەس خاوەن بەڵگەنامەی خوێندنی باڵا کە بەرامبەرە لەگەڵ نزیکەی 24,000 کەس بۆ هەموو ساڵێک، بە ڕاستەوخۆ لە سیستەمی فێرکاری بڕۆنە نێو هێزی کارەوە. پێشبینی دەکەین کە ئەم ڕادە بریتیی بێت لە 85،000 تەواوکەری دامەزراوەکان کە 48,400 کەس لەوانە پیاو و 37,200 کەسیان ژن بن. ئەم ڕەقەمانە بە شێوەی ساڵانە بریتییە لە 9,500 کەس تەواوکەری دامەزراوەکان کە 5,400 کەس لەوانە پیاو و 4,100 کەسیان ژنن. هەروەها پێشبینی دەکەین کە ئەم ڕادە بریتیی بێت لە 130,100 تەواوکەری

**وێنەی 2.3**
**تەخمینی ڕێژەی کەسانێک کە چوونەتە نێو بازاڕی کار لە پاش تێپەڕاندنی خولەکانی خوێندنی دوو ساڵە و چوار ساڵە لە پاش قۆناغی دواناوەندی**




سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێی داتاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.

تێبینی: داتاکانی ئێمە ئەوەندە نەبوون کە بتوانین زێدەبوونی توند و پاشان کەمبوونەوەی بەشداری
هێزی کار لە ساڵی 2017 و 2018 لە نێوان کەسانی ناونووسیکراو لە دامەزراوەکانی چوار ساڵە و هەروەها زێدەبوونی
کاتی بەشداری هێزی کار لە ساڵی 2015 لە نێوان کەسانی ناونووسیکراو لە دامەزراوەکانی دوو ساڵە شرۆڤە بکەین.

RAN D *RR489-2.3*

زانکۆکان کە 65,100 کەس لەوانە پیاو و 65,000 کەسیان ژن بن. ئەم ڕەقەمانە بە شێوەی ساڵانە بریتییە لە 14,500 کەس تەواوکەری زانکۆکان کە زۆرتر لە 7,200 کەس لەوانە پیاو و و زۆرتر لە 7,200 کەسیان ژنن.

لە جوولای ساڵی 2012، لە هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق 120,000 کەس هەبوون کە بەرزترین ڕادەی خوێندنیان بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە خوێندنی باڵای دوو ساڵە بوو و 95,100 کەس کە بەرزترین بەڵگەنامەیان بەڵگەنامەی زانکۆیی بوو، واتە بە گشتی 215.000 کەس خاوەن بەڵگەنامەی خوێندنی باڵا بوون. پێشبینی دەکرێت کە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەڵگەنامەی خوێندنی باڵای دوو ساڵەیان هەیە تا ساڵی 2020 بیێتە لە سەدا 71.4 کۆی کەسانێک کە بەڵگەنامەی باڵایان هەیە لە هێزی کاری ساڵی 2012 و لە سەدا 7.1 کۆی هێزی کاری ساڵی 2012. پێشبینی دەکرێت کە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەڵگەنامەی خوێندنی باڵای چوارساڵەیان هەیە تا ساڵی 2020 بیێتە لە سەدا 136.8 کۆی کەسانێک کە بەڵگەنامەی باڵایان هەیە لە هێزی کاری ساڵی 2012 و لە سەدا 10.9 کۆی هێزی کاری ساڵی 2012. بە گشتی، ڕێژەی داخوازانی نوێی چوونەناو بازاڕی کار لە ساڵی 2012 تا ساڵی 2020 کە خاوەن بەڵگەنامەی باڵان بەرامبەرە لەگەڵ لە سەدا 100.3ی – واتە نزیکەی دوو بەرابەر – ڕێژەی ئەو کەسانەی کە خاوەن بەڵگەنامەی باڵان لە هێزی کاری ساڵی 2012 و لە سەدا 18.0ی – یان زۆرتر لە یەک لە شەش– کۆی گشتی هێزی کاری ساڵی 2012.

ئەم زیدەبوونە پێشبینی کراوە هەر وەکو دیکەی پێشبینییەکانی ئێمە بە پێی نرخی ناونووسی ئێستا لە سیستەمی پەروەردەی K–12، نرخە پێشووەکانی بەرەوپێشچوون لە پۆلی 12 بۆ زانکۆ و ئاماری ساڵ بە ساڵ لە زانکۆکان و هەروەها نرخەکانی بەشداری پێشووی هێزی کار دیاری کراوە. بەڵام لە هەمن کاتدا گرێدراوی توانستی زانکۆکان بۆ وەرگرتنی ڕێژکەیەکی زۆرتر لە خوێندکارانیشە. حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستەمی چوارساڵەی گشتی خۆی پەرە پێداوە و لە ساڵی 2009 زانکۆیەکی نوێ و لە ساڵی 2010 چوار زانکۆی نوێی دامەزراندووە. ئێستا زیدەبوونێکی درامایی لە ناونووسی لە خولە چوار ساڵەکانی زانکۆش ڕوویداوە. بە پێی داتاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە ساڵی خوێندنی 2006–2007، نزیکەی 47,000 خوێندکار لەم زانکۆیانەدا ناویان نووسی. ئەم ڕێژە بۆ ساڵی خوێندنی 2011–2012 نزیکەی 60,000 کەس بوو.

**تازەهاتووان بۆ بازاڕی کار لە پاش خوێندنی دواناوەندی بە پێی لقی خوێندن**

ئێمە سەرەڕای پێشبینی کردنی ڕێژەی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کە خاوەن بەڵگەنامەی باڵان تا ساڵی 2020، ناونووسی و تەخمینی چوونەناو هێزی کار بە پێی لقی خوێندن و بۆ خولێکی کاتی کورتماوەتریشمان پشکنی.[1] لەم مەزندەکردنانەدا دوو سادەکردنمان جێبەجێ کرد. یەکەم وەها دامانانا کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ساڵی کۆتایی خولی خۆیاندان لە ساڵی خوێندنی 2011–2012 سیستەمی پەروەردە بە جێ دەهێڵن و لە کۆتایی هەمان ساڵدا دەگۆڕدرێن بە تازەهاتووی شاراوە بۆ بازاڕی کار. دووەم وەها دامانانا کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ساڵی یەکەمی خولی خۆیاندان لە ساڵی خوێندنی 2011–2012 خوێندنی خۆیان تەواو دەکەن و لە کۆتایی خولی خوێندنی خۆیاندا سیستەمی فێرکاری بە جێ دەهێڵن و دەگۆڕدرێن بە تازەهاتووی شاراوە بۆ بازاڕی کار.

بە دامەزراوەکان و کۆلێژە تەکنیکییەکان دەستی پێدەکەین کە بە گشتی خولی دوو ساڵە پێشکەش دەکەن. ئێمە تیشک دەخەینە سەر خولە دوو ساڵەکان، ناونووسی لەوانە بە پێی لقی خوێندن لە ساڵی خوێندنی 2011–2012، چونکە نوێترین داتاکانی پەیوەندیدار بەوانەمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەستەبەر کردووە. بە پێی داتاکانی ناونووسی و بە کەڵک وەرگرتن لە نرخی بەشداری هێزی کار کە لە سەرەوەدا باسی لێکرا، ڕێژەی تازەهاتووانمان بۆ بازاڕی کار بە پێی لقی خوێندن بۆ ساڵی 2012 و 2013 مەزندە کرد.

ڕادەی ناونووسی لە دامەزراوەکان و کۆلێژە تەکنیکییەکان چوار ئەوەندە بووەتەوە و لە ڕێژەی ناونوسی 7.553 لە ساڵی خوێندنی 2006–2007 بە 30,155 کەس لە ساڵی خوێندنی 2011–2012 دا گەیشتووە. لە نێوان خوێندکارانی ساڵی 2011–2012، ڕێژەی 27,433 کەس لە دامەزراوە تەکنیکییە دووساڵەکاندا خەریکی خوێندن بوون. بە لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی کەسانی ناونووسیکراو لە لقەکانی خوێندنی دوو ساڵە دەبینین کە زۆرترین پشک بۆ کارگێڕی کار و بوارە پەیوەندیدارەکان بەوە (لە سەدا 54.5)، پاشان بوارەکانی پزیشکی و پەیوەندیدار لەگەڵ تەندروستی (لە سەدا 15.0)، ئیشی تەکنیکی و کارامەیی(لە سەدا 10.4)، تەکنۆلۆجیای زانیاری(لە سەدا 8.6)، کشتوکاڵ (لە سەدا 4.3)، و لە پاش ئەو لقەکانی تر(لە سەدا 8)، کە دوایین کەتێگۆری، گرووپێکە پێکهاتوو لەو لقانە کە تا ڕادەیەک کەم وەردەگرن لەوانە میدیا، وێنەگری و گەشت وگوزار(خشتەی 2.6). بە پێی ناونووسی لە ساڵی خوێندنی 2011–2012، دەردەکەوێت کە خوێندکارانێک کە بە پێی تەخمینی ئێمە کۆتایی بە خولی خوێندنی خۆیان لە ساڵی

[1] لە داتا سەرەتاییەکاندا، ناوی لقەکانی خوێندن بۆ هەموو ساڵەکان یەکسان نەبوون. کەواتە ئەم لقە خوێندنە ئاماژە پێکراوانەمان بە دەستەگەلێک دابەش کرد (گرووپبەندی کرد) کە ڕەوتی خوێندنی لقە هاوشێوەکانیان پیشان دەدا.

2012 و 2013 دێن و دێنە ناو بازاڕی کارەوە، کارامەیی تایبەتی جۆربەجۆریان هەیە – بە تایبەت لە کارگێڕی کار و بوارە پەیوەندیدارەکان – کە بە شێوەی پۆتانسیێڵ لە کەرتی تایبەتیدا بۆ ئەوانە داواکاری هەیە.

دامەزراوە تەکنیکییە دووساڵەکان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەزموونی گەشەیەکی ئێجگار زۆریان هەبووە و توانستیان بۆ وەرگرتنی ئەم رادە لە گەشە نادیارە (کۆنستانت و هاوکاران، 2013). ڕەنگە داواکاری بۆ ئەم جۆرە فێرکارییە هەروەها بەردەوام گەشە بکات، بەڵام بۆی هەیە سنووردارێتی توانستیش لە هێواشکردنەوەی خێرایی ئەودا ڕۆڵی هەبێت.

سەبارەت بە دامەزراوە چوار ساڵەکان، تازەهاتووان بۆ بازاڕی کارمان بە پێی لقی خوێندن لە ساڵی 2012 و 2015 مەزندە کرد. تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە ساڵی 2012 ئەو کەسانە دەبن کە لە ساڵی خوێندنی 2011–2012 لە ساڵی چوارەمی خوێندنی خۆیاندان، و داواکارانی چوونەناو بازاڕی کار لە ساڵی 2015 کەسانێکن کە لە ساڵی خوێندنی 2011–2012 لە ساڵی یەکەمی خوێندنی خۆیاندان. هەر وەک ڕابردوو، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە سیستەمی پەروەردە بە جێ دەهێڵن لە نرخی بەشداری هێزی کاری شیاو لێکدەدەین، چونکە هەموو کەسێک نایەوێت کە بێتە نێو بازاڕی کارەوە.

مەزندە دەکرێت کە گەورەترین گرووپلە کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە ساڵی 2012 کەسانی خوێندەوار لە بواری هونەر و زانستە مرۆییەکان و پاشان مەتێماتیک و زانست، بەڕێوەبەرایەتی کار و کاسبی و زانستە ئیسلامییەکان و مافناسی بن. (خشتەی 7.2). هەروەها لە ساڵی 2015 مەزندە دەکرێت کە گەورەترین گرووپ لە کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە لقەکانی هونەر و زانستە مرۆییەکان، پاشان پەروەردە و لە کۆتاییدا مەتێماتیک و زانستەکان بن. بەوەشەوە، لە نێوان ساڵەکانی 2012 و 2015 گەشەیەکی زۆر گرنگ لە بواری بەڕێوەبەرایەتی کار و کاسبی روو دەدات و بە پێی پێشبینییەکان ئەم لقە لە خوێندن لە پلەی چوارەمدا دادەنیشێت و لە پاش ئەو زانستی ئیسلامی و مافناسی لە پلەی پێنجەمدا دەبن. هەروەها چاوەڕوان دەکرێت کە ڕێژەی ئەندازیارانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار گەشەیەکی زۆر بکات و ئەم رادە لە ماوەی چوار ساڵ نزیکەی لە سەدا 23 گەشە بکات. وەها دەردەکەوێت کە ناونووسی لە زانکۆکانی چوارساڵانە هەر وەک ناونووسی لە دامەزراوەکانی دوو ساڵانە بەرەو لای ئەو لقانە لە خوێندن دەڕۆنە بەرەوە کە بە شێوەی پۆتانسیێڵ کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە داواکارییان بۆی هەیە، بە تایبەت لە بواری بەڕێوەبەرایەتی کار و کاسبی و ئەندازیاری.

**خشتەی 2.6**

**ناونووسی و تەخمینی رادەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار، بە پێی لقی خوێندن لەدامەزراوەکانی دوو ساڵو لە پاش قۆناغی دواناوەندی، 2012 و 2013**

| لقی خوێندن | ساڵی یەکەم 2011–2012 ناونووسی: پیاو | ساڵی یەکەم 2011–2012 ناونووسی: ژن | ناونووسی ساڵی دووەم 2011–2012: پیاو | ناونووسی ساڵی دووەم 2011–2012: ژن | ڕێژە پێشبینی کراوی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە ساڵی 2012 | ڕێژەی پێشبینی کراوی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە ساڵی 2013 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | 152 | 282 | 163 | 324 | 248 | 276 |
| بەڕێوەبەرایەتی کار و کاسبی و بوارە پەیوەندیدارەکان | 2,884 | 3,325 | 3,985 | 4,748 | 3,706 | 5,196 |
| ئیشی تەکنیکی و کارامەیی | 864 | 798 | 695 | 507 | 1,013 | 749 |
| پزیشکی و بوارەکانی خوێندنی پەیوەندیدار بە تەندروستی | 957 | 1123 | 900 | 1,135 | 1,239 | 1,204 |
| تەکنۆلۆجیای زانیاری | 455 | 782 | 469 | 662 | 711 | 662 |
| شتی تر | 492 | 482 | 534 | 715 | 590 | 735 |
| کۆی گشتی | 5,804 | 6,792 | 6,746 | 8,091 | 7,507 | 8,822 |

سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێی داتاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.

**خشتەی 7.2**
**ناونووسی و پێشبینی رادەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار، بە پێی لقی خوێندن لە دامەزراوەکانی چوار ساڵە لە پاش قۆناغی دواناوەندی، 2012 و 2015**

| لقی خوێندن | ناونووسی ساڵی یەکەم 2012–2011 پیاو | ناونووسی ساڵی یەکەم 2012–2011 ژن | ناونووسی دوایین ساڵ 2012–2011 پیاو | ناونووسی دوایین ساڵ 2012–2011 ژن | ڕێژەی پێشبینی کراوی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە ساڵی 2012 | ڕێژەی پێشبینی کراوی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە ساڵی 2015 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ و پزیشکی ئاژەڵ | 359 | 564 | 279 | 428 | 666 | 869 |
| هونەر و زانستی مرۆیی | 1,923 | 2,187 | 2,132 | 1,976 | 3,884 | 3,880 |
| بەڕێوەبەرایەتی کار و کاسبی | 994 | 615 | 666 | 549 | 1,150 | 1,526 |
| خوێندن | 1,421 | 1,864 | 1,838 | 2,166 | 3,779 | 3,098 |
| ئەندازیاری | 583 | 505 | 526 | 359 | 839 | 1,029 |
| زانستی ئیسلامی و مافناسی | 743 | 524 | 625 | 469 | 1,036 | 1,201 |
| مەتێماتیک و زانست | 1,007 | 971 | 804 | 950 | 1,655 | 1,870 |
| پزیشکی و بوارەکانی خوێندنی پەیوەندیدار بە تەندروستی | 172 | 268 | 197 | 197 | 372 | 414 |
| تەکنیکی | 374 | 338 | 388 | 360 | 707 | 673 |
| کۆی گشتی | 7,576 | 7,836 | 7,455 | 7,454 | 14,089 | 14,560 |

سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێی داتاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012.

تێبینی: هەندێک لە خوێندکارانی ئەندازیاری زانکۆکان لە ساڵی 2016 دەڕۆنە نێو بازاڕی کارەوە نەک لە ساڵی 2015 چونکە خولەکانی خوێندنی ئەوان لەباتی چوار ساڵ، پێنج ساڵ درێژەی هەیە و هەندێک لە خوێندکارانی لقەکانی پزیشکی و تەندروستی لە زانکۆکان لە ساڵی 2017 دەڕۆنە نێو بازاڕی کار چونکە خوێندنی پزیشکی ئەوان شەش ساڵ درێژەی هەیە.

## ئەگەری گۆڕانی خەمڵاندن و پێشبینییەکان

بە درێژایی ئەم پاژە، ئاماژەمان بەوە دا کە چۆن رەنگە تەخمینەکان و پێشبینییەکانی ئێمە گرێدراوی سادەکردن و مێتۆدە بەکارهێنراوەکان لە لایەن ئێمەوە بگۆڕدرێن. لەم بەشەدا، هەندێک لەم ئاگادارکردنەوانە دووپات دەکەینەوە و ئاماژە بە بابەتی نوێش دەکەین.

لە هەموو تەخمینەکانماندا، نرخەکانی پەیوەندیدار بە بەشداری هێزی کار بە پێی پێشینە پێشووەکانە. رەنگە ڕێژەی کەسانێک کە لە داهاتوودا دێنە نێو بازاڕی کارەوە بە هۆی گۆڕانی نرخی بەشداری هێزی کار بگۆڕدرێت و بە ڕۆشتنە سەرەوەی ئەم نرخە ڕێژەی ئەوان زێدە ببێت و بە هاتنە خوارەوەیشی ڕێژەیان کەمتر ببێت. چونکە زانیاری تەواومان لە بەردەستدا نییە کە ئەم بابەتە پێشبینی بکەین کە ئاخۆ نرخی بەشداری هێزی کار دەڕواتە سەرەوە، دێتە خوارەوە یان ناگۆڕدرێت، بە ڕای ئێمە باشتری کار ئەوە بوو کە لە نرخی بەشداری هێزی کاری سەقامگیر و پێشوو کەڵک وەربگرین. بەم شێوە، لە نرخەکانی گواستنەوەی پێشوو بۆ گۆڕانکاری پلەی پێشوو بۆ پلەی دواتر و ساڵی خوێندنی زانکۆیی پێشتر بۆ ساڵی خوێندنی زانکۆیی دواتر کەڵکمان وەرگرت. ئەگەر کەسانێکی زۆرتر پێیان خۆش بێت کە لە ئاستی بەرزتردا درێژە بە خوێندن بدەن، لەم کاتەدا ئاستی خوێندەواری کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە داهاتوودا لە پێشبینییەکانی ئێمەیش زۆرتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر کۆچ کردنی کەسانێک کە لە تەمەنی ڕۆشتن بۆ قوتابخانە یان لە تەمەنی خوێندنی باڵادان بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق زۆرتر بێت لە کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی هەرێم، ناونووسی لە سیستەمی پەروەردەدا زێدە دەبێت و لە ئاکامدا ڕێژەی پێشبینی کراوی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کاریش دەڕواتە سەرەوە.

ئێمە لە پێشبینییەکانی خۆماندا بۆ کەسانی خاوەن خوێندەواری کەمتر لە ئاستی خوێندنی باڵا، ئەوانەمان لە بەر چاو نەگرت کە سیستەمی پەروەردەیان لە پلەی جگە لە پۆلی 9 و 12 بە جێ دەهێڵن. بەڵام لە راستیدا تاکەکان لە هەموو ئاستێکدا خوێندن بە جێ دەهێڵن، کەواتە ڕێژەی راستەقینەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە رادەی پێشبینی کراوی

ئێمە زۆرتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، کەسانێک کە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری بە جێ دەهێڵن دەسبەجێ ناڕۆنە نێو بازاڕی کارەوە و پاشان لە پاش دواکەوتنێکی چەندساڵە دەچنە نێو بازاڕی کار. شیکاری ئێمە تەنیا ئەو کەسانەی ڕەچاو کردووە کە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری بە جێ دەهێڵن و پاش تەواو کردنی خوێندنیان دەچنە نێو بازاڕی کار.

ئێمە لە پێشبینییەکانی خۆماندا سەبارەت بە ناونووسی لە سیستەمی خوێندنی باڵا لە داهاتوو، نرخێکی نەگۆڕمان بۆ تەواوکەرانی خوێندنی دواناوەندی لە بەر چاو گرت چونکە داتاکانی ئێمە بۆ ڕادەی تەواوکەرانی خوێندن تەنیا بۆ یەک ساڵە. ئێمە تەخمینی ئاستەکانی تەواوکردنی خوێندنمان دا چونکە تەنیا ئەو کەسانەی کە خوێندن تەواو دەکەن دەتوانن درێژە بە خوێندنی خۆیان لە خوێندنی باڵادا بدەن. ئەگەر ئەم نرخە زێدە ببێت، ڕەنگە کەسانێکی زۆرتر بچنە ناو خوێندنی باڵاوە و ئاستی خوێندنی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار لە داهاتوودا زیادتر لە ئاستی پێشبینیکراو زێدە ببێت. هەروەها کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، خوێندنی تەکنیکی باڵا بریتی لە دامەزراوەکانی دوو ساڵانە و کۆلیژەکانی چوار ساڵانەیە. ئێمە بۆ ئاسانکاری لە ئەژمێرکارییەکاندا، ئەو کەسانەمان لە پێشبینییەکانی خۆمان سڕییەوە کە لە ساڵی سێهەم تا پێنجەمی خوێندنی خۆیاندان. مەبەست ئەوەیە کە دیسان ڕێژەی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کەسانێک کە لە داهاتوودا دەچنە نێو بازاڕی کارمان بە کەمتر هەڵسەنگاندووە. ئەم کەسانە بە شێوەی مامناوەندی لە سەدا 5.0 ی ناونووسی لە دامەزراوە تەکنیکییە بالاکان و کۆلیژەکانیان لە ساڵی خوێندنی 2006–2007 تا ساڵی خوێندنی 2011–2012 پێکدەهێنا. لە کۆتاییدا، هەندێک لە خولەکانی زانکۆ پێنج یان شەش ساڵ درێژەیان دەبێت. لێرەیشدا بۆ ئاسانکاری لە ئەژمێرکارییەکان، هەموو ئەو کەسانەی کە لە ساڵی پێنجەم و شەشەمی زانکۆدان، لە خلێکۆڵینەوە سڕیمانەوە کە دیسان دەبێتە هۆی تەخمینی کەمتری کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کاری پێشبینیکراو لە داهاتوودا. ئەم کەسانە بە شێوەی مامناوەندی لە سەدا 1.9 ی ناونووسی لە زانکۆکانیان لە ساڵی خوێندنی 2006–2007 تا ساڵی خوێندنی 2011–2012 پێکدەهێنا.

## خاڵە پەیوەندیدارەکان بە بازاڕی کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەگەر بمانەوێت باس لە سەر ڕێژەکان بکەین، دەبێت بڵێین کە پشکی کەسانی تازەهاتوو بۆ بازاڕی کار کە بەڵگەنامەی خوێندنی پۆلی 9 یان هەیە کەمتر لە پشکی ئەو کەسانە دەبێت کە خوێندەواری زۆرتریان دەبێت. تواناییان بۆ دۆزینەوەی کار نەک تەنیا گرێدراوی پێویستی کۆمپانیا تایبەتەکان بە کرێکاری بە کارامەیی کەمە، بەڵکو هەروەها گرێدراوی ئەم بابەتەیە کە ئەم کار و کاسبیانە تا چ ڕادەیەک بەکارهێنانی کرێکاری بیانی بە کارامەی کەمیان پێ باشترە. ئێستاکە، زۆر کرێکاری بیانی لە تورکیا و هەروەها لوبنان، ئوگاندا، نیپاڵ، سریلانکا و زۆرێک لە وڵاتانی تر بۆ هەرێم دێن.

لە لایەکی ترەوە، بەشی ئەو کەسانەی کە خوێندەواری پلە 12یان هەیە خەریکی زێدە بوونە. سەرەڕای بەگشتی بوونی خوێندن تا پۆلی 9، پێشبینی دەکرێت کە بە درێژایی کات، نرخی درێژەدانی خوێندن بۆ ئاستی ئامادەییش زێدە ببێت و خوێندکاری زۆرتر پۆلی 12 کە دوایین پلە لە سیستەمی خوێندنی گشتی و تەکنیکی و کرامەییە تێپەڕێنن. بۆی هەیە دەرچووانی پۆلی 12 بەردەوام لە دۆزینەوەی کاردا کێشەیان هەبێت، مەگەر ئەوەی بەشی نادەوڵەتی بە خێرایی پەرەبستێنێت یان ئەم کەسانە فێری لێهاتوویی تر ببن کە دەکرێت بە ئاسانی لە بازاڕی کاردا کەڵکیان لێ وەربگیردرێت. بۆ نموونە، بۆی هەیە فێرکاری لێهاتوویە پیشەیی و کردەوەییەکان ببێتە هۆی ئەوەی شانسی ئەوان بۆ دۆزینەوەی کار زیاتر بێت. دەرچووانی خوێندنی گشتی دواناوەندی پێویستییان بە کارامەیی خوێندەواریی و ژمێرکاریی بنەڕەتی هەیە، بەڵام ڕەنگە پێویستیشیان بە شارەزایی کردەوەیی زێدەتری تر یان فێرکاریی لە کاتی خزمەتکردنیشدا بێت تاکو بۆ خاوەنکارەکان سەرنجڕاکێشتر بن.

هەروەها گەشەیەکی خێرا لە ناونووسی لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای دووساڵە و چوارساڵە رووی داوە. ئەگەر ئەم ڕەوتە درێژەی هەبێت، چاوەڕوانی دەکرێت کە پشکی دڵخوازەکانی چوونەناو بازاڕی کاریش کە بڕوانامەی خوێندنی باڵای دووساڵە و چوارساڵەیان هەیە زێدە ببێت. تەواوبووانی خوێندنی دامەزراوە دووساڵە و چوارساڵەکان هەندی لەو شارەزاییانەیان هەیە کە لە بازاڕی کاری کەرتی تایبەتیدا داواکاریی زۆر بۆیان هەیە یان لە داهاتوودا دەبێت. بەوەشەوە، هەندێ لە شارەزاییەکان دەکرێ بە هەبوونی سیستەمی چاکتری دواناوەندی و بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ کارامەییە تەکنیکی و پیشەییەکان دابین بکرێن.

وێدەچێت خوێندکارانی دامەزراوە دووساڵە و چوارساڵەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگای هەڵبژاردنی لقی خوێندنەوە پێویستییەکانی بازاڕی کار وەڵام بدەنەوە. بەوەشەوە، لەسەر چاوەڕوانیەکانی ئەوان سەبارەت بەو پیشانەی کە بتوانن دەستیان بخەن هەندێ گومان لە ئارادایە. وێڕای ئەوە، ئەگەرچی دوابینیەکانی ئێمە تا ساڵی 2015 پیشان دەدات کە

گروپێکی گەورە لە تەواوبووانی خوێندن لەو بوارانەیدا کە بە ئەگەرەوە بۆ کەرتی تایبەتی باشە لەوانە بەڕێوەبەرایەتی کەسب و کار و ئەندازیاریی دەچنە بازاڕی کارەوە، پشکێکی زیاتر لە دڵخوازانی نوێی چوونەناو بازاڕی کار هێشتاکو بە خوێندن لە لقەکانی هونەر و زانستی مرۆییدا درێژە دەدەن. رەنگە ئەم بابەتە بە کێشە نەیەتە ئەژمێر لەبەر ئەوەی کە هەروەها کە لە پاژی دواتردا پیشان دەدرێت، خاوەنکارەکان بە دوای کەسانێکەوەن کە خاوەن شارەزاییەکانی پێوەندی و نێوان تاکەکان –کە بەوانە شارەزایی نەرمیش دەگوترێت– و هەروەها شارەزای زمانی ئینگلیزی و خزمەتگوزاریی بۆ مشتەریەکان بن و خوێندکارانی هونەر و زانستی مرۆیی دەتوانن وەها کارامەییگەلێک پێشکەشی بازاڕ بکەن.

یەکێک لە کێشە پۆتانسیەلەکان کە سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت سەبارەت بەوە وریا بن خێراتر بوونی داواکارییە لەبۆ خوێندنی باڵا کە دەبێتە هۆی گوشار لەسەر ژێرخانەکانی خوێندن و بە شێوەی لەناخداهەڵگر دەتوانێت چۆنایەتیەکەی بخاتە مەترسییەوە. بە تایبەتی ناونووسی لە دامەزراوە دووساڵانەکاندا بە خێرایی گەشەی سەندووە و خولە نوێیەکانی پێشکەشکراو لەوانە لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاریی (IT)، گەشتیاری و بەڕێوەبەرایەتی کەسب و کار داواکاری زۆریان هەیە لە ناو خوێندکاراندا. هەندێ لەم خولانە و هەروەها خولەکانی تر دەکرێ لە ئاستی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی لە ئاستی دواناوەندی پێشکەش بکرێن تاکو بەمجۆرە خوێندنی باڵا ئاور بداتەوە سەر فێرکاریەکان و پلەکانی خوێندنی پیشکەوتووتر. پێشکەشکردنی ئەم خولانە لەلایەن دامەزراوە تەکنیکیەکانی تایبەتیشەوە بۆیان هەیەو ئەم دامەزراوانە بە ئەگەری زۆرەوە خێراتر لە دامەزراوە حکومی خۆیان لەگەڵ پێویستیەکانی بازاڕ رێکدەخەن. بەوەشەوە، ئێستاکە داواکاریی بۆ فێرکاریی تەکنیکی و پیشەیی لە ئاستی دواناوەندیدا تاڕادەیەک لە خوارەوەیە و زیاتربوونی داواکاریی بۆ خوێندنی باڵا بەو واتایە کە رەنگە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا هێشتاکو بەرەوڕوی داواکاریی زۆر بن بۆ ناونووسی.

لە پاژی دواتردا هەندێ زانیاریی لەسەر ئاڕاستەی داواکاریی لە بازاڕی کار واتە پێویستیەکانی ئێستاکە و داهاتووی کەرتی تایبەتی پێشکەش دەکەین. دەسکەوتەکانی ئەم پاژە و پاژی دواتر یارمەتی سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات لە هەڵسەنگاندنی راهاتوویی دەرکەوتی بەشی خوێندن و پێویستیەکانی بازاڕی کاردا.

پاژی سێ

# کەلێنەکانی کارامەیی و داواکاری چاوەڕوانکراوی کەرتی تایبەتی لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان – عێراق

لە پاژی پێشوودا، ڕێژە و ئاستی خوێندنی کەسانێک کە خوێندنی خۆیان تەواو کردووە و بە دوای کار و ئیشەوەن — واتە لای *پێشکەشکردن* لە بازاڕی کار– مان مەزندە کرد. لێرەدا بە کورتی باس لە جۆرە جیاوازەکانی کارامەیی و پیشەکانی پێویستی خاوەنکارانی کەرتی تایبەتی — واتە لای *داواکاری* لە بازاڕی کار– بە تیشک خستنە سەر ئەو کارامەییانە دەکەین کە هێزی کاری هەبوو نییەتی. تێکەڵ کردنی دەستکەوتەکانی ئەم دوو پاژە دەتوانێت پیشان بدات کە لە کام بواردا پێشکەش کردن و داواکاری کارامەیی پێکەوە ڕێک ناکەون. ئێمە پێویستییەکانی هێزی کاری ئێستا لە نێوان خاوەنکارانی کەرتی تایبەتی دەستنیشان دەکەین و هەروەها ئەو کێشانەی کە بە ڕای کەسانی چالاک لە کار و کاسبی کەرتی تایبەتی، پسپۆڕانی زانکۆ و کاربەدەستانی حکومەتی لە بەدیهاتنی ئەم پێویستییانەدا هەیە دیاری دەکەین. ئێمە ڕێژەیەکی زۆر لە دەستکەوتە چۆنێتییەکانی وەرگیراو لەو وتووێژ و دیمانانەی RAND کە لە ساڵی 2010 لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار (لایەنی پشکدار) ئەنجامی داوە تێکەڵی دەکەین لەگەڵ دەستکەوتە چەندایەتییەکانی وەرگیراو لە ڕاپرسی تایبەت بە RAND ناسراو بە ڕاپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی — کە ڕاپرسی کارامەییەکانی RAND یشی پێ دەڵێین — کە بگەین بە تێگەیشتنێکی سیستەماتیک لە کۆمپانیا تایبەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بواری دەرفەتە کارییەکان و گەشە و هەروەها کەلێنی کارامەیی کە وادەزانرێت کە لە نێو هێزی کاریی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە.[1]

ئەم ڕووپێوە جەختی کردبووە سەر کارامەییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چونکە لەو دیم،انانەدا کە جێبەجێمان کردن سیاسەتدانەران بەردەوام ئۆگری خۆیان سەبارەت بەم بابەتە دەردەبڕی کە هەرێمی کوردستانی عێراق ئابوورییەکی هەبێت کە دانیشتوانی بتوانن لە دۆزینەوەی کار لە کەرتی تایبەتیدا سەرکەوتوو بن. هەرچەند تیشکمان خستە سەر کارمەندە خۆجێییەکان — واتە هەرێمی کوردستانی عێراق — بەڵام پرسیارمان کرد سەبارەت بە کارامەیی و ئیشو کارەکانی کەسانی عێراقی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەروەها ئەوانەی عێراقی نین.

شیکاری پێشکەش کراو لەم پاژەدا یارمەتی سیسەتدانەران دەدات کە باشتر لەمە تێبگەن کە کام کارامەیی پەیوەندیدار بە کار یان لقەکانی خوێندن ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە هۆی مسۆگەرکردنی پەرەپێدانی ئابووری کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەم دەستکەوتانە هەروەها دەکرێت بۆ جێگردنەوەی پێویستییەکانی ئێستا و داهاتووی هێزی کار لە سیاسەتەکانی پەروەردە و بازاڕی کار کەڵک وەربگیردرێت. پێویستە لە بیرمان بێت کە گەشە و پەرە سەندنی خێرای هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەنجامی ڕێکوپێکی ڕووپێوی کۆمپانیاکان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی پەیوەندیدار بە کارامەیی پێویست بکات. بە ئەگەری زۆرەوە داواکاری کەرتی تایبەتی بۆ کارامەیی هەروەها بەردەوام گەشە دەکات.

دەستکەوتەکانی ئەم پاژە شیکارییەک لە ڕوانگەی خاوەنکارەکان و هەندێک خاڵ سەبارەت بە پێداویستییەکانی ڕاهێنانی زێدەکردنی کارامەیی پێشکەش دەکات. زۆرێک هۆکاری تریش ڕەنگە کاریگەریان لە سەر کردەوەی بازاڕی کار و ئۆگری کارمەندەکان بە تێکۆشانی سەخت هەبێت، لەوانە یاسا پەیوەندیدارەکان بە بازاڕی کار و دەرفەتە گریمانەییەکان کە تاکەکان لە دەرەوەی بازاڕی کاری تایبەتی لە بەر دەستیان دایە. ئێمە لە کاری پێشووی خۆماندا لە ڕێگای دیمانە و شیکردنەوەی داتاکان پیشانمان دا کە زۆرێک لە خەڵک پێیان خۆشە کاری حکومەتیان هەبێت، چونکە

---

[1] ئەم ڕاپرسییە بە هاوبەش لە لایەن پرۆژەکانی هێزی کار و پەروەردەی RAND بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرا و کاربەدەستانی نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای الشارق ناوکەوتە پەیوەندیدارەکانیان دابین کرد و کۆمپانیای الشارق ڕاپرسی مەیدانی ئەنجام دا. دەرەنجامە کۆتاییەکان بریتی لە 360 ڕاپرسی پڕ کراوە بوو. هەموو دەرەنجامە پێشکەش کراوەکان بە پێی پارێزگا، بەش و ئەندازەی کۆمپانیا کێشیان بۆ دانرا، مەگەر ئەوەیکە پێچەوانەی ئەو ناو لێ برابێت. وردەکاری زیادتر سەبارەت بە نموونەهەڵگری ڕاپرسی و کێشپێدانی ئەو لە پاشکۆی ئەلف دا هاتووە.

ئەگەرچی داهاتی کەرتی تایبەتی زۆرترە لە داهاتی کارە حکومەتییەکان، بەڵام قازانجەکان، ئاسایشی پیشەیی و کاتژمێری دەوام لەم کەرتەدا تا رادەیەک باشترە لە کەرتی تایبەتی (هانسێن و هاوکاران، 2011). سەرەڕای ئەوەش، دیمانەکان پیشانیان دا کە زۆرکەس دەتوانن لە لایەن ئەندامی بنەماڵە کە لە حکومەت مووچە وەردەگرێت یان بە جۆرێک لە یارمەتییە گشتییەکان کەڵک وەردەگرێت پشتگیری بکرێن، کەواتە رەنگە ئۆگرییەکیان بۆ دەستەبەرکردنی کارامەیی یان لە ئەستۆ گرتنی کار لە کەرتی تایبەتیدا نەبێت. لە ئاکامدا، دەستکەوتەکانی ئەم پاژە جۆرێک لە ناوکەوت دێتە ئەژمێر، بەڵام ئەم ناوکەوتە تەنیا پەیوەندی بە چاکسازی سیاسەتەکانی هێزی کارەوە نییە.

ئەم پاژە بە لێکۆڵینەوە لە سەر جۆری تێگەیشتنی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە هێزی کاری خۆجێیی، ئەزموونەکانی خستنەسەر کار و شێوازی ئاماژەپێکراوی دامەزراندن دەست پێدەکەین کە لە راپرسی و داتاکانی دیمانە وەدەست هێنراوە. پاشان باس لە داواکاری خاوەنکاران سەبارەت بە کارامەیی دەکەین، واتە ئەو کارامەییانەی کە خاوەنکاران بە دڵنیاییەوە دەڵێن کە داواکارانی کار دەبێت خاوەن ئەوانە بن. لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا، سەرنجی خوێندنەوەکانی تر کە لە داواکاری خاوەنکاران بۆ کارامەیی لێکۆڵینەتەوە دەدەین و بەراوردیان دەکەین لەگەڵ دەستکەوتەکانی خۆمان سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق. پاشان لە سەر راهێنانی پێشکەش کراو لە لایەن خاوەنکارانەوە وئەو کۆسپانەی کە لە سەر رێگای پێشکەش کردنی وەها راهێنانێکدایە، باس دەکەین. ئێمەدەستکەوتەکانی خۆمان لە بەشی کۆتاییدا بە کورتی دەهێنین.

## مێتۆدەکانی راپرسی

ئێمە راپرسی ئاماژە پێکراومان لە پاشکۆی ئەلفدا هێناوە و سەبارەت بە راپرسی، نموونەهەڵگری ئاماری و ستراتێجی کێشپێدان بە شێوەیەکی وردتر لە پاشکۆی ب باس دەکەین. لێرەدا، زانیاری گشتی سەبارەت بە نموونەی ئاماری خۆمان پێشکەش دەکەین و باس لە سنووردارییەتییەکانی خوێندنەوە دەکەین. سەرەتا نموونەی ئاماری ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لە پەرتووکی رینوێنی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011–2012 دەستەبەر کرا کە پێرستی فەرمی کار و کاسبییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە و لە لایەن فیدراسیۆنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی کوردستانەوە کۆ کراوەتەوە. کۆمپانیای هاوکاری ئێمە لەم راپرسییەدا واتە کۆمپانیای الشارق، بە شێوەیەکی سیستەماتیک کۆمپانیاکانی لەم پەرتووکی رێنوێنییە دەرهێنا و کۆمپانیای بە کەمتر لە پێنج کارمەندی لە بەر چاو نەگرت تا ئەو کاتەی کە بە نموونەیەک بریتی لە 360 کۆمپانیا گەیشت کە ئامانجی ئێمەی سەبارەت بە هەبوونی لانیکەم 50 کۆمپانیا بۆ هەرکام لە دەستەکانی پەیوەندیدار بە سێ تایبەتمەندی لەبەر چاو گیراو (شوێنی جوگرافی، کەرت، قەبارە) بەدی دەهێنا:

- شوێنی جوگرافی — ئێطمە هەندێک کۆمپانیامان وەکوو نموونە لە هەر کام لەم سێ پارێزگا هەڵبژارد: دهۆک، هەولێر و سلێمانی.
- کەرت — ئێمە ئابووریمان بە سێ بەشی بەربڵاو دابەش کرد: کانگایی و بەرهەمهێنەری، ژێرخان و خزمەتگوزاری و ئیشەکان.
- قەبارە — ئێمە کۆمپانیاکانمان لە بواری ئەندازە بە سێ دەستە دابەش کرد: بچووک، بە پێنج تا 19 کارمەند؛ ناوەنجی، خاوەن 20–99 کارمەند؛ و گەورە، خاوەن زیاتر لە 100 کارمەند.

ئێمە بە چەندین هۆکار بڕیارمان دا کۆمپانیای خاوەن کەمتر لە پێنج کارمەند لە خوێندنەوە جیا بکەینەوە. یەکەم، بەم هۆیەوە کە چاوەڕوان بووین ئەم جۆرە کۆمپانیا بە ڕەحەتی نەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی راپرسی بداتەوە. دووەم، ئەم چەشنە کۆمپانیا زۆر بچووکانە، بە ئەگەری زۆرەوە کەمتر لە کۆمپانیا گەورەترەکان پێیان خۆشە کە کارمەندی بە کارامەیی پێشکەوتوو و پسپۆڕانە دابمەزرێنن و زۆرتر بە شوێن کەسانێکەوەن کە کارامەیی گشتیتریان هەیە. چونکە هەموو کۆمپانیایەک کە تەنانەت کەمێک گەورەتر بێت پێویستی بە کەسانێک دەبێت کە هەر دوو دەستە کارامەیی گشتی و پسپۆڕانەیان هەبێت، بەم دەرەنجامە گەیشتین کە باشتر وایە بە پێی سنوورداری کات و بودجە تیشک بخەینە سەر کۆمپانیاکانی خاوەن پێنج کارمەند یان زۆرتر. سێیەم، وێناچێت کە کۆمپنیا زۆر بچووکەکان گەشەی پیشەیی خێرایان هەبێت و بە پێی بارودۆخی ئێستای بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق، لەوانەیە لە نێوان گرووپەکانی پەیوەندیدار بە بنەماڵی کەس دادەمەزرێن. لە کۆتاییدا، لە بەرنامەی لێکۆڵینەوەکانی نێوولاتی کۆمپانیاکان کە لە لایەن کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی جێبەجێ کرابوو ( کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی، 2013) وەکوو ژێدەر کەڵکمان وەرگرت و ئەم رووپێوانەیش بە گشتی کۆمپانیای خاوەن پێنج کارمەندیان لە خوێندنەوە وەلا نابوو.

ئێمە لە شیکاری خۆمان لە داتاکانی راپرسی تیشک دەخەینە سەر تەخمینی پەیوەندیدار بە خاڵ، واتە ئەو ژمارە تایبەتانەی کە لە دەستکەوتەکانی راپرسی خۆمان پێیان گەیشتووین. بەوەشەوە، ئەگەر پێویست بکات ئەم بابەتەش تاقی دەکەینەوە و لێیدەکۆڵینەوە کە ئاخۆ بۆی هەیە هەندێک لەم تەخمینانەی پەیوەندیدار بە خاڵ بۆ گرووپە جیاوازەکان لە بواری ئامارییەوە پێکەوە ئۆڤەرلەپیان هەبێت یان نا، چونکە رەنگە مێتۆدەکانی راپرسی نەتوانن بەرپەرچی ژمارەکانی کۆمەڵگا بدەنەوە. ئەگەر دیاری بکرێت کە دوو ژمارە لە بواری ئامارییەوە ئۆڤەرلەپیان پێکەوە نییە، جیاوازیان لە بواری ئامارییەوە بە مانادار دەزانرێت، واتە جیاوازی نێوانیان تەنیا هۆی هەڵکەوتی نییە یان بە هۆی مێتۆدەکانی راپرسی ئێمە یان هۆکانی تر نەبووە.[2] بە هۆی بچووک بوونی نموونەی ئاماریمان، نەماندەتوانی جیاوازی مانادراری ئاماری بۆ هەندێک لە بەراوردەکان دیاری بکەین و بۆ وەها بابەتێک، تیشک دەخەینە سەر باس کردن لە تەخمینەکانی پەیوەندیدار بە خاڵ. ئێمە لە بەراوردەکانی خۆماندا سەرنجی جیاوازی ئاماری لە ئاستی لەسەدا 5 یان کەمتر دەدەین، بەم واتایە کە لەسەدا 5 یام کەمتر وێدەچێت کە رەقەمە بەراوردکراوەکان بە راستی لە کۆمەڵگادا هەبن.

سەبارەت بە هەندێک لە پرسیارەکانی ئەم راپرسییە، تەنیا بەشێک لە خاوەنکارەکان وەڵامیان داوەتەوە. بەم چەشنە لە وەڵامانە، وەڵامی *مەرجدار/ردەگوترێت* واتە تەنیا بۆ ژێرکۆپلەیەک لە کۆمپانیاکان دەگرنەوە کە بەشێک لە یەک دەستە یان هەلومەرجی تایبەتن. هەبوونی لەسەدی مەرجدار ئەم راستییە پیشان دەدات کە هەندێک لە پرسیارەکان تەنیا پەیوەندیدار بوون بە ژێرکۆپلەیەک لە خاوەنکارانەوە. بۆ وێنە، تەنیا ژێرکۆپلەیێک لە خاوەنکاران وەڵامیان دایەوە کە بە کارمەندانی خۆیان راهێنان پێشکەش دەکەن. کەواتە، پرسیاری دواتر لە راپرسی سەبارەت بە جۆری راهێنانی پێشکەشکراو تەنیا تایبەت بەو ژێرکۆپلە بوو کە سەرەتا گوتبوویان کە راهێنان پێشکەش دەکەن و بەم بۆنەوە دەرفەتی وەڵامدانەوەی پرسیاری پەیوەندیدار بە جۆری راهێنانیان پێ دەدرا. ئێمە لە کاتی پێداچوونەوەی شیکاری ئەو پرسیارانە کە وەڵامی مەرجدار دروست دەکەن، وەڵامەکان و دەرەنجامە مەرجدارەکانیش بە هەموو کۆمپانیا هەبووەکان لە نموونەی ئاماری دەدەین کە بەوانە وەڵامی *بێمەرج* دەوترێت. ئێمە وەها دەستکەوتێک لە چوارچێوەی ژێرکۆپلەی نموونەی ئاماری و هەروەها وەکوو بەشێک لە هەموو خاوەنکارێک کە راپرسی لێکراوە، لێک دەدەینەوە.

ئاگادارکردنەوەی گرنگ دەبێت تایبەت بەم دەستکەوتانەی ئێمە بدرێت. رێبازی نموونەهەڵگری ئێمە بە کار و کاسبی فەرمی خاوەن پێنج کارمەند یان زۆرتر کە لە پلەی یەکەمدا لە ناوەندی هەموو پارێزگایەکدان، سنووردار کراوەتەوە. کەواتە، رەنگە دەستکەوتەکانی ئێمە سەبارەت بە کۆمپانیا زۆر بچووکەکان، کۆمپانیاکانی ناوچە لادێییەکان یان کۆمپانیاکانی هەڵکەوتوو لە شارە لاوەکییەکانی پارێزگاکان گشتگیر نەکرێتەوە. ئێمە هیچ هۆیەکمان بۆ باوەڕکردن بەمە نییە کە لە ناوچە شارییەکانی نێوان کۆمپانیاکان جیاوازی سیستەماتیک هەیە، بەڵام وێدەچێت جیاوازی گرنگ لە نێوان کۆمپانیاکانی ناوچە شاری و لادێیەکاندا هەبێت.

سەرەڕای ئەوەش، سەبارەت بەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی خوێندنی ناوەندی و ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی خوێندنی زانکۆیی هەبوو، پرسیارمان کرد. وێژەی ئەزموونی لێکۆڵینەوە پیشان دەدات کە لانیکەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ زۆرێک لە ئیشەکان، جیاوازییەکی واتادار لە نێوان کارێک کە پێویستی بە بەڵگەنامەی زانکۆ هەبێت و کارێک کە پێویستی بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەبێت، بوونی نییە. (گوتشالک و هانسێن، 2003). ئەو ئیشانەی کە بە پێی بیروڕای تاکەکەسی کەسەکان وەکو ئەو ئیشانەی پۆلێنبەندی کراون کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی خوێندنی باڵا نییە زۆربەی جار لە لایەن کەسانی خاوەن بەڵگەنامەی زانکۆوە پڕ دەبنەوە کە داهاتی باشیش وەردەگرن.

ئێمە بەڵگەی تەواومان نییە بۆ دیاریکردنی ئەوەیکە ئاخۆ ئەم بابەتە هەرێمی کوردستانی عێراقیش دەگرێتە بەر یان نا. ئێمە لە راپرسی خۆماندا رێگەمان بە خاوەنکاران دا کە بیروڕای تاکەکەسی خۆیان سەبارەت بەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی ناوەندی هەیە نەک بەڵگەنامەی زانکۆ رابگەیەنن، بەم بۆنەوە رەنگە هەر خاوەنکارێک ئەم ئیشانە بە شێوەیەکی جیاواز پۆلێنبەندی بکات. بەم کارە ئێمە دەتوانین بۆ رێنوێنی کردنی دامەزراوەکانی قۆناغی ناوەندی و باڵا سفارشتی گشتی بە مەبەستی نووسین و کۆکردنەوەی بەرنامەکان و پەیڕەوە وانەییەکان پێشکەش بکەین. دەستکەوتەکان پیشان دەدەن کە لەسەدا 25–40ی خاوەنکارانێک کە راپرسیان لێ کراوە، سەبارەت بە رادەی ئامادەباشی تەواوبووانی خوێندنی هەموو جۆرە دامەزراوەیەکی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق هەندێک خەم و پەرۆشییان هەبوو. لە بڕگەی داهاتوودا باسی ئاکامەکانی ئەمە و دەرئەنجامەکانی تر دەکەین.

لە کۆتاییدا، دەبێت سەرنج بدرێت کە زۆرێک لە وەڵامەکان جۆری تێگەیشتنی خاوەنکارەکان پیشان دەدات و دەبێت بەم شێوە لێکبدرێتەوە. ئیمتیازێک کە خاوەنکارێک بە تەواوبووانی نوێی خوێندن دەدات بۆ خۆی بە تەنیا پێوەرێکی تەواو لە بەرهەمداری هێزی کار نییە، بەڵکو تەنیا لایەنێکە لەو.

---

[2] ئێمە ئامارەی تێستی والدی هاوکێشکراوی شیاو بۆ داتاکانی راپرسیمان بۆ لێکۆڵینەوەی جیاوازی ئاماری واتادار لە نێوان رادەی مامناوەندی گرووپە جیاوازەکان ئەژمێر کرد.

## تێگەیشتنی خاوەنکارەکان، ئەزموونەکانی دامەزراندن و شێوازەکانی دامەزراندن

### تێگەیشتنی خاوەنکارەکان لە هێزی کاری هەرێمی کوردستان

بۆ زانینی تێگەیشتنەکانی پەیوەندیدار بە هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق، لە خاوەنکارانی ئامادە لە ڕاپرسی خۆمان سەبارەت بە ئامادەباشی تەواوبووانی خوێندن لە دامەزراوەکانی خوێندنی ناوەندی و باڵا هەندێک پرسیارمان هێنانە ئاراوە (وێنەی 1.3). نزیکەی لەسەدا 40ی خاوەنکاران لە ڕاپرسی، تەواوبووانی خوێندن لە قوتابخانەکانی ناوەندی و قوتابخانە پیشەیی و تەکنیکییەکانیان لە بواری ئامادەبوون، بە لاواز یان زۆر لاواز تەخمین دا و نزیکەی لەسەدا 25 یان تەواوبووانی خوێندن لە دامەزراوەکانی باڵای دووساڵ و چوار ساڵە بە خاوەن ئامادەبوونی لاواز و زۆر لاواز زانی.

دیمانەکانمان لەگەڵ خاوەنکاران، پسپۆڕانی زانکۆ و کاربەدستانی حکومەتی پیشان دەدات کە ڕەنگە ئەم کەموکوڕیانە بەرهەمی لاوەکی سیستەمی پەروەردەی نەریتی بێت کە لە ڕابردوودا جەختی دەکردە سەر لە بەر کردن تا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بیرکردنەوەی لێکۆڵەرانە و باسی گرووپی— واتە هەر ئەو کارامەییانەی کە بە شێوەی ئاسایی لە شوێنی کاردا پێویستە. ئەگەرچی ئەم دۆخە بە دەستپێکردنی چاکسازی نوێ لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا خەرکە دەگۆڕدرێت، بەڵام لانیکەم هەندێک لە خاوەنکاران هێشتا وەکو کێشەیەک بۆی دەڕوانن. بەوەشەوە، گرنگە کە سەرنجی ئەمە بدەین کە نزیکەی نیوێک لە خاوەنکاران لە ڕاپرسی ئێمە، تەواوبووانی خوێندنی قۆناغی ناوەندییان لە بواری ئامادەبوون بە باش یان زۆر باش دەزانی و زۆرتر لەسەدا 60ی تەواوبووانی خوێندنی دامەزراوەکانی باڵایان خاوەن ئامادەبوونی باش یان زۆر باش باس لێکرد. ئەگەرچی ئەم دەستکەوتانە تا ڕادەیەک دژ بەو شتەیە کە لە داتا چۆنایەتییەکانی خۆماندا پێی گەیشتین، بەڵام دەستکەوتەکانی چۆنایەتی ئێمە لەو دیمانانە دەستەبەر کرا کە لە پلەی یەکەم لەگەڵ کۆمپانیا گەورە چەند نەتەوەییەکاندا جێبەجێ کرا کە بەگشتی پێویستیان بە کەسانی خاوەن جۆری پسپۆڕانەتری کارامەیی بوون.

کۆیەکی ڕوو لە زیادبوون لە بەڵگەکان ئاماژە بە کەموکورتی و کەلێنی کارامەیی سەرنجڕاکێش لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) دەکات (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، 2003، 2004، 2005، 2009 و 2012). بابەتی سەرەکی لەم دەستە لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە گەشەی مرۆیی ناشیاو لەم ناوچەیدا تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی خاڵی لاوازی پێکهاتەیی بەردەوام لەوانە پێشینەی وەبەرهێنانی لاواز

**وێنەی 1.3**

**تێگەیشتنی خاوەنکاران لە ئامادەباشی تەواوبووانی خوێندن بۆ کار، بە پێی جۆری دامەزراوەی پەروەردەیی**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.

تێبینی: پرسیار: ڕادەی ئامادەبوونی ئەو کەسانەی خوێندنیان تەواو کردووە <type of school> لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کار چەندەیە؟ (n = 360).

RAND *RR489-3.1*

لە بواری سەرمایەی مرۆییە (راهێنان). هەروەها کۆمپانیای دارایی نێونەتەوەیی (IFC) و بانکی پەرەپێدانی ئیسلامی (IsDB) راپۆرتیان داوە کە تەنیا لەسەدا 20–35 ی خاوەنکارانی کەرتی تایبەتی لە وڵاتانێک کە لێکۆڵینەوەیەکیان لە سەر کراوە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە تەواوبووانی خوێندنی زانکۆکان کارامەیی شیاویان هەیە (لەم نێوانەدا عەرەبسانی سعوودی بابەتێکی جیاواز بووە و ئەم رادە لەوێ لەسەدا 50 بوو). لەسەدی ئەو خاوەنکارانەی کە تەواوبووانی خوێندنی دامەزراوەکانی راهێنانی پیشەیی و تەکنیکیان بە ئامادە دەزانی لەمەش کەمتر بوو و بە پێی وڵاتەکان لە بازنەی لەسەدا 10 تا لەسەدا 25 دا بوون (کۆمپانیای دارایی نێونەتەوەیی و بانکی پەرەپێدانی ئیسلامی، 2011). دەستکەوتەکانی خۆمان لە راپرسی کارامەییەکانی RAND پیشان دەدات کە وەها دەردەکەوێت کە خاوەنکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق روانگەیەکی باشتریان سەبارەت بەوانە هەیە کە خوێندنیان تازە تەواو کردووە. بەوەشەوە، لانیکەم هەندێک لە خاوەنکاران باوەڕیان بەوە بوو کە تەواوبووانی نوێی خوێندنیش بە رادەی تەواو بۆ کار ئامادە نین.

لە وڵاتانی دەرەوەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، هەندێک جار خاوەنکاران راپۆرتی ئامادەبوونی کارمەندانی تازەهاتوویان نەدا. خوێندنەوەیەکی نوێ سەبارەت بە جۆری تێگەیشتنی خاوەنکاران لە دامەزراندنە نوێکانی خۆیان پیشانی دا کە نزیکەی نیوەی خاوەنکاران لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، هیند و تورکیا کەسانی تازەهاتوو لە دامەزراندنەکانی ئەم دواییانەی خۆیان بە خاوەن ئامادەباشی دەزانی، لە کاتێکدا کە ئەم رادە بۆ عەرەبسانی سعوودی زۆرتر بوو (لەسەدا 55). لە لایەکی ترەوە، رێژەیەکی کەمتر لە خاوەنکاران کەسانی دامەزراو لە سەر کاری تازەهاتووی خۆیان بە خاوەن ئامادەباشی دەزانی، بۆ وێنە لە ئەڵمانیا (لەسەدا 43)، مەکزیک (لەسەدا 40)، برازیل (لەسەدا 31)، بەریتانیا (لەسەدا 36) و مەغریب (لەسەدا 20) (مورشید، فارەل، و بارتۆن، 2012، لاپەڕە 40).

**ئەزموونەکانی دامەزراندنی خاوەنکاران**

لە خاوەنکاران سەبارەت بەو کێشانە پرسیار کرا کە لە کاتی دامەزراندنی تاکەکان لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی خوێندنی ناوەندی (گشتی یان تەکنیکی و پیشەیی) هەیە لەگەڵی رووبەڕوو بوون. نزیکەی لەسەدا 25یان راپۆرتیان دا کە بۆ دۆزینەوەی کەس بۆ ئەم جۆرە ئیشانە کێشەیان هەیە. [3] کەواتە، زۆربەی خاوەنکاران رایانگەیاند کە بۆ دامەزراندن بۆ ئەو جێگانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەیە کێشەیان نییە. تەنیا لەو دەستە لە خاوەنکاران کە راپۆرتیان دا کە لە بواری دامەزراندندا لەگەڵ کێشەیەک رووبەڕوو بوونەتەوە، سەبارەت بە هۆکانی کێشەکانیان پرسیار کرا. لە نێوان ئەم ژێرکۆپلە لە کۆمپانیاکان، هۆ پەیوەندیدارەکان بە کێشەکانی دامەزراندن کە زۆترت ئاماژەیان پێ کرابوو، بریتی بوون لە نەبوونی ئەزموون، (لەسەدا 40)، نەبوونی شیاویەتی تەواوی پەروەردەیی کاندیدەکان (لەسەدا 31)، رێژەی کەمی داخوازان (لەسەدا 25)، نەبوونی کارامەیی پێویست لە لای کاندیدەکان (لەسەدا 21) (وێنەی 2.3). بە پێی ئەوەی کە زۆربەی خاوەنکاران هەبوونی کێشەیەکیان بۆ دامەزراندن لە سەر جێگا کارییەکان رانەگەیاند، کەمتر لەسەدا 10ی خاوەنکارانی نموونەی ئاماری (لەسەدی بێمەرج) هەرکام لە هۆ ئاماژە پێکراوەکانی سەرەوەیان راپۆرت دابوو.

بەوەشەوە، لە نێوان کەسانێکدا کە هەبوونی کێشەیەکیان بۆ دامەزراندن لە سەر جێگا کارییەکان راپۆرت دابوو، لێکۆڵینەوەی ئەم خاڵە گرنگایەتی بوو کە ئاخۆ هەندێک لە کێشەکان لە بواری ئامارییەوە واتادار بوون یان نا. ئێمە جیاوازییەکانی نێوان خاوەنکارانمان لە بواری ئەندازەوە پشکنی. ئێمە چوار کۆسپی سەرەکی راپۆرت دراومان پشکنی: نەبوونی ئەزموون، نەبوونی شیاویەتی، رێژەی زۆر کەمی داخوازان و نەبوونی کارامەیی. ئێمە جیاوازی ئاماری واتادارمان لە ئاستی لەسەدا 5 یان کەمتر لە نێوان خاوەنکارانی گەورە و خاوانکارانی چکۆلە و ناوەنجیدا بینی کە بەشی خاوەنکارانی گەورە لە راپۆرت دانی کێشەکان کە بۆ دۆزینەوەی داواکارانی خاوەن کارامەیی و ئەزموونی پێویست، زۆرتر بوو.

ئەم دەسکەوتانە تێبینی گرنگ سەبارەت بە راهاتوویی پێشکەشکردن و داوا کردن لە بواری کارامەیی پیشان دەدات. یەک لە چواری خاوەنکاران — کە بە ئەگەری زۆرەوە خاوەنکارانی گەورەتر بوون– راپۆرتیان دا کە ناتوانن کەسانی خاوەن کارامەیی پێویست بۆ چارەسەری پێویستییەکانی خۆیان بدۆزنەوە. ئەمە پیشان دەدات کە هێزی کاری خۆجێیی هەندێک کارامەیی تایبەتی نییە یان ئەوەیکە ئاستی راهێنانی کارامەییە پێویستەکان بەس نەبووە یان بە تەواوەتی پەرەی پێنەدراوە. ئێمە تا ئەم قۆناغە لێکۆڵینەوەمان لە سەر ئەم بابەتە کرد کە ئاخۆ خاوەنکاران بوونی کەموکووڕییەکیان لە بازاڕی کاری خۆجێییدا راپۆرت داوە یان نا و لە بەشی دواتر هەوڵ دەدەین دیاری بکەین کە خاوەنکاران بۆ کام کارامەیی زۆرتر بایەخ دادەنێن و ئەوانەی کە بەشوێن کاردا دەگەڕێن دەبێت بیانبێت.

---

[3] ئێمە زانیمان کە لەسەدا 25ی کەسانێک کە هەبوونی کێشەیان لە بواری دامەزراندن لە سەر جێگا کارییەکان لە نێوان هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانی عێراق راپۆرت دابوو، نزیکەی لەسەدا 71ی تەواوبووانی خوێندنی قۆناغی ناوەندییان بە خاوەن ئامادەباشی لاواز یان زۆر لاواز زانی و لەسەدا 55ی تەواوبووانی خوێندنی قوتابخانە تەکنیکی و پیشەییەکانیان لە بواری ئامادەباشی لاواز یان زۆر لاواز دەزانی.

**وێنەی 2.3**
**سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە بوونی کێشەیان راپۆرت داوە، هۆکانی دامەزراندن بۆ ئەو کێشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەیە بۆداواکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.
تێبینی: پرسیار: کێشە سەرەکییەکان لە بۆ پێدانی ئەم ئیشانە بە هاووڵاتیانی عێراقی و خەڵکی هەرێمی کوردستان چییە؟ (رێژە = 83). لەسەدە پیشان دراوەکان بەو مەرجە بووە کە خاوەنکارەکان وەڵامیان دابێتەوە بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی ناوەندی هەیە لەگەڵ کێشەی خستنە سەر کاری تاکەکان رووبەڕوو بوونەتەوە. زۆربەی خاونکارەکان نەیانگوتووە کە بۆ خستنە سەر کاری تاکەکان کێشەیان هەبووە و بەم بۆنەوە لە هۆکانی ئەوە پرسیار نەکراوە.

RAND *RR489-3.2*

ئێمە هەروەها سەبارەت بە کێشەکانی دامەزران لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئیشە تایبەتەکان هەندێک پرسیارمان هێنایە ئاراوە (وێنەی 3.3). نزیکەی لەسەدا 30ی خاوەنکاران راپۆرتیان دا کە بۆ دامەزراندنی کەسانی ناو هەرێمی کوردستانی عێراق کێشەیان هەبووە و لەم نێوانە ئەو ئێشانەی کە دامەزران لەوانەدا زۆرترین سەختی هەبووە کارە تەکنیکییەکان (لەسەدا 37) بووە. ئەم رادە لەسەدا 11ی گشتی نموونەی ئاماری ئێمە (لەسەدی بێمەرج) دەگرێتەوە و کەواتە کەمتر لەسەدا 10ی خاوەنکارانی هەبوو لە راپرسی، بوونی کێشە لە دامەزراندن لە هەر کام لەو ئێشانەی کە لە وێنەدا پیشان نەدراون راپۆرتیان دا. ئەم ئیشانە بە شێوەی ئاسایی لە لایەن تەکنیککارە پەروەردەکراوەکان لە بوارەکانی پشکنین و چاککردنەوە وەردەگردرێت کە بە گشتی پشتیوانی کارمەندانی پرۆفیشناڵ و پەیوەندیدار بە بەرێوەبەرایەتی دێنە ئەژمێر. بە شێوەی ئاسایی ئیشە تەکنیکیەکان لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا پێویستیان بە راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی پێشکەوتوو یا بەڵگەنامەی خوێندنی زانکۆ هەیە.[4] بە گشتی جیاوازییەکی کەمی ئاماری واتادار لە نێوان ئێشەکاندا هەبوو کە هۆی ئەمە بە ئەگەری زۆرەوە بچووک بوونی ئەندازەی نموونەی ئاماری لە رەوشی ئاماژە پێکراودا بوو.

بۆ مەبەستی بەراورد، راپرسی NESS لە بەریتانیا بەم دەرەنجامە گەییشت کە لە نێوان ئەو خاوەنکارانەی کە راپۆرتیان دا بۆ پڕکردنەوەی ئیشەکانی خۆیان لە بازاری کاری خۆجێیی کێشەیان هەیە، ئەو ئیشانەی کە پڕکردنەوەیان لە هەمو سەختتر بوو پەیوەندیدار بوون بە ئێشی کارامەییەوە ( پڕکردنی لەسەدا 41ی جێگا خاڵییەکان وەکوو سەخت راپۆرت درا) و ئیشە پرۆفیشناڵەکان (لەسەدا 26)، خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە چاودێری (لەسەدا 25)، پیشەگەرە

[4] لە راپرسی کارامەییەکانی خاوەنکارە نیشتمانییەکانی بەریتانیا (NESS)، پیشەگەرە پەیوەندیدارەکان و ئیشە تەکنیکییەکان "بەشێوەی ئاسایی پیویستیان بە بەڵگەنامەی تەکنیکی پیشەیی ئاستی بەرز هەیە کە زۆربەی جار پێویستی بە راهێنانی تەواو کاتی درێژخایەن یان خوێندنەوەی قووڵتر هەیە" (کۆمپانیای توێژینەوەی IFF، 2007، لاپەڕە 16).

**وێنەی 3.3**
**سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە بوونی کێشەیان راپۆرت داوە، لەسەدی کەسانێک کە گوتوویانە کێشەکانی دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیی هەندێک کێشەیان هەبووە، بە پێی جۆری ئیش، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.
تێبینی: پرسیار: لە کام یەک لە لەم کارانەدا بە سەختی دەتوانن لە نێو کەسانی خۆجێیی کەسێک بخەنە سەر کار(بە کرێ بگرن/دابمەزرێنن)؟ (تعداد = 104).
لەسەدە پیشان دراوەکان بەو مەرجە بووە کە خاوەنکارەکان وەڵامیان دابێتەوە بۆ خستنە سەر کاری هێزی کاری خۆجێیی کێشەیان هەبووە. زۆربەی
خاوەنکارەکان نەیانگوتووە کە لە خستنە سەر کاری هێزی کاری خۆجێیی کێشەیان هەبووە و بەم بۆنەوە
لە جۆری کارێک کە بۆ خستنە سەر ئەو کارە کێشەیان هەبووە، پرسیاریان لێ نەکراوە.
RAND *RR489-3.3*

پەیوەندیدارەکان (لەسەدا 23)، ئۆپێراتۆرەکانی ماشین (لەسەدا 22) و بەڕێوەبەران (لەسەدا 21) لە پلەکانی دواتر دابوون.[5]

**کاریگەری کێشەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن**

لە نێوان بەشداربووانی ئامادەبوو لە راپرسی ئێمە کە راپۆرتی کێشەکانی دامەزراندنی هێزە خۆجێییەکانیان دا (لەسەدا 30)، باوترین کاریگەرییەکان کە لە سەر کار و کاسبی ئەوان راگەیاندرابوو بریتی بوو لە پێویستی پێدانی کارەکان بە کەسانی بیانی(لەسەدا 63)، زێدەبوونی تێچوونە کارییەکان (لەسەدا 63) و کەوتنی بازاڕی کار و کاسبی لە بەر دەستی رکابەراندا (لەسەدا 61) (وێنەی 4.3). ئەم ژمارانە نزیکەی لەسەدا 20ی هەموو ئەو کۆمپانیانە دەگرێتەوە (لەسەدی بێمەرج) کە کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە. بە گشتی ئەگەری راگەیاندنی ئەم سێ کاریگەرییە زۆرتر بوو لەوانەی تر، ئەگەر چی هیچکام لە کاریگەرییەکانی بە هۆی کێشەی دامەزراندن لەوانەی تر گرنگایەتی زۆرتریان نەبوو. بە گشتی و بە ئەگەری زۆرەوە بە هۆی بچووک بوونی ئەندازەی نموونەی ئاماری، نەمانتوانی جیاوازی ئاماری واتادار بە پێی ئەندازە لە نێوان ئەم کاریگەریانەدا دەسنیشان بکەین.

کەلێنە کارامەییەکان و کاریگەرییەکانیان لەو بابەتە گرنگانە بۆ خاوەنکاران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. خوێندنەوەیەک پیشانی دا کە رێژەیەکی زۆرتر لە کۆمپانیاکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا ( لەسەدا 24) راپۆرتیان داوە کە کەلێنی کارامەیی کۆسپێکی گەورە یان زۆر جیدی لە سەر رێگای چالاکییەکانی ئێستای کاروکاسبی

5 کۆمیسیۆنی پیشە و کارامەییەکانی بەریتانیا (UKCES) راپرسی کارامەییەکانی خاوەنکارە نیشتمانییەکانی بەریتانیای (NESS) ئەنجام دا کە راپرسیەکی تەلەفۆنی لە خاوەنکارانی سەرانسەری وڵات بوو . ئەم راپرسیە داتای سەبارەت بە دەرفەتە کاری و پێویستییە کارامەییەکانی ئێستای کۆ کردەوە. لە نێو هەموو ئەو خاوەنکارانەی کە لە راپرسی کۆمیسیۆنی پیشە و کارامەییەکانی بەریتانیادا ئامادە بوون، لەسەدا 3یان رایان گەیان کە ئەو ئیشانەی کە پڕکردنەوەیان سەختە، بە هۆی کەم بوونی کارامەییە. لە نێوان خاوەنکارە گەورەکاندا (بە زیاتر لە 100 کارمەند)، ئەم رادە لە نێوان لەسەدا 11 تا 13 بوو. (ڤیڤیان و هاوکاران، 2011).

**وێنەی 4.3**
**سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە بوونی کێشەیان راپۆرت داوە، لەسەدی کەسانێک کە گوتوویانە کێشەکانی دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیی کاریگەری لە سەر کار و کاسبی ئەوان داناوە، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.
تێبینی: پرسیار: بەگشتی، ئاخۆ کێشەکانی پەیوەندیدار بە خستنە سەر کاری کەسانی خۆماڵی بە هەرکام لەم شێوانەی خوارەوە کاریگەری لە سەر کار و کاسبی ئێوە دادەنێت؟ (رێژە = 126). لەسەدە پیشان دراوەکان بەو مەرجە بووە کە خاوەنکارەکان وەڵامیان دابێتەوە بۆ خستنە سەر کاری هێزی کاری خۆجێیی.
کێشەیان هەبووە. زۆربەی خاوەنکارەکان نەیانگوتووە کە بۆ خستنە سەر کاری هێزی کاری خۆجێیی کێشەیان هەبووە و بەم بۆنەوە
سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئەم کێشانە لە سەر کار و کاسبیان پرسیاریان لێ نەکراوە.
RAND *RR489-3.4*

ئەواندایە کە لە بەراورد لەگەڵ رێژەی وەها کۆمپانیاگەلێک لە ئەمریکای لاتین و کارایبب (لەسەدا 20)، ئەورووپا و ئاسیای ناوەندی (لەسەدا 20)، ئەفریقا (لەسەدا 18 )، رۆژهەڵاتی ئاسیا و پەسیفیک (لەسەدا 17)، و باشووری ئاسیا (لەسەدا 15) بوو (شوالیە، 2011). رووپێوێکی بانکی جیهانی سەبارەت بە کۆمپانیاکان کە لە خاوەنکارانی کەرتی تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی و هەولێردا ئەنجام درابوو کە نزیکەی لەسەدا 51 لە 96 کۆمپانیای لەگەڵدا وتوێژ کراوی سلێمانی و نزیکەی لەسەدا 32 لە 63 کۆمپانیای لەگەڵدا وتوێژ کراوی هەولێر رایانگەیاند کە " گرفتی سەرەکیی کارەکانیان بریتییە لە ئاستی نەگونجاوی پەروەردەی هێزی کار "(بانکی جیهانی، 2011).

رووپێوی ئەنجام دراو لە لایەن ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USAID) لە ساڵی 2009– 2010 (لە رێگای بەرنامەی بازرگانی) سەبارەت بە کۆمپانیاکانی بە زۆری بچووک و ناوەنجی لە 15 پارێزگای عێراق پیشانی داوە کە نزیکەی لەسەدا 19ی خاوەنکارانی بەر خوێندنەوە گوتیان " نەبوونی تەکنیککارە لێهاتووەکان" و " نەبوونی کرێکاری سادە " کاریگەری زۆری لە سەر کار و کاسبی ئەوان داناوە و لەسەدا 18ی خاوەنکارانی بەر لێکۆڵینەوە رایانگەیاند کە " ئاستی لە خوارەوەی کارامەیی و پەروەردە " و " راهێنانی تەکنینی ناتەواو" کاریگەری توندی هەبووە. دیکەی خەم و پەرۆشیە ئاماژە پێکراوەکان بریتی بوون لە نەبوونی بەرێوەبەرایەتی باڵای فێرکراو ( لەسەدا 14) نەبوونی بەرێوەبەرایەتی ناوەندی فێرکراو (لەسەدا13). سەرەرِای ئەم خەم و پەرۆشیانە، نزیکەو تەواوی کار و کاسبیەکان (لەسەدا93) راپۆرتیان دا کە ناتوانن کرێکاری لێنەهاتووی پێویستی خۆیان بدۆزنەوە و لەسەدا 79 راپۆرتیان دا کە توانیویانە کرێکاری کارامەی پێویستی خۆیان بدۆزنەوە. (USAID–عێراق، 2010a). ئەم دەسکەوتانە دەبێت لە لای دەرەنجامەکانی خۆماندا هەڵبسەنگێنین کە پیشان دەدات بەشێکی کەمتر لە خاوەنکاران (لەسەدا 70) دەتوانن کەسانێک بۆ هەندێک ئیشی تایبەت بدۆزنەوە. بە گشتی، دەستکەوتەکانی خوێندنەوە جیاوازەکان پیشان دەدات کە زۆربەی خاوەنکاران دەتوانن کارمەند لە هەرێمی کوردستانی عێراق بدۆزنەوە بەڵام لانیکەم هەندێک لەوان سەبارەت بە تەواو نەبوون و ئامادەباشی ئەم دەستە کارمەندانە گومانیان هەیە.

### چالاکیەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن لە لایەن خاوەنکاران

ئێمە بۆ تێگەیشتن لە داواکاری پۆتێنسێڵ بۆ کرێکاران، لە خاوەنکاران سەبارەت بە هێزی کاری ئێستایان و بەرنامەی دامەزراندنیان پرسیارمان کرد. ئێمە زانیاری پەیوەندیدار بە رادەی کارمەندانمان بە پێی نەتەوە کۆ کردەوە بۆ ئەوەی زانیاری سەبارەت بەمە دەستەبەر بکەین کە خاوەنکاران تا چ رادەیەک بە هێزی کاری دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق (عێراقییەکانی نیشتەجێ لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و هاوولاتییە بیانییەکان) بۆ وەڵام دانەوەی داواکاریەکانی هێزی کاری خۆیان پشت دەبەستن. پشت بەستن بە هێزی کاری دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێت پێوەرێک بێت بۆ پیشاندانی ئەوەیکە کارامەیی پێویستی خاوەنکاران کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کەمن، کامانەن. بە شێوەی مامناوەندی، کۆمپانیا بچووکەکان (بە 5–19 کارمەند) نزیکەی لەسەدا 13ی کارمەندانی خۆیان لە هاوولاتیانی جگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دابین کردبوو. کۆمپانیا گەورەکانی خاوەن زۆرترین بەش لە هاوولاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بە رادەی لەسەدا 37 بوون (وێنەی 3.5). ئەم جیاوازیانە لە ئاستی لەسەدا 1 جیاوازی ئاماری واتاداریان بوو، واتە کە تەنیا لەسەدا 1 وێدەچێ کە لە هەموو حەشیمەتدا هەمان بارودۆخ هەبێت. خاوەنکارانی هەر دوو بەشی کانگایی و بەرهەمهێنەری و بەشی ژێرخان پشکێکی زۆرتریان لە خاوەنکارانی بەشی خزمەتگوزاری و ئیشەکان لە هاوولاتیە بیانیەکان بوو و ئەم جیاوازیە لە بواری ئامارییەوە واتادار بوو. خاوەنکارانی ناوەنجی راپۆرتیان دا کە لەسەدا 17ی کارمەندیانیان هاوولاتی هەرێمی کوردستانی عێراق نین.[6]

رادەیەکی دیار لە خاوەنکاران راپۆرتیان دا کە زۆربەی جار ناچار بوون بۆ گەیشتن بە ئاستێکی شیاوی کارامەیی و ئامادە بوون بە دوای کارمەندانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بن (وێنەی 6.3). لە نێوان خاوەنکارانی ئەم لێکۆڵینەوە، لەسەدا 29ی کۆمپانیا بچووکەکان رایانگەیاند کە بە دوای کارمەندانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پڕکردنەوەی ریزەکانی هێزی کاری خۆیانن، لە کاتێکدا کە لەسەدا 38ی کۆمپانیا ناوەنجییەکان (بە 20–99 کارمەند) و لەسەدا 37ی خاوەنکارە گەورەکان (بە زیاتر لە 100 کارمەند) بە دوای کارمەندانێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی

**وێنەی 5.3**
**لەسەدی کارمەندانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق کە ئێستا کار دەکەن بە پێی ئەندازەی دامەزراوی کار و کاسبی و بەشی ئابووری، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.
تێبینی: پرسیار: رێژەی کارمەندانی هاوولاتی هەرێمی کوردستانی عێراق؛
هاوولاتیانی بەشەکانی تری عێراق لە دەروەی هەرێمی کوردستان و هاوولاتیانی ولاتانی تر چەندەیە؟ (رێژە = 355).
RAND *RR489-3.5*

[6] رەنگە ئەم رادە زۆری پێوە نرا بێت. لێکۆڵینەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەری خۆدەربڕینی ئەندازەی خاوەنکار پیشانی دا کە نزیکەی لەسەدا 10ی ئەندامی خێزانی خەریک بە کار لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی خاوەن پێنج کارمەند یان زۆرتر رایانگەیاندووە کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە دایک بوون. ئەگەرچی بەراوردی روون لە گەڵ پێوەری لێکۆڵینەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بۆی نییە بەڵام ژێدەرێکی سوودمەند دێتە ئەژمێر.

**وێنەی 6.3**
**لەسەدی ئەو خاوەنکارانە کە گوتوویانە تا رادەیەک یان زۆربەی جار ناچار بوون بە دوا کارمەندانێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بن، بە پێی ئەندازەی دامەزراوی کار و کاسبی، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.
تێبینی: پرسیار: بە گشتی چەنجار لەگەڵ ئەم بابەتەدا رووبەڕوو بوونەتەوە کە بۆ گەیشتن بە ئاستی ئامادەبوون و کارامەیی پێویست بۆ خستنە سەر کار (بەکرێ گرتن) ناچار بوون کە بە دوای کەسانێکی داخوازدا بگەڕێن کە هاووڵاتی هەرێمی کوردستانین؟ هەرێمی کوردستانی عێراق؟ (رێژە = 360).
RAND *RR489-3.1*

عێراقدا بوون. ئەم رەقەمانە لە بواری ئامارییەوە جیاوازیەکی واتاداریان پێکەوە نەبوو. بەوەشەوە تەخمینی پەیوەندیدار بە خاڵ پیشان دەدات کە بەشێکی دیار لە خستنە سەر کارەکانی داهاتووش رەنگە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بکرێن کە وەڵامی پێویستییەکانی خاوەنکاران بدرێتەوە. رەنگە خاوەنکاران لە درێژخایەندا بەم ئاکامە بگەن کە دامەزراندنی کەسانی خۆجێیی کەم خەرجترە و هێنانەناوی هێزی کاری خاوەن کارامەیی باش دەتوانێت نیشانەیەکی گرنگ بۆ تەواوکارانی خوێندنی داهاتوو سەبارەت بە کارامەییە داواکراوەکان بێتە ئەژمێر. هەروەها، هێنانەناوی هێزی کاری خاوەن کارامەیی باش دەتوانێت دەرفەتێک بۆ گواستنەوەی زانست دابین بکات.

ئێمە لە خاوەنکاران سەبارەت بە بەرنامەکانیان بۆ دامەزراندن لە داهاتوو پرسیارمان کرد (وێنەی 7.3). زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان (لەسەدا 75) راپۆرتیان دا کە دەیانەوێت پەرە بە هێزی کاری خۆیان لە ساڵی داهاتوو بدەن (هەموو کۆمپانیایەک بە شێوەی ناوەنجی نزیکەی 14 تا 15 کارمەند). بەوەشەوە، کۆمپانیا گەورەکان کەمترین پشکیان لە هەموو کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە. کەمتر لە نیوەی کۆمپانیا بچووکەکان (لەسەدا 47) و زیاتر لە نیوەی کۆمپانیا ناوەنجییەکان (لەسەدا 66) رایانگەیاند کە دەیانەوێت پەرە بە هێزی کاری خۆیان بدەن؛ ئەم رادە بۆ کۆمپانیا بچووکەکان بە شێوەی ناوەنجی یەک کارمەند و بۆ کۆمپانیا ناوەنجییەکان بە رادەی مامناوەندی سێ تا چوار کارمەند بوو.

دامەزراندنی کارمەند لە هەرێمی کوردستانی عێراق تا رادەیەکی زۆر لە رێگای ئاگادار کردنەوەی زارەکی و تۆڕە نافەرمییەکان جێبەجێ دەکرێت تا لە رێگای کارکردنی فەرمی دامەزراندن ( رێکلام، رێکخراوەکانی کاردۆزینەوە، ماڵپەڕەکان، خزمەتگوزارییەکانی تری پێشکەشکاری پێڕستی پێویستییەکان) (وێنەی 8.3). ئەم بابەتە پیشاندەری ئاستی ئێستای پێشکەوتنی ئابوورییە. خاوەنداریێتی و بەڕێوەبەرایەتی زۆرێک لە کۆمپانیاکان بۆ بنەماڵەکانە و بنەماڵە کۆنترۆڵی کار و کاسبی هەیە و هەندێک جار چاوەڕوانە کە ئەندامە لاوەکانی بنەماڵە بێنەناو کار و کاسبییەوە. زۆربەی ئەو خاوەنکارانەی کە لەگەڵیان وتووێژمان کرد رایانگەیاند کە لە تۆڕە نافەرمییەکان بۆ دۆزینەوەی کارمەندانی خۆیان کەڵک وەردەگرن. دەستکەوتە چەندایەتییەکانی ئێمەیش تەوەرەبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشتڕاست دەکاتەوە: لەسەدا 63ی کۆمپانیاکان لە ئاگادارکردنەوەی "زارەکی/ بنەماڵە، هاوڕێیان یان تۆڕی پەیوەندی نافەرمی " وەکو مێتۆدی دامەزراندنی بەکارهێنراوی خۆیان لە دوو ساڵی رابردوو بۆ دۆزینەوەی کارمەندی نوێ ناویان بردووە. لە لایەکی ترەوە کۆمپانیا گەورەکان (لەسەدا 70) بە گریمانەی زۆرترەوە – کە لە بواری ئاماریشەوە واتادارە

**وێنەی 7.3**
**لەسەدی ئەو کارفەرمایانە کە گوتوویانە دەیانەوێت پەرە بە هێزی کاری خۆیان لە ساڵی داهاتوودا بدەن و ڕێژەی پەتی بابەتەکانی دامەزراندن، بە پێی ئەندازەی دامەزراوی کار و کاسبی، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.
تێبینی: پرسیار: ڕێژەی کارمەندانێک کە چاوەڕوان دەکەن بۆ پەرەپێدانی هێزی کاری خۆتان لە 1 ساڵی داهاتوو کەڵکیان لێ وەربگرن، بنووسن. (ڕێژە = 360).
RAND *RR489-3.7*

**وێنەی 8.3**
**لەسەدی ئەو خاوەنکارانەی کە گوتوویانە لە کام لە مێتۆدەکان بۆ دامەزراندنی کارمەندە نوێکان کەڵک وەردەگرن، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.
تێبینی: پرسیار: مێتۆدەکانی خستنە سەر کارێک کە ئێوە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەکارتان هێناوە، چی بووە؟ (ڕێژە = 360).
RAND *RR489-3.8*

(لە ئاستی لەسەدا 1) — لە ڕێکخراوەکانی دۆزینەوەی کاری تایبەتی بۆ دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیی کەڵکیان وەرگرتووە تا کۆمپانیا بچووکەکان (لەسەدا 14) و کۆمپانیا ناوەنجییەکان (لەسەدا 20). کۆمپانیا گەورەکان هەروەها ڕایانگەیاندووە کە زۆرتر لەم ڕێکخراوانە بۆ دامەزراندنی هێزی کاری بیانی کەڵک وەردەگرن و ئەگەری بەکارهێنانی ڕێکلام لە ڕۆژنامە نۆ دامەزراندن لە لایەن کۆمپانیا گەورەو و ناوەنجییەکان بە ڕادەیەکی دیار زۆرترە. دیمانەکانمان لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان و خاوەن سەرمایەگوزاری نێودەوڵەتی هەروەها بەکارهێنانی ڕێگاکانی کارکردنی فەرمیتری دامەزراندنی هێزی کاری پیشان دا.

## داواکاری خاوەنکاران سەبارەت بە کارامەیی

لەم بەشەدا، دەستکەوتەکانی وەرگیراو لە داتا چەندایەتی و چۆنایەتییەکانمان بۆ تیشک خستنە سەری ڕوون و ئاشکرا لە سەر بابەتی کارامەیی پێشکەش دەکەین: هەبوونی کارامەیی بۆ کارمەندان و تازە دامەزراوەکان بە گرنگ دەزانرێت و ئەوەیشکە هێزی کاری خۆجێیی لەوانە تەواوبووانی نوێی خوێندنی دامەزراوەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وادەزانرێت کە کام کارامەیی تایبەتیان نییە.

### پۆلێنبەندی کۆی کارامەییەکان

داتا چۆنایەتی و چەندایەتییە کۆکراوەکانی ئێمە بریتی لە پرسیاری زۆر سەبارەت بە کارامەیی پێویست بۆ داخوازانی کار و هەروەها تێگەیشتنی خاوەنکاران لە لەبەردەستدا بوونی کارامەییەکان لە نێوان تەواوبووانی خوێندنی قوتابخانە ناوەندییەکانی گشتی و پیشەیی و تەکنیکی، دامەزراوە تەکنیکییەکان و زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو. ئێمە بەکەڵک وەرگرتن لە وێژەی ڕووپێو، لە ڕاپرسی خۆماندا سەبارەت بە 20 جۆری کارامەیی کە بە شەش گرووپی سەرەکی دابەش دەکران، پرسیارمان کرد.

- هەڵوێستی کار، ڕەوشتی کار و هاندەر
- پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکانی نێوان تاکی ( کە کارامەیی نەرمیشیان پێ دوترێت)
- خوێندن، نووسین، ئەژماردن و زانیاری سەبارەت بە کۆمپیوتەر
- زمانی بیانی ( بە تیشک خستنە سەر زمانی ئینگلیزی و عەرەبی)
- زانست و ئەزموونی تایبەت بە کار
- بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕی کاروبار .

ڕەنگە هەندێک لەم بابەتانە وەک ڕەوشتی کار بە تایبەتمەندییەکی تاکەکەسی دابنرێت. بەوەشەوە، ئەم جۆرە تایبەتمەندیانە دەکرێت فێر ببن و کەواتە دەکرێت وەکوو کارامەیی دابنرێت. پەروەردە دەتوانێت لە جێگایەکی فەرمی وەک قوتابخانە یان لە جێگایەکی نافەرمی و خۆبەڕێوەبەر ڕوو بدات. وەک کاتێک کە کارمەندێک دەبینێت کە پیشاندانی ڕەوشتی دروستی کاری دەبێتە هۆی وەرگرتنی مووچە و داهاتی زۆرتر یان پێشکەوتنی پیشەیی.

لە خاوەنکارانی ئامادەبوو لە ڕاپرسیدا داوا کرا کە سێ بابەت لە گرنگترین کارامەییەکان کە بۆ داواکاری کارێک سەرنجی دەدەن، هەڵبژێرن. ئێمە سەرەتا سەبارەت بەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەیە و پاشان ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی زانکۆ هەیە پرسیارمان کرد (خشتەی 3.1). ئەم خشتە لەسەدی خاوەنکارانێک پیشان دەدات کە کارامەیی ئاماژە پێکراویان وەکو سێ کارامەیی لە سەرەوە پلەبەندی کرد. ئێمە هەموو کارامەییەکمان بە گوێرەی کارامەییەکانی تر و بە پێی لەسەدی ئەو خاوەنکارانە پلەبەندی کرد کە کارامەیی ئاماژە پێکراویان وەکوو سێ کارامەیی لە سەرەوە هەڵبژارد. بۆ وێنە، سەبارەت بەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەیە، لەسەدا 42ی خاوەنکاران بەڕێوەبردنی خزمەتخواز و پاشان حەز لە تێکۆشان (لەسەدا 32)، پەیوەندیکردنی نووسراوەیی (لەسەدا 32)، و پەیوەندی زارەکییان (لەسەدا 29) وەکو سێ کارامەیی لە سەرەوە هەڵبژارد .[7] سەبارەت بەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی زانکۆ هەیە، ئەو کارامەییانەی کە پلەیەکی بەرزتریان هەبوو و بە پێی لەسەدی خاوەنکارانێک کە ئەوانەیان هەڵبژاردبوو، بریتی بوون لە ئەزموونی کاری تەکنیکی (لەسەدا 24)،

---

[7] بەڕێوەبردنی خزمەتخواز بریتییە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پرۆفیشناڵ لەگەڵ خزمەتخوازەکان، خەریک بوون بە خەم و پەرۆشییەکانیان،و چارەسەری کێشەکانیان و ڕەنگە پەیوەندی ڕووبەڕوو، لە ڕێگای تەلەفۆن یان بە شێوەی نووسراوەش لە خۆ بگرێت.

**خشتەی 1.3**
**سێ بابەت لە گرنگترین کارامەییەکان بە پێی ئاستی خوێندنی پێویست بۆ کار**

| کارامەیی | قوتابخانەی ناوەندی | | دواناوەندی | |
|---|---|---|---|---|
| | لەسەد | پلە | لەسەد | پلە |
| هەڵوێستی کار، رەوشت و هاندەری کاری | | | | |
| حەز لە تێکۆشان | 32 | 2 | 19[ئەلف] | 7 |
| حەز لە فێربوون | 13 | 9 | 11 | 14 |
| هەڵوێستی ئەرێنی | 15 | 7 | 18 | 8 |
| پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکانی نێوان تاکی | | | | |
| پەیوەندی زارەکی | 29 | 4 | 20[ئەلف] | 5 |
| پەیوەندی بە نووسراوە | 32 | 3 | 19[ئەلف] | 6 |
| بەڕێوەبردنی خزمەتخواز | 42 | 1 | 21[ئەلف] | 4 |
| کاری تیمی | 15 | 8 | 10 | 15 |
| چارەسەری کێشە | 8 | 16 | 6 | 19 |
| خوێندنەوە، نووسین و زانیاری سەبارەت بە کۆمپیوتەر | | | | |
| تەکنۆلۆجیای زانیاری گشتی تکنولوژی | 17 | 6 | 16 | 12 |
| تەکنۆلۆجیای زانیاری پرۆفیشناڵ | 8 | 17 | 10 | 16 |
| ئەژماردن | 8 | 15 | 21[ئەلف] | 3 |
| خوێندنەوە | 7 | 18 | 17[ئەلف] | 11 |
| نووسین | 8 | 14 | 17[ئەلف] | 10 |
| زمان | | | | |
| ئینگلیزی | 9 | 13 | 21ئەلف | 2 |
| عربی | 11 | 11 | 9 | 18 |
| زانست و ئەزموونی تایبەت بە کار | | | | |
| زانستی تەکنیکی و پسپۆڕانە | 6 | 19 | 18[ئەلف] | 9 |
| ئەزموونە کاری و تەکنیکییەکان | 18 | 5 | 24 | 1 |
| بەڕێوەبەرایەتی و هەڵسووڕانی کار و بارەکان | | | | |
| بەڕێوەبەرایەتی | 11 | 10 | 15 | 13 |
| بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەیی | 11 | 12 | 10 | 17 |

سەرچاوە: کۆمپانیا RAND، 2012.

تێبینی: ئەم خشتە لەسەدی ئەو جارانە پیشان دەدات کە هەرکام لە دەستەی کارامەییەکان وەکو سێ بابەت لە گرنگترین کارامەییەکان بۆ داخوازانی کار هەڵبژێردرابوو. نووسەران کارامەیەکانیان بە پێی لەسەدی ئەو خاوەنکارانە پلەبەندی کرد کە ئەوانیان وەکوو سێ کارامەیی سەرەکی راگەیاندبوو (رێژە = 360).

[ئەلف] پیشان دەدات کە جیاوازی نێوان رێژەی خاوەنکارانێک کە ئەم کارامەییانەیان لە نێوان سێ کارامەیی بەرزتر بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی زانکۆیی هەیە، پلەبەندی کردبوو و رێژەی ئەو خاوەنکارانەی کە ئەم کارامەییان لە نێوان سێ کارامەیی بەرزتر بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی یان تەکنیکی و پیشەیی هەیە پلەبەندی کردبوو، جیاوازی ئاماری واتادار هەیە (لە ئاستی لەسەدا 1.

ئەژماردن، ئینگلیزی، و بەڕێوەبردنی خزمەتخواز (هەمووی لەسەدا 21). ئێمە جیاوازی ئاماری واتادارمان لە نێوان دوو گرووپدا تێست کرد و تێگەیشتین کە سەبارەت بە تەواوبووانی خوێندنی قۆناغی ناوندی، بە شێوەیەکی واتادار لە بواری ئامارییەوە گریمانەی زۆرتر هەیە کە خاوەنکاران جەخت بکەنە سەر کارامەیی پەیوەندیکردن، بەڕێوەبردنی خزمەتخواز و حەز لە تێکۆشان تا لە سەر کارامەییەکانی تر؛ و سەبارەت بە تەواوبووانی قۆناغی زانکۆیی لە سەر ئەژماردن، نووسین و خوێندنی زمانی ئینگلیزی و کارامەیی تەکنیکی پسپۆڕییانە جەخت بکەن. لە درێژەی ئەم بەشە و بۆ ئاسانکردنەوەی باس، دەستکەوتەکانی رووپێو و دیمانە ئەنجام دراوەکان لەگەڵ خاوەنکاران بە پێی هەرکام لە گرووپبەندیەکانی کارامەیی کە لە سەرەوەدا هات، دەپشکنین.

**هەڵوێست و کارامەیی هاندەری کرێکاران**

خاوەنکارانێک کە لێکۆڵینەویان لە سەر کرا، جەختیان کردە سەر حەز لە تێکۆشان و هەڵوێستی ئەرێنی بۆ هەر دوو دەستە لە ئیشەکانی پێویست بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی و و زانکۆیی (خشتەی 1.3). هەروەها لەم راپرسییەدا داوامان لە خاوەنکارەکان کرد کە هەڵوێست و رەوشتی کاری کارمەندانی خۆیان پلەبەندی بکەن. ئەگەرچی زۆربەیان بە گشتی لەگەڵ ئەم رستەدا هاوڕا بوون لە رەزایەتیان هەیە لە هەڵوێستی کاری و رەوشتی کاری کارمەندانی خۆیان کە خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراقن، بەڵام بەشێکی قەبە لە خاوەنکاران نارەزایەتی خۆیان سەبارەت بە هەڵوێست بۆ کار (لەسەدا 18) و رەوشتی کاریان (لەسەدا 31) دەربڕی. ئێمە لە باسەکانی خۆمان لەگەڵ خاوەنکارەکان، سکالاگەلێکمان سەبارەت بەمە بیست کە هێزی کاری خۆجێیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەن هەڵوێستێکی ناشیاون سەبارەت بە کار. خاوەنکاران بە شێوەی تاکەکەسی رایانگەیاند کە هێزی کاری بیانی دادەمەزرێنن چونکە ئەم کرێکارانە زۆرتر دەیانهەوێت کە کاتژمێری درێژخایەن تر کار بکەن و هەوڵی زۆرتر لە خۆیان پیشان بدەن. ئەم هەستە، لە لایەن خاوەنانی کار و کاسبییە تایبەتەکان و لە لایەن کاربەدستانی حکومەتیش لە باسەکانی پەیوەندیدار بە چۆنایەتی هێنرایە ئاراوە.

**پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکانی نێوان تاکی**

بەم جۆرە کارامەییانە، کارامەیی نەرمیش دەوترێت چونکە پێویستی بە پەیوەندی کردن لەگەڵ خزمەتخوازان و هاوکارانی شوێنی کار یا کاری تیمی بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە ( رێکخراوی نێودەوڵەتی کار، 2008، 2010b؛ بانکی جیهانی، 2010؛ ئاکسمەن، 2004). کارامەیی سەخت بە زانستی گرنگی سەرەکی تان تەکنیکی پێویست بۆ ئەنجامدانی کار دەوترێت. لە راپرسی ئێمە لە خاوەنکاران، کارامەییە نەرمەکان — بە تایبەت بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەیە– بە گرنگ دانرا. گرنگی ئەم کارامەییانە لە بابەتە بڵاوکراوەکانیشدا پەسەندکراون و دەتوانین جەختی روو لە زێدە بوونی خاوەنکاران لە سەر ئەم جۆرە کارامەییانە ببینین. بۆ وێنە، "توانایی بیر کردنەوە لە بابەتی شیاو بۆ کەڵک لێوەرگرتن، پلان دارژتنی وردبینانە، پێشبینی کێشەکان و پیادە کردنی ئەو رێگاچارەسەرانەی کە بەراستی وەڵامدەری کێشەکان بن" وەکوو کارەمەییە دڵخوازەکان لە لایەن خاوەنکاران رەچاو دەکرێت (ئاکسمەن، 2004، لاپەڕە 3؛ ILO، 2010a).

**خوێندەواری**

ئێمە کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە خوێندن، نووسین، ئەژماردن و کارامەیی لە بواری کۆمپیوتەر لە ژێر سەردێری گشتی "خوێندەواری" گرووپبەندی دەکەین. ئەم بابەتانە بریتین لە کارامەییە بنەڕەتیەکانی تێگەیشتنی خوێندنەوە و نووسین کە بۆ نووسینی راپۆرت و بەڵگە درێژترەکان سوودمەندە و هەروەها هەندێک لە کارامەییە بنەڕەتیەکانی پەیوەندیدار بە مەتێماتیک و کارامەیی لە بواری کۆمپیوتەر کە بەشێوەیەکی روو لە زیادبوون گرنگ دەبن. بە گشتی، ئەم جۆرە کارامەییانە لە نێوان داخوازانی پرۆفیشناڵی ئەو ئیشانەی پێویستیان بە بەڵگەنامەی دامەزراوی تەکنیکی یان زانکۆیی هەیە زۆرتر لە بەڵگەنامەی پەروەردەی ناوەندی یان تەکنیکی پیشەیی گرنگایەتی و بایەخی هەیە و هەروەها لە بواری ئامارییەوە واتادارە (خشتەی 1.3). سەرەڕای ئەمەش، لە نێوان خاوەنکارانی لێکۆڵینەوەی ئێمە نزیکەی لەسەدا 36 نارەزایەتی خۆیان لە کارامەیی نووسین و کارامەیی زمانی کارمەندانی خۆیان دەربڕی کە پشکێکی گرنگ لەو خاوەنکارانە دەگرێتەوە کە سەبارەت بە یەکێک لە کارامەییە سەرەکییە پێویستەکانی ئیشەکان پەرۆشییان دەربڕیوە.

**کارامەیی پەیوەندیدار بە زمانی بیانی**

کارامەیی پەیوەندیدارەکان بە زمانی بیانی کە زۆرتر کارامەیی زمانی پەیوەندیدار بە زمانی ئینگلیزی و هەندێک جار کارامەیی زمانی عەرەبی و هەندێک جاریش زمانی تورکییە، بە شیوەی ئاسایی لە دەستکەوتە چەندایەتییەکان و لە

دەستکەوتە چۆنایەتییەکانیش بۆ خاوەنکارانی کەرتی تایبەتی بە گرنگ و بایەخدار دانراوە. لە نێوان ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی یان بەڵگەنامەی تەکنیکی پیشەیی هەیە، لەسەدا 11ی خاوەنکاران کارامەیی پەیوەندیدار بە زمانی عەرەبیان لە نێوان سێ بابەتی سەرەکی و لەسەدا 9یان کارامەیی پەیوەندیدار بە زمانی ئینگلیزییان لە نێوان سێ بابەتی سەرەکی دانا. لە نێوان ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی تەکنیکی یان زانکۆیی هەیە، زمانی ئینگلیزی لەسەدا 21ی بابەتەکان و زمانی عەرەبی لەسەدا 9ی بابەتەکان لە نێوان سێ بابەتی سەرتر دانرا. بە گشتی جەخت کردنە سەر زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو جێگانەی کە پێویستیان بە کارامەیی بەرزتر هەیە هاوتایە لەگەڵ دەسکەوتە چۆنایەتییەکانمان کە زۆرتر لە کۆمپانیا گەورەکان و کۆمپانیا چەندن نەتەوەییەکان کۆکرابوونەوە. چاوپێکەوتنە چۆناياتییەکانی ئێمە لەگەڵ خاوەنکاران ئاماژەدەکات بۆ ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی بەتایبەتی گرنگە بۆ پۆستی پرۆفێشناڵی خاوەن کارامەیی.[8]

خاوەنکاران ئاماژەیان پێدا کە زانینی زمانی ئینگلیزی لە دیمانەکارییەکان داواکاران دەخاتە ئەولەویەتەوە و کەسانێک کە بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن تا رادەیەک هەموو کارێک وەدەست دێنن، چوونکە کۆمپانیاکان دواتر ئەو کەسە پەروەردە دەکەن چوونکە چاوەڕوانن کەس کارامەییە تایبەتەکان بە کار ئاسانتر فێر بێت تا زمانی ئینگلیزی. سەرەڕای ئەمەش، خاوەنکاران ئاماژەیان پێدا کە تێکەڵێک لە کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە زمانی ئینگلیزی و کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە تەکنۆلۆجیای زانیاری زۆر بەبەهایە. هەنێک لە خاوەنکارانی تایبەتی گەورەتر تەنانەت بە ئێمەیان گوت کە بە بیروڕای ئەوان زانینی زۆرباشی زمانی ئینگلیزی بۆ دامەزراندن پێویستە و یەکێک لە بەشداربووان کە یەکێک بوو لە کەسانی کۆمپانیایەکی خاوەن وەبەرهێنانی (سەرمایەگوزاری) نێودەوڵەتی بە ئێمەی گوت کە زمانی فەرمی کۆمپانیایان زمانی ئینگلیزییە. بەوەشەوە تەنانەت کەسانێک کە لەگەڵیان وتووویژمان کرد و گووتیان کە دەیانەوێت کارمەندانی خاوەن راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی دابمەزرێنن هەروەها بەردەوام داواکاری کارامەییەکانی زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی بوون و ئاماژەیان بەم خاڵە دەدا کە زۆرێک لە رێنوێنیەکانی ئامێرەکان بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبین و کەمتر بە زمانی کوردین.

بەم شێوە چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە جەخت بکاتە سەر پەرەپێدانی پیشەسازی گەشت و گوزار، زانینی زۆر باشی زمانە بیانیەکان پیویستە. کەواتە، روونە کە کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە زمانی بیانی لە هەموو ئاستێک و لە هەموو جۆرە پیشەسازییەک سامانێکی بایەخدار بۆ ئیش لە کەرتی تایبەتی دێتە ئەژمێر. زمان لە کاتی رەچاو کردنی بابەتی راهێنانی پێشکەشکراو لە لایەن خاوەنکاریش گرنگە چونکە پەروەردە تەکنیکییەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بە زۆری بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدرێت.

**زانست و ئەزموونی تایبەت بە کار**

خاوەنکاران سەبارەت بەو کارانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی زانکۆیی هەیە جەختیان دەکردە سەر زانستی تەکنیکی پسپۆڕیانە و هەروەها ئەزموونی کاریش، بەڵام سەبارەت بەو ئیشانەی پێویستیان بە بەڵگەنامەی قۆناغی ناوەندی هەیە جەختیان کردە سەر ئەزموونی کاری. یەکێک لەو بابەتە هاوبەشانەی کە لە زۆرێک وتوویژ و دیمانە ئەنجام دراوەکان لەگەڵ خاوەنکاران هاتە ئاراوە ئەمە بوو کە لە نێوان هێزی کاری خۆجێیی، کارامەیی پسپۆڕانە لە ئاستی پرۆفیشناڵدا کەمە. هەندێک لە خاوەنکاران دووپاتیان کردەوە کە تەنانەت کاتێک تەواوبوانی خوێندنی زانکۆیی خاوەن بەڵگەنامەی خوێندنی پەیوەندیدار لەگەڵ کاری خۆیانن، نێوەڕۆکی بەڵگەنامەی پەروەردەیی ئەجۆرە کە شیاوە ببێت پشتی پێنابەسترێت یان بەڕۆژ نییە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خاوەنکارانی تایبەتی کە پێویستیان بە کارامەیی پسپۆڕانەی پرۆفیشناڵ هەیە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق کارمەندانێک وەکوو راوێژکار یان هەندێک جار وەکوو کارمەندانی هەمیشەیی بە کار بهێنن. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئابوورییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا نەبێت. نوێنەرانی کەرتی تایبەتی هۆیان هێناوەتەوە کە لە هەندێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (لە پلەی یەکەم لە ناوچەی کەنداو) کە لەوێ رادەی پێکهێنانی کار و ئیش لە سەرەوە بووە، بەشێکی دیار لەم ئێشانە — بە تایبەت ئەو ئیشانەی پێویستیان بە کارامەیی بەرز هەیە — لە بەردەست کۆچبەرە بیانییەکان دادەنرێت. نوێنەرانی کەرتی تایبەتی هۆیان هێناوەتەوە کە کۆچبەرە بیانییەکان، کارامەیی و هاندەری پێویستیان بۆ ئەم ئیشانە هەیە (کۆمپانیای پیشەسازی بنەڕەتی عەرەبستان [SABIC]، کۆمپانیای بووز و کۆڕی جیهانی ئابووری، 2012).

---

[8] ئاماژە دەکەین کە ئەم بابەتە رەنگە بەم هۆیەوە بێت کە رێژەیەکی زۆر (بەڵام نە هەموو) وتووێژەکانی ئێمە بە زمانی ئینگلیزی بە وەرگێڕانی کوردی یان تورکی جێبەجێ کرا. هەندێک لە وتووێژەکانی ئێمە بە زمانی عەرەبی بە وەرگێرانی کوردا یان ئینگلیزی جێبەجی کرا. هیچکام لە وتووێژەکانی ئێمە بە تەنیا بە زمانی کوردی یان تورکی نەکرا، هەرچەند بەشێکی زۆر کەم لەوانە تەنیا بە زمانی عەرەبی جێبەجێ کرا.

زۆرێک لە وتووێژەکانی ئێمە لەگەڵ خاوەن کەسب و کارەکانیش پیشانیدا کە ئەم هەستە بوونی هەیە کە کارامەیی تەکنیکی و پیشەیی کە لە قوتابخانەکانی تەکنینی و پیشەیی ناوەندی یان دامەزراوەکانی تەکنینی باڵا فێر دەکرێت، لە نێوان هێزی کاری خۆجێییدا نییە. خاوەنکاران رایانگەیاند کە پێویستیان بە بۆڕیکێش، دارتاش و کارامەییە بازرگانیەکانی تر هەیە و بۆ هەندێک بابەت ناچاربوون کرێکارانێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئەم جۆرە جێگا کارییانە دابمەزرێنن. خاوەنکاران ئاماژەیان دا بە لایەنگری کولتووریی خۆجێیی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە رێژەیەکی کەم لە خەڵکی جێبەجێ کردنی ئیشە پرۆفیشناڵەکان بە رێگایەکی شیاو بۆ گەیشتن بە ئیش و شێوازی ژیانی رەزایەتبەخش بزانن، تەنانەت کاتێک کە هێزی کاری خۆجێیی نەتوانێت هێزی پێویست بۆ ئەم جۆرە کارە تەکنیکییانە مسۆگەر بکات. خاوەنکاران ئاماژەیان دا بە گرنگایەتی ئەزموونی کاری تایبەت بەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی خوێندنی ناوەندی زانکۆیی هەیە و رایانگەیاند کە پێویستە راهێنانی کاریی وەکوو بەشێک لە بەرنامەی وانەیی بۆ هەردووکی ئەم ئاستانە بگونجێندرێت.

**کارامەییە پەیوەندیدارەکان بە بەڕێوەبەرایەتی و هەڵسووڕاندن.**

بە گشتی کارامەییە پەیوەندیدارەکان بە بەڕێوەبەرایەتی بریتین لە توانایی رێکخستنی هێزی کار و کۆمپانیا؛ دۆزینەوە، ئەولەویەتبەندی کردن و رادەست کردنی ئەرکەکان بە شێوەی گونجاو؛ دڵنیا بوون لە چالاکی نەرم و بەبێ وەستانی کۆمپانیا. کارامەییەکانی هەڵسووڕاندنی کاروبار بە کۆیەکی پەیوەندیدار بە کارامەییەکان دەوترێت کە زۆرتر جەخت دەکاتە سەر رێکخستنی کار، تۆمارکردنی بەڵگەکان، دابینکردنی پێداویستی و ئەرکە ئیداریەکانی تر. یەکێک لە نێوەڕۆکە هاوبەشەکانی زۆرێک لە باسەکان و دیمانە چۆنایەتیەکانی ئێمە نەبوونی "مێتۆدەکانی بەڕێوەبەرایەتی مۆدێڕن" بوو واتە زانستی پێویست بۆ رێکخستن و پێکهێنانی کۆمپانیایەک، رێک و پێک کردنی هێڵەکانی کۆنترۆڵ، درووستکردنی پەیوەندی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی یەک کۆمپانیا و رادەست کردنی ئەرکەکان. دەرەنجامەکانی رووپێوی چەندایەتی ئێمە پیشان دەدات لە بە گشتی کارامەییە پەیوەندیدارەکان بە بەڕێوەبەرایەتی بە گرنگ دەزانرێن، بەتایبەت بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی دامەزراوەکانی تەکنیکی یان بەڵگەنامەی زانکۆیی هەیە نزیکەی لەسەدا 15 لە خاوەنکاران کارامەییە پەیوەندیدارەکان بە بەڕێوەبەرایەتییان وەکوو یەکێک لە سێ کارامەیی گرنگ بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی دامەزراوەکانی تەکنیکی یان بەڵگەنامەی زانکۆیی هەیە راگەیاند (خشتەی 3.1).

**کارەماییەکانی فرۆشیاری و بازرگانی**

رووپێوی چەندایەتی ئێمە بە شێوەی تایبەتی سەبارەت بە کارامەییەکانی " فرۆشیاری" واتە توانایی راکێشانی خزمەتخواز و پەرەپێدانی سەرکەوتووانەی چالاکییە بازرگانییەکان لە چوارچێوەی فرۆشتنە نوێکانیان زێدە کڤدنی فرۆشتن پرسیارێکی نەکرد. بەوەشەوە، ئەم بابەتە لە وتوویژ و دیمانە چۆنایەتیەکانی ئێمە لە بەشە جیاوازەکان وەک پیشەسازی تەکنۆلۆجیای زانیاری و خزمەتگوزاری بە گرنگ دانرا. خاوەنکاران ئاماژەیان دا کە کارمەندانی ئەوان نازانن چۆن خەریکی فرۆشتن بن و هەندێک جار هاندەریان بۆ دۆزینەوەی خزمەتخوازی نوێ نییە. هەروەها دەردەکەوێت کە کارەمەییە بنەڕەتییەکانی رەزامەندی خزمەتخواز پەیوەندی نزیکی ببێت لە ئامانجی گەشەی ئابووری کەرتی تایبەتی، چونکە بەشێکی زۆر(زیاتر لە لەسەدا 60) لە دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی 2009وە تا ئێستا یەکێک بوون لەو کار و کاسبییانەی کە کارامەییەکانی فرۆشتن و کارامەییە بنەڕەتیەکانی بازرگانی وێدەچێت کە گرنگایەتی زۆری بۆیان هەیە. ئەم بەشانە بریتین لە بەکۆمەڵ فرۆشی و وردە فرۆشی کڕین و فرۆشتن و چاک کردنەوەی ئامێری هاتوچۆی مۆتۆری، ئۆتێلەکان، ریستورانتەکان و گەشت و گوزار. ئەم کارامەییانە بە گریمانەی زۆر پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هەڵوێست و کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە هەڵوێست کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا و هەروەها کارامەییەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بنچینەیی و کارامەییەکانی نێوان تاکی هەیە بەوەشەوە، کارامەییەکانی فرۆشیاری توخمێکی تریشی هەیە کە بریتی لە راکێشان و پاشان رازی کردنی خزمەتخواز بۆ ئەنجامی جۆرێک لە کڕینە.

**وێنەی 9.3**
**جۆری راهێنانی پێشکەشکراو لەو کۆمپانیانەی کە گوتوویانە جۆرێک لە راهێنانیان پێشکەش کردووە، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.

تێبینی: پرسیار: چ جۆرە راهێنانێکی فەرمی بۆ کارمەندان پێشکەش دەکرێت؟ (رێژە = 73). لەسەدە پیشان دراوەکان بەو مەرجە بووە کە خاوەنکارەکان وەڵامیان دابێتەوە کە راهێنان و پەروەردە پێشکەش دەکەن. زۆربەی خاوەنکارەکان نەیانگوتووە کە راهێنان پێشکەش دەکەن و هەر بەم بۆنەوە سەبارەت بە جۆری راهێنانی پێشکەش کراو پرسیارێکیان لێ نەکراوە. بۆ ئەو بابەتانەی کە تەنیا بەشێک لە خاوەنکارەکان وەڵامی یەک پرسیاریان داوەتەوە، یەک یان چەند چینی ئەندازە، شوێن و بەشی ئابووری تەنیا خاوەن یەکەیەکی نموونەهەڵگری بوو و ڤاریانس ئەژمێر نەدەکرا. لە وەها بابەتێکدا ڤاریانس بە گرتنی ڤاریانسی رادەی مامناوەندی لە چینەکانی خاوەن یەکەکانی نموونە هەڵگری جۆراوجۆر ئەژمێر کرا.

RAND *RR489-3.9*

## راهێنانی پێشکەش کراو لە لایەن خاوەنکار و کۆسپەکانی

ئێمە دەمانهەویست لە جۆرە جیاوازەکانی راهێنانی پێشکەش کراو لە لایەن خاوەنکارەکان بۆ بیر لێکردنەوە و خەریک بوون بە کەلێنەکانی کارامەیی یان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و کارامەیی کارمەندان تێبگەین (وێنەی 3.9). نزیکەی لەسەدا 20 ی خاوەنکارەکان رایانگەیاند کە بە کارمەندانی خۆیان پەروەردە پێشکەش دەکەن.[9] لە نێوان ئەو خاوەنکارانەی کە وەتوویانە راهێنان پێشکەش دەکەن دەدەن، ئەو راهێنانەی کە زۆرتر ئاماژەیان پێ کراوە بریتین لە کارامەیی کاری، تەکنیکی یان پەیوەندیدار بە شوێنی کار؛ کارامەییە تەکنیکی و پیشەییەکان؛ و جۆرەکانی تری راهێنانی تایبەت بە خاوەنکار. رێژەیەکی کەملتر لە خاوەنکاران راپۆرتیان دا کە راهێنان لە بواری کارامەیی زمانی یان خوێندەواری پێشکەش دەکەن. لە نێوان هەموو نموونەی خاوەنکارانی رووپێوکراو کەمتر لە لەسەدا 10ی ئەوان (لەسەدی بێمەرج) رایانگەیاند کە راهێنان لە هەموو بوارەکانی هێنراو لە شکڵدا پێشکەش دەکەن.

---

9 بە مەبەستی بەراورد، راپرسیەکی ئەنجامدراو لە 55 وڵات لە ساڵی 2009 پیشانی دا کە لەسەدا 36ی کۆمپانیاکان راهێنان پێشکەش دەکەن. بازنەی راهێنان لە لەسەدا 5ی کۆمپانیاکان لە ئەندۆنێزیا تا لەسەدا 80ی کۆمپانیاکان لە ساموا بوو. (بانکی جیهانی، بێ رێکەوت).

**وێنەی 10.3**
**سەبارەت بەو خاوەنکارانەی کە هەبوونی کێشە و کۆسپیان بۆ پێشکەشکردنی راهێنان راپۆرت دابوو، لەسەدی ناوبردنی کۆسپی دیارەکان بۆ پێشکەش کردنی راهێنان، 2012**




سەرچاوە: RAND Corporation، 2012.

تێبینی: پرسیار: ئەو کۆسپانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە رێکخراوی ئێوە نەتوانێت راهێنانێکی زۆرتر بۆ کارمەندانی ئەم شوێنە پێشکەش بکات، چییە؟ (رێژە = 68). لەسەدە پیشان دراوەکان بەو مەرجە بووە کە خاوەنکارەکان وەڵامیان دابێتەوە لە کاتی پێشکەش کردنی راهێناندا لەگەڵ کۆسپ و بەربەستدا رووبەڕوو بوونەتەوە. زۆربەی خاوەنکارەکان نەیانگوتووە کە کۆسپێک لە سەر رێگایاندا بووە و بەم بۆنەوە سەبارەت بە جۆری کۆسپەکان پرسیارێکیان لێ نەکراوە. بۆ ئەو بابەتانەی کە تەنیا بەشێک لە خاوەنکارەکان وەڵامی یەک پرسیاریان داوەتەوە، یەک یان چەند چینی ئەندازە، شوێن و بەشی ئابووری تەنیا خاوەن یەکەیەکی نموونەهەڵگری بوو و ڤاریانس ئەژمێر نەدەکرا. لە وەها بابەتێکدا ڤاریانس بە گرتنی ڤاریانسی رادەی مامناوەندی لە چینەکانی خاوەن یەکەکانی نموونە هەڵگری جۆراوجۆر ئەژمێر کرا.

RAND *RR489-3.10*

پشکی تا رادەیەک کەمی خاوەنکارانێ کە راهێنان پێشکەش دەکەن پیشان دەدات کە رەنگە ئەوان بۆ پێشکەش کردنی راهێنان رووبەڕووی هەندێک کۆسپ و کەلێن ببنەوە. ئەم بابەتە بە دەستکەوتەکانی رووپێوی ئێمە پەسەند نەکرا چونکە تەنیا لەسەدا 24ی خاوەنکاران رایانگەیاند کە لەم بوارەدا کێشەیان هەبووە. لە راستیدا، نزیکەی لەسەدا 66ی خاوەنکاران راپۆرتیان دا کە نە راهێنانێکیان پێشکەش کردووە و نە رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە بۆ پێشکەش کردنی راهێنان. ئەمە پیشان دەدات کە رەنگە خاوەنکاران تەنیا ئەوە بە باشتر بزانن کە راهێنان پێشکەش نەکەن. لە نێوان ئەو کەسانەی کە ئاماژەیان بە هەبوونی کێشە و کۆسپ کرد باوترین کێشە کەم بوونی بودجە بوو (لەسەدا 47) (وێنەی 10.3). ئەگەر چی ئەم کێشە باوترین کۆسپێک بوو کە تاکەکان ئاماژەیان پێدا بوو، بەوەشەوە دیسان کەمتر لە لەسەدا 10ی (لەسەدی بێمەرج ) هەموو خاوەنکارانی ئەم لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە. بابەتێک کە کەمتر ناوی لێبرا بوو، بەڵام هێشتا رێژەیەکی زۆر لە خاوەنکاران ئاماژەیان پێدەکرد (لەسەدا 31) کێشەی کەم بوونی کاتی کارمەندان بۆ وەرگرتنی راهێنان و دەستڕانەگەیشتن بە راهێنان لە بوارە پێویستەکاندا (لەسەدا 16) بوو. ئێمە لە وتووێژەکانی خۆمان لەگەڵ خاوەنکارەکان بینیمان کە هەندێک لەوان خەمی سەرفکردنی سەرچاوەکان بۆ راهێنانی کارمەندانی خۆیانیان بوو، چونکە دەترسان کارمەندانیان زۆر زوو لە پاش راهێنان بە دوای ئیشێکی حکومەتی یان پێشبڕکێکارێک برۆن. مەبەست ئەوەیە کە زۆرێک لەم کارامەییانە لە نێوان هێزی کاری خۆجێیدا بوونی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەت بۆ دەستێوەردان لە رێگای سیاسەت دانان بە مەبەستی کەمکردنەوەی کێشە دەڕەخسێنێت. نموونەکانی خوارەوە پێویستیان بە خوێندنەوەی زۆرتر هەیە بۆ دڵنیا بوون لەوەیکە دەتوانن کاریگەر بن، بەڵام بریتی لە سووبسیدی ئامانجدار و هاندەرەکانی تر یان کەم بوونەوەی ویستراوی رێژەیی کارە دەوڵەتییەکان.

## خاڵە پەیوەندیدارەکان بە بازاری کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

وتووێژە چۆنایەتییەکانی ئێمە کە زۆرتر لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان و کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکاندا کرا نارەزایەتی گشتی لە رادەی ئامادە بوونی تەواوبووانی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کاری پیشان دا. ئەم شتە دژ بە دەستکەوتەکانی راپرسیمان لە گرووپێکی بەربڵاوتر لە خاوەنکارەکان بوو کە پیشانی دەدا کە زۆرینەی خاوەنکاران لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەر ئەو بڕوایەن کە تەواوبووانی خوێندن (بە تایبەت تەواوبووانی خوێندنی باڵا) بۆ کار ئامادەن. تەنانەت بە پێی راپرسییە پەیوەندیدارەکان بە هەڵوێستەکانی خاوەنکارەکان لە وڵاتانی تر کە لە بەشی وێژەری لێکۆڵینەوەدا ئەوانەمان باس لێ کرد (کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی و بانکی پەرەپێدانی ئیسلامی، 2011؛ مورشید، فارێل، و بارۆن، 2012)، دەستکەوتەکان پیشان دەدەن کە خاوەنکارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ڤ بە گشتی روانگەیەکی گونجاوتریان هەیە بۆ تەواوبووانی نوێی خوێندن تا ئەو خاوەنکارانەی وڵاتەکانی تر چ لە ناوچە و چ لە دەرەوەی ئەو. بەوەشەوە، لانیکەم هەندێک لە خاوەنکارانی ئامادە بوو لە راپرسی پەرۆشیان سەبارەت بە ئامادە بوونی تەواوبووانی خوێندنی ئەم دواییانە و کێشەکانی دامەزراندنی هێزە خۆجێییەکان دەربڕی.

یەک لە چواری خاوەنکاران رایانگەیاند کە بۆ دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیی بۆ ئەو جێگا کارییانە کە پێویستیان بە بڕوانامەی ناوەندی گشتی یان تەکنیکی و پیشەیی هەیە، رووبەڕووی هەندێک کێشە دەبنەوە. لە نێوان ئەم دەستەدا، باوترین هۆی ئاماژە پێکراو نەبوونی ئەزموونی و دوابەدوای ئەو نەبوونی شیاویەتی بوو. بەوەشەوە، کەسانێک کە ئاماژەیان بە هەبوونی کێشە کرد بەشێکی تا رادەیەک بچووک لە تەواوی خاوەنکارانی ئەم لێکۆڵینەوە پێکدێنن (کەمتر لەسەدا 10). ئەگەرچی یەک لە سێی خاوەنکارانی بەر خوێندنەوە یان زۆرتر راپۆرتیان دا کە هەندێک جار یان زۆربەی جاران ناچار بوون بە دوای هاووڵاتیانێک جگە لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ مسۆگەرکردنی هێزی کاری خۆیان بگەڕێن، کەمتر لەسەدا 20ی هێزی کار لە کەسانێک جگە لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق پێک دێنن. ئەگەری دامەزراندنی کەسانێک جگە لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە زۆرترە و ئەگەرچی ئەم کۆمپانیانە بەشێکی بچووکیان لە هەموو کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە، بەڵام خاوەن زۆرترین پۆتانسیێلی گەشە بۆ دامەزراندنە نوێکانن. چونکە رێژەی کۆمپانیا گەورەکان کە لە ناوچەدا دەست بەکار دەبن رۆژ لەدوای رۆژ زێدە دەبێت، پۆتانسیێلێکی روو لە گەشە بۆ دامەزراندنی کەسانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی هێزی کار بوونی هەیە.

نزیکەی لەسەدا 30ی خاوەنکارەکان ئاماژەیان بە بوونی کێشە بۆ دامەزراندن بۆ ئیشە تایبەتەکان کرد. لە نێوان ئەم دەستە لە خاوەنکاران، باوترینی ئەو ئیشانەی کە دامەزراندنی کارمەندانی خۆجێیی لەو ئیشانەدا سەخت بوو، بریتی بوو لە ئیشە تەکنیکییەکان وەک تەکنیککارانی باڵا و تەکنیککارانی ئەندازیاری. ئەم رادە نزیکەی لەسەدا 11ی هەموو خاوەنکارەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە (لەسەدی بێمەرج). بەوەشەوە، خاوەنکارەکان لە دیمانەکانی خۆیاندا ئاماژەیان کرد بە داواکاری بۆ کارامەییە بنەڕەتییەکانی تەکنیکی و پیشەیی هاوڕێ لەگەڵ ئەزموونی کاریی.

هەروەها لە کۆمپانیاکان داوا کرا سێ کارامەیی سەرەکی رەچاو کراوی خۆیان بۆ داواکارانی ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بڕوانامەی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و بڕوانامەی زانکۆیی بە جیا رابگەیەنن. خاوەنکاران بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بڕوانامەی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و هەروەها بڕوانامەی زانکۆیی هەیە جەختیان کردە سەر بەڕێوەبردنی خزمەتخواز. سەبارەت بە داواکارانی ئەو جێگا کاریانەی کە پێویستیان بە بڕوانامەی خوێندنی قۆناغی ناوەندی هەیە، زۆرتر وێدەچێت کە خاوەنکارەکان جەخت بکەنە سەر کارامەییەکانی پەیوەندیکردن، وەک پەیوەندی بە نووسراوە و زارەکی و هەروەها رەوشتی کاری شیاو. سەبارەت بەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بڕوانامەی زانکۆیی هەبوو، خاوەنکارەکان بە دوا ئەزموونی کاریی تەکنیکی، ئەژماردن، کارامەییەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری و کارامەییەکانی زمانی ئینگلیزییەوە بوون.

راپرسی ئێمە ئەو گرنگایەتیە کە خاوەنکارانێک کە دیمانەمان لەگەڵیان هەبوو بۆ کارامەییە نەرمەکان وەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکانی نێوان تاکی و هەروەها کاری تیمی و چارەسەری کێشە دایاندەنا، سەلماندی. زۆربەی ئەو خاوەنکارانە کە دیمانەمان لەگەڵیان هەبوو جەختیان کردە سەر هەبوونی ئەزموونی کاریی و زۆرێک لە خاوەنکارەکان لەو ئیشانە کە پێویستیان بە هەردوو ئاستی خوێندەواری هەبوو، گرنگایەتی زۆریان بۆ ئەم کارامەییە دانا. هاوڕێ لەگەڵ گەشەی خێرای ئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق و دەرفەتی گەشەی زۆرتر کە کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، هەر رۆژ رێژەیەکی زۆرتر لە خاوەنکارانی کەرتی تایبەتی بە دوای کەسانێکی خاوەن توانایی زمانی بە تایبەت زمانی عەرەبی یان ئینگلیزییەوەن. خاوەنکارەکان دەریانبڕی کە زانینی زۆر باشی زمانی دووەم بە مەبەستی ئاسانکردنەوەی پەیوەندییەکان و بۆ کەڵک وەرگری لە بەرنامەکانی راهێنانیش کە رەنگە تەنیا بە زمانی عەرەبی، ئینگلیزی و هەندێک جار تورکی لە بەردەستدا بن، گرنگایەتی هەیە.

## سیناریۆکانی گەشەکردنی دامەزراندنی کەرتە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

تاکوو ئێرە زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە خستنەڕووی هێزی کاری داهاتوو و داخوازی خاوەن کارەکان بۆ کارامەییەکانمان پێشکەش کرد. لەگەڵ گەشەی ئابوریدا، بە ئەگەری زۆر هەندێ لە کەرتە ئابورییەکانی دامەزراندنی خێراتر بە نیسبەت کەرتەکانی تر ئەزموون دەکەن. ئەم کەرتانە لەو کۆمپانیایانە درووست بووە کە زۆرترین چالاکی لە بواری دامەزراندندا هەبووە و زۆرترین دەرفەتی پیشەیی دەخەنە بەردەستی خوازیارانی کاری داهاتوو. ئامانجی ئێمە لەم بەشەدا، پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی باشترە لە هۆکاری شاراوەی داهاتووی گەشەکردنی کەرتە ئابورییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ساڵی 2010ەوە تاکوو ساڵی 2025 بە سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

ئێمە بۆ تێگەیشتنی ئەم هۆکارە شاراوانە لە داهاتوودا، پاڵمان داوە بە بەڵگە پێشووەکانی سەبارەت بە چۆنیەتی پەرەسەندنی کار لە ئابوورییە دەوڵەمەندە بچووک و مامناوەندەکانەوە. بەتایبەت، کۆمەڵێک لە وڵاتەکان تایبەتمەندییەکانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان وەکوو سەرچاوە سرووشتییەکان، کشت وکاڵ و گەشتوگوزاریان هەیە، هەڵمان بژارد. ئێمە ئەم کۆمەڵەمان بە لەبەرچاو گرتنی وڵاتگەلێک سنووردار کرد کە بەرهەمی سەرانەی نەپاڵێوراوی ناوخۆییان (GDP) تا رادەیەکە کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێ لە 15 ساڵی داهاتوودا دەستی بەوانە رابگات. دواتر تەواوبوونی کار لەم ئابوورییانەماندا تاوتوێ کرد.

ئێمە ئەم کارەمان بە دوو شێواز جێبەجێ کرد:

- سەرەتا شیکاریمان کرد بۆ چۆنێتی گەشەی کار لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابوریدا.
- دواتر چۆنیەتی گەشەکردنی کار لە هەندێ پیشەی بەرهەمهێنانی تایبەتدامان لێکدایەوە، چوونکوو بەرزبوونەی کار لە بەشی بەرهەمهێناندا یەکێک لەپێشترێتیەکانی سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

ئێمە تێگەشتین کە لە هەندێ بابەتدا، بەرهەمهێنان بەڕاستی گەشە دەکات. بەڵام شتێک کە زۆرتر روو دەدات ئەوەیە کە کەرتی خزمەتگوزارییەکان وەکوو بیناسازی، بەکۆمەڵ فرۆش و وردەفرۆش؛ و گواستنەوە، عەمبارداری و راگەیاندنەکان، کەرتگەلێکن کە لە وڵاتانی بابەتی هەڵسەنگاندن، دەبێتە هۆی زۆرترین رێژەی کار.

ئەم ئاکامانە نابنە هۆی پێش بینی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق لە داهاتوودا. لەگەڵ ئەمەشدا، سیناریۆگەلێک نیشان دەدات کە دەتوانێ یارمەتی سیاسەتداڕێژەران بدات تاکوو لەوانە بۆ تەیارکردنی بەرەی دواتر بۆ دەرفەتە کارییەکان کە لە 10 تاکوو 15 ساڵی داهاتوودا بوونی دەبێت، بەهرەمەند ببن.

ئێمە لەم بەشەدا سەرەتا نیشان دەدەین کە چۆن وڵاتانی بابەتی بەراوردکردنی خۆمان هەڵبژارد. دواتر بە لێکدانەوەی چۆنیەتی تەواوکردنی کار لە کەرتە سەرەکییەکان ئابوری ئەم وڵاتەوە خەریک دەبین. دوای ئەوە، مۆدێلەکانی گەشەکردنی کار لە هەندێ لە پیشەسازییە دیاریکراوەکانی بەرهەمهێنان پێشکەش دەکەین. ئێمە ئەم بەشە بە باسکردن لەسەر خاڵەکانی وەدیهاتوو لەم باسانە بۆ ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق کۆتایی پێ دەهێنین.

### هەڵبژاردنی وڵاتەکان

یەکەم هەنگاوی ئێمە هەڵبژاردنی وڵاتانە بۆ بەراوردکردن. جاستین ییفو لین، ئابوریناسی باڵای بانکی جیهانی و سێلێستین مۆنگا (2011) لە وتارەکەی ئەم دواییانەی خۆیدا شێوازگەلێکی نوێی بە ناوی چوارچێوەی ناسین و ئاسانکاری گەشەکردنیان پێشکەش کرد کە سیاسەتداڕێژەران دەتوانن بە کەڵک وەرگرتن لێی خەریکی ناسینی کەرتگەلێک بن کە لەوانەیە لە داهاتوودا گەشەکردنیان هەبێت. ئەم شێوازە پێویستی بە هەڵبژاردنی وڵاتگەلێکە کە لە بەراورد لەگەڵ وڵاتی مەبەستدا، پێکهاتەیەکی هاوشێوەی لە بواری رێژەی هێزی کارەوە، سەرمایە، زەوی و سەرچاوەکانی تریان بێت (کە پێکهاتەی بەخششەکانی وڵاتێکی

پێدەگووترێت)، خاوەن داهاتی سەرانەی 100لەسەد زۆرتربووە، بۆ ماوەی دوو دەیە بەخێرایی گەشەیان کردبێت کە بتوانن بەرهەمەکانی خۆیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئاڵوگۆڕ بکەن و ئەم کەرتگەلەش لە ماوەی دوو دەیەدا بە خێرایی گەشەی کردبێت.[1] نابێ ئەم ستراتیژییە وەکو چوارچێوەی گشتی کار لەبەرچاو بگیردرێت بەڵکوو مەبەست ئاشنابوون لەگەڵ شێوە جۆراوجۆرەکانی گەشەی ئابووری ناوبراودایە.

بە داخەوە سنورداریتی زانیارییەکان ڕێگای ئەوەمان نادەنێ پێکهاتەی بەخششەکان، پێکهاتەی بەشەکان و تەنانەت داهاتی سەرانەی هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەی تەواو و بەشێوەی چەندایەتی باسی دەکەین. زێدەلەگەڵ، ئێمە ویستمان هۆکاری شاراوەی گەشەکردنی ئەو بەشانەی کە دەرچووی ئەوان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئاڵوگۆڕی پێنەکرێت ئەوەش تاوتوێ بکەین. لەسەر ئەم بنەمایە، گەرچی شوێنکەوتووی ڕۆحی حاکم بەسەر چوارچێوەی ناسین و ئاسانکاری گەشەکردن بووین، گۆڕانکاری زۆرمان تێدا بینیوە تاکوو بتوانین بۆ ئامانجەکانمان کەڵکی لێوەربگرین. یەکەم، چوارچێوەیەکی کاتی 15 ساڵەمان هەڵبژارد چوونکوو هەرێمی کوردستان کە حکومەتێکی جەوانە هەروەها خەریکی پەرەپێدانی تواناییەکانی خۆیەتی بۆ داڕشتنی سیاسەتەکانی درێژخایەنتر. لە قۆناغی دووەمدا، بە هۆی سنورداریتیەکانی زانیارییەکانەوە لە پێوەرەکانی بێژاندنی خۆی کەمتر سەختگیر بووین و وڵاتگەلێکمان هەڵبژارد کە کە خاوەن سەرچاوەی سرووشتی و هۆکاری شاراوەی کشتوکاڵی — واتە هەمان تایبەتمەندییە ئابورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق– بوون؛ حەشیمەتێکی هاوشێوەیان بوو؛ ئاستی سەرانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆییان لە ساڵی 2010دا تا ڕادەیەک بوو کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێ تاکوو ساڵی 2025 پێی بگات و نە ئەو وڵاتانەی کە سەرانەیان دوو هێندە بێت، و ئەم کارە بە هۆی نادیاری پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوچەیی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو. نموونەکانی پەرەسەندنی ئەوها ئابوریگەلێک لە نێوان ساڵەکانی 1995 و 2010 دەتوانێ وانە گەلێکی بەنرخ پێشکەش بە هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە ڕەهەندی داهاتووی ئابورییەکەی بکات.

پێوەرە تایبەتەکانی گونجاندنی وڵاتەکان لە پێرستی بەراورد کردندا بە شێوەی خوارەوەیە. لە هەر بابەتێکدا، پێوەرەکانی بێژاندنمان هەڵبژارد کە حاڵەتەکانی یەک لایەنە وەکوو نەبوونی بەرهەمهێنانی نەوت یان نەبوونی کەرتی کشت و کاڵ بە ئەژمار نایەنێت.

- **سەرانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی ساڵی 2010 لە نێوان 6,000 تا 16,000 دۆلاردا بە پێی بەرابەری دەسەڵاتی کڕین (PPP).** ئەم چوارچێوە نیشاندەری ئاستی داهاتێکە کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێ چاوەڕوانی ئەوە بکات کە لە ماوەی 15 ساڵی داهاتوودا پێی بگات. گەرچی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق دیار نیە، بەراوردەکانی چەند کەسێک لە لێکۆڵەران ئەم ژمارەیە لە نزیکەی 5,000 دۆلار دیاری کردووە کە هەندێ جر بەشێوەی ناو و هەندێ جار بە پێی بەرابەری دەسەڵاتی کڕین باس دەکر5,000 دۆلار دیاری کردووە کە هەندێ جر بەشێوەی ناو و هەندێ جار بە پێی بەرابەری دەسەڵاتی کڕین باس دەکرێت. ئێمە بۆ ئاسانکاری باسەکە، بنەمای لێکدانەوەکەی خۆمان لەسەر ئەو بیرۆکەیە داناوە کە سەرانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆی بەرابەری دەسەڵاتی کڕینی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 5,000 دۆلارە، هەربۆیە پانتایی 6,000 دۆلار تا 61,000 دۆلار بەشێوەی مامناوەند نرخی گەشەکردنی ساڵانە لە نێوان نزیکەی 1 تا 8 لە سەد نیشان دەدات. لە 11 خولی 15 ساڵەدا لە 1985–2000 تا 1995–2010، ژمارەی 807 نموونە لە وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتندا بینرا کە لە خولێکی 15 ساڵەدا گەیشتبوونە گەشەیەکی ساڵانە لە نێوان 1 تا 8 لەسەد کە 64 لەسەدی نموونەکانی گەشەکردن بۆ هەموو وڵاتەکانی لە حاڵی پێشکەوتندا لە هەموو کاتەکاندا بەئەژمار دێت. ئەم کارە نیشان دەدات کە شیاوی وەدیهاتنی گەشەی 1 تا 8 لەسەد هەیە، بەڵام هەموو وڵاتەکان توانایی جێبەجێکردنی ئەم کارەیان نیە. ئەم پێوەری بێژاندنە بە تەنیای خۆی بووە هۆی ئەوەی کە 136 وڵات لە لێکۆڵینەوەکە لاببرێن.[2]

---

1 بەو کەرتانەی کە شتومەکگەلێک بەرهەمدەهێنن کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئاڵوگۆڕ دەبن، کەرتەکانی شیاوی ئاڵوگۆڕی پێی دەگووترێ. ئێمە ئەم بەشانە لە خوارەوە باس دەکەین. سپاسی پڕۆفیسۆر جاستین ییفوڵین بە هۆی نووسینە کەسێنییەکانی کە بووە هۆی ڕوونبوونەوەی تێگەیشتنی ئێمە لە چوارچێوەی ناسین و ئاسانکاری گەشەکردن (لین، 2013) دەکەین.

2 ئێمە لە بگۆڕی "cgdp" وەدیهاتوو لە خشتە جیهانییەکانی پێن 7.1 بۆ زانیارییەکانی سەرانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی بەرابەری دەسەڵاتی کڕینی خۆمان کەڵکمان وەرگرت (هێستۆن، سامرز و ئەسینا، 2012). ڕێژەی بەرابەری دەسەڵاتی کڕین (لە ساڵی 2010دا بە پێی دۆلاری نێونەتەوەیی) شیاوی بەراوردکردنی وردتری زانیارییەکانی لە سەر بنەمای دۆلاری ئەمریکی لە نێوان وڵاتەکاندا دابین دەکات. ڕێژەی بەرابەری دەسەڵاتی کڕین ئەم ڕاستیە لەبەر چاو دەگرێت کە ڕەنگە بەرهەم و خزمەتگوزارییە هاوشێوەکان نرخگەلێکی زۆر جیاوازیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا هەبێت. بۆ نموونە، کورتکردنەوەی قژ لە هەرێمی کورستانی عێراق ڕەنگە لە بەراورد لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکاندا زۆر هەرزان بێت، بەڵام بەگشتی خەڵکی وڵاتەیەکگرتووەکان داهاتی زۆرتریان هەیە، هەربۆیە ڕەنگە کورتکردنەوەی قژ بۆ خەڵکی وڵاتەیەکگرتووەکان هەرزان بێتە بەرچاو، لە کاتێکدا

- **ئاستی دابەزینی سەرچاوە سرووشتییەکان ساڵانە زیاتر لە 1 لە سەدی داهاتی نەپاڵێوراوی نەتەوەیی(GNI) لە ساڵی 1995دا.** ئەم پێوەری بێژاندنە پێچەوانەکەری ئەم راستیەیە کە هەرێمی کوردستانی عێراق لێوانلێوە لە سەرچاوە نەوتییەکان. بە شێوەی دیار، بە پێی راپۆرتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەن 45 میلیار بووشکەی پاشەکەوتە پشتڕاستکراوەکانی نەوتە(*گۆڤاری ریڤیۆ*، 2013ب). ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەگەر هەرێم کوردستانی عێراق وڵاتێکی سەربەخۆ دەبوو، هەمان رێژەی پاشەکەوتە نەوتیەکانی پشتڕاستکراوە لە جیهاندا لە ساڵی 2012دا هەبوو کە دوای لیبیا بەڵام لە پێشەوەی نیجیریەوە جێی دەگرت. لە ئێستادا چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمهێنانی نەوتی ساڵی 2013بگاتە 052,000بوشکە لە رۆژدا و ئامانجدانانی جێبەجێکراو 1 ملیۆن بوشکە تاکوو ساڵی 2015یە. لە ساڵی 2012دا، بەرهەمهێنانی 1 ملیۆن بوشکە لە رۆژدا دەبووە هۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق ببێتە بیستەمین بەرهەمهێنەری گەورەی نەوت لە جیهاندا و دوای لیبیا و پێش بەریتانیا جێبگرێت(BP، 2013؛ *گۆڤاری ریڤیو*، 2013ب؛ستەنلی، 2013). ئێمە زانیاریگەلێکمان بەکار هێنا کە نە تەنیا دابەزینی سەرچاوەکانی وزە بەڵکوو هەروەها دابەزینی رێژەی پاڵێوراوی دارستانەکان و دابەزینی مادە کانزاییەکانیش لە خۆ دەگرێت، چوونکوو کاریگەری ئەم بابەتانە لەسەر پێکهاتەی بازاڕی کار و ئابووری گەورە یەکسانە. ئەم پێوەری بێژاندنە بە تەنیا بووە هۆی ئەوەی کە 80 وڵات لە لێکۆڵینەوەکە لاببرێن.[3]
- **نرخی زیادکراوی کشتوکاڵ زیاتر لە 3 لەسەدی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی لە ساڵی 1995دا.** لە بواری مێژووییەوە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەمرۆکە، ناوچەیەکی گرینگی بەرهەمهێنانی گەنمی عێراقە (مەکداوڵ، 2004، لاپەڕەکانی. 117–118). گەرچی کەرتی کشتوکاڵ هێشتا لەحاڵی نۆژەنکردنەوەدایە، بە هۆی ئاو و هەوا، زەوی و بارودۆخی خوازراوی ئاو لە سەر هۆکارە شاراوەکانی سەرەوەی رێککەوتن هەیە. رێژەی ئەم هۆکارە شاراوەیە هێشتا بە باشی دیارینەکراوە. لەوێوە کە کەرتی کشتوکاڵ لە زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا رێژەیەکی بەرچاوی هەیە، ئەم پێوەری برێژەیەکی بەرچاوی هەیە، ئەم پێوەری بێژاندنە بۆ لابردنی ئەو وڵاتانەی کە کشتوکاڵیان نیە یان خاوەن کشتوکاڵ بچووکن هەڵبژێردران. ئەم پێوەری بێژاندنە بە تەنی بووە هۆی ئەوەی کە تەنیا 25 وڵات لە لێکۆڵینەوەکە وەلا بنرێن.[4]
- **حەشیمەتی نێوان 5 ملیۆن تا 50 ملیۆن کەس لە ساڵی 1995.** ئێمە بە زیادکردنی ئەم پێوەری بێژاندنە توانیمان لەسەر ئابوریگەلێک چڕببینەوە کە حەشیمەتەکەیان (و لە ئاکامی بازاڕی کارەکەیان) لە ساڵی 1995دا کەمتر لە حەشیمەتی ئەمڕۆی هەرێمی کورەدستانی عێراق نەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا زیاتر لە دە بەرابەری ئەوە نەبوو. ئەم پێوەرە بەتایبەت سەبارەت بە ئابوریە گەورە پێوەرەکان و کاریگەرییەکای تۆڕەکە کە دەتوانێ پێکهاتە و بزۆزی بازاڕی کار دیاری دەکات، گرینگە. ئەم پێوەری بێژاندنە بە تەنیا بووە هۆی ئەوەی کە 111 وڵات لە لێکۆڵینەوەکە وەلا بنرێن.[5]

ئێمە هەروەها سەرنجی رێژەی لەسەدی کار لە گەشتوگوزاریماندا، بەڵام بێژاندنمان بە پێی ئەو جێبەجێ نەکرد.

---

شیاوی ئەوەیە ئەنجامدانی هەمان کار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بۆ کرێکارێک هەرزان بێت. بۆ ئەو قۆناغانەی کە تێیاندا 807 نموونەی گەشەکردنی وڵاتانی لە حاڵی ەرەسەندندا بە نرخی گەشەی ساڵانە لە نێوان 1 تا 8 لەسەد لە خولەکانی 15 ساڵەدامان بینی، لە بگۆڕی "NY.GDP.PCAP.PP.KD"، سەرانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی بە پێی بەرابەری دەسەڵاتی کرین و بە پێی نرخی جێگیری دۆلاری نێونەتەوەیی 2005 وەدیهاتوو لە پێوەرەکانی پەرەسەندنی جیهانی بانکی جیهانی لە رێکەوتی 11 حوزەیرانی 2013دا کەڵکمان وەرگرت.

3 ژمارە ناوبراوەکان لە کۆپی ساڵی 2012 پێوەرەکانی پەرەسەندنی جیهانی وەدەست هات (ناوی پێوەر: "پاشەکەوتی هاوسەنگ کراو: دابەزینی سەرچاوە سرووشتیەکان [% داهاتی نەپاڵێوراوی نەتەوەیی]"). پێناسەی لە پێوەرەکانی پەرەسەندنی جیهانی بریتییە لە: " دابەزینی سەرچاوە سرووشتیەکان بریتییە لە کۆی دابەزینی پاڵێوراوی دارستانەکان، دابەزینی وزە و دابەزینی مادە کانزاییەکان. دابەزینی پاڵێوراوی دارستانەکان بریتین لە جارەکانی وەبەرهێنان لە هەر یەکەیەک لە سەرچاوەکان کە زیاتر لە هەڵگرتنی بەرهەمی وەدیهاتوو لە گەشەی سرووشتی بێت. دابەزینی وزە بریتییە لە نیسبەتی نرخی ئەو سەرچاوانەی وزە کە هەیە بە ماوەی تەمەنی پاشەکەوتی ماوەی ئەو(لانی زۆر 25 ساڵ). ئەم بەشە خەڵووز، نەوتی خاو و گازی سرووشتی لە خۆ دەگرێت. دابەزینی مادە کانزاییەکان بریتییە لە نیسبەتی نرخی ئەو سەرچاوانەی وزە کە هەیە بە ماوەی تەمەنی پاشەکەوتی ماوەی ئەو(لانی زۆر 25 ساڵ). ئەم بەشە قەلع، ئاڵتوون، سۆرب، رۆح، ئاسن، مس، نیکل، زیو، بوکسیت و فوسفات لە خۆ دەگرێت." بۆ جێبەجێکردنی بێژاندن، گەر زانیارییەک نەبوو وڵاتەکان وەلا نەنران.

4 ژمارە باسکراوەکان لە کۆپی ساڵی 2012دا پێوەرەکانی پەرەسەندنی جیهانی وەدەست هات. پێناسەی لە پێوەرەکانی پەرەسەندنی جیهانیدا بریتییە لە: "کشتوکاڵی گونجاو لەگەڵ بەشی 1 تا 5 ISIC بووە و دارستانداری، راو و ماسیگرتن و هەروەها پەروەردەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمە ئاژەڵییەکان لە خۆ دەگرێت. نرخی زیادکراو بریتییە لە دەرچووی پاڵێوراوی بەشێک پاش کۆکردنەوەی هەموو دەرچووەکان و کەمکردنی پاشەکەوتە نێوەنجییەکان. ئەم رێژەیە بە بێ کەمکردنی هاتنەخوارەوەی نرخی داراییە درووست کراوەکان یان دابەزین و رووخانی سەرچاوە سرووشتییەکان ئەژمار دەکرێت. سەرچاوەی نرخی زیادکراو بە پێی ریزبەندی پیشەیی ستانداردی نێونەتەوەیی(ISIC)، کۆپی 3 دیاری دەکرێت. سەرنج: سەبارەت بە وڵاتەکانی VAB، لە نرخی نەپاڵێوراوی زیادکراو بە پێی تێچوونی هۆکار وەکوو شوێنی دەرچوون بەکاردەهێنرێت." بۆ جێبەجێکردنی بێژاندن، گەر زانیارییەک نەبوو وڵاتەکان وەلا نەنران.

5 ژمارە ناوبراوەکان لە خشتەکانی جیهانی پێندا کۆپی 7.1 وەدەست هات.

پێرستی وەدەستهاتوو 14 وڵاتی بابەتی بەراوردی لەخۆ دەگرت: ئەلجەزایر، ئارژانتین، ئازەربایجان، شیلی، کۆلۆمبیا، ئێکوادۆر، گواتمالا، قەزاقستان، مالزیا، پیرۆ، ڕۆمانی، ئەفریقای باشوور، توونس و ڤێنۆزۆێلا (خشتەی 1.4). ئەم دەستەیە کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە ئابورییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان لە خۆ دەگرێت. ئەم ئابورییانە تایبەتمەندی ئابوری، جوگرافیایی و کەلتووری جیاوازی هەیە و لە ساڵەکانی رابردوودا بە شێوازگەلی جۆراوجۆر پەرەیان سەندووە، لە "گەشەکردنی موعجیزەئامێز"ەوە بگەر تاکوو سەرنەکەوتنی هەست پێکراوی ئابوری گەورە. بە چاوپۆشی لە جۆراوجۆری باسکراو، ئەو وڵاتانەی کە لە پێرستدان لە باری تایبەتمەندییەکانەوە وەکوو هەڵگرتنی بەرهەمی بەرچاو لە سەرچاوە سرووشتییەکان، کار لە پیشەی گەشتوگوزاری و هۆکارە شاراوە بەرچاوی کەرتی کشتوکاڵ هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن. هەندێکیان خاوەن حەشیمەتێکی زۆری موسڵمانن و دوو وڵاتی ئازەربایجان و قەزاقستانیش دەوریان بە وشکی گیراو.

ئێمە دەتوانین ئەم وڵاتانە دابەش بکەین بە چوار بەشی هاوشێوە لە باری قەبارەوە و بۆ ئەم کارە گەشەکردنی سەرەوە وەکوو نرخی گەشەکردنی ساڵانە 3.2 لە سەد یان زۆرتر و گەشەکردنی کەم وەکوو نرخی گەشەی ساڵانەی کەمتر لەم ڕێژەیە پێناسە کردووە و لەپەلەپی کەم وەکوو ڕێژەی بگۆڕەکان 1 یان کەمتر و لەپەلەپی زۆر وەکوو

**خشتە 1.4**
**وڵاتانی هەڵسەنگاندن**

| | 2010 | 1995 | | | 2010–1995 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی (PPP) | حەشیمەت (1000 کەس) | نرخی زیادکراو کشتوکاڵ (%بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی) | کاری گەشتوگوزاری (%بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی) | گەشەی ساڵانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی (%) | لادانی پێوەری گەشەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی (%) |
| ئەلجەزایر | 7,221 | 28,089 | 10.5 | 2.0 | 2.1 | 1.8 |
| ئارژانتین | 14,512 | 35,274 | 5.7 | 2.8 | 2.7 | 4.8 |
| ئازەربایجان | 10,752 | 7,555 | 27.3 | 1.9 | 11.7 | 7.8 |
| شیلی | 15,961 | 14,207 | 9.2 | 2.7 | 3.1 | 3.1 |
| کۆلۆمبیا | 8,975 | 36,532 | 15.3 | 2.0 | 1.3 | 3.0 |
| ئێکوادۆر | 7,346 | 11,266 | — | 1.7 | 1.8 | 3.6 |
| گواتمالا | 7,071 | 10,028 | — | 1.6 | 1.4 | 1.3 |
| قەزاقستان | 15,380 | 15,878 | 12.9 | 0.9 | 6.8 | 5.9 |
| مالزیا | 13,993 | 20,339 | 12.9 | 6.4 | 2.3 | 5.0 |
| پیرۆ | 9,010 | 23,863 | 8.8 | 1.7 | 3.3 | 3.6 |
| ڕۆمانی | 11,761 | 22,687 | 21.4 | 3.4 | 3.5 | 4.8 |
| ئەفریقای باشوور | 8,908 | 42,228 | 3.9 | 2.1 | 2.2 | 2.2 |
| تونس | 7,532 | 8,947 | 13.0 | 7.0 | 2.1 | 2.0 |
| ڤێنێزوێلا | 11,778 | 21,549 | 5.5 | 2.6 | 0.1 | 7.2 |

سەرچاوە: هێستۆن، سامێرز وئەسینا، 2012؛ بانکی جیهانی، بە بێ ڕێکەوت؛ شۆرای سەفەر و گەشتیاری جیهانی، بە بێ ڕێکەوت.

سەرنج: کاری گەشتیاری بریتیە لە یارمەتی ڕاستەوخۆی سەفەرو گەشتیاری بۆ کار؛ گەشەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی ساڵانە بریتیە لە نێوەنجی نرخی گەشەی تێکەڵی ساڵانە.

**خشتە 2.4**
**دەستەکانی وڵاتەکان**

| | **گەشەی زۆر** | **گەشەی کەم** |
|---|---|---|
| گۆڕانی کەم | **دەستەی 1**<br>ئازەربایجان (11.70، 0.66)<br>قەزاقستان (6.82، 0.85)<br>شیلی (3.06، 0.99) | **دەستەی 3**<br>ئەفریقییای (2.24، 0.96)<br>ئەلجەزایر (2.13، 0.86)<br>تونس (2.11، 0.92)<br>گواتمالا (1.35، 0.92) |
| گۆڕانی زۆر | **دەستەی 2**<br>ڕۆمانی (3.47، 1.35)<br>پیرۆ (3.30، 1.06)<br>ئارژانتین (2.66، 1.74)<br>ماڵزیا (2.31، 2.08) | **دەستەی 4**<br>ئێکوادۆر (1.75، 1.97)<br>کۆلۆمبیا (1.37، 2.15)<br>ڤێنێزوێلا (0.15، 18.69) |

سەرچاوە: هەژمارکردنەکانی نووسەران بە پێی هێستۆن، سامێرز و ئەسینا، 2012.

سەرنج: ژمارەکانی نێو کەوانەکە نرخی گەشە و ڕێژەی گۆڕانی پەیوەندیدار بە ساڵی 1995 تاکوو ساڵی 2010یە. نرخی گەشە نیشاندراو نێوەنجی ئەندازەییە کە نێوەنجی نرخی گەشەی تێکەڵی ساڵانەی پێ دەگووترێت. ڕێژەی گۆڕانەکان بریتین لە لادانی پێوەری نرخی گەشەی ساڵانە دابەش بوو بەسەر نێوەنجی ژماردنی نرخی گەشەی ساڵانەدا.

ڕێژەی بگۆڕی گەورەتر لە 1 پێناسە دەکەین (خشتەی 2.4). ڕێژەی بگۆڕەکان بریتییە لە لادانی پێوەری دابەشبوون بەسەر نێوەنج و پێوەرێکی هاوبەشی پەیوەندیدار بە لەپەلەپەوە.[6] دەستەی یەکەم وڵاتگەلێکن کە لە مەودای ساڵەکانی 1995–2010دا گەشەی خێرا و لەپەلەپی کەمیان هەبووە. دەستەی دووەم وڵاتگەلێکن کە گەشەی خێرا و لەپەلەپی زۆریان هەبووە. دەستەی سیهەم وڵاتگەلێکن کە خاوەن گەشەی کەم و لەپەلەپی کەمن. دەستەی چوارەم وڵاتگەلێکن کە خاوەن گەشەی کەم و لەپەلەپی زۆرن. دواتر دەتوانین ببینین کە ئایا ئەو وڵاتانەی کە خاوەن باشترین کردەوەن بە شێوەیەکی جیاواز لەو وڵاتانەی کە خراپترین کردەوەیان هەیە گۆڕاون یان نا و ئەوەی کە ئام کارە لەوانەیە چ ئاکامگەلێکی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق هەبێت.[7]

بە سەرنجدان بەم ژمارانە، کردەوەی گەشەی ئازەربایجان، قەزاقستان و شیلی نموونەیەکی گونجاو دەبن بۆ لاسایی کردنەوەی کوردستانی عێراق، هەرچەند گەشەکردنی ڕۆمانی، پیرۆ، ئارژانتین، یان ماڵزیاش شیاوی قبوڵکردنە. لە بەرانبەردا، کردەوەی گەشەکردنی ئێکوادۆر، کۆلۆمبیا یان ڤێنۆزوێلا بە شێوەیەکە کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێ هەوڵ بدات خۆی لێ بەدوور بگرێت. بەداخەوە زانیاری تەواو بۆ گونجاندی ئەلجەزایر، شیلی و گواتمالامان لەم لێکدانەوەدا نەبوو، هەربۆیە بەشەکانی تری ئەم ڕاپۆرتە لەسەر 11 وڵات چڕبووەتەوە.

## گەشەی کار لە کەرتە سەرەکییەکاندا

لەم بەشەدا، خەریکی تاوتوێکردنی کار لەو وڵاتانەی بابەتی بەراوردکردن دەبین. بۆ ئەم کارە، نیشان دەدەین کە ڕێژەی گشتی کار و کار بە پێی کەرتە بەربڵاوە ئابوورییەکان لە خولی 1995 تا 2009 چۆن گۆڕاوە. کەرتە بەربڵاوە ئابوورییەکان لە خشتەی 4.3دا نیشان دراون.

ئێمە لە زانیارییەکانی کاری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کەڵکمان وەرگرت. بەداخەوە ئەم زانیارییانە بۆ هەموو وڵاتەکان و لە هەموو ساڵەکاندا لەبەردەستدا نەبوو. لە ئاکامدا بە نموونەکانی پەیوەندیدار بەو دەستە لەو وڵاتانەوە خەریک دەبین کە زانیارییەکانی لانی کەمی پێنج ساڵی ئەوانمان لەبەردەستدا بوو. بەم شێوەیە وڵاتانی خوارەوە وەلا

[6] ئێمە ڕێژەی بگۆڕەکان بە کەڵک وەرگرتن لە نێوەنجی هەژمارکردنی گەشەمان هەژمار کرد تاکوو بە کەڵک وەرگرتن لە نرخی گەشەی تێکەڵکراوی ساڵانە.

[7] سەبارەت بە هەندێ لە وڵاتەکان، ڕووبەڕووی هەستیارییەکانی نرخی گەشە بە ساڵی پایەین. ئێمە هەژمارکردنی نرخی گەشە بە پێی ئاستی سەرانەی بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی لە ساڵی 1995 بە دواوەوەمان ئەنجامدا. لەگەڵ ئەمەشدا، ئازەربایجان و قەزاقستان لە ماوەی ساڵەکانی 1994–1995 لەگەڵ گەشەکردنی نەرێنی 27– لەسەد و 12– لەسەددا ڕووبەڕوو بوونەوە، هەربۆیە گەر ئاستی سەرانە بەرهەمهێنانی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی لە ساڵی 1994 بە دواوە لەبەرچاو بگرتبایە، هەژمارکردنەکانی ئێمە تا رادەیەک جیاواز دەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم کارە دەتوانێ کاریگەری زیاتر لەسەر ڕێژەی بگۆڕەکان دابنێت تاکوو لەسەر نرخی گەشەی درێژخایەن.

**خشتەی 3.4**
**کەرتە بەربڵاوەکانی ئابووری**

| |
|---|
| کشتوکاڵ، راو، و دارستانداری |
| ماسیگرتن |
| کان کاری و کانە بەرد |
| بەرهەمهێنان |
| دابین کردن کارەبا، گاز، و ئاو |
| بیناسازی |
| کۆفرۆشی و وردە فرۆشی؛ نۆژەن کردنەوەی کەرەستەی گواستنەوەی ماتۆڕی، ماتۆڕ سیکلت و کەلوپەلی کەسێنی و خێزانی |
| هۆتێل و ڕێستۆرانت |
| گواستنەوە، عەمبارداری و راگەیاندن |
| نێوەندگیری دارایی (حەواڵەی دارایی) |
| مڵک و ماڵ، کرێ و چالاکییەکانی کاروکاسپی |
| فەرمانگەی کاری گشتی و سەربازی؛ دابین کردنی کۆمەڵایەتی ناچاری |
| پەروەردە |
| تەندرووستی گشتی و یاریدەدەری کۆمەڵایەتی |
| چالاکییەکانی دیکەی کۆمەڵی، کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری کەسێنییەکان |
| خێزانەکانی خاوەن کەسی دامەرزێنراو |
| ڕێکخراوەکان و ناوەندە کانی درەوەی سنوور |

سەرچاوە: بەشی ئاماری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بە بێ ڕێکەوت.

سەرنج: ئەم خشتەیە کەرتەکانی گەورەی ئابووری بە پێی پێداچونەوەی سێهەم پێوەری نێودەوڵەتی ریزبەندی پیشەیی (ISIC، پێداچونەوەی 3) نیشانیدەدا کە سیستەمی ریزبەندی بەکارهاتوو بۆ زانیارییەکانی دە وڵاتی بابەتی هەڵسەنگاندنە. لە زانیاریەکانماندا، ریزبەندی کەرتەکانی ئابووری ڤێنێزۆێلا بە پێی ریزبەندی پێوەری ISIC، پێداچوونەوەی 2 جێبەجێکراوە کە کۆپی کۆنتری ئەم پێوەرەیە، بەڵام لێکچونی بەشەکان هێندە بوو کە بکرێ لە زانیاریەکانی ڤێنێزۆێلا لە لێکدانەوەکاندا کەڵک وەربگیرێ.

دەنرێن: ئەلجەزایر، چوونکوو زانیارییەکانی تەنیا پەیوەندی بە ساڵەکانی 2001 تا 2004ەوەیە؛ سەبارەت بە شیلیش تەنیا زانیارییەکانی ساڵی 2002 لەبەردەستدایە؛ گواتمالا، چوونکوو زانیارییەکانی تەنیا پەیوەندی بە ساڵی 2006ەوەیە؛ و تونس کە لە ساڵی 1995 بە دواوە هیچ زانیارییەک سەبارەت بەو بوونی نیە.[8]

دواتر لە هەر وڵاتێکدا لەسەر کەرتگەلێک چڕدەبینەوە کە

- لە یەکەمین ساڵەوە کە زانیارییەکانی ئەو ساڵە لەبەردەستدایە (ساڵی دەستپێک 1995) تاکوو دوایین ساڵێک کە زانیارییەکانی لەبەردەستدایە، گەشەی ئەو لە گەشەی گشتی ئابوری خێراتر بێت.
- لە دوایین ساڵێکدا کە زانیارییەکانی ئەو وڵاتە لە بەردەستدایە، زیاتر لە 5 لەسەدی هەموو هێزی کار دامەزراندبێت.

بە واتایەکی دی، کەرتگەلێکمان هەڵبژارد کە خاوەن گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج بوون و ببوونە هۆی کاری بەشێکی بەرچاو لە هێزی کار.

8 لە هەموو وڵاتەکاندا جیا لو ڤێنێزۆێلا، کەرتە ئابورییەکان بە سەرنجدان بە پێداچوونەوەی سێهەمی ریزبەندی پیشەیی پێوەری نێونەتەوەیی (ISIC پێداچوونەوەی3) ریزبەندی کراون. ریزبەندی کەرتە ئابورییەکانی ڤێنێزۆێلا بە پێی ریزبەندی پێوەری ISIC، پێداچوونەوەی 2) جێبەجێ کراو کە کۆپی کۆنتری ئەم پێوەرەیە، بەڵام هاوشێوەیی کەرتەکان ئەوەندە بوو کە بکرێت لە زانیارییەکانی ڤێنێزۆێلا لە لێکدانەوەدا کەڵک وەربگیردرێت.

سەرەتا ئەم کارە بە کەڵک وەرگرتن لە درێژترین ماوەی کاتی کە زانیارییەکانی ئەو بۆ هەر وڵاتێک لەبەردەستدا بوو ئەنجامماندا، هەر چەند ئەم خولانە بۆ هەر وڵاتێک جیاوازبوو. دەرەنجامەکان نیشانیاندا کە لە نێوان زۆربەی وڵاتانی نموونەی ئاماریدا، چوار کەرتی خوارەوە بە شێوەی بەردەوام گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجیان بووە و بەشێکی بەرچاو لە کار درووست دەکەن: (1) بیناسازی؛ (2) گواستنەوە،عەمبارداری و راگەیاندن؛ (3) بەکۆمەڵ فرۆشی و وردەفرۆشی؛ و (4) خانووبەرە و ئەرز، کرێ و چالاکییەکانی کار و کاسپی (وێنەی 1.4) ئەم بەشانە گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجیان بووە و بەشێکی بەرچاو لە کاریان چ لە وڵاتانی خاوەن گەشەی زۆر و چ لە وڵاتانی خاوەن گەشەی کەم بە خۆیانەوە تایبەت داوە. ەنجامدانی لێکدانەوەیەکی هاوشێوەی دەسپێکی خوارتر کە پێشەکانی دامەزراندنی 3 لەسەدی فەرمانبەرانی وڵاتێک (و نە 5 لەسەد) لەخۆ دەگرێت، بوو ئاکامگەلێکی هاوشیوەی بەدەستەوەدا، جگە لە بوونی زۆر قەویتری کەرتەکانی کاروباری گشتی و سەربازی و خانووبەرە و ئەرز، کرێ و چالاکییەکانی کار و کاسپی.

هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، زانیارییەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە وێنەی 1.4دا لێکدرانەوە، پەیوەندی بە خوڵە کاتییە جۆراوجۆرەکانەوە بوو. ئەم بارودۆخە بەتەواوەتی رازیکەر نیە چوونکوو لەوانەیە کەرتەکانی تر لە ماوی خولە کاتییە جیاوازەکاندا چالاکی گونجاو لە ئاستی جیهانیاندا هەبێت. لەم حاڵەتەدا، رەنگە ئاکامە باسکراوەکان رەوتی گەشەی جیهانی نیشان بدەن نە رەوتی گەشەی کەرتە ئابورییەکان لە وڵاتێکی تایبەتدا. بۆ سەرکەوتن بەسەر کێشەی جیاوازبوونی خولە

**وێنەی 1.4**

**کەرتەکانی خاوەن گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجی و بەشێکی بەرچاو لە کار (ژمارەی جارەکانی روودان لە نۆ وڵاتدا)**




سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێیILO، 2012.

تێبینی: (1) جارەکانی روودان کاتێک ژمێردراوە کە بەشێک زیادتر لەسەدا 5ی کارمەندانی وڵاتێکی خستبێتە سەر کار (بە کرێ گرتبێت) و کاتێک کە ئیش و کاری ئەو خێراتر لە کۆی ئابووری پەیوەندیدار گەشە دەستێنێت. (2) وڵاتانی بە نموونەگیراو و خولی کاتیی داتاکان بریتین لە: ئەرژەنتین (1995–2006)، ئازەربایجان (2003–2008)، کۆلۆمبیا(2002–2008)، ئیکوادۆر (2006-1999)، قەزاخیستان (2001–2008)، مالێزی (2001–2008)، رۆمانیا (1995–2008)، پێرو (1996–2008)، ئەفریقای باشوور (2000–2008) و ڤێنێزوێلا (2001–2008). (3) ئەم چوار بەشەی خوارەوە جارەکانی روودانیان نەبوو و لە شکڵدا پیشان نەدراوە: مسۆگەرکردنی کارەبا، گاز، و ئاو؛ رێکخراوە و دامەزراوەکانی دەرەوەی وڵات؛ ماسیگرتن؛ و کانگایی و کانگای بەرد.

RAND *RR489-4.1*

کاتییەکاندا کە سەبارەت بە زانیارییەکانی وێنەی1.4ە، زانیارییەکان بە پێی چوار خولی کاتی جودا بۆ ژێرکۆمەڵەیەک لەو وڵاتانەی کە خاوەن زانیاری تەواو بوون لە هەر یەک لەم خولانەدا تاوتوێشمان کردن. ئەم کارە ئێمەی لە بەراوردکردنی ئەم بابەتەدا بەتوانا دەکرد کە کام کەرت لە ماوی خولە کاتییە جیاوازەکاندا و لە نێوان وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا، گرینگی خۆی پاراستووە. ئەم خولە کاتییانە بریتین لە 1996–2006 (سێ وڵات بە زانیاری تەواوەوە بۆ ئەم خولە کاتییە)، 1999–2006 (چوار وڵات)، 2001–2006 (هەشت وڵات) و 2003–2008 (هەشت وڵات).

ئاکامی وەدەست هاتوو هاوشێوەی ئاکامەکانی لێکدانەوەی سەرەتایی بوو و نیشانیدا کە ئەم نموونانەی گەشە، نموونەگەلێکی باون بۆ ئابوریگەلێکی وەکوو ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق و تایبەت بە یەک خولی کاتی تایبەت نیە. ئێمە ئاکامەکانی خۆمان بۆ هەر یەک لە خولە کاتییەکان بەشیوەی لەسەدی وڵاتانێکمان کرد کە لەو وڵاتانەدا کەرتێکی ئابوری تایبەتی گەورە بووە و گەشەی کار سەرتر لە نێوەنج بووە. دواتر نێوەنجی ئەم لەسەدانە لە چوار خولی کاتیدا هەژمار دەکەین (وێنەی 4.2). چوار کەرتێک کە زۆربەی جار لە کۆتایی خولەکەدا هەم گەورە بووە و هەم گەشەی کار سەرتر لە نێوەنجیان ئەزموون کرد، بریتیبوون لە: بیناسازی؛ (2) گواستنەوە، عەمبارداری و ڕاگەیاندن؛ (3) بەکۆمەڵ فرۆشی و وردەفرۆشی؛ و (4) پەروەردە. زێدەلەگەڵ، ئەوان پێدەچێ لە هەموو خولەکاندا – نە تەنیا لە یەک یان دوو خولدا – گەورە بو و گەشەی کار سەرتر لە نێوەنج ئەزموون دەکەن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بەشی خانووبەرە و ئەرز، کرێ و چالاکییەکانی کار و کاسبی کە لە وێنی 4.1دا وەکوو بەشێکی گەورە و خاوەن گەشەی کاری سەرتر لە

**وێنەی 2.4**
**پەرەپێدانی کەرتەکانی خاوەن گەشەی کاری بەرچاو وسەرتر لە نێوەنج لە چوار خولی کاتیدا**




سەرچاوە: ئەژمێرکارییەکانی نووسەران بە پێیILO، 2012.
تێبینی: (1) جارەکانی ڕوودان کاتێک ژمێردراوە کە بەشێک زیادتر لەسەدا 5ی کارمەندانی وڵاتێکی خستبێتە سەر کار (بە کرێ گرتبێت) و کاتێک کە ئیش و کاری ئەو خێراتر لە کۆی ئابووری پەیوەندیدار گەشە دەستێنێت. (2) وڵاتانی بە نموونەگیراو بریتین لە: ئەرژەنتین، ئازەربایجان، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، قەزاخیستان، مالێزی، ڕۆمانیا، پێرو، ئەفریقای باشوور و ڤێنێزوێلا. (3) ئەم سێ بەشەی خوارەوە جارەکانی ڕوودانیان نەبوو و لە هێڵکاریدا پیشان نەدراوە: مسۆگەرکردنی کارەبا، گاز و ئاو؛ ڕێکخراوە و دامەزراوەکانی دەرەوەی وڵات ؛ کانگایی و کانگای بەرد.
RAND *RR489-4.2*

نێوەنج دیاریکراوە، لە وێنەی 2.4دا ئەم جۆرە لایەنە بەرچاوانەی نیە. ئەم کارە نیشان دەدات کە بەشی ناوبراو تەنیا لە یەک خولی کاتی تایبەتدا گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجی ئەزموون کردوو نە لە ماوەی خولە کاتییە جیاوازەکاندا.

وڵاتەکان هەندێ جار سیاسەتگەلی ئابوری تایبەت دەگرنەبەر کە کەرتگەلێکی تایبەت بە ئامانج دادەنێن. بەم سیاسەتە مەبەستدارانە، سیاسەتە پیشەییەکانیش دەگووترێت. ئەم کارە دەبێتە هۆی باسکردنی ئەم بابەتە کە لەوانەیە کەرتگەلێک کە زۆرجار گەشەی کار سەرتر لە نێوەنج نیشان دەدات بە شێوەی تایبەت بوو‌بێتنە ئامانجی ئەم سیاسەتداڕشتنانە. ئەم بابەتە دوور دێتە بەرچاو. تاوتوێکردنی سیاسەتە ئابورییەکانی ئەم 11 وڵاتە نیشان دەدات کە لە سەرەتای دەیەی 1990 بەدواوە، جیاواز لە چەند بابەتێک، سیاسەتە پیشەییەکان یان بە بەرنامەکانی نێوان کەرتی وەکوو دابینکردنی ئابوری کۆمپانیا بچووک و نێوەنجەکانی گرێدراو بووە یان بە پشتیوانی لە کەرتی کشتوکاڵ، بەرهەمهێنان، یان هەناردەکردن. لەبەرانبەردا، لێکدانەوەکەی ئێمە نیشانیدا کە ئەو کەرتانەی کە زۆرترین گەشەی کاری لە خۆیان نیشانداوە، ئەو کەرتانە نەبوون کە زۆربەی جار لە پشتیوانی ویستراوی دەوڵەت بەهرەمەندبن. ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو کەرتانەی کە پشتیوانیان لێ دەکرێت رێک بە هۆی هەمان پشتیوانیانەوە گەشەی کاری سەرتریشیان بووە، بەڵام ئەو ئەگەرەش هەیە کە ئەو کەرتانەی کە پشتیوانیان لێ دەکرێت بە شێوەی سرووشتی گەشەی کاری زیاتر لە گەشەی کاری گشتی ئابوریيان نەبووبێت.

## ئاکامەکان

بۆ کورتکردنەوەی دۆزینەوەکانی وێنەکانی 1.4 و 2.4، کەرتە جیاوازەکانمان بە سێ دەستەی گشتی دابەش کرد (خشتەی 4.4). ئەم ریزبەندییە یارمەتی ناساندنی کەرتگەلێک دەدات کە بە ئەگەری زۆر گەشەی کاری زیاتر لە نێوەنج و بەشێکی بەرچاو لە کار لە هەرێمی کوردستانی عێراقیان دەبێت، کەرتگەلێک کە لەوانەیە گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج یان بەشێکی زۆر لە کاریان نیە و ئەو کەرتانەی کە دەیانتوانی لە بارودۆخی تایبەتدا گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج و بەشێکی گەورە لە کار تایبەت بدەن بە خۆیانەوە.

ئەم دۆزینەوانە باس لەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێ چاوەڕوانی ئەوە بکات کە سێ کەرتی خوارەوە لە بەراورد لەگەڵ کەرتەکانی ئابوریدا بگەنە دامەزراندنی بەشێکی بەرچاو لە هێزی کار و گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج: (1) بیناسازی؛ (2) گواستنەوە، عەمبارداری و راگەیاندن؛ (3) بەکۆمەڵ فرۆشی و وردەفرۆشی

لە هەمان کاتدا چاوەڕوان ناکرێت کە هەندێ لە بەشە لاوەکییەکانی سەرچاوە سەرەکییەکانی کار و گەشەی کاربن. ئەم بابەتانە بریتین لە نێوەندگیری دارایی (حەواڵەی دارایی)؛ ماسیگرتن؛ تەندرووستی گشتی و یاریدەدەری کۆمەڵایەتی؛ کان کاری و کانە بەرد و دابینکردنی کارەبا، گاز و ئاو. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەزموونی نێونەتەوەیی نیشان دەدات کە نابێ چاوەڕوان بین کەرتە پەیوەندیدارەکان بە وزەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە – کان کاری و کانە بەرد و دابینکردنی کارەبا، گاز و ئاو – کەرتگەلێکبن کە کاری زۆر درووست بکەن. سەیرکردنێکی وردتری ئەم زانیارییانە نیشان دەدات کە گەرچی ئەم کەرتانە لە ئاڕژانتین، مالزیا و قەزاقستاندا گەشەیەکی نائاسایی و سەرتر لە نێوەنجیان ئەزموون کردوو، بەشێکی بەرچاو لە هێزی کاریان دانەمەزراندووە. لە نێوان وڵاتەکانی نموونەی ئاماری ئێمەدا، قەزاقستان خاوە کان کاری و کانە بەرد و دابینکردنی کارەبا، گاز و ئاو بوو، بەڵام رێژەی کاری کرێکارەکان لەم کەرتانەدا لە ساڵی 2008دا بەڕیز تەنیا 2.4 لەسەد و 2.1 لەسەد بوو. ئەم کەرتانە بە جێی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان، کەرتگەلێک سەرمایەبەرن و چوونەدەرەوە و داهاتیان وەکوو چوونە ناوەوەی گەشەی کەرتەکانی تر کاردەکات.

ئەو کەرتانەی کە مانەتەوە ئەو کەرتانەن کە دەبنە هۆی کاری بەرچاو، بەڵام ئەم کارە تەنیا لە هەلومەرجی تایبەتدا روو دەدات. ئەم بابەتانە بریتین لە (1) پەروەردە؛ (2) فەرمانگەی گشتی و سەربازی؛ (3) بنەماڵەکانی خاوەن کەسانی دامەزراو؛ (4) بەرهەمهێنان؛ (5) هۆتێل و رێستۆرانت؛ (6) چالاکییەکانی تری بەکۆمەڵ، کۆمەڵایەتی، و خزمەتگوزارییە کەسێتییەکان؛ (7) مڵک و ماڵ، کرێ و چالاکییەکانی کار و کاسبی؛ و (8) کشتوکاڵ، راو و دارستانداری.

لە روانگەی سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کەرتەکانی کشتوکاڵ، بەرهەمهێنان و گەشتوگوزاری بۆ گەشەکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق گرینگییەکی تایبەتیان هەیە.[9] جەخت کردنەوە لەسەر کشت و کاڵ بەم

[9] سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەندین وتووێژدا کە لە شووباتی 2010 بە دواوە ئەنجامدراوە جەختیان کردووەتەوە لەسەر گرینگی ئەم کەرتانە لە روانگەی خۆیەوە بۆ پەرەسەندنی ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق. بەم دواییانە هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی سەرمایەگوزاریکوردستان لە دوو وتووێژی جودادا گووتوویەتی کە ئەمانە راسەرییەکانی دەستەی ناوبراون (Marcopolis.net، 2013؛ *گۆڤاری ریڤیو*، 2013ئا).

**خشتەی 4.4**
**ریزبەندی کەرتەکانی ئابووری بە پێی زۆری گەشەی کار سەرتر لە نێوەنج و بوونی بەشێکی گەورەی کار**

| دەستە | کەرت | ئاکامەکان |
| --- | --- | --- |
| زۆری زۆر و واریانسی کەم | بیناسازی | بە ئەگەری زۆر گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج و بەشێکی زۆر لە کاری هەرێمی کوردستانی عێراق |
| | گواستنەوە، عەمبارداری و راگەیاندنەکان | |
| | بازرگانی بەکۆمەڵ فرۆشی و وردە فرۆشی و نوژەنکردنەوە | |
| زۆری نێوەنج و واریانسی سەر | پەروەردە | دەتوانێ لە هەلومەرجی تایبەتدا خاوەن گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج و بەشێکی زۆر لە کاری هەرێمی کوردستانی عێراق بێت |
| | فەرمانگەی کاری گشتی و سەربازی | |
| | خێزانەکانی خاوەن کەسی دامەزرێنراو | |
| | بەرهەمهێنان | |
| | هۆتێل و رێستۆرانت | |
| | چالاکیەکانی دیکەی کۆمەڵی، کۆمەڵایەتی، و خزمەتگوزاری تایبەتی | |
| | خانووبەرە و ئەرز، کرێ و چالاکیەکانی کاروکاسپی | |
| | کشتوکاڵ، راو، دارستانداری | |
| زۆری کەم | نێوەنجی گەری ئابووری | ئەگەری کەمی گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج و بەشێکی زۆر لە کاری هەرێمی کوردستانی عێراق |
| | ماسی گرتن | |
| | تەندرووستی گشتی و یاریدەدەری کۆمەڵایەتی | |
| | کان کاری و کانە بەرد | |
| | دابین کردنی کارەبا، گاز، ئاو | |
| | رێکخراوەکان و ناوەندەکانی دەرەوەی سنوور | |

سەرچاوە: لێکدانەوەی نووسەران بە پێی ILO، 2012.

هۆیەوە روویداوە کە لە باری مێژووییەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق گرینگترین ناوچەی کشتوکاڵی عێراق بوو و ئاو و هەوا و سەرچاوە ئاوییەکانی بۆ کشتوکاڵ گونجاوە. بەڵام لە هەمان کاتدا تا رادەیەک بە هۆی پێخۆشبوون بە خۆبژێوی و پارێزراوی زایاتریش جەختی لەسەر کراوەتەوە. هۆکاری هۆگری بەم پیشەیەوە ئەوەیە کە لە رژیمی پێشووی عێراقدا، دەوڵەتی ناوەندی بەربەست ببوو لەبەردەم سەرمایەگوزاری پیشەیی لە ناوچە کوردنشینەکاندا و ئەوەی کە پیشە وەکوو سەرچاوەیەکی گونجاو بۆ کار دادەنرێت. لێرەشدا وەکوو هەمان بەشی کشتوکاڵ، ئەم پێخۆشبوونە هەیە کە ئەوەی کە ناوچەکە پێویستیەتی لە خۆیدا بەرهەمبهێنرێت. لێکدانەوەی چڕوپڕی گەشەی کار لە کەرتی بەرهەمهێناندا لە خوارەوە دێت. هۆکاری جەخت کردنەوە لەسەر گەشتوگوزاریش ئەوەیە کە هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەن جوگرافیایەکی جۆراوجۆرتر و ئاو و هەوای مامناوەندترە لە بەشەکانی دیکەی عێراق (ن. بارزانی، 2007؛ م. بارزانی، 2009).[10]

ئەم سێ بەشە تەنیا لە ژێرکۆمەڵی وڵاتانی بابەتی بەراوردکردنی خوارەوەدا، گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجی ئەزموون کردووە و بەشێکی بەرچاو لە کاری بە خۆیانەوە تایبەت داوە:

[10] لەوانەیە پرۆژە سەرمایەگوزارییەکان کە لە رێگای دەستەی سەرمایەگوزاری کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت لە هەلومەرجی ویستراوی کار و کاسپی وەکوو دەستپێڕاگەیشتنی ئاسانتر بە زەوی، هاندەرانیماڵیاتی و دابین کردنی ئابوری ویستراو بەهرەمەند ببێت (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2006). لە مانگی ئاداری 2013دا، دەستەکە مەبەستیان وابوو هاندەرەکانی خۆیان بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵی، پیشەیی و گەشتوگوزاری بەرز بکاتەوە (*گۆڤاری ریڤیو* ، 2013ئا).

- بەرهەمهێنان نە تەنیا لە وڵاتانی ئەفریقیای باشوور و کۆلۆمبیادا خاوەن گەشەی کاری سەرتر لە نێونج و بەشێکی گەورە لە کار بوو. ئەم دوو وڵاتە شایەتیگەشەی نەپاڵێوراوی ناوخۆیی کەمێک ماماناوەندی بوون (لە سەرەوە، لە دەستەی 3 و دەستەی 4 ریزبەندی کران).
- کشتوکاڵ، راو، دارستانداری تەنیا لە وڵاتانی ئازەربایجان، ئێکوادۆر و پیرۆدا خاوەن گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج و بەشێکی زۆر لە کار بووە.
- تەنیا لە پیرۆدا و ئەویش لە خولگەلێکی کاتی تایبەتدا، کاری بەشی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ هەردووکیان خێراتر لە کاری گشتی ئابوری، گەشەیان کردووە. لەم رووەوە گەر سیاسەتداڕێژەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەیانەوێت شایەتی پێشکەوتنی بەرچاو لە هەر دوو بەشی کشتوکاڵ و پێشەییدابن، نموونەی ئابورییە هاوشێوەکان نیشان دەدەن کە ئەوها کارێک دژوار دەبێت.
- هۆتێلەکان و ریستۆرانتەکان کە وەکوو ئاسانکاری گەشتوگوزاری سەیر دەکرێن لە پیرۆ، مالزیا، ئێکوادۆر، و لەوانەیە ئەفریقیای باشوور، گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنج و بەشێکی زۆر لە کاریان بەخۆوە دیتووە.[11]

شێوازێکی گونجاوی تر کە بۆ کورتکردنەوەی ئەم ئاکامانە هەیە دابەشکردنی کەرتەکانە بە کەرتەکانی ناسراو بە ئاڵوگۆڕهەڵگر و ئاڵوگۆڕهەڵنەگر.[12] کەرتەکانی ئاڵوگۆڕهەڵگر بریتین لە کشتوکاڵ، راو و دارستانداری؛ ماسیگرتن؛ کان کاری و کانە بەرد کە نەوتیش لەخۆ دەگرێت و هەروەها بەرهەمهێنان. هەر بەو هۆیەوە پێی دەگووترێ ئاڵوگۆڕهەڵگر کە دەکرێ بەرهەمەکانیان بە ئاسانی لە بازاڕی نێونەتەوەییدا ئاڵوگۆڕ بکرێت چونکوو نرخی ئەوانە بە نیسبەت تێچوونی هەڵگرتن و راگواستنیان لە سەرەوەیە. کەرتەکانی تر، وەکوو هۆتێلەکان و پەروەردە و بە شێوەی گشتی شت و مەک و خزمەتگوزاریگەلێک پێشکەش دەکەن کە لە شوێنێکدا کە بەرهەمدەهێنرێت، بەکاریش دەبرێن. هۆکاری ئەم کارە کە هەڵگرتنی دژوار بووە یان تێچوونەکانی بە نیسبەت نرختانەوە زۆر لەسەرەوە بوو. بۆ نموونە، بە شێوەی گشتی پشکنینێکی ئاسایی پزیشکێکی ددان لە شارەکەی خۆماندا زۆر هەرزانتر لە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتە بۆ پشکنینی ددانپزیشکی یان هێنانی پزیشکێکی ددانی بیانی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. دەبێ سەرنج بدرێت کە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان، هەندێ لەم کەرتە ئاڵوگۆڕهەڵنەگرە وەکوو کەرتی پەروەردە ئاڵوگۆڕهەڵگر دەبن. بەڵام بە شێوەی گشتی ئەم دابەشکردنە نەریتییە هەروەها جێگای متمانە ماوەتەوە.

ئاکامەکانی وەدەست هاتوو لە لێکدانەوەی سەرەوە نیشان دەدات کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێ چاوەڕوانی ئەو بێت کە گەشەی سەرەکی کاری لە کەرتە ئاڵوگۆڕهەڵنەگرەکاندا روو بدات. گەشەی رێژەیی کار لە بەشەکانی ئاڵوگۆڕهەڵنەگردایش لە هەم لە ئابوری خاوەن گەشەی سەرەوە و هەم لە ئابوری خاوەن گەشەی خوارەوە روو دەدات. لە لایەکی ترەوە، کەرتەکانی ئاڵوگۆڕهەڵگرە بەدەگمەن لە رستەی جوڵێنەرەکانی سەرەکی گەشەی کار بە ئەژمار دێن. بێگومان ئەمە دەکرێ کە کەرتەکانی ئاڵوگۆڕهەڵگرە بتوانن نرخی گەشەی هاوکاتیش هەم لە کەرتی بەرهەمهێنان و هەم لە کەرتی کشتوکاڵدا روو بدات.

---

[11] زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ئەفریقای باشوور کەرتی هۆتێل و ریستۆرانتەکانیان لەگەڵ کەرتی کۆفرۆشی، وردەفرۆشی و نۆژەنکردنەوەدا تێکەڵ کردووە. ئەم دوو بەشە لە کۆدا 22.9 لەسەدی هێزی کاریان درووست دەکرد و لە ساڵی 2000ەوە تا 2008 بە رێژەی 26.9 لەسەد گەشەیان کردووە. بەڵام بە کەڵک وەرگرتن لەم زانیارییانە شیاوی ئەوە نیە بتوانرێ دیاری بکرێت کە ئایا هۆتێلەکان و ریستۆرانتەکان بە شێوەیەکی جودا گەشەی خێرای پەیدا کردووە و بەشێکی زۆریان لە کار بووە یان نا.

[12] ساکس و لارین، 1993، لاپەڕەکانی. 657–689.

بە واتایەک دەکرێ بگووترێت کە نموونەی پێوەری ئابوورییەکانی لە حاڵی گەشەکردندایە.[13] لە ئاستی داهاتی تایبەتدا، بە بەرزبوونەوەی داهات، داخوازی بۆ کەرتەکانی ئاڵوگۆڕهەڵنەگریش بەرز دەبێتەوە. لە وێوە کە کەرتەکانی ئاڵوگۆڕهەڵگرە لە وڵاتێکدا بەرهەمدەهێنرێن کە هەر لەوێداش بەکار دەهێنرێن، بە شێوەی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنانی ئەم شتومەک و خزمەتگوزارییە ئاڵوگۆڕهەڵگرانە، ڕێژەی کار بۆ بەرهەمهێنانی ئەم شتومەکانە و خزمەتگوزارییەکانیش بەرز دەبێتەوە.

## گەشەی کار لە کەرتی بەرهەمهێناندا

ئێستا لەسەر گەشەی پیشەکانی بەرهەمهێنانی دیاریکراو چڕدەبینەوە. گەرچی لە ئابوریگەلێکدا کە بەراوردمان کردن بەرهەمهێنان سەرچاوەیەکی باش بۆ گەشەکردن نەبووە، بەرزبوونەوەی کار لە کەرتی بەرهەمهێناندا یەکێک لە پێشترێتیەکانی سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. کەوایە خەریکی تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە دەبین کە لە وڵاتانی بابەتی بەراوردکردن کامیەک لە کەرتەکانی بەرهەمهێنان زۆرترین گەشەیان هەبووە.

لێرەداش وەکوو پێشووتر، ئەم زانیارییانە بۆ هەموو وڵاتەکان و بۆ هەموو خولە کاتییەکان لە بەردەستدا نەبوو. کاتێ زانیاریەکانمان لە بەردەستدا بوو، گەشە کردنی ساڵەکانی1995 تا 2009مان تاوتوێ کرد، بەڵام خولەکانی ناوبراو بۆ هەندێ لە وڵاتان جیاواز بوو. زیدە لە گەڵ، سەبارەت بە ئەلجەزایر، شیلی، گواتمالا، پیرۆ و ڤێنێزۆئێلا زانیاری تەواومان لە بەر دەستدا نەبوو، بەڵام زانیاری لە سەر توونس لە بەر دەستدا بوو.

ئیمە بەشی بەرهەمهێنانمان دابەش کردوە بە 23 پیشە و ئەوانەمان بە پێی ریزبەندی ڕێکخراوەی هاوکارییە ئابوورییەکانی پەرەسەندن(ڕێکخراوەی هاوکارییە ئابوورییەکانی پەرەسەندن([OECD، 2011ب]) کۆی پیشەکان بە پیشەی خاوەن تەکنەلۆجیای بەرز و تەکنەلۆجیای نزم دابەش کردووە.[14] لە نێوان ئەم 23 پیشەدا، هەشتیان پیشەی خاوەن تەکنەلۆجیای بەرز و15یان خاوەن تەکنەلۆجیای نزم بوون (خەشتەی4.5). زانیارییەکانی بەرهەمهێنانمان و کار لە ڕێکخراوەی پەرەسەندنی پیشەیی نەتەوە یەکگرتوەکان (UNIDO، 2012) وەرگیراوە.

پاشان هەستاین بە دەستنیشان کردنی پیشەگەلێک کە

- لە یەکەمین ساڵەوە کە زانیارییەکانی ئەو ساڵە لە بەر دەستدایە (ساڵی دەسپێک1995) تا دواهەمین ساڵێک کە زانیارییەکانی لە بەر دەستدایە، گەشەکردنی ئەو لە گەشەی تەواوی بەشی بەرهەمهێنان خێراتر بێت.
- بە پێی زانیارییەکانی دواهەمین ساڵ کە زانیارییەکانی لە بەر دەستدا بوو، ئاستی کاری ئەو زیاترلە 5 لەسەدی وزەی ئیشی تەواوی بەشی بەرهەمهێنان بێت.

بەم شێوەیە توانایی دەستنیشان کردنی ئەو دەستە لە پیشەی بەرهەمهێنانمان دەبێت کە بۆ ڕێژەیەکی بەرچاو لە کرێکاران ئیشی درووست کردوە و گەشەی کارو پیشەی زیاترلە نێوەنجی ئەزموونی کردوە.

سەرەتا ئەم کارە بە کەڵک وەرگرتن لە درێژترین ماوە کە زانیارییەکانی بۆ هەر وڵاتێک لە بەر دەستدا بوو جێ بەجێمان کرد، هەر چەندە ئەم خولانە بۆ هەر وڵاتێک جیاواز بوو. ئاکامەکان نیشانیاندا کە ئەو کەرتە لە بەرهەمهێنان بە ئەگەری زۆر گەشەی سەرتر لە نێوەنجی و بەشێکی زۆر لە کار وەرگرتوو لە بەرهەمهێنان لە نێوان وڵاتانی جێگای بەراورد کردن بە خۆیەوە تەرخان کردوە، پیشەی مادەی خواردن و خواردنەوە دەبێت( وێنەی 3.4). ئەم کارەش سەبارەت بەو وڵاتانەی کە خاوەن گەشەکردنی زۆر و ئەو وڵاتانەی خاوەن گەشەکردنی کەمن راستە. پیشەکانی دیکە کە گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجیان هەبووە و لانی کەم لە سێ وڵاتدا لە سەر بەشی گەورە بە ئەژمار دەهاتن بریتی بوون لە بەرهەمە کانییە ناکانزایەکان، کانزا بنەڕەتییەکان و بەرهەمە دەستکردە کانزاییەکان. تەواوی ئەم چوار پیشەیە بەشێک لە کۆی پیشەی خاوەن تەکنەلۆجیا خۆار سەیر کراوە.

ئاکامی لێکدانەوەی هاۆشێوە ی دەستپێکی خوارتر کە بریتیە لە کۆی پیشە ی دامەزرێنەری 3 لەسەدی فەرمانبەرانی بەرهەمهێنان (و نە 5لە سەد) بووە، پیشەی گەورە ی هاۆشێوە بە گەشە کردنی کاری سەرتر لە نێوەنجی وەدەست هێنا،

[13] ئەندێرسۆن، 1987.

[14] بۆ دابەشکردنی بەشی بەرهەمهێنان بە پیشە ی جیا جیا، لە 23 پیشەی بەرهەمهێنەری هەبوو لە ISIC پێداچوونەوەی 3مان بەکارهێناوە(بەشی ئاماری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بێ ڕێکەوت).

**خشتەی 5.4**
**پیشەکانی بەرهەمهێنان و ئاستەکانی تەکنەلۆجیا**

| پیشە | ئاستی تەکنەلۆجیا |
|---|---|
| بەرهەمهێنانی بەرهەمی خواردەمەنی و خواردنەوە | کەم |
| بەرهەمهێنانی بەرهەمی تووتن | کەم |
| بەرهەمهێنانی تەنراوەکان | کەم |
| بەرهەمهێنانی پۆشاک؛ دەقاق و رەنگرێژی پێست | کەم |
| دەباغچی و دەقاقلێدانی چەرم؛ بەرهەمهێنانی جانتا، جانتای دەستی، زین و یەراق، تاسمە و پێڵاو | کەم |
| بەرهەمهێنانی چێو و بەرهەمە چێوییەکانی چیو پەمە، جیا لە قەنەفە؛ بەرهەمهێنانی بەرهەمە حەسیرییەکان و چنینەکان | کەم |
| بەرهەمهێنانی کاغەز و بەرهەمە کاغەزییەکان | کەم |
| بڵاوکردنەوە، چاپ و بڵاوکردنەوەی میدیا نووسراوەکان | کەم |
| بەرهەمهێنانی خەڵووز، بەرهەمە پێترۆشیمییەکان و سووتەمەنی ناوەکی | کەم |
| بەرهەمێنانی مادەی کیمیاوی و بەرهەمە کیمیاوییەکان | زۆر |
| بەرهەمهێنانی بەرهەمەکانی لاستیک و پەلاستیک | کەم |
| بەرهەمهێنانی بەرهەمەکانی تری کانی ناکانزایی | کەم |
| بەرهەمهێنانی کانزا سەرەکییەکان | کەم |
| بەرهەمهێنانی بەرهەمە دەستکردە کانزاییەکان، جیالە کەلوپەلی ماشینی و کەرەستەکان | کەم |
| بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ماشینی و ئەو کەرەستانەی کە لە دەستەیەکی تردا ریزبەندی نەکرابێت | زۆر |
| بەرهەمهێنانی ماشینە فەرمانگەییەکان، ژمێریاری و کۆمپیتەر | زۆر |
| بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ماشینی و ئەو کەرەستە کارەباییانە کە لە دەستەیەکی تردا ریزبەندی نەکرابێت | زۆر |
| بەرهەمهێنانی رادوێ، تەلەفزیۆن، و کەرەستەکان و دەزگا پەیوەندییەکان | زۆر |
| بەرهەمهێنانی کەلوپەلی پزیشکی، کەرەستەی ورد و ئۆپتیکی، کاتژمێری دەستی و دیواری | زۆر |
| کەلوپەلە گواستنەوەکانی ماتۆڕی، راکێشەرەکان و نیوە راکێشەرەکان | زۆر |
| بەرهەمهێنانی کەلوپەلەکانی تری راگواستن | زۆر |
| بەرهەمهێنانی قەنەفە کە لە دەستەیەکی تردا ریزبەندی نەکرابێت | کەم |
| وەدەست هێنانەوە | کەم |

سەرچاوە: بەشی ئاماری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بە پێ رێکەوت؛ OECD، 2011ب.

سەرنج: ئەم خشتەیە پیشەکانی بەرهەمهێنان بە سەرنجدان بە پێداچوونەوەی سێهەمی ریزبەندی پیشەیی پێوەری نێونەتەوەیی (ISIC پێداچوونەوەی 3) نیشان دەدات. ئاستی تەکنەلۆجیا لەسەر بنەمای کۆپی چاکسازی کراوی نووسەران لە OECD، 2011ب لە بەرچاو گیراوە. ئەم سیستەمی ریزبەندییە بەرهەمهێنان بە گۆڕانی جەستەیی یان کیمیاوی مادەکان یان بەشەکان بە بەرهەمی نوێ پێناسە دەکات. بۆ نموونە، بەسەبەنی شیر دەتوانێ کارێکی بەرهەمهێنانی و بەپێی " بەرهەمهێنانی بەرهەمە خواردەمەنی و خواردنەوەییەکان" لەبەرچاو بگیرێت، گەرچی گاوداری لە بەشێکی تەواو جیاوازدا وەکوو "کشتوکاڵ، راو و دارستانداری"دا ریزبەندی دەبێت (خشتەی 3.4). بەم شێوەیە، بەرهەمهێنانی بەنزین لە نەوتی خاو وەکوو بەشێک لە " بەرهەمهێنانی خەڵووز، بەرهەمەکانی پێترۆشیمی و سووتەمەنی ناوەکی" لەبەرچاو دەگیردرێت، گەرچی دەرخستنی نەوتی خاو ژێرکۆمەڵی بەشێکی تەواو جیاواز واتە " کانکاری و کانەبەرد" سەیر دەکرێت (خشتەی 3.4).

**وێنەی 3.4**
**پیشەی بەرهەمهێنانی خاوەن گەشەی کاری زۆرتر لە نێوەنج و بەشێکی بەرچاو لە کار (ژمارەی روودان لە نۆ ولاتدا)**




سەرچاوە: شیکاری نووسەران بە پێی UNIDO, 2012؛ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،بۆ رێکەوت.

تێبینی: (1) جارەکانی رووداوەن کاتێک ژمێردراوە کە پیشەسازییەک زیاتر لە لەسەدا 5 ی کارمەندانی بەشی بەرهەمهێنانی وڵاتێکی بەکار گرتبێت و کاتێک کە ئیشی ئەو خێراتر لە تەواوی بەشی بەرهەمهێنان گەشە دەستێنێت. (2) وڵاتانی بە نموونەگیراو و خولی کاتیی داتاکان بریتین لە: ئەرژەنتین (1995–2002)، ئازەربایجان (1995–2009)، کۆلۆمبیا (2000–2005)، ئیکوادۆر (1995–2008)، قەزاخیستان (1998–2007)، مالێزی (2000–2008)، رۆمانیا (2003–2008)، ئەفریقای باشوور (1995–2009) و تونسیا (1995–2002). (3) ئەم هەشت بەشەی خوارەوە جارەکانی رووداونیان نەبوو و لە هێڵکاریدا پیشان نەدراوە: بەرهەمەکانی توتن؛ جل و بەرگ، کوڵک؛ چەرم، بەرهەمەکانی چەرم و پێڵاو؛ کاغەز و بەرهەمە کاغەزییەکان؛ ئامێرە ئیدارییەکان، ژمێریاری و کۆمپیوتەر؛ رادیۆ، تەلەفزیۆن، و ئامێرە پەیوەندیدەرەکان؛ ئامێری پزیشکی، ئامێری وردبین و تیشکی؛ و بەرهەمهێنانەوە.

RAND *RR489-4.3*

جیا لە بوونی پیشەی چاپ و بڵاوکراوە. هۆکاری ئەم کارە ئەوەیە کە تەنانەت لە کاتێکدا ئەم پیشە گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجی هەبێت، زۆرجار تەنیا دەبێتە هۆی کاری نێوان 3 لەسەد تا 5 لەسەد وزەی کاری بەرهەمهێنان.

لێرەشدا وەکو لێکدانەوەی کەرتە ئابوورییەکان کە پێشتر لەم بەشەدا پێشکەشکراوە، دەبوا ئەم بابەتەمان تاوتوێ بکردایە کە ئایا بەکەڵک وەرگرتن لە خولی کاتی جۆراوجور بۆ هەر وڵاتێک لە سەر ئاکامەکان کاریگەری دەبێت یان نەخێر. ئێمە لە لێکدانەوەکەماندا لە کەرتی بەرهەمهێناندا، هەروەها تاوتوێ کردنی زانیارییەکانی پێنج خولی کاتی جۆراوجور بۆ بەشێک لەو وڵاتانەی کە زانیارییەکانیان بۆ ئەم خولانە لە بەر دەستدا بوو. ئەم خولە کاتییانە بریتی بوون لە 1995–2008(سێ وڵات)، 1995–2002(چوار وڵات)، 2003–2008 (پێنج وڵات)، 2000–2005 (شەش وڵات) و 1998–2007 (چوار وڵات). ئەم کارە ئێمەی لە بەراوردکردنی ئەم بابەتەدا بەتوانا دەکرد کە کام کەرت لە ماوی خولە کاتییە جیاوازەکاندا و لە نێوان وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا، گرینگی خۆی پاراستووە.

ئێمە ئاکامەکانمان بۆ هەر یەکەو لە خولە کاتییەکان لە شێوەی لە سەر سەدی وڵاتان گۆڕیوە کە لەو وڵاتانەدا پیشەیەکی گەورەی تایبەت بووە و گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجی هەبوو. پاشان نێوەنجی بڕی ئەم لە سەر سەدانە لە پێنج خولی کاتیدامان هەژمار کرد. لێرەشدا بەشەکانی مادەی خواردن و خواردنەوە، کانزا بنەڕەتیەکان وبەرهەمە کانییە ناکانزاییەکان لە روانگەی پێوانە وگەشەی کاری سەرترینەوە پیشە ی بەرهەمهێنان بوون (وێنەی 4.4)

**وێنەی 4.4**

**پەرەپێدانی پیشەکانی خاوەن گەشەی کاری بەرچاو و سەرتر لە ئاستی نێوەنج لە پێنج خولی کاتیدا**




سەرچاوە: شیکاری نووسەران بە پێی UNIDO, 2012؛ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بێ رێکەوت.

تێبینی: (1) جارەکانی روودان کاتێک ژمێردراوە کە پیشەسازییەک زیاتر لە لەسەدا 5 ی کارمەندانی بەشی بەرهەمهێنانی وڵاتێکی بەکار گرتبێت و کاتێک کە ئیشی ئەو خێراتر لە تەواوی بەشی بەرهەمهێنان گەشە دەستێنێت. (2) وڵاتانی بە نموونەگیراو بریتین لە: ئەرژەنتین ، ئازەربایجان، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، قەزاقستان، مالێزی، رۆمانیا ، ئەفریقای باشوور و تونسیا. (3) ئەم شەش بەشەی خوارەوە جارەکانی روودانیان و لە هێڵکاریدا پیشان نەدراوە: بەرهەمەکانی توتن ؛ چەرم، بەرهەمەکانی چەرم و پێڵاو؛ کاغەز و بەرهەمە کاغەزییەکان ؛ ئامێرە ئیدارییەکان، ژمێریاری و کۆمپیوتەر؛ ئامێری پزیشکی، ئامێری وردبین و تیشکی؛ و بەرهەمهێنانەوە.

RAND *RR489-4.4*

بە کەڵک وەرگرتن لە لێدوانی وەبەرهێنان، حەوت پیشەمان دەسنیشان کرد کە هەم گەشەی کاری سەرتر و هەم بەشێکی گەورەی کار لە بەشی بەرهەمهێنانە و لە نێوان تەواوی وڵاتانی نموونە ئاماریان هەبوو(خشتەی6.4) . ئەم پێکهاتەی گەشە و پێوانە لە خولی کاتی جۆراوجوردا رووی داوە.

شەش پیشەی یەکەم لەم پێرستەدا، چ لە وڵاتانی خاوەن گەشەی زۆر و چ لە وڵاتانی خاوەن گەشەی کەم، هەم رێژەی کاری سەر و هەم گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجیان نیشاندا. هەروەها تەواوی ئەوانە بەشێک لە پیشە ی خاوەن تەکنەلۆجیای خوار بوون. بابەتی حەوتەم لەم پێڕستەدا واتە" کەلوپەلەکانی دیکەی گواستنەوە"، لە دوو روانگەوە جیاواز بوو. سەرەتا بە ئەم هۆیە کە بە بەشێک لە پیشە ی خاوەن تەکنەلۆجیای باڵا ریزبەندی کرابوو و دووهەم تەنیا لە وڵاتانی خاوەن گەشەی باڵا، خاوەن رێژەی کاری زۆر و گەشەی کار زۆرتر لە نێوەنج بوو.

**خشتەی 6.4**
**حەوت بابەت لە باشترین پیشەکانی بەرهەمهێنان لە بواری رێژەی کار و نرخی گەشە**

| پیشە | ئاستی تەکنەلۆجیا |
|---|---|
| خواردەمەنی و خواردنەوە | کەم |
| بەرهەمە کانییە ناکانزاییەکان | کەم |
| کانزا بنەڕەتییەکان | کەم |
| بەرهەمە دەستکردە کانزاییەکان | کەم |
| مادە کیمیاوییەکان و بەرهەمە کیمیاوییەکان | کەم |
| بەرهەمەکانی لاستیک و پەلاستیک | کەم |
| کەلوپەلەکانی تری راگواستن | زۆر |

سەرچاوە: لێکدانەوەی نووسەران بە پێی UNIDO، 2012؛ رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بێ رێکەوت؛ و OECD، 2011ب.

بەوشێوەیە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، زۆربەی 11 وڵاتی بابەتی لێکدانەوە، خاوەن سیاستی پاڵپشتیکەر لە گەشەی بەشی بەرهەمهێناندا بوون. ئامانجی ئەم سیاسەتانە زۆرجار تەواوی کەرتی بەرهەمهێنان ولە بڕیاردانەکانی کەرتی تایبەتی لە بواری رێنوێنی کردنی سەرمایە دانانن کاریگەر بوون. هەر بۆیە بەتەواوی بەجێیە کە زۆربەی پیشەی بەرهەمهێنان کە گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجیان بووە بەستراوە پێکهاتەی بەخششی وڵاتانی ناوبراو وەکوو سەرچاوە سرووشتیەکانیانەوە. لە راستیدا، لە هەندێ لە وڵاتاندا کە لە پیشەیەکی تایبەتدا پشتیوانی دەکرا، ئەم پیشەیە لە روانگەی گەشەی کارەوە بەشێک لە پیشەی اکتردا هەژمار نەدەکرا. بارودۆخی پیشەی مادەی خواردن و خواردنەوە تا رادەیەک جیاوازە. ئەم پیشەیە لە هەندێ لە وڵاتانی بابەتی هەڵسەنگاندندا لە پشتیوانی بەرچاوی دەوڵەتی بەهرەمەند بوو و زۆرجار گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجی نیشان دەدا.

هەندێ لەو پیشانەی کە گەشەی کاری سەرتر لە نێوەنجیان لە وڵاتانی بابەتی هەڵسەنگاندا نیشاندا بە باشی دەتوانن لە هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا گەشە بکەن. ئەم بابەتانە بریتین لە بەرهەمهێنانی مادەی خواردن و خواردنەوە بە لە بەرچاو گرتنی سەرچاوەی کشت و کاڵی هەرێمی کوردستانی عیراق؛ بەرهەمە کانیە ناکانزاییەکانی بە لەبەر چاو گرتنی سەرچاوەی کانی هەرێمی کوردستان عێراق؛ و پیشەی بەرهەمە کیمیاوییەکان – کە بریتیە لە پێترۆشیمی – و هەروەها پیشەی لاستیک و پەلاستیک بە لەبەر چاو گرتنی دەست پێڕاگەیشتنی هەرێمی کوردستانی عێراق بە سەرچاوەی هیدرۆکەربونەکاندا.

تەنەنەت لە حاڵەتێکدا کە ئەم کەرتانەی وەبەرهێنان و بەشەکانی دیکەی گەشە بکەن، روون نەیە بتوانن یارمەتی مەزن بە گشت درووست کردنی کار بکەن. لە زۆربەی وڵاتانی بابەتی هەڵسەنگاندنی ئیمەدا، بەشی ئەوان لەم کارەدا زۆر کەم بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی وڵاتانی بابەتی هەڵسەنگاندنی ئیمە بەشەکانی بەرهەمهێنانیان درووست کردووە. هەرێمی کوردستانی عێراق بە هۆکاری مێژوویی تایبەتی خۆی خاوەن کەرتی بەرهەمهێنانی جێگیر نیە و ئەم کارە نیشاندەدا کە لەوانەیە بۆشاییەک بۆ گەشە لەم بوارەدا هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەکان نیشان دەدن کە گەشەکردن لە بەشی بەرهەمهێناندا تەنیا بەشێکە لە درووست کردنی کار و هەڵبەت بەشێکی مەزنیش نیە.

## ئاکامەکانی پەیوەندیدار بە بازاڕی کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

ئەم لێکدانەوە دیمەنێکی درێژخایەنتر بە بەراورد لەگەڵ لێکدانەوەی پێشکەشکردن وداواکردنی وزەی کار کە لە بەشی رابردودا پێشکەشکرابوو لە بەرچاو گیراوە و ئەم کارە بە پێشکەشکردنی بژاردەیەک لە لێکۆڵینەوەکانی بابەتی لە بواری گەشەی کار لە ئابووریدا جێبەجێ کردووە کە لەگەڵ ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا شیاوی هەڵسەنگاندنە. گەرچی ئەم لێکۆڵینەوە بابەتیانە توانای پێشبینی چۆنیەتی گەشەی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نیە، بەڵام نموونەگەلێک لە

چۆنیەتی گەشەی کار لە ئابووریە هاوشێوەکاندا دەخەنە بەردەست کە ئاستی داهاتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێ لە دە تاکوو 15 ساڵی داهاتودا بگاتە ئاستی داهاتی ئەوان.

بەگشتی، سەقامگیرترین گەشەی کار لە وڵاتانی بابەتی بەراوردکردندا لە کەرتە ئاڵوگۆڕهەڵنەگر روویداوە. ئەم کارە نیشان دەدات کە سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تەیارکردنی هێزی کاری خۆی بۆ داهاتوو، دەبێ گەنجەکان بەتوانا بکەن کارامەییە پێویستەکان لەم کەرتانەدا وەدەست بهێنن. لەسەرترینکارەکان لە سێ بابەت لە گرینگترین بەشە بەربڵاوە ئابوورییەکان کە لەسەرەوە جەختیان لەسەر کرایەوە، کارگەلێکن کە تا رادەیەکی زۆر پێویستیان بە کارامەییە تەکنیکی و پیشەییە، وەکوو کرێکارانی پیشەی بیناسازی و هەروەها ئەو کارانەی کە پێویستیان بە کارامەییە پەیوەندی و پێڕاگەیشتن بە مشتەریدایە وەکوو کرێکارانی وردەفرۆشی. خاڵە کلیلییەکان بۆ سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە:

- بە ئەگەری زۆر گەشەی داخوازی بۆ کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە بیناسازییەوە وەکوو پیشە ئەندازیارییەکان و پیشەکانی پێویست بە کارامەیی درووست دەبێت.
- ئەگەری گەشەی داخوازی بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن کارامەییەکانی پەیوەندی و بەڕێوەبردنی خزمەتخواز گونجاودان بۆ پیشە خزمەتگوزارییەکانی خەڵکەی وردەفرۆشی، هۆتێل و گەشتوگوزاری هەیە.
- لەوانەیە داخوازی بۆ کارامەییەکانی کار و کاسپی بۆ نموونە لە کەرتەکانی وەکوو کۆفرۆشی و راگواستندا دەبێت.
- لەگەڵ گەشەی پەیوەندییەکاندا، ئەگەری پێویستی بە کارامەییە پەیوەندییە تەکنیکییەکانیش درووست دەبێت.

بەرزبوونەوەی کار لە کەرتە ئاڵوگۆڕهەڵگرەکاندا یەکێک لە راسەرییەکانی سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم بابەتانە بریتین لە کشتوکاڵ، دەرخستنی کان، نەوت و بەرهەمهێنان. سەرترین کارەکان لە چوار بابەت لە گرینگترین پێشە بەرهەمهێنانەکاندا کە لە سەرەوەدا جەختیان لەسەر کرایەوە کە تا رادەیەکی زۆر پێویستیان بە کارامەییە تەکنیکی و پیشەییەکانە، وەکوو کارە بەرهەمهێنانیەکان، مۆنتاج کارەکان و درووستکەران و کرێکارانی پیشەی کانزایی و پەلاستیک. هەروەها بە ئەگەری زۆر داخوازی بۆ کارامەییە پیشەییە پێشکەوتووەکانی وەکوو کارامەییە ئەندازیارییەکان و ئۆپێراتۆرەکانی کارگەکان و هەروەها کارامەییەکانی کار و کاسپی وەکوو پسپۆڕانی چالاکییەکانی کار و کاسپی هەیە.

راستیەکە ئەوە کە بەشێوەی گشتی ئەم کەرتانە بە گشتی لە وڵاتانی بابەتی هەڵسەنگاندن زۆرترین یارمەتیان نەداوەتە گەشەی کار و لە ئاکامدا لەم بوارەدا دەبێ پارێزبکرێت. نموونەکانی گەشەی پێشووی وڵاتانی تر بە پێی پێویست بەو واتایە نیە کە گەشەی کار لەم کەرتانەدا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هێواش دەبێت یان ئەم کەرتانە بەشێکی بچووکی لە کۆی کارە دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم دەستەیە لە نموونەکان سێ تێبینی گرینگی سیاسەتداڕشتن وەبیر دەهێنێتەوە:

- **سیاسەت داڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ سەبارەت بە ئاگاداری بەربەستگەلێک بن کە رەنگە لە سەر رێگای کشتوکاڵ، دەرخستنی کان، نەوت و بەرهەمهێنان هەیە و دەبێ لە نێویان بەرن.** ئەم بەربەستانە دەکرێ کەلێنە کارامەییەکان؛ کەشێکی چاوەدێری نەویستراو؛ یاسای ئاڵۆز و تێچوونگەلێکی زۆربن کە دەستبەکاربوونی کۆمپانیا تایبەتییە نوێیەکان لەم بەشەدا سنووردار دەکەن؛ یان ژێرسازییە ئاڵوگۆڕییە نەگونجاوەکان بن. رەنگە کشتوکاڵ، دەرخستنی کان، نەوت و هەندێ لە پیشە بەرهەمهێنەرییەکان لەگەڵ قازانجە رێژەییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بگونجێن. لەم حاڵەتەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ هەنگاوی سیاسەتگوزاری بەسوودتر هەڵبگرێت کە بریتین لە هاندانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئابووری بۆ سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، باشتربوونی ژێرسازییەکان، درووستکردنی شارۆچکە پیشەییەکان یان ناوچەکانی بەرهەمی هەناردەکردن، یان پێشکەشکردنی هاندەری ماڵیاتی یان ئابوری لە کورت ماوەدا؛ نەبوونی پاراستن لە بەرانبەر هاوردەکاندا و نەبوونی پوانە پاوانکراوەکان (لین و مۆنگا، 2011). گەر ئەم کەرتانە، بەتایبەت بەشی کشتوکاڵ یان بەرهەمهێنان لەگەڵ قازانجی رێژەیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا نەگونجێن، لەوانەیە پێشکەشکردنی سوبسیت و هاندەرە ئەرێنییەکانی تر ببێتە هۆی سەرمایەگوزاری ناکارامە و گەشەی هێواشتر لە کۆی ئابوری.

- **پەرەسەندنە ئابورییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نابێ تەنیا گونجاو لەگەڵ کەرتە ئاڵوگۆڕهەڵگرەکاندا یان چڕبوونەوی لێیان روو بدات.** پەرەسەندنە ئابورییەکان بۆ کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە کەرتە ئابورییە بەسوودەکانە هەروەها کە ئەو پەرەسەندنە ئابورییانە کە دەتوانن خزمەتگوزاری بگەیەننە کەرتە جۆراوجۆرەکانیش بەسوود دەبێت.
- **گەرچی ڕێژەی ناونووسین لە زانکۆکانی چوارساڵەدا بەرز بووەتەوە، لەوانەیە زۆرێک لە پیشە پێویستەکانی ئەم کەرتانە پێویستیان بە پەروەردەی زانکۆیی نەبێت.** زۆرێک لە کارامەییە پێویستەکان دەکرێ لە ئامادەییەکانی تەکنیکی و پیشەییدا فێربن و هەروەها دەکرێ شایستەیی زیاتر لە ئەنیستیتۆ تەکنیکییە باڵاکان و زانکۆکانی خاوەن چۆنیەتی سەرەوە وەدەست بهێنرێت. زانکۆ تەکنیکییەکان دوای بڕگەی مامناوەندی شایەتی گەشەی خێرای ناونووسین بوون، بەلام ژێرسازییەکانی ئەوان لەم بارودۆخەدا نەگونجاو بووە و لە ئاکامدا لەوانەیە چۆنیەتی پەروەردە کەوتبێتە مەترسییەوە. لەوانەیە سیستەمی پەروەردەی تەکنیکی و پیشەیی قۆناغی ئامادەیی کە چۆنیەتی بەرزتری هەیە و کارامەییەکانی شیاوی پێشکەشکردن لە بازاڕدا پێشکەشی فێرخوازان پێشکەش بکات ببێتە هۆی لابردنی گوشار لەسەر ئەنستیتۆکان و زانکۆ تەکنیکییەکان دوو ساڵە ببێت، لە ئاکامدا ئەوان دەتوانن لەسەر پێشکەشکردنی شایستەییە تەکنیکییە پێشکەوتووترەکان چڕببنەوە. لە لایەکی ترەوە، سیستەمی زانکۆیی بە خێرایی لە پەرەپێداندایە، بەڵام بەرنامە وانەییەکانیان بە پێی پێویست لەگەڵ پێویستییەکانی بازاڕی کاردا ناگونجێت. زێدەلەگەڵ، لەوانەیەچاوەڕوانی دەرچوانی خوێندن سەبارەت بەو پیشەیەی کە دەبێ هەیانبێت لەگەڵ ئەو پیشەیەدا کە دەخرێتە بەردەستیان، نەگونجێت. گونجاندنی باشتری سیستەمی پەروەردەی ئامادەیی و باڵا بە پێویستییەکانی بازاڕی کار بۆ بۆ گەشەی کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق پێویستە.

پاژی پێنجەم

## سیستەمی زانیاریەکانی بازاڕی کار

ئێمە تاکوو ئێستا هەندێک دۆزراوەی پێوەندیدار بە تازەهاتووەکانی پێش بینی کراو بۆ بازاڕی کار، هەروەها خوێندەواری و لێهاتووییەکانیان، داخوازیی خاوەن کارەکان بۆ کارامەییەکانیان و ڕێبازگەلی گریمانەیی گەشەی کەرتەکان لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراقمان پێشکەش کردووە. لە کاتێکدا ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق درێژە بە پێش کەوتنی خۆی دەدات و بە هۆی ئۆگریی دەربڕیو لە لایەن هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بە گەشەی بازاڕ تەوەرە بە بەشداری روو لە گەشەی ئیش و کار لە کەرتە تایبەتیەکاندا، هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە زانیاریی داگر و بەڕۆژکراو، لە چاوەدێری کردنی ڕەوتەکانی بازاڕی کار قازانج وەردەگرێت. ئەم جۆرە زانیارییانە دەتوانن یارمەتی هەرێمی کوردستان بدەن بۆ ئەوەی بە شێوازێکی گونجاوتر وەڵامی گەشەی بازاڕی کار بدەنەوە و سیاسەتگەلێکی بە ئاگاییەوە بگرن. جگە لەمە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئابووریی گەشە دەکات و خاوەنکارەکان پێویستییان بە کارمەندانێک دەبێت کە خاوەنی کارامەیی پسپۆڕانەتر و دەگمەنتر بن، لەوانەیە تۆڕگەلی کاردۆزیی نافەرمی وەک ڕێگەیەک بۆ ڕاهاتوویی داواکاری هێزی کار و هێزی کاری بەکارگیراو کە ئێستاکە بەکار دەهێنرێن، بەس نەبن. لەوانەیە پرۆسەی هاوتاکردنی پێشکەوتووتر و شەفافتر پێویست بێت.

زۆرێک لە وڵاتەکان، لە ڕاستای هەوڵەکانیان بۆ پەرەسەندنی زانیاریی باشتر، چەند نووسینگەیەکی حکومەتییان دیاریی کردوە کە بەرپرسایەتی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی داتاکانی پێوەندیدار بە بازاڕی کاریان لە ئەستۆیە. ئەم کارە هاوچەشنی ئەرکی نوێی ئەنجام دانی توێژینەوەکانی وەرزیی هێزی کارە(LFSs)کە لە ساڵی 2012 بە KRSO سپێردراوە. ئەم نووسینگە و وەزارەتخانانە دەتوانن بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ گرتنی بڕیاری زانایانەتر لە لایەن خاوەنکارەکان، کارمەندان، دامەزراوە پەروەردەییەکان، سیاسەتدانەرەکان و کاربەدەستانی دیکەی بازاڕی کار داتاکانی پێوەندیدار بە بازاڕی کار ڕێک بخەن و لێکیبدەنەوە. لە هەندێک لە وڵاتەکان، نووسینگە حکومەتیەکان کە هەندێک کات هەر ئەو دایرانەن کە دانراون بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی داتاکانی بازاڕی کار، بەمەبەستی بەرانبەر کردنی پێشکەشکردنی هێزی کار لەگەڵ هێزی کاری پێویست، چاوەدێری خزمەتگوزاریەکانی ئاڵوگۆڕیی هێزی کار دەکەن کە هاوچەشنی ماڵپەڕی نوێی ئیش و کاری هەرێمی کوردستانە، کە ئەم ماڵپەڕە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە لە سێپتامبری 2013 دەستی بە چالاکی کردوە. وڵاتەکانی دیکە ئەم کاری بەرانبەر کردنەیان بۆ کەرتی تایبەتی پاراستوە و هەندێکی دیکە لە وڵاتان چالاکیی گشتی و تایبەتی لەم بوارەدا ئەنجام دەدەن.[1] بە چاوپۆشی کردن لەوەی کە خزمەتگوزاریی ئاڵوگۆڕیی هێزی کار لە لایەن کەرتی تایبەتی یان گشتی پێشکەش دەکرێت یان نا، ئەم ئاڵوگۆڕیە وەک دایرەی ناوەندی بەرانبەر کردنی کارە ئامادەکان لەگەڵ کارخوازان، کار دەکات. بە تایبەت، خاوەن کارانی گشتی یان تایبەتی کە بە شوێن کارمەندانی نوێدا دەگەڕێن، زانیاریگەلێک سەبارەت بە کارە ئامادەکان پێشکەش دەکەن و دەتوانن بە شوێن ڕێزوومەی ئەو کارخوازانەدا بگەڕێن کە بە مەبەستی بانگەشەیی ڕاهاتوویی و توانایی خۆیان سیستەمی ئاڵوگۆڕی هێزی کاریان بە کار هێناوە.

هاودەنگییەکان و پرۆسە سەرەکییەکان کە ئەرکی هاودەنگ کردنی کۆکراوەکان، لێکدانەوە، پاشخستن، بە کار هێنانەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە ناو بازاڕی کاردا ئەنجام دەدەن و لەوانەیە میوانداری سیستەمی ئاڵوگۆڕی هێزی کاریش لە ئەستۆ بگرن، بە ناوی سیستەمی زانیارییەکانی بازاڕی کار ناسراون(Mangozho) (LMIS، 2002). لە حاڵێکدا هەوڵەکانی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ پێشکەشکردن و داواکاری بازاڕدا زیاد دەبێت، سیاسەتدانەرەکانی هەرێمی کوردستان داوایان کرد کە ئەم بابەتە بپشکنین کە ئایا LMIS لە گەشە پێدانی سیاسەتەکانی هێزی کار و چاکتر بوونی بازاڕی کار لە

[1] نموونەیەکی سادە سەبارەت بە دامەزراوەیەک کە لە ژێر هەڵسووڕانی کەرتی تایبەتیدایە بۆ بەرانبەر کردنی هێزی کار، ماڵپەڕی Monster.com لە وڵاتە یەکگرتووەکانە.

کەرتی تایبەتدا، بۆ هەرێمی کوردستان کاریگەری باشی هایە یان نا. دەبێ ئەم خاڵەش لە بەر چاو بگرین کە LMIS لەگەڵ سیاسەتەکانی بەربڵاوتری گەشەی سیاسەتی دامەزراو لەسەر داتاکانی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەریدا بن. ئێمە ئەم کارە لەم پاژەدا ئەنجام دەدەین.

ئێمە لە سەر پێناسەکانی کۆکردنەوە، لێکدانەوە و بڵاوکردنەوەی داتاکان بە جیاتی پێناسەکانی ئاڵوگۆڕیی کار جەخت دەکەین، لە بەر ئەوەی کە ئەم دوو پێناسە بۆ کاریگەرییەکی بەکەڵک نابێت پێوەندییان بە یەکەوە ببێت. ئەگەر چی، ئاڵوگۆڕی گشتی لەم راستایەدا دەتوانێت لە رێکخستنی سەری وەختی داتاکانی پێوەندیدار بە گەڕان بە شوێن کارەدا و هەروەها کارە پێویستەکان یارمەتی دەوڵەت بدات، بەڵام، سیستەمێکی ئاڵوگۆڕی تایبەتی دەتوانێت بە شێوازێکی کاریگەرتر کار بکات.

## هەڵسەنگاندنی LMIS ەکان

دامەزراندنی LMIS لەم ساڵانەی دواییدا بووە بە شتێکی باوتر لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا و هەروەها لە وڵاتانیک بە داهاتیکی ناوەندیەوە. زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لەوەپێش بوونە خاوەنی LMIS ەکان. بە مەبەستی دامەزراندن یان باشتر کردنی LMIS ەکان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، رێکخراوە چەند نەتەوەییەکان وەکوو بانکی جیهانی، رێکخراوەی نێونەتەوەیی کار و رێکخراوەی نێونەتەوەیی کۆچ پشتیوانی ماڵی لە هەندێک لە پڕۆژەکانیان کردوە یاندەیکەن. وڵاتانی لە حاڵی گەشە و وڵاتە پێشکەوتووەکان بە نۆبەی خۆیانبە شێوازێکی روو لە زێدەلە حاڵی وەرگرتن یان دامەزراندنی LMIS ەکاندان بەو هیوایە کە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی سەبارەت بە بازاڕی کار بتوانن یارمەتیان بدەن بۆ ئەوەی کە رەوتی پێشکەوتن لێبکۆڵنەوە و سیاسەتەکانی گونجاوی خۆیان بە مەبەستی پەسەند کردنی گەشەی بازاڕی کار بە رێوە بەرن.

بەپێچەوانەی پەسەندبوونیپەسەند بوونی ئێستایانەوە، هیچجۆرە هاوڕاییەک نێوان توێژەرانی بازاڕی کار سەبارەت بە کاریگەرییە راستەقینە ئابوورییەکانی LMIS بوونی نیە و وا دەردەکەوێت کە توێژینەوەگەلێکی براوەی پێوەندیدار بە بایەخی ئەوان بوونی نیە. ئەگەرچی هیچ جۆرە شوێنەوارێک نیە لە سەر ئەوەی کە LMIS بە جۆرێک دەبێتە هۆی خراپتر بوونی ئەنجامەکانی بازاڕی کار، بەو حاڵەوە،هەست بە ئەنجام نەبوونی هەڵسەنگاندنێکی ورد لەبارەی کاریگەرییەکانی هەرزانتری LMIS ەکان دەکرێت(Murray، 2010). لە لایەکی ترەوە، لە رووی ئەوەوە کە هۆگەلی جۆراوجۆر لە سەر گەڕان بە شوێن کار، بەرنامە رێژی کاری، دەرفەتە پەروەردەیەکان، بڕیارە کارییەکان و گەشەی ئابووری کاریگەرییان هەیە، هەڵسەنگاندنی بایەخی LMIS کارێکی دژوارە. جگە لەمە، هەندێک لە توێژینەوەکان، شوێنەوارگەلێک دەخەنە دەست لە سەر ئەوەی کە توخمەکانیLMIS دەتوانن ببن بە هۆی باشتر بوونی بازاڕی کار. ئەم شوێنەوارانە، دۆزینەوەکانی توێژینەوەگەلێکە لە سەر ئەوەی کە زانیارییەکانی بازاڕی کار دەبێتە باشتر بوونی کارکۆی بازاڕی کار (کە لە Woods و O'Leary ناو براون)، ئاسان کردنەوەی گەڕان بە شوێن کار، راوێژکاری کاری و زانیارییەکانی ئینتێرنێتی بازاڕی کار وهەروەها دەتوانێت ئەنجامەکانی بازاڕی کار باشتر بکات (Murray، 2010).

بەوەشەوە، ئەم توێژینەوانە، شوێنەواری بڕاوە نایاتە دەست لەسەر ئەوەی کە یەک LMIS ی داگر کە لە لایەن ناوەندێکی جیاوازەوە میوانداری دەکرێت، دەتوانێت کارکۆیەکی باشی ببێت. لە راستیدا، شوێنەوارگەلێکی دژ بە یەک لەم بوارەدا لە هەندێک لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا هەیە. لە ساڵەکانی 1990دا، 22 پڕۆژە لە 24 پڕۆژەی تەکنیکی، پیشەیی، خوێندەواری و پەروەردەی بانکی جیهانی لە وڵاتانی بیابانی ئەفریقا بوو کە لەخۆگری هەندێک لە جۆرەکانی LMIS بوون بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ درووست کردنی وەڵامدانەوەی زۆرتر بە هێزەکانی بازاڕ. زۆربەی ئەنجامەکان دڵساردکەرەوە بوون و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکان تووشی گرفت گەلێک بوون. جگە لە یەک بابەت، هیچ بابەتێک لەبارەی باشترین کردەوە لەم بابەتەوە بە دەست نەهاتووە. دژوارییەکانی پێوەندیدار بە دروست بوونی LMIS زۆربەی جار بایەخی کەمیان پێ درابوو (Johanson، 2002).

بایەخی راستەقینەی LMIS بۆ هەرێمی کووردستان بۆی هەیە بەستراپێت بە چۆنیەتی نەخشە کێشانەکەی و ئەوەی کە چەند وەخت جارێک کەڵکی لێ وەردەگیرێت و چ کاردایەکی خوازراو و چ خەرجێکی دەبێت. ئێمە لەم پاژەدا ئەم ئەندازانە هەڵناسەنگێنین، لەبەر ئەوەی کە ئەو بابەتە سەرتر لە ئامانجەکانی ئەم خوێندنەوەی ئێستایە. ئیمە لێرەدا بە شێوەیەکی قووڵتر LMIS و ئەوەی کە LMIS چۆن کار دەکات و هەروەها ئەمەی کە رێگاکانی ئێستایی LMIS لە وڵاتانی دیکە چۆنن، دەپشکنین تا بەم جۆرە بتوانین دۆخێک بۆ هەرێمی کوردستان بڕەخسێنین بە مەبەستی گرتنی بڕیاری ئاگادارانەتر سەبارەت بەوەی کە ئایا LMIS دەتوانێت لە یارمەتیدانی گەشەی بازاڕی هێزی کاریی کەرتی تایبەتی بەکەڵک بێت یان نا. ئێمە هەروەها ئاماژە بە دوو رێگەچاری جێگر دەکەین. هەوەڵ رێگەچاری جێگر، سیستەمی ناکۆجێیی کەرتی

تایبەتیە. دووهەمین ڕێگەچاری جێگر، سیستەمی ناناوەندی دەوڵەتییە کە لەودا زۆربەی کارکۆکانی گرینگی LMIS بەردەوام لە ناو حکومەتدا ئەنجام دەدرێن هەر بەو جۆرەی کە ئێستا لە ئاستیKRLFS و کارەکانی کوردستان بەڕێوە دەچن.

## پێشینە، ئامانجەکان و پێناسەی سیستەمی زانیارییەکانی بازاڕی کار

بە پێی توێژینەوەکانی ئەنجام دراو لە لایەن ماری (2010)، دەستەواژەی "زانیارییەکانی بازاڕی کار" بە سێ جۆر لە زانیارییەکان ئاماژە دەکات: زانیارییەکانی پێوەندیدار بە ڕەوتەکانی بازاڕی کارەوە کە بریتیە لە پێش‌بینی ڕەوتەکانی داهاتوو، زانیارییەکانی پێوەندیدار بە کارگەلی پێویستی تایبەت و زانیاریەکانی پێوەندیدار بە کارامەییەکان، خوێندن و تایبەتمەندییەکانی دیکەی کرێکارانی جیاکراو.

یەک LMIS بە نۆبەی خۆی دەتوانێت وەکوو گشتێک لە بەرچاو بگیرێت کە کاری کۆکردنەوە، لێکدانەوە و هاودەنگ‌کردنی تەواویی داتاکانی هەبوو و پێوەندیدار بە زانیارییەکانی بازاڕی کار ئەنجام دەدا و ئەم زانیارییانە بە مەبەستی کەڵک‌وەرگرتنی تەواوی کاربەران لە بازاڕی کاردا و هەروەها بۆ سیاسەت دانانەکانی بازاڕی کار پاشەکەوت دەکا و بڵاویان دەکاتەوە. ماڵپەڕەکان زۆربەی کاتلە LMIS یێکدا وەکوو لێهاتی زانیارییەکان ڕۆڵ دەبینن. بۆی هەیە کە کاربەرەکان بریتی بن لە سیاسەتدانەران، دامەزراوەکانی خوێندنی و پەروەردە، توێژەران، ڕاوێژکارە کارییەکان، کارخوازان و خاوەن کاران. داتا کۆکراوەکان دەتوانن لەخۆگری زانیارییە چۆنیەتی و چەندێتییەکان بنو دەبێت هەروەها لەخۆگری زانیاریی لەبارەی پێشکەشکردن و داواکاریی بازاڕی کار بن. جگە لە بەدەست هێنانی زانیاری لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، LMIS بە مەبەستی پێشکەش‌کردنی بەرهەمە بەرچاوەکان بۆ کەڵک‌وەرگرتنی بەشدارەکان بە مەبەستی یارمەتیدانیان بۆداڕشتنی بەرنامەکانیان، زانیاریەکان لێکدەداتەوە. مەبەست لە LMIS بە کارکۆی خوازراوەوە، بە جێ‌هێنانی ئەرکەکەی وەکوو سەرچاوەیەکی تاق بۆ بە دەست هێنانی زانیاریی و داتای جێ‌بڕوایە بە مەبەستی پشتگیری لە گرتنی بڕیاری ئاگادارانە لە بارەی بوارەکانی پێوەندیدار بە بازاڕی کارەوە.

بە پێی توێژینەوەی مارتین (Martín) (2011)، LMIS یێک دوو ئامانجی زۆر گشتی هەیە.

1. **سیاسەت دانان و بڕیاردان لە بارەی پێویستیەکانی داهاتووی بازاڕی کار** هەوەڵ مەبەستی سەرەکی LMIS، دابین کردنی دۆخ بۆ بڕیاردان و بەرنامەڕێژی سیاسی باشتر بە لەبەر چاو گرتنی پێویستیەکانی داهاتووە. بە مەبەستی پێش‌بینی پێویستیەکانی داهاتووی بازاڕ بۆ کارامەییەکانی پێویست، LMIS کاری کۆکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکانی پێوەندیدار بە بازاڕی کار ئەنجام دەدات (Martín، 2011). ئەم کارە بە گشتی لە لایەن سەرچاوەی ناوەندی داتاکان و کارکۆری بڵاوکردنەوەی داتاکانی LMIS ەوە ئەنجام دەبێت. خوێندکاران و دیکەی کارخوازان، ڕاوێژکارانی کار، دامەزراوەکانی خوێندنی و پەروەردە و خاوەن‌کارەکان دەتوانن لە زانیارییەکانی هەبوو لەم سەرچاوە وەکوو یارمەتیدەرێک بۆ بڕیاردانەکانیان سەبارەت بە بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو کەڵک وەربگرن. هەروەها حکوومەت بۆخۆی دەتوانێت وەکوو کاربەرێکی سەرەکی سەرچاوەی داتاکان بناسرێت لە بەر ئەوەی کە نوێنەرانی وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکان بۆ بڕیاردان سەبارەت بەوەی کە چ سیاسەتگەلێک بەڕێوە بەرن و کامانە بخەنە لاوە، دەتوانن بە LMIS دەستڕەسپیەیدا بکەن کە ئەم کارە بەتایبەت لە بوارەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتەکانی کۆچ، بازاڕی کار و سیاسەتەکانی خوێندن بەکەڵکە. یەکێکی تر لە باشییەکانی پۆتانسیێلیی تری لە بەردەستدا بوونی LMIS یێک بریتیە لە کەڵکوەرگرتن لە زانیارییەکانی هەبوو و پێووەندیدار بە بازاڕی کاری ئێستاکە و داهاتوو بۆ دامەزراوە خوێندنی و پەروەردەییەکان بە مەبەستی متمانەدانی ئەم شتە کە ناوەرۆکی خولە خوێندنیەکان لەگەڵ پێویستیەکانی بازاڕی کار بەرانبەر بن(Mangozho، 2002).
2. **ئاڵوگۆڕی هێزی کار بۆ بازاڕی ئێستای کار** هەروەها LMIS دەتوانێت ئامانجەکان بە شێوەیەکی خێراییتر لە ڕێگەی بەرانبەرترکردنی پێشکەشکردن و داواکاریی هێزی کار نێوان داوکارانی کار و خاوەن‌کارەکان کە کارگەلێکیان بۆ نواندن هەیە بەدی بێنێت. مەبەست لە کاردای بەرانبەر کردنی کاریی LMIS، زێدە کردنی ئاستی بەکارگرتنی ئێستایە و کاربەرانی سەرەکی ئەم کاردایەیە، خاوەنکارانێکن کە دەیان‌هەوێتهەندێک کەس بەکاربگرن، وە هەروەها کارخوازان و کەسانی ناوبژیی بازاڕی هێزی کار وەکوو ڕاوێژکارانی کاریی.

لە هەندێک لە وڵاتەکان، LMIS بە گشتی ئامانجە سەرەتاییەکەی بە ئەنجام گەیاندوە و کەرتی تایبەتیش بە گشتی ئامانجی دووهەم بە جێ دێنێت. کەواتە دوور نیە کە LMIS یێک بە مەبەستی شوێندانان لە سەر گرتنی بڕیارەکان، تەنیا یەکەمین کاردای خۆی لە ڕێگەی ڕێکخستنی داتا ئاماریەکانی بازاڕی کار دێنێتە دی. بەمەشەوە، بە دەست هێنانی

**خشتەی 1.5**
**پوختەی ناوکەوتی داتاکانی LMIS بە پێی پێشترێتی**

| کردەوە LMIS | بەشەکانی LMIS | یاداشتەکان |
|---|---|---|
| زانیاری پێشکەش کردنی هێزی کار | ئاماری هێزی کار | LFS ییەکانی سێ مانگ جارێک کە بە ڕێکوپێکی لە لایەن KRSO پلانیان بۆ داڕێژراوە، دەتوانن وەکوو بنەمای LMIS کار بکەن و داتاکانی حەشیمەتی و پەیوەندیدار بە ئامارگرتنەکان لە هەڵسەنگاندنە ئەنجامدراوەکان سەبارەت بە خێزانەکان وەکوو IHSES 2007 تۆڕی زانستی عێراق 2011 دەکرێت پێکەوە تێکەڵ بکرێن. |
| | ئامارەکانی خوێندن و توانایییەکان | MOE و MOHESR زانیاری ناونووسی کۆکردووەتەوە و RAND هەڵسەنگاندنی هێڵی بنەمایی سەبارەت بە تازەهاتووانی گریمانەیی لە بازاڕی کاری داهاتووی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کردووە. شێکاری هاوشێوە دەکرێت لە داهاتوو بۆ بەرۆژ راگرتنی زانیارییەکان جێبەجێ بکرێت. |
| زانیاری پەیوەندیدار بە داواکاری بۆ هێزی کار | هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی بازاڕی کار | لێکۆڵینەوەی ئەنجام دراو لە لایەن RAND سەبارەت بە 360 خاوەنکاری تایبەتی دەتوانێت وەکوو LMNA ییەکی بنەمایی بە کاربهێنرێت. LMNA کانی داهاتوو دەبێت بە مەبەستی بەرۆژ راگرتنی دەسکەوتەکان پلان داڕێژی بکرێن. |
| زانیاری پەیوەندیدار بە پێشکەش کردنی هێزی کار | تۆماری کەسانی دانشتووی بیانی | دانانی سیستەمی بەهاوبەشی دانانی داتاکان لەگەڵ مفەرمانگەی کۆچبەری و کونترۆڵی سنوورەکان، وێنەیەکی تەواو لە کارامەییە هەبووەکان لە نێوان هێزی کار پیشان دەدات. |
| کردەوەی راهاتوویی بازاڕی کار | تۆماری ئیشە پێویستەکان یان داتا کۆبووەکانی پەیوەندیدار بە ئیشە پێویستەکان | زانیاری سەبارەت بە ئیشە پێویستەکان دەتوانێت داتای بەرۆژ سەبارەت بە داواکاری بۆ هێزی کار بخاتە بەر دەست بەکارهێنرانی LMIS. |
| | تۆمار کردنی ئەو کەسانەی کە بە شوێن کاردا دەگەڕێن | کردەوەی راهاتوویی کاری کە بریتییە لە تۆماری زانیاری پەیوەندیدار بەوانەی بە دوا کارەوەن و ئیشە هەبووەکان، تەنیا ئەو کاتەی کە پەرە پێدەدرێت کە دڵنیا ببینەوە لەوەیکە هەرێمی کوردستان ئۆگری و توانایی ئەنجامدانی ئەم کارەی هەیە و کەرتی تایبەتی ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات. |
| | زانیاری پێشکەش کراو لە لایەن دامەزراوە تایبەتییەکانی کاردۆزینەوە | دامەزراوە تایبەتییەکانی کاردۆزینەوە ئێستا بە شێوەی ئاسایی لە لایەن خاونکارانی تایبەتییەوە بەکار دەهێنرێن و هەرێمی کوردستان دەتوانێت هاندەری راپۆرتدانی داخوازانەی داتاکان و زانیارییەک بێت کە دەکرێت بە هەموو خەڵکی راپۆرت بدرێن (وەکوو ئامارە گشتییەکانی کاردۆزینەوە و کارامەییە کارییەکان کە داواکاری زۆریان بۆ دەکرێت). ئەم داتانە دەتوانن لە بەشەکانی سەرچاوەی داتاکان و لە گۆڕینەوەی هێزی کار بەشداری بکەن. |

سەرچاوە: شیکردنەوەی نووسەر کە لە خوێندنەوەی Woods and O'Leary، 2006 وەرگیراوە.

تێبینی: هەڵسەنگاندنی تۆڕی زانستی عێراق (IKN) کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق، هەرێمی کوردستان و رێکخراوە ئامارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام دراوە. دەرەنجامەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە دەتوانن لە رێکخراوی ناوەندی ئامار، نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان و لە دەرەنجامە دەستەبەر کراوەکان لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان 2012، بدۆزنەوە. ئەم هەڵسەنگاندنە لە ساڵی 2011 ئەنجام دراوە و بە ناویIKN 2011 دەناسرێت.

زانیارییەکانی پێوەندیدار بە پێداویستیە کاریەکان چ لە ئاستی تاک یان لە ئاستی کۆکراوەی کاریی و خۆجێیی، بۆ نموونە ئەو زانیارییانە لە خۆ دەگرن کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە سیستەمی ئاڵوگۆڕیی کاردا دەدۆززرێنەوە و دەبنە هۆی ئاسان بوونەوەی بڕیاردانەکان.

## وێکخستن و لێکدانەوەی داتاکان لە ئاستی وەزارەتخانەکان و لە ئاستی کەرتە گشتی و تایبەتیەکان

هۆکاری سەرەکی لە کاردای LMIS دا، وێکخستنی سەرچاوەکان و داتا جۆراوجۆرەکانە بە پێگەیەکی داتایی داگر و شیاوی کەڵک وەرگرتن یان کۆمەڵێک لەو پێگە داتاییانەیە کە پێوەندیان پێکەوە هەیە کە زۆربەی کات لە کەرتە حکوومی و تایبەتیەکان کۆ دەکرێنەوە. ئەگەر LMIS کاردای بەرانبەر کردنی بازاڕی کاریش لە خۆ بگرێت، ئەمە دەبێتە هۆی چوونە سەرەوەی پێویستی داتاکان. هەموو ئەم بابەتانە ئەوە دەگەیەنن کە وەگەڕکەوتنی زانیاریگەلێک لە نێوان وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکان و دامەزراوە سەربەخۆکان کە ئەم زانیارییانە دەخەنە ناو LMIS ەوە شتێکی پێویستە،و رێکخستن و بە هاوبەشی دانانی داتاکان پێویست دەکەن. ئەم چەشنە لە هاوبەشی دانانی داتاکان کە لە رابردوودا لە نێوان وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی خوازراو بە ئەنجام نەگێشتوە (Berry et al.، 2012)، بەڵام بەوەشەوە، لە دروست بوونی سەرکەوتووانەی LMIS بە کاردای شیاوەوە، رۆڵێکی سەرەکییان هەیە. بە پێی راپۆرتێک کە لەبارەی

دامەزراندنی LMIS ێکی کاریگەر ئامادە کراوە، "زانیارییەکان تا ئەو جێیە خوازراون کە بایەخێکی گونجاویان لەگەڵ ڕەوتی زانیارییەکان هەبێت (Martín، 2011). پێویستە کە LMIS ێک لە پرۆسە و کاربەرەکانی زانیارییە جۆراوجۆرەکانی بازاڕی کار، نموونە هەڵگرێ و بەشداری ئەوان لە سەرکەوتنی LMIS گرینگییەکی سەرەکی هەیە.

هەروەها خاڵێکی سەرەکی دیکە لە سەرکەوتنی LMIS، لێکدانەوەی ئەو زانیاریانەیە کە پێوەندییان بە بازاڕی کارەوە هەیە. توێژینەوە ئەنجام دراوەکانی پێشوو لە لایەن RAND یەوە، نموونەکانی کەڵک وەرگرتنی نەشیاو لە سەرچاوە زانیارییەکانی هەبوویان پێناسە کردوە. ئەمە بەو مانایەیە کە تەنیا کۆکردنەوەی پێشینەکان لە سەر لاپەڕە یان تەنانەت لە پێگەکانی داتای ئەلەکترۆنیکی بە ناچار بەو مانایە نیە کە ئەم پێشینانە لە حاڵەتێکدا کە وەک بنەمایەک بۆ بڕیاردان لێک نەدرێنەوە، بە کەڵک دەبن. شیکارەکانی بازاڕی کار کە بە مەبەستی پێشکەشکردنی بەرهەمی شیاوی تێگێشتن بە کاربەرە جۆراوجۆرەکانی LMIS خەریکی ڕێکخستن و لێکدانەوەی داتاکانی بازاڕی کار دەبن، دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سەرکەوتنی LMIS دا هەبێت.

وێنەی 5.1 ڕەوتی لەبەرچاو گیراوی زانیارییەکان لە سەرچاوە یان دەرگانە جۆراوجۆرەکان لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات کە LMIS ی گریمانەیی وێکخستن و لێکدانەوەی ئەم داتایانە لە لایەن نووسینگەی LMIS، ئەنجامەکان و کاربەرانی ئەم زانیارییانە پێشکەش دەکەن کە لە لایەن LMIS ەوە لێکدراونەوە.

**وێنەی 1.5**

**هێڵکاری گەڕانی پرۆسەی سیستەمی زانیاری پەیوەندیدار بە بازاری کار**




سەرچاوە: شیکاری نووسەران لە وێژەزانی توێژینەوەی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار.

RAND *RR489-5.1*

## ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بە LMIS هەیە؟

بە هۆی ئاڵوگۆڕیە ئابووریەکان و جیهانی بوونی خێرای هەرێمی کوردستان، ئەم هەرێمە پۆتانسیێلی کەڵکوەرگرتن لە LMIS ی هەیە. هەوڵەکانی دوایی لە راستای بەهێز کردنی KRSO دەتوانێت ئەوە بکاتە خاڵێکی دەسپێکی زۆر باش بۆ دامەزراندن و میوانداریی LMIS. ئەگەرچی ئێمە لێرەدا ناتوانین ئەمە دیاری بکەین کە بە چ ئەگەرێک و بە چ رادەیەک لە خەرج کردن LMIS دەتوانێت لە هەرێمی کوردستاندا سەرکەوتوو بێت. هەروەها ئەم هۆکارانە بەستراونەوە بە نەخشەکێشانێکی وردی هەڵبژێردراو بۆ هەموو LMIS ەکان، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئایا کارداکانی سەرچاوەی داتاکان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان دەبێت بخرێنە ناو یان نا.

بەرهەمی توێژینەوەکانی ئێمە ئەمەیە کە لە ناو گەشەی خێرایی ئابووری، کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان زۆربەی کات ناچارن بڕیارە سیاسیەکانی خۆیان بە پێی سەرچاوە جیاکانی داتاکان یان تەنانەت بە بێ لەبەردەستدا بوونی هیچ جۆرە داتایەک بدەن. بڕیاردەرەکانی کەرتە حکومیی و تایبەتیەکان دەتوانن بە مەبەستی وەرگرتنی رێنوێنی بۆ بڕیارە پەروەردەیی و دامەزراندنەکانیان لە زانیاریی سیستەمی و بەڕۆژ کەڵک وەربگرن. ئەگەر LMIS ێک دابمەزرێت کە بتوانێت زانیاریی سەروەخت و داگر لەبارەی بازاڕی کارەوە رێکبخات و بڵاویان بکاتەوە، ئەم کارە دەتوانێت بە شێوەی پۆتانسیێلی لە ئاسان کردنەوەی بڕیاردانەکان لە لایەن تەواوی تاکەکان و رێکخراوەکانی بەشدار لە بازاڕی کاردا یارمەتیدەر بێت تا ئەوجێیەی کەئەم زانیارییانە، لەسەر وەخت، ورد وە شیاوی کەڵکوەرگرتن بن.

جیهانی بوون بۆتە هۆی زیادبوونی گرینگی رەوتی کاریگەری زانیارییەکانی بازاڕی کار وەک دەرگایەک بۆ تەواوی ئابوورییەکان تاوەکوو ئەم ئابووریانە بتوانن لە حاڵێکدا کە ئاڵوگۆڕیە تێکنۆلۆجیە خێراکان دەبنە هۆی ئاڵووگۆڕیی خێرا لە لە کارامەییە پێویستەکان و کارگەلی ئامادە، هەروا بە شیوازێک کە کێبەرکێیان لە سەر بێت بمێننەوە (Woods and O'Leary، 2006). هەروا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، نزیک بە هەموو (ئەگەر هەمووشیان نەبن) وڵاتە پیشەسازییەکان LMIS یان هەیە و رادەی ئەو وڵاتانەی کە لە حاڵی گەشەدان و دەستیان بەم کارە کردوە، روو لە زیاد بوونە. بەڵگە هێنانەوە لە سەر ئەمەیە کە LMIS ەکان بە بەجێهێنانی ئەرکی خۆیان وەک سەرچاوەیەک بۆ زانیارییە بەڕۆژەکان دەتوانن ببنە هۆی کارامەیی زیاتری بازاڕی کار لە وەها دەبەرگەلێکی جیهانی کێبەرکییدا (Woods and O'Leary، 2006). هەروەها وڵاتەکان بە شێوەیەکی رو لە زێدە گرینگی وێکخستنی زانیاریی نموونەکانی کۆچ لە بازاڕی کاردا لە حاڵێکدا کە جیهانی بوون سنوورە نەریتیەکانی بازاڕی کار دەشکێنێ، دەرک دەکەن. ئەمەش دەتوانێت پێوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت کە لەوانەیە خاوەنی ئاستێکی باڵای کۆچی نێوسنووری هێزی کار چ بەرەو دەر و چ بەرەو ناو بێت.

بە هۆی گەشە سەندن و جیهانی بوونی خێرا هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ کەرتێکی حکوومی گەورەدا ئاوێتە بووە، هەرێمی کوردستان لەگەڵ قەیرانێک لە بواری گەشەی سیاسەتەکانی بازاڕدا کە دەتوانن ببنە هۆی هەڵنانی گەشەی کەرتی تایبەتی رووبەڕوو بۆتەوە. وەک نموونە، ئەو کێشانەی کە رووبەڕوویان دەبێتەوە ئەوە لە خۆ دەگرێت کە ئایا هەرێمی کوردستان دەبێت رادەی کرێکارانی بیانی کە ئیزنیان وەرگرتوە بێنە ناو ئەم هەرێمەوە سنووردار بکات و ئەوەی کە هەرێمی کوردستان چ چەشنێک لە بەرنامە پەروەردەیی و خوێندنییەکان پەسند بکات تاوەکوو لە زانستگا حکوومیەکانی پێشکەش بکرێن. LMIS ێک بە کاردای خوازراوەوە، کە لێکدانەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی بازاڕی کار دابین دەکات، دەتوانێت یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات تاوەکوو ئەو سیاسەتانەی کە لە سەر داتاکان دادەمەزرێن گەشە پێ بدات کە لە راستای پشتیوانی کردن لە ئامانجی هەرێمی کوردستان لە گەشەی کەرتی تایبەتی و درووست کردنی کاردان. جگە لەمە ئاڵوگۆڕی هێزی کار چ وەک بەشێک لە LMIS ی فەرمی یان بە شێوازێکی تایبەتی بەڕێوە بچێت دەتوانێت رەوتی بەرانبەر کردنی ئەو خاوەنکارانەی کە پێویستی کاریان هەیە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ رەوشتەکانی ئێستایی باشتر بکات کە ئەم رەوشتانە زۆرتر لە سەر بنەڕەتی تۆڕگەلی نافەرمی وەک سەرچاوەی زانیارییەکانن.

بەم حاڵەش، LMIS تا ئەو جێیە دەتوانێت بە کەڵک بێت کە لە هاوکاری و هاودەنگیەکی تەواو لە نێوان وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکان بەهرەمەند بێت و بە شێوەییەک کە ئێستا لە لایەن کاربەرە جۆراوجۆرەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێت کە ئەم کارە لە ئێستادا ئەگەر لە عەمەلدا باو نەبێت، دەتوانێت ببێت بە قەیرانێک. بۆ نموونە، پێداچوونەوە بە سەر LMIS ەکاندا لە شەش وڵاتی لە حاڵی گەشەدا بەم بەرهەمە گەیشت کە بە شێوەیەکی ئاسایی کەڵک وەرگرتنی نەشیاو لە زانیارییەکان و ئاستی خوارەوەی هاودەنگی لە نێوان دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی هەڵبژێردراو بوونی هەیە (Martín، 2011). جگە لەمە، هەمیشە ئەم مەترسیە هەیە کە ئەگەر LMIS ێک کە لە لایەن حکوومەتەوە بەڕێوە دەچێت لە سەرچاوەی زانیاری لاواز کەڵک وەرگرێت، لابردنەکەی کارێکی زۆر دژوار دەبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بژاردەیەکی جیاواز بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە هەر چەشنە تایبەتمەندییەکی دڵخواز کە لەوانەیە LMIS دابینی بکات، دانانی توخمە سەربەخۆکانی ئەو لە کەرتە ئامادەکانی نێو حکوومەتدایە بە بێ دروست کردنی دامەزراوەیەکی نوێ.

## هەرێمی کوردستان وەک کارپێکەری LMIS

لە حاڵێکدا کە زۆربەی وڵاتە پیشەسازیەکان لە LMIS بەهرەمەندن، تەقریبەن لە هەموویاندا، کەرتی تایبەتی LMIS بەڕێوە دەبات (Woods and O’Leary، 2006). هەندێک لەم وڵاتانە لە ڕێبازگەلی تەواو پێکهاتەیی و سەنتەرییەکان کەڵک وەردەگرن و هەندێکی تریان لە سیستەمگەلی ناکۆجێیی‌تر یان لە هاوکاری هاوبەشی کەرتی حکوومەتی– تایبەتی کەڵک وەردەگرن، بەڵام زۆربەی ئەم وڵاتانە –ئەگەر نا هەمووشیان– چەشنێک لە ڕۆڵ بۆ حکوومەت لە بەر چاو دەگرن. ئەمە لەوانەیە لەم ڕووەوە بێت کە کەڵک وەرگرتن لە زانیارییەکانی بازاڕی کار لە لایەن تاکێکەوە نابێتە هۆی هەڵاواردە بوونی تاکەکانی تر بۆ کەڵک وەگرتن لەم زانیارییانە. ئەم تایبەتمەندییە کە وەک بەرهەمێکی گشتی دەناسرێت وە بە شێوەیەکی ئاسایی حکوومەتەکان، پێشکەشکاری بەرهەمە گشتیەکانن.[2] جگە لەمە کەڵک وەرگرتن لە زانیارییەکانی پێوەندیدار بە بازاڕی کارەوە دەتوانێت بە شێوازێکی گشتی لە ڕێگای ئاسان کردنەوەی کاردای کاریگەرتری بازاڕی کار لە چەشنی هاوتاکردنی باشتری نێوان کارگێڕان، کارەکان و خەرجەکانی ئاڵوگۆڕیی کەمتر کە پێوەندیان بە گەڕان بە شوێن کاردا هەبێت، تایبەتمەندیگەلێکی دڵخوازی زیاتر لەوەی کە لە لایەن کاربەرانەوە بە دەست دێت، هەبێت. ئەم کارە لە ئاکامدا دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەی ئابووری ئەم ڕاستییە کە بە کار هێنانی زانیارییەکانی بازاڕی کار نەک هەر دەبێتە هۆی بەهرەمەندی کاربەر کە لەوانەیە بیهەوێت خەرجێک بدات بۆ ئەم زانیاریانە، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەهرەمەندی کەسانی دیکەش کە لەوانەیە نەیانهەوێت خەرجێک بکەن، بەو مانایەیە کە لەوانەیە کەرتی تایبەتی زۆرترین ڕادەی زانیاریی و لێکدانەوەی بازاڕی کار کە کۆمەڵایەتیتر و بەنرخترە پێشکەش نەکات.

ئەزموون ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێگەچارەکانی LMIS ی کەرتی تایبەتی خوازیاری ئەوەن کە لە تیشک بخەنە سەر بەش یان پیشەگەلێکی تایبەت، بەڵام هەمووی ئابووری وڵات یان ناوچەیەک لە خۆ ناگرن (Woods and O’Leary، 2006;) بۆ نموونەیەک لەم بوارەدا، نموونەی هیند ببینن (تۆڕی نێونەتەوەیی ڕێکخراوەی کارامەییە کەرتییەکان، 2011) تا ئەو جێیەی کە سیاسەتدانەرەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان پێویستیان بە زانیاریی تەواو لە بواری ئابووریدا هەبێ، ئەمە دەتوانێت سنووردارکەر بێت. جگە لەمە، کاتێک کە هەموو بەکارهێنەرەکان لە دەسڕاگەیشتنی بەرابەر بە زانیارییەکان بۆ گەیشتن بە زۆرترین قازانج و هاوڕێژەیی زانیارییەکان بەهرەمەند بن، LMIS ەکان بە باشترین شێوە کاردەکەن کە ئەمە نیشاندەری بەشداری کردنی حکوومەت لە دابین کردنی LMIS ەکانە. لە ئاکامدا لەو ڕووەوە کە هەندێک لە کەڵکەکانی سەرەکی LMIS بریتیە لە کایگەری لە سەر گرتنی سیاسەتەکان چ لە تەرخان کردنی سەرمایەدانان بۆ بەرنامەیەکی تایبەت یان بەڕێوەبردن یان وەلاخستنی دەستوورەکان یان دیکەی بەشداریە حکوومیەکان لە کارەکانی پێوەندیدار بە بازاڕی کار، حکوومەت داخوازی ئەوەیە کە متمانەی هەبێت کە ئەم زانیارییانە تەواو و ستاندادرن. پێویستی بە هاودەنگی نێوان وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی متمانەدان سەبارەت بە ڕەوتی زانیارییەکان نیشاندەری کاریگەری ڕۆڵی زیاتری حکوومەت لەم بوارەدایە.

جگە لە بار و دۆخی ئێستا بینا لە سەر نەبوونی هیچ چەشنێکی مێکانیزمی فەرمی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، بژاردەیەکی جێگری LMIS لە هەرێمی کوردستان کە لە لایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرێت، سیستەمێکی لامەرکەزی لەسەر بنەمای بازاڕ، کە لەوانەیە لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی بازاڕی کار کە لە لایەن حکوومەتەوە خەرجی پێ دەدرێت و بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک بەڕێوە دەچن وەکوو LFS ەکان، تێکەڵ بوون. بەم حاڵە، هەرێمی کوردستان هیچ چەشنە کۆنترۆڵێکی ڕاستەقینەی نیە لە سەر ئەمە کە ئایا ئەم جۆرە سیستەمە تایبەتیانە دەبێت دروست ببێت و چۆن کۆنترۆڵ بکرێت و هەروەها هیچ مافێکی دەنگدانی سەبارەت بە چەشنی ئەو زانیارییانەی کە کۆ و بڵاو دەکرێنەوە نیە. ئەگەر قەرار بێت سیستەمێکی تایبەتی لە خۆیەوە گەشە بکات و خۆگری زانیاریی تایبەتی پیشیەک یان کەرتێک بێت، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە لە عەمەڵدا، هەرێمی کوردستان ئەگەر بە شوێن دەست کەوتنی زانیاری تەواو لەبارەی تەواوی کەرتەکانەوەیە یان بە شێوەیەکی گشتی‌تر بە شوێن زانیاریگەلی پێوەندیدار بە مەبەستی گرتنی بڕیاری بە ئاگاییترەوەیە، لەوانەیە پێویست بێت تا بە شێوەیەکی خولی داتا جیاوازەکان بە یەکەوە پێوەند بدات. بژاردەیەکی دیکە، دەست پێکردن و ئاگاداری توخمگەلی جیاوازی LMIS لە دامەزراوەکانی جیاوازی حکوومی و پێوەندیەکانی دیکەی نێوان دامەزراوەکان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی داتاکانە. کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتدانەرەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو کێشە گریمانییانەن کە لە کاتی بە کارهێنانی هەر

---

2 "بەرهەمی گشتی" دەستەواژەیەکە لە ئابووریدا کە بە هەر چەشنە کاڵا یان خزماتگوزارییەک ئاماژە دەکات کە ناکرێت هیچ تاکێک لە کەڵک وەرگرتن لێی هەڵاواردە بکرێت و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە لایەن تاکێکەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێت، دەتوانێت لە لایەن کەسانی دیکەشەوە بە کار بهێندرێت. نموونەیەکی پێوەر لەم بوارەدا، بەرگری نەتەوەییە. بەدەست هێنانی قازانج لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرهەم یان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لایەنی گشتیان هەیە بۆ کۆمپانیا تایبەتیەکان کارێکی دژوارە وکەمتر لە ڕادەی پێویست دابین دەکرێن، مەگەر ئەوەی کەئەم خزمەتگوزاری یان بەرهەمانە لە لایەن حکوومەتەوە دابین بکرێن.

چەشنە ڕێبازێک دەردەکەون وەکوو خەرجە گریمانییەکانی بەڕێوەبردنی LMIS یێک و ئەوەی کە ئایا تایبەتمەندیە دڵخوازە پۆتانسیێلیەکان لە چاو خەرجەکانیەوە زۆرترن یان نا.

ئەگەر هەرێمی کوردستان بڕیار بدات کە LMIS یێک بەڕێوە ببات، بە چاوپۆشی لە ئاستی پەرەسەندنی وەها سیستەمێک، پاراستنی داتاکان دەبێت یەکێک لە بەشە تایبەتیەکانی بێت. هەر کام لە LMIS ەکان زانیاریگەلێکیان لەبارەی کەسانی تایبەتەوە دەبێت و دەبێت پابەندیان هەبێت سەبارەت بە نهێنی هێشتنەوەی ئەم زانیارییانە. جگە لەمە، کۆکردنەوەی داتاکان بە هاوکاری خەڵک و پیشەکان بەستراوەتەوە و ئەم هاوکارییە ئەگەر خەڵک بەم متمانەیە بگەن کە داتاکانیان دەپارێزرێت، زیاتریش دەبێت (Berry et al.، 2012). کەواتە، پاراستن و چاوەدێری کردنی زانیارییەکان دەبێ لە قۆناغەکانی سەرەتایی بەرنامەڕێژیدا بگونجێندرێت.

## سیاسەتی پوتانسیێلی و دیکەی پرسیارەکان سەبارەت بە LMIS

LMISێک تا ئەو جێیە دەتوانێت بەنرخ بێت کە بەڕۆژ، شیاوی متمانە و گشتگیر بێت و لە عەمەلدا لە لایەن بەشدارە جۆاوجۆرەکانەوە شیاوی بە کار هێنان بێت. مەبەست لە بەکار هێنانی LMIS، بەم مانایەیە کە کاربەرانی داتاکان و ئەو زانیارییانەی کە لە LMIS ەکاندا لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە، لە بەرنامە و بڕیاردانە سیاسییەکانی خۆیاندا بیگونجێنن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە دەبێت سەبارەت بە کەڵکە لەبەرچاوگیراوەکانی LMIS و چەشنی پرسیارەکانی سیاسەتدانان کە بڕیارە LMIS باسیان لە سەر بکات، زانیاریمان هەبێت.

> سیستەمێکی زانیاری بەکەڵک، سیستەمێکە کە زانیارییگەلێک دەخاتە بەردەست کارخوازان و سیاسەتدانەرەکان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بازاڕی کار بە لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەکانیان . . . ئەم سیستەمە زانیارییە، ئامارەکانی بازاڕی کار و ڕاسیەکان و زانیارییەکانی دیکە بە دەست دێنن و دەیانگۆڕن بە وەڵامگەلێک بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن بڕیاردەرەکانەوە لە تەواوی ئاستەکانی بازاڕی کاردا باسیان لێ کراوە.(هەروا کە لە 1997، p. 476، هاتووە، هەڵوێستی Mangozho، 2002)

لەو ڕووەوە کە LMIS یێک بە کاردای خوازراوەوە بە مەبەستی بەدیهێنانی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانیان، زانیاریگەلێک لە بەر دەست باشدارە جۆرراوجۆرەکان دادەنێن، لەم بەشەدا پێداچوونەوەمەن دەبێت بە سەر باوترین پێداویستییەکان و ئەو بابەتانەی کە لە داهاتوودا سیستەمی LMIS لە هەرێمی کوردستاندا کەڵکیان لێوەردەگرێت. هەروەها ئێمە لە سەر ئەو نموونە هاوشێوانەی کەڵکوەرگیراو لە LMIS لە لایەن ولاتانی دیکەوە باس دەکەین. نموونەکانی پێوەندیدار بەم وڵاتانە نیشاندەری هەڵسەنگاندنی ورد یان پەسەندکردنی سیستەمەکانیان نیە، بەڵام دەتوانێت بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتری کەڵکە پۆتانسیێلیەکانی LMIS یێک لە هەرێمی کوردستاندا کەڵکی لێ وەرگیرێت. زۆرێک لە وڵاتەکان خاوەنی سیستەمگەلێکن کە بە شێوازێکی کاریگەر هەر وەک LMIS ەکان بە بەهرەمەندبوون لە توخمە پێویست و هاوشێوەکان کار دەکەن، هەرچەند لەم وڵاتانەدا، بە ناوی LMIS ەوە ناناسرێن. وڵاتانێکی ترلە تەواوی توخم یا دەرگانە پێویستەکان بۆ سیستەمێکی LMIS بەهرەمەندن، بەڵام لەوانەیە لە حاڵی تێپەڕکردنی پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمێکی LMIS ی تەواو بن کە بە شێوازێکی کاریگەر ئەم زانیارییانە هاودەنگ دەکات و بە هاوبەشیی دادەنێت. بە مەبەستی ئاسان کاری، ئێمە بەم سیستەمانە لە ژێر سەردێڕی LMIS ەکان ئاماژە دەکەین. لە کاتی ڕەوتی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە بۆ هەرێمی کوردستان ئێمە پێداچوونەوەی ئەو سەرچاوەانە یان ماڵپەڕە فەرمیانەمان کرد کە پێوەندیان هەبوو بە LMIS ەکان لە وڵاتانی بەحرەین، هیند، جامایکا، ترینیداد و توباگۆ و تونیس هەر کام لەم وڵاتانە لە LMIS یێک یان بنکەی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی LMIS کە بەشێک لە قۆناغەکانی گەشەیان سەندووە و خاوەنی پێناسە و توانایێگەلێکن، بەهرەمەندن. هەڵبژاردنی ئەم وڵتانە بە پێی یەکێک لەم دوو پێوەرەی خوارەوەیە. یەکەم، ئێمە ئەو وڵاتانەمان هەڵبژاردوە کە دەتوانن وانەگەلێکی بەکەڵک لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەری لەسەر گەشەی LMIS یێک لە هەرێمی کوردستاندا دابین بکەن. دووهەم، ئێمە وڵاتانێکمان هەڵبژاردووە کە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکی ئابووری و سیاسی–کۆمەڵایەتی هاوشێوەی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان بن. خشتەی 5.2 کورتەیەک لە کەڵکەکانLMIS و نموونەگەلێک لەم بوارەدا پێشکەش دەکات.

#### کاربەدەستانی حکومەت دەتوانن LMIS بەکاربهێنن بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان

بە مەبەستی یارمەتیدان بە گەشە و هەروەها گرتنی سیاسەتگەلی ئاگایانەتر، کاربەدەستانی حکوومەتیواتە کارگێڕەکان لە ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی وفەرمانبەرە خۆجێییەکان، ئەندامانی پەڕلەمان و بەرنامەڕێژانی سیاسەت و بەرنامەکان دەتوانن

**خشتەی 2.5**
**بەکارهێنەران و بابەتەکانی کەڵک وەرگرتن لە LMIS**

| جۆری بەکارهێنەران | چالاکی یان بابەتەکانی کەڵک وەرگرتن لە LMIS | نموونە هەڵبژێردراوەکان |
|---|---|---|
| کاربەدەستانی حکومەتی | کۆکردنەوە و نووسینی سیاسەتەکان، هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری | حکومەتی نوێی تونیس، دروست کردنی ئیش و دامەزراندنی کردووە بە بەردی بنەمای سیاسەتەکانی خۆی. دامەزراوی نیشتمانی ئامار (Institut National de Statistiques)، هەڵسەبگاندنەکانی سێ مانگ جارێک لە هێزی کار جێبەجێ دەکات کە دەتوانن یارمەتی گرتنی سیاسەتی ئاگادارانە سەبارەت بەم بابەتانە بدەن. |
| خاوەنکارەکان و ئیشەکان | خاوەنکارەکان لە LMIS بە مەبەستی بەدواداگەڕان بۆ هێزی کاری ئێستا (دامەزراندن) و هەروەها کاریگەری لە سەر بەرنامە دارشتنە کارییەکان، بڕیارە پەیوەندیدارەکان بە سەرمایەگوزاری وەک کردنەوەی شوێنە نوێکان یان پێشکەشکردنی راهێنان لە کاتی کار بۆ کارمەندان کەڵک وەردەگرن. | بۆ ریزکردنی ئیشە هەبووەکان یان بەدوادا گەڕانی هێزی کاری هەبوو، وڵاتانی جامائیکا، ترینیداد و توباگو، بەحرەین و تونیس هەموو ماڵپەڕی ئانلاینی گۆڕینەوەی هێزی کار بۆ خاوەنکارەکان دابین دەکەن. |
| خوێندکارانی زانکۆ | دۆزینەوەی ئیشەکان و ئەو کارامەییانە ی کە داواکارییان بۆ دەکرێ لە نێوان خاوەنکاران، دۆزینەوەی شیاویەتییەکانی پێویستی خوێندن و دیمەنی درێژخایەنی کاری وەک رادەی داهاتی چاوەڕوانکراو لە ماوەی ساڵەکانی ئیش کردن | LMIS ی ئۆنلاینی وڵاتی جامائیکا، کورتەیەک لە "ئیشە زۆرداواکراوەکان" بە پێی ئیشە پێرست کراو لە بەشی پیداویستیی رۆژنامەکان و خزمەتگوزاری ئۆنلاینی راهاتوویی کاری ( بریتی لەو خزمەتگوازیانەی کە خۆیان پێشکەش دەکن) دابین دەکات. هەروەها ئەم ماڵپەڕە، وردەکاری سەرەتایی سەبارەت بە شیاویەتییە پێویستەکانی خوێندن و لقەکانی خوێندنی ئێستا دابین دەکات. |
| کارمەندان و ئەوانەی بەشوێن کاردا دەگەڕێن | بەدوادا گاڕان بۆ دەرفەتە کارییەکان، بەدوادا گەڕان بۆ زانیاری سەبارەت بەمەی کە چۆن ئاستی کارامەییەکان بۆ پێشکەوتی کاری بەرز بکەینەوە و ئایا ئەنجام دانی وەها کارێک پێویستە یان نا، تۆمارکردنی بارودۆخی بێکاری خۆمان بۆ وەرگرتنی قازانجەکانی بێکاری ئەگەر وەها قازانجێ بوونی هەبێت. | ماڵپەڕی حکومەتی ئەلەکترۆنیکی بەحرەین بۆ تاکە بێکارەکان ئەم دەرفەتە دروست دەکات کە بە شێوەی ئۆنلاین بتوانن بارودۆخی کاری خۆیان بۆ حکومەت تۆمار بکەن، بە دوای دەرفەتەکانی نوێی کاری بگەڕێن و لە بەرنامەکانی پەیوەندیدار بە راهێنان کە پەسەند کراوی وەزارەتی کارە ناونووسی بکەن. LMIS ی وڵاتی جامائیکا، رێنوێنیگەلێکی ئۆنلاین سەبارەت بە شێوازەکانی بەداوادا گەڕان بۆ دۆزینەوەی کار و ئەنجامی وتووێژ دەخاتە بەردەست. |
| دامەزراوەکانی خوێندن و راهێنان | لێکۆڵینەوەی بەرنامە پێشکەش کراوەکان لە لایەن دامەزراوەکانی تر شێوازەکانی دامەزراندن لە لایەن کۆمپانیاکان و پێویستییەکانی کارامەیی بۆ ئەنجامی ئیشەکان بە مەبەستی دڵنیا بوون لەوەی کە خولە پێشکەش کراوەکان شیاون. | دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە راهێنانی هیند، کارگەلێک لە پێوەری بەربڵاو بە مەبەستی پڕکردنی کەلێنەکانی کارامەیی دۆزراوە لە خوێندنەوەیەکی بریتی لە 20 بەش رێکخستووە. |
| کەسانی پەیوەندیدەر وەک راوێژکارانی دامەزراندن، پسپۆڕانی سەرچاوە مرۆییەکان، دایک و باوکان یان مامۆستایان | هەڵسەنگاندنی ئیشە پێویستەکان و پێداویستی راهێنانی یان کارامەیی بە مەبەستی پێشکەش کردنی رێنوێنی بۆ ئەوانەی بە دوا کارەوەن یان خوێندکارانی زانکۆ | خزمەتگوزاری ئیش کردنی نیشتمانی وڵاتی ترینیداد و تۆباگۆ بریتییە لە هەشت ناوەندی ئیش کردنی خۆجێیی کە خاوەن ناوەندە چەند بابەتەکان بە بێ پێویست بوونی دیاری کردنی کاتی پێشوون و بریتی لە دەرفەتی قسەکردن لەگەڵ راوێژکارانی پیشەیی دان. |

سەرچاوە: شیکردنەوەی نووسەر کە لە خوێندنەوەی Woods and O'Leary، 2006 وەرگیراوە.

لەو زانیارییانەی کە لە LMIS دا نووسراو، کەڵک وەربگرن. بۆ نموونە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خزمەتگوزاری هاوتاکردنی هێزی کار و دامەزراوە پەروەردەییەکان لە نووسینگەیەک لە هەر کام لە سێ شاری گەورەی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات. LMIS ێکی داگر دەتوانێت یارمەتیداری کاربەدەستانی MOLSA بێت بۆ ئاگاداربوون لە ئیشە پێویستەکان بە رەوشتێکی سیستەمی‌تر لەوەی کە ئێستا لە حاڵی ئەنجامدایە. هەروەها دەتوانێت شوێنی ئەو کارخوازانە وەدۆزێت کە لە حاڵی حازردا لە لایەن نووسینگەکانی ئیش و کار MOLSA بەر خزمەتگوزاری ناکەون و ئەو زانیاریانە بخاتە بەر دەست کە ژێربینای چالاکی بەدەستهێنانی کارخوازەکان شکڵ دەدەن. جگە لەمە زانیارییە سیستەمیەکان سەبارەت بە ئیشە پێویستەکان دەتوانن وەک رێنوێنی سەبارەت بەوەی کە دەتوانن چ چەشنێک لە بەرنامەکان لە ناوەندە پەروەردەییەکان پێشکەش بکەن، رۆڵ دەبینن. هەروەها زانیارییگەلی بەدەست هاتوو لە LMIS ەکان کە داتاکانی بە دەست هاتوو لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان وێکدەخەن، دەتوانن هەڵسەنگاندنی ئەو کاریگەرییانە بکەن کە ئەو بەشدارییانە لە باشتر کردنی ئەنجامەکانی دروست بوونی کار هەیانە.

هەروەها LMIS ێک دەتوانێت بە کاربەدەستانیوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ناسینی کەلێنە کارامەییەکان لە بازاڕی کاری ئێستادا یارمەتی بگەیەنێت و بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە بۆ پەسەند کردنی گەشەی دروست کردنی پیشەکان لە درێژخایەندا، سیاسەتگەلێک گەشە پێ بدەن یان بەرنامەگەلێک دابڕێژن. وەکوو نموونە، سیاسەتە داڕێژراوەکان بە مەبەستی راکێشانی

ئەو پیشانەی کە لە تەکنۆلۆجیای باڵا بەهرەمەندن دەبێت پێشکەشکاری و کارامەییەکانی هەبوو لە نێوان هێزەکانی کاری ئێستا و داهاتووی بەهرەمەند لە خوێندنی باڵا لە بەر چاو بگرن (Mangozho، 2002)، و دان بە سەر ئەم خاڵەدا بنن کە هۆکارەکانی دیکە وەکوو بارودۆخی سەرمایەدانانی نەخوازراو دەتوانن ببنە لەمپەر لە بەرانبەر گەشەی ئەم کەرتەدا. توێژینەوەکانی پێشوو لە لایەن RANDەوە بۆ هەرێمی کوردستان باسیان لەم هۆکارانە کردوە (Hansen et al.، 2011). هەروەها لەوانەیە بە مەبەستی بڕیاردان لەبارەی تەرخان کردنی سەرچاوەکان بۆ بەرنامە پەروەردە و خوێندنی و پیشەیی باڵاتر یان بۆ داواکاری گۆڕینی ژمارە یان چەشنی بەرنامەکان، شوێنەکانیان یان ئەو کارامەییە تایبەتەی کە بەوانە وتراوەتەوە، سیاسەتدانەرەکانی MOHESR لە زانیارییە جەماوەرییەکان و زانیارییەکانی بازاڕی کاری نووسراو لە LMISدا کەڵک وەردەگرن. لە ئەنجامدا ئەگەر LMIS لەخۆگری خزمەتگوزارییەکانی ئاڵوگۆڕی هێزی کاریش بێت، بەشوێندا چوونی زانیارییەکانی سەبارەت بە هاوتاکردنی پیشەیی و ئیشە ئامادەکان دەتوانێت بە شێوازێکی پۆتانسیێلی بەرۆژبوونی سەروەختی زانیارییەکانی پێوەندیدار بە دۆخی بازاڕی کارەوە بە خێراییەکی زیاتر لە رەوشتەکانی ئێستای کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەبەردەست سیاسەتدانەرەکاندا دابنێت (Woods and O'Leary، 2006).

**نموونەگەلێک لە وڵاتانی دیکە.** لە پێوەندی لەگەڵ ترینیداد و تۆباگۆ، بە مەبەستی ببەرنامەداڕشتن و چاوەدێریی بە سەر LMISـە نوێکەی، حکوومەت ئەنجومەنی بازاڕی کاری دامەزراندوە و دەسمایەکەی دابین کردوە. ئەم ئەنجومەنە بریتیە لە 22 ئەندام کە نوێنەرانی حکوومەت، خاوەنکارەکان، کارگێڕان و زانکۆی West Indies لەخۆ دەگرێت. ئەم ئەنجومەنە لە ڕێگەی لێکدانەوەی زانیارییەکانی بازاڕی کار بۆ کەڵک وەرگرتنی حکوومەت و ئەنجامی کاروباری توێژینەوەی سەرەتایی، رۆڵێکی راوێژکارانەی بۆ حکوومەت هەیە، بە حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ پانتایی و توخمەکانی LMIS راوێژ دەدات و بەرنامەیەکی دەس‌بەکاربوونی 3 ساڵەی بە مەبەستی بردنە سەرەوەی ستانداردەکانی LMIS تا ئاستی ستانداردە نێونەتەوەییەکان گەشە پێداوە. جگە لەمە ئەم ئەنجومەنە بە مەبەستی زیاد کردنی زانیاریی گشتی و پەروەردە کارگێڕان، خاوەنکاران و کەسانی تر سەبارەت بە لە بەردەست بوونی LMIS و کارکردی تەواوکەری ئاڵوگۆڕی ئەلەکترۆنیکیی هێزی کار، کارکردی لەبارەی دروست کردنی بەرنامەفێرکارییەکان پێشکەش دەکات و وەک ئاسان کەرەوەی پێوەندیە گشتیەکان خەریکی ئەو چالاکیانەیە کە لە سەر زانیاریی گشتی دامەزراون (Hosein, 2006). بە شوێن‌کەوتوویی ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن ئەنجومەنەوە پێشکەشکراوە کە لەوە پێش لە دۆزراوەکانی LMISـەوە بە دەست هاتبوون، حکوومەتی ترینیداد و تۆباگۆ، سیاسەتێکی بەڕێوە برد کە تێیدا خزمەتگوزاری نوێ و نیشتمانی ئیش و کار دەبوو بۆ پڕکردنەوەی تەواوی پۆستەکانی پێوەندیدار بە خزمەتگوزاریە حکومیە ناشارستانیەکان (نامەدەنی) کەڵکی لێ وەربگیرێت. وەها سیاسەتایک دەتوانێت ببێتە هۆی زیاد بوونی هاوڕێژەیی LMIS و روون بوونەوەی زیاتری ئەو بەکارگرتنانەی کە لە لایەن حکوومەتەوە ئەنجام دەدرێت. لەم دواییانەدا، رێکخراوەی نێونەتەوەیی کار بە مەبەستی ئاسان کردنەوەی ئەنجامی لێکدانەوە ناوچەییەکان لە لایەن بەشدارانەوە، هەوڵی داوە تاکوو سیستەمێکی LMISـای هاوشێوە لە ناوچەی وڵاتەکانی کارایبب وەکوو سیستەمی وڵاتی ترنیداد و تۆباگۆ دروست بکات (کۆلێژی لێکۆڵینەوەکانی کار و هاوکاری سیپریانی، 2013)

لە وڵاتی هیند، حکومەت یەکەمین لێکۆڵینەوەی چەند بەشی سەبارەت بە پێداویستیەکانی کارامەیی و سەرچاوە مرۆییەکان لە ساڵەکانی 2009 ژا 2010 دا کە 20 بەشی بە گەشەی باڵاوە لە خۆ دەگرت، بە ئەنجام گەیاند. ئەم لێکۆڵینەوەیە وەکوو LMNAـیەک بۆ پایەڕێژی بنەمای LMIS دەوری بینی کە بە مەبەستی دیاری کردنی ئەوەی کە ئایا وەها دەست تێ‌وەردانێک لەو سیاسەتە نوێیانەدا کە بڕیارە گەشە بسێنن، پێویستە یان نا، وە هەروەها ئەوەی کە کامیەک لە بەشەکان پێویستی بە پێداچونەوەی بەرنامە دەرسییەکانیان لە بواری پەروەردە و لە ئاستی دامەزراوە پەروەردەییەکان هەیە، کەڵکی لێ وەرگیرا (دامەزراوەی نێونەتەوەیی تۆڕی کارامەییە کەرتییەهان، 2011).

حکوومەتی تونێس، دامەزراوەی ئامارە نەتەوەییەکان (Institut National de Statistiques)بەڕێوە دەبات کە بە شێوازێکی بەردەوام لە ساڵی 2010 وە، هەڵسەنگاندنە دەورەییەکانی هێزی کار بە ئەنجام دەگەیەنێت (ساڵانە لە ساڵەکانی 2009 تا 2010 دا تایبەت بە 163,784 بنەماڵەوە) هەروەها دامەزراوەی ئامارە نێونەتەوەییەکان، سیستەمی تۆمارکردنی کارگێڕانیش بەڕێوە دەبات. ئێستاکە وڵاتی تونێس بە مەبەستی کۆبوونەوە لەسەر گەشەی بازاڕی کار و دروست بوونی پیشەی نوێ وەک بنەمای دەستووری کاری سیاسەتە نوێکەی، بە شوێن وێکخستنی ئەم کەرەسانە (لە پاڵ میتۆدەکانی دیکەدا) بۆ پێکهاتنی LMISێکی تەواو بۆ گرتنی بڕیار و سیاسەتی ئاگایانەتر لە راستای بڕیارە حکومیە نوێکاندایە (Martín، 2011).

**خاوەنکارەکان دەتوانن LMIS بەکاربهێنن بۆ دۆزینەوەی کارمەند لەمەودای نزیکدا و بڕیاری وەبەرهێنان بدەن لەمەودای دووردا**

بەکارهێنانی پۆتانسیێلیی زۆربۆ LMIS لە سەر بنەمای کاردای سەرچاوەی داتاکان بوونی هەیە. خاوەنکارەکان دەتوانن لە LMISێک بە مەبەستی بە دەست هێنانی زانیاریی سەبارەت بە پێشکەش کردنی ناوخۆیی هێزی کار کە بریتیە لە کارامەییە هەبووەکان،

پەروەردە، لێهاتەیی، کرێکان، بار و دۆخی کاری، ڕێک کەوتنە کرێکارییە دەستەییەکان و پێودانە کرێکارییە ناوخۆییەکان کە بە سەر ڕێککەوتنە کرێکارییە دەستەییەکان و کێشەکانی پێوەندیدار بە تەندروستی و هێمنی چاوەدێری دەکەن، کەڵک وەرگرن (Mangozho، 2002).. وەها زانیاریگەلێک دەتوانن بۆ کاریگەری لە سەر گرتنی سیاسەتەکانی کارمەندان، بەراورد کردنی کات و ئاستی بڕیارەکانی پێوەندیدار بە سەرمایەدانانەکان و سیاسەتی پەروەردەی و فێرکردنەوەی کارگێڕان بەسوود بن. کاتێک کە LMIS ئەو زانیارییانەی کە پێوەندیان هەیە بە پیشە پێویستەکانەوە، تەنانەت لە ئاستی کۆکراوەدا، پێڕست دەکات، خاوەنکارەکان دەتوانن زانیاریگەلێک لەبارەی کێبەرکان بە مەبەستی بە کارگرتنی کارگێڕانی بەتوانا بە دەست بێنن.

باوترین و بەپەلەترین کاردای LMIS لە لایەن خاوەنکارەکانەوە بەکار هێنانی ئەو وەک ئاڵوگۆڕیی هێزی کارە کە دەتوانێت کاتێک کە LMIS لە کاردای ئاڵوگۆڕی هێزی کار بەهرەمەندە، لە ناسین و بە کار گرتنی کارگێڕی نوء یارمەتیان بدات. هەندێک لە وڵاتەکان لە LMIS گەلێک کە خاوەنی کاردای هاوتاکردنی پیشەیین بەهرەمەندن کە تا ڕادەیەک بەشێکی بچووک لە چالەکیە گشتیەکانی ئەم وڵاتانەیە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەندێکی زۆر لە ڕێگاچارەکان لە کێبەرکێدایە کە لە لایەن کەرتی تایبەتیەوە بەڕێ دەچێت. ئەم بابەتانە ژمارەیەکی زۆر لە ئایالەتەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان وەکوو کالیفۆڕنیا لە خۆدەگرێت.[3] لە هیندێک لە وڵاتانی دیکە بۆ نموونە لە توونێس کاردای هاوتا کردنی پیشەیی، بەشی سەرەکی LMISە و وەک ئەکتەی سەرەکی لە بازاڕی کاردا دەور دەبینێت.

هەروەک لە پاژی سێهەمدا باسمان لێ کرد، لە هەڵسەنگاندن و وتووێژگەلێک کە لەگەڵ خاوەنکارەکان ئەنجامان داوە، بۆمان دەر کەوتووە کە زانیاریی زارەکی وەک پێشتر، باوترین میتۆد بۆ ئەنجامی بە کار گرتن لە هەرێمی کوردستانە. بەم حاڵەش، لە حاڵێکدا کە ئابووری پێشکەوتوو و چالەکیەکانی بازاڕی کار توندتر دەبێت، لەوانەیە ئەم میتۆدە نافەرمیانە بەس نەبێت. هەندێک لەو خاوەنکارانەی کە ئێمە وتووێژمان لەگەڵ کردوون ئاماژە بەوە کرد کە بۆ دۆزینەوە و بە کار گرتنی کارگێڕانی پێویستیان، ئەوان بە ماڵپەڕێکی حکوومەتی زیاتر متمانە دەکەن تاوەکوو ماڵپەڕێکی تایبەتی. بەم حاڵەش دیسان، داڕشتنی ڕێکی هەر LMISێک بە پێداویستی و ئەولەویەتی ڕکابەرەکانیان بەستراوە.

**نموونەگەلێک لە وڵاتەکانی تر** خاوەنکارەکان لە وڵاتی تونێس بە مەبەستی گەڕان بە شوێن کارگێڕە پۆتانسێلیەکان (وەک بەشێک لە کاردای هاوتاکردنی پیشەیی) دەتوانن لە پێگەی داتای بەکار گرتن کە لە بەر دەستی هەموواندایە و لە لایەن ئەژانسی ANETI بەڕێوە دەچێت، سەر بدەن. ANETI، خزمەتگوزاریەکی بەکارگرتنە کە لە لایەن حکوومەتەوە پشتیوانی دەکرێت و لە ڕێگەی تۆڕێکەوە کە خاوەنی 91 نووسینگەی بەکارگرتنە بە بەهرەمەندی لە 1100 کارمەند بەڕێوە دەچێت و پێگەیەکی داتای بەکارگرتنی ناوەندی لە خۆ دەگرێت (ANETI، 2013) کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە لایەن کارخوازان و خاوەنکاران بەڕێوە دەچێت. یەکێک لە شیکارەکان ئاماژەی بەوە داوە کە لەوانەیە ئەم پێگەی داتایانە باشترین LMIS لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی باکووری ئەفریقا بێت کە لە ساڵی 2010دا، بە کاروباری زیاتر لە 400,000 کارخواز پێڕاگەیشتوە و140,000 پێشنیاری پیشەیی ئاسان کردۆتەوە (Martín، 2011). نموونەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەی کە لە سایتەکانی ئاڵوگۆڕیی هێزی کاری ئۆنلاین کە لەواندا خاوەنکارەکان دەتوانن ئیشەکان پێڕست بکەین یان بە شوێن کارگێڕی ئامادەدا بگەڕین بەهرەمەندن، وڵاتانی جامایکا، ترینیداد و تۆباگۆ و بەحرەین لە خۆ دەگرێت. بۆ پێڕستی ماڵپەڕەکان سەردانی خشتەی 3.5 بکەن.

### کارخوازەکان دەتوانن لە LMISێک بە مەبەستی بە دەست هێنانی ئیشە ئامادەبووەکان وەک بنەمای بەرنامەڕێژی پیشەیی کەڵک وەربگرن

زانیارییەکان بازاڕی کار کە لە سەرچاوەی داتاکان بەدەست هاتوون دەتوانن یارمەتی خوێندکارەکان و کەسانی دیکە کە لە حاڵی بەرنامەڕێژی پیشەییدان بدەن تاوەکوو لەبارەی ئیشەکان و پێداویستیە کارامەییە لەحاڵی گەشەدا، هەروەها ناسینی ئەوەی کە چ بەرنامەیەکی خوێندنیی یان پەروەردە بۆ ئیشە جۆراوجۆرەکان پێویستە و هەروەها دەرکی ئەوەی کە لەوانەیە دیمەنی درێژخایەن بۆ بوارە جۆراوجۆرە پیشەییەکان لە حاڵیکدا کە ئەوان خۆلی خوێندنیان هەڵدەبژێرن یان بڕیارە پیشەییەکانیان دەگرن، بابەت گەلێک فێرببن.

بەشی هاوتاکردنی پیشەیی LMIS، بەپەلەترین و سەرەکیترین بەشی بەکارهاتووە بۆ کارخوازەکان لە کاتێکدا کە LMIS وەها سیستەمێکی ئاڵوگۆڕی میوانداری دەکات. کەسانی بێکار کە بە شوێن کاردا دەگەڕێن و کەسانێکیش کە کاریان هەیە و بە شوێن کاری باشتردا دەگەڕێن دەتوانن لە ڕێگەی سیستەمی ئاڵوگۆڕی ئیشەکان سەبارەت بە دەرفەتە پیشەییە نوێکان زانیاریی وەربگرن. جگە لەمە بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی ناوەندی داتاکان، ئەم کەسانە دەتوانن لەبارەی کارانەباوترەکان و مەرجە کاریەکانی ئیشە هاوشێوەکان بۆ یارمەتیدانی ئەوان لە وتووێژەکانی پێوەندیدار بە داهات یان

---

3 بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی LMISی ئەیالەتی کالیفۆرنیا سەردانی وەزارەتی گەشەی پیشەکان (2013) بکەن. بۆ زانیاریی لەبارەی خاوەنکارەکان سەردانی وەزارەتی گەشەی پیشەکان (2010a) بکەن. بۆ زانیاریی لەبارەی کارخوازەکانەوە، سەردانی وەزارەتی گەشەی پیشەکان (2010b) بکەن.

**خشتەی 3.5**
**ماڵپەڕەکانی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار و گۆڕینەوەی هێزی کار**

| ناو (وڵات/ناوچە) | ماڵپەڕ |
|---|---|
| دامەزراوی ئیشی نیشتمانی و سایتی ئیشکردنی بۆ خودی تاک (تونیس) | http://www.emploi.nat.tn/fo/en/global.php |
| ماڵپەڕی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ LMIS /دامەزراوەکانی کاردۆزینەوە | http://www.mlss.gov.jm/pub/index.php?artid=4 |
| خزمەتگوزاری نیشتمانی ئیشەکان (ترینیداد و توباگو) | http://www.nes.gov.tt/ |
| پۆرتاڵی بەدوادا گەڕانی ئیشەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاری نیشتمانی ئیشەکان | http://www.nes.gov.tt/searchjob.asp |
| پۆرتاڵی حکومەتی ئەلیکترۆنیک (بەحرەین) | http://www.bahrain.bh/wps/portal |
| زانیاری بازاڕی کار (ویلایەتی کالیفۆرنیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) | http://www.labormarketinfo.edd.ca.gov/ |

تێبینی: زانیاری تەواو ماڵپەڕەکان تا ڕێکەوتی 21ی جانیوەری 2014 بە ڕۆژ بوون.

بڕیاردان سەبارەت بەوەی کە ئایا بە شوێن ئیشیتردا بگەڕین، بابەتگەلێک فێر ببن. هەروەها دەتوانن لە زانیارییە نووسراوەکان لە LMISدا بە مەبەستی بڕیاردان سەبارەت بە بردنە سەرەوەی کارامەییەکانیان بۆ پێش کەوتنی پیشەیی کەڵک وەربگرن.

**نموونەگەلێک لە وڵاتانەکانی تر** لە دوای ئەوەی لە هیند، هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، دۆزراوەکانی لێکۆڵینەوە 20 بەشیەکەی خۆی ڕاگەیاند، زۆرێل لە کارخوازەکان سەبارەت بە دەرفەتە نوێکان لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا ئاگادار بوونەوە. ئەمە بوە هۆی دابین بوونی زانیارییگەلێک بە مەبەستی یارمەتیدانی ئەوان بۆ بردنە سەرەوەی کارامەییەکانیان بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتە پیشەییانە (تۆڕی نێونەتەوەیی ڕێکخراوە کارامەییەکانی کەرتی 2011، لاپەڕەی 22).

ماڵپەڕی حکوومەتی ئەلێکترۆنیکی بەحرەین بۆ کەسانی بێکار ئەم هەلە دەڕەخسێنێت کە سەبارەت بە تۆمارکردنی دۆخی بێکاری خۆیان بۆ حکوومەت و هەروەها گەڕان بە شوێن دەرفەتە پیشەییە نوێکان لە ڕێگەی کاردای ئاڵوگۆڕی هێزی کار دەس‌بە کاربن. هەروەها، بە کارخوازەکان ئیزن دەدات کە سەبارەت بە ناونووسی لەو بەرنامە پەروەردەییانەی کە وەزارەتی کار پەسەندی کردوون و لە لایەن ڕێکخراوە تایبەتەکانەوە پێشکەش دەکرێن دەس بە کار بن. هەروەها وڵاتی ترینیداد و تۆباگۆ لە توانایی ئۆنلاین و گەڕان بە شوێن ئیشەکاندا بەهرەمەندە کە بە کاربەرەکان ئیزن دەدات تا بە بەکارهێنانی وشەی سەرەکی، چەشنی پیشە، ئاستی خوێندن یان تواناییەکان شوێن و ژمارەی ساڵی ئەزموونی پێویست، بە شوێن ئیشەکاندا بگەڕێن.

**دامەزراوەکانی پەروەردە و ڕاهێنان دەتوانن LMIS بەکاربهێنن بۆ پاڵپشتیکردنی پلاندانانی کۆرسەکان**

دامەزراوە خوێندنی و پەروەردەییەکان دەتوانن لە زانیارییە بە دەست هاتووەکان لە LMISدا کە بریتین لە شێوەکانی بە کارگرتن لە لایەن کۆمپانیاکانەوە،پێویستیە کارامەییەکان بۆ پۆلە جۆراوجۆرە پیشەییەکان و ئەو بەرنامانەی کە لە لایەن دامەزراوە پەروەردەیەکانی دیکە پێشکەش کراون کەڵک وەربگرن. ئەم زانیارییانە دەتوانن یارمەتیدەری ئەو بەرنامە و دامەزراوە پەروەردەییە باڵایانە بن کە مەبەستیان ئامادەکردنی تاکەکانە بۆ بە کار گرتنیان بۆ ئەوەی کە متمانەیان پێ بدرێت کە ئەو خولانەی کە پێشکەشیان دەکرێن، هەروەها ئەندازە و جۆری قوتابیەکان و بڕیەکانی پێوەندیدار بەوەی کە چ ماموستایانێکیان بۆ بە کار بگیرێت، لە راستای پێویستیەکانی ئێستا و داهاتووی بازاڕی کاران. زانیارییەکانی بازاڕی کار سەبارەت بەو هۆکارانەی وەک پێکهاتەی لە حاڵی ئاڵوگۆڕیکار و پیشەکان و کارامەییە فەننیە تایبەتیەکان کە لە دەڤەرێکی کاریدا پێویستن، دەتوانن یارمەتیدەری دامەزراوە پەروەردەییەکان بن بۆ ڕێکخستنی بەرنامە پێشکەشکراوەکانیان لە راستای بە دی هێنانی پێویستیەکانی بازاڕ (Woods and O'Leary، 2006; Mangozho، 2002).

لەو رووەوە کە گەشەی خێرای ئابووری بە مانای داخوازیە لە حاڵی گۆڕانی خێرا بۆ کارامەییە پێویستەکانی بازاڕی کارەدایە، LMIS دەتوانێت رۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە دەستەبەر کردنی ئەوەی کە سیستەمی پەروەردەیی بەرۆژە یان بە ڕۆژ دەمێنێتەوە، ئەگەر چی ئەنجامی گۆڕانکاری خێرا لە هۆکارگەلێک وەکوو ئامێر و ماموستا،کارێکی دژوارە، لە بەر دەست بوونی زانیاریی شیاو سەبارەت بە پێویستیە کارامەییەکان کە دەتوانن لە داڕشتنی بەرنامە پەروەردەیی و خوێندنییەکان کاریگەر بن، دەتوانن لە بازاڕی کێبەرکێی جیهانیدا بە کەڵک بن (Woods and O'Leary، 2006) جگە لەمە، لە کاتێکدا کە LMIS لەخۆ گری خزمەتگوزاری گۆڕینەوەی هێزی کار یان تەنانەت ئەو داتایانە بێت کە لەبارەی ئیشە پێویستەکانەوەن، دامەزراوە خوێندنیەکان دەتوانن لەم داتایانە بۆ فێر بوونی بەڕۆژترین زانیاریەکانی پێویستی لە حاڵی ئاڵوگۆڕی بازاڕی کارد، کەڵک وەرگرن.

باشییەکی پۆتانسیێلی کە LMISێک پێشکەشی دەکات ئەوەیە کە شوێنێکی ناوەندیە کە لەودا دامەزراوە خوێندنیە گشتی و تایبەتیەکان بە ئاسانی دەتوانن ئەم زانیارییانە بە دەست بێنن. LMIS دەتوانێت بە جۆرێک دابڕێژێت کە پێداویستی زۆربەی بەشداران دابین بکات. بۆ نموونە، لەوانەیە LMIS لەخۆگری پۆڕتاڵێکی ماڵپەڕی بێت کە بە شێوەیەکی تایبەت، دامەزراوە خوێندنیەکان دەکاتە ئامانجی خۆی و زانیارییەکانی بازاڕی کار بە جۆرێک پێشکەش دەکات کە لەگەڵ بەشداری تایبەت بگونجێت. هەر بەم شێوە، بە مەبەستی بە دەست هێنانی زانیارییەکان بە جۆرێک کە گونجاو بن لەگەڵ پێداویستی و یەکەمایەتیەکانیان، لەوانەیە LMIS لەخۆگری پۆڕتاڵی ماڵپەڕەکانی دیکە بێت کە بۆ خاوەنکارەکان، سیاسەتدانەرەکان و گشتی خەڵک داڕێژراون.

**نموونەگەلێک لە وڵاتانی تر** لە دوای راگەیاندنی بەرهەمەکانی توێژینەوە 20 بەشیەکەی هیند، دامەزراوە پەروەردەییەکان بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییە کارامەییە ناسراوەکان، دەستیان کرد بە ئەنجامی چالاکی لە ئاستێکی بەربڵاودا.(تۆڕی نەتەوەیی ڕێکخراوە کارامەییە کەرتیەکان، 2011، لاپەڕەی 22) ماڵپەڕی حکوومەتی ئەلێکترۆنیکی بەحرەین بە شارۆمەندان و نیشتەجێیان ئیزن دەدات کە سەبارەت بە دۆزینەوە، ناونووسی و دانی ئۆنلاینی ئەو وانە گشتیانەی کە لە لایان وەزارەتی پەروەردەوە پێشکەش کراون، دەس بە کار بن. جگە لەمە، ئەو کەسانەی کە بە شوێن خوێندنەوەن، ئەم هەلە دەرەخسێنێت کە بۆ ئەو بەرنامە پەروەردەییانەی کە لە لایەن دامەزراوە تایبەتیەکانەوە پێشکەش دەکرێن و وەزارەتی کاریش پشتیوانیان لێ دەکات، ناونووسی بکەن.

**توێژەرەکان دەتوانن لە LMIS بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی بازاڕی کار کەڵک وەربگرن.**

توێژەرەکان، دەستەیەکی تر لە کاربەرەکانی LMISن. ئەم توێژەرانە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ پشتیوانی کردن لە لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە بارودۆخی بازاڕی کار یان تەنانەت لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە بابەتەکانی دیکەوە کە دەبێت بارودۆخی بازاڕی کار لەبەر چاوبگرن، لە سەرچاوەی داتاکانی LMISکەڵک وەردەگرن. تا ئەو جێیەی کە زانیارییە کۆکراوەکان لە لایەن LMISەوە لە وردەکاری تەواو بەهرەمەند بن، ئەو داتایانەی کە لە LMISەوە وەرگیراون دەتوانن ببنە هۆی باشتر بوونی چۆنیەتی لێکۆڵینەوەکان لە ڕێگەی ئیمکانی دابین کردنی ئەنجامی هەڵسەنگان سەبارەت بە بارودۆخی بازاڕی کار لە ئاستێکی کاتی و مەکانی لە لایەن توێژەرەکانەوە. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوانە دەتوانن ببنە هۆی کاریگەر بوون لەسەر سیاسەتدانەرەکان و داڕێژەرانی بەرنامەکان.

**نموونەگەلێک لەبارەی خزمەزگوزارییەکانی دیکە کە هەندێک کات لە لایەن LMISەوەپێشکەش دەکرێن.**

LMISی جامایکا بریتیە لە راوێژکاری ئۆنلاین سەبارەت بە گەڕان بە شوێن پیشەکان و شێوازەکانی وتووێژی کاری و هەروەها پێرستێک لە سەرچاوە ئامادەکان بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی ماڵی بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە دامەزراوە بازرگانیە میکرۆ و بچووکەکان. جگە لەمە، LMIS بریتیە لە کورتەگەلێک کە هەر سێ مانگ جارێک لە دوایین "ئیشە زۆر داواکراوەکان" لە بازاڕی کاری جامایکابە پێی بەش، چەشنی کار و، پەروەردەی پێویست یان دیکەی تواناییەکان، ئەنجام دەدرێن. ئەم توێژینەوانە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی گشتی رۆژنامە جۆراوجۆرەکان و ئاگاداری ئینتێرنێتی ئیشە پێویستەکان دامەزراون (کە بریتین لە گۆڕینەوەی ئێلێکترۆنیکی هێزی کاری وڵاتی جامایکا) هەروەها LMIS، سێ مانگ جارێک سەرژمارییەک لە پەسەند کردن بڕوانامەی کار بۆ ئەو ئیشە تایبەتانە دابین دەکات کە زۆرترین ژمارەی بڕوانامەی کاری بیانی دراوە بە ئەم ئیشانە بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی کەمایەتی لێهاتوویی و کارامەییەکان لە نێوان هێزی کاری ناوخۆیی (گۆڕینەوەی ئێلێکترۆنیکی هێزی کاری جامایکا، بێ ەڕوار).

خزمەتگوزاری پیشەیی نەتەوەیی ترینیداد و تۆباگۆ بریتیە لە هەشت ناوەندی پیشەیی ناوخۆیی کە لە ئاستی وڵاتدا بڵاو بوونەوە کە لەخۆگری ناوەندەکانی سەرچاوەی پیشەیی چەندمەبەستەن کە خزمەتگوزارییەکان بێ ئەوەی کە پێویست بە دیاری کردنی کات لەوە پێش بێت، بۆ کارخوازەکان بە مەبەستی دەس پەیا کردن بە ئیشە پێویستەکان لە ڕێگەی تابلۆ ڕاگەیەندنەکان و ئاگایی بە کار گرتن و هاروەها وەرگرتنی یارمەتی پێوەندیدار بە نووسینی سی ڤی و پێشکەشکردنی ڕێنوێنیەکان بۆ بە شوێندا چوونی کار دابین دەکەن (وەزارەتی کار و گەشەی دامەزراوە بازرگانیە بچووک و میکرۆکان، 2007). بەرنامەڕێژی بەم شێوە ئەنجام دراوە کە ئەم ناوەندانە لەم زانیارییانە لە LMISدا وەک سەرچاوەیەک بۆ راوێژکاری و پێشکەش کردنی یارمەتی کەڵک وەربگرن (Hosein، 2006).

حکوومەتی ئێلێکترۆنیکی بەحرەین، خزمەتگوزاری هاوشێوەی LMIS دابین دەکات کە بریتیە لە ئیمکانی دابین کردنی ناونووسی کەسانی بێکار بە مەبەستی دەسڕاگەیشتن بە قازانجەکانی ئینشورانسی بێکاری و هەروەها دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ خاوەنکارەکان بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی یاسایی بوونی کرێکارانی بیانی لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە ژمارەی تایبەت بە کرێکار، ژمارەی ڤیزای کاری یان ژمارەی داخوازنامە.

## LMISێک بۆ هه‌رێمی کوردستان به‌ چ چه‌شنێک ده‌بێت؟

سه‌رچاوه‌ زانستگایی و سیاسییه‌کان به‌ شێوه‌یه‌کی ئاسایی له‌سه‌ر توخمه‌ سه‌ره‌کییه‌کان LMISێکی ته‌واو دڵخواز و چه‌شنی ده‌رگانه‌ی ئه‌و داتایانه‌ی که‌ تێیدا ده‌گونجێن، هاوڕان. LMISێک که‌ له‌ باشترین ناوه‌رۆخ دایه‌ له‌خۆگری ئه‌م تایبه‌تمه‌ندیانه‌ی ژێره‌وه‌یه: (1) داتای به‌وه‌خت، رێک و پێوه‌ندیدار؛ (2) نموونه‌ی سپێردراوی نه‌رمی ( به‌ توانستی گۆڕان) به‌توانایی ده‌ست په‌یاکردنی به‌ربلاوه‌وه؛ (3) چاوه‌دێری کاریگه‌ر و هه‌رزان؛ (4) شیکاره‌ ئاگاکانی بازاڕی کار؛ (5) له‌ به‌ر ده‌ست دا بوونی که‌سانی ناوبژ به‌ مه‌به‌ستی یارمه‌تی به‌ کاربه‌رانی LMIS؛ (6) په‌روه‌رده‌ کردنی کاربه‌ره‌کان به‌ مه‌به‌ستی به‌ ده‌ست هێنان و که‌ڵک وه‌رگرتنی کاریگه‌ر له‌ زانیارییه‌کانی به‌ ده‌ست هاتوو له‌ LMIS؛ (7) لێکدانه‌وه‌ و شی‌کردنه‌وه‌ی سه‌ره‌تایی داتاکان به‌ تایبه‌ت گۆڕینی داتا چه‌ندیه‌کان به‌ رێنوێنیه‌ چۆنیه‌تیه‌کان سه‌باره‌ت به‌ بابه‌ته‌کانی پێوه‌ندیدار به‌ بازاڕی کاره‌وه‌ (Woods and O'Leary، 2006; Sharpe and Qiao، 2006). به‌م حاڵه‌ش، هاوڕاییه‌کی به‌ربڵاو بوونی هه‌یه‌ له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ که‌ هه‌موو LMISێک ده‌بێت هاوتا بێت له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌وروبه‌ره‌ی که‌ تێیدا به‌ کار ده‌گیرێت و گونجاو له‌گه‌ڵ سه‌رچاوه‌ ئاماده‌کان، پێویست بوونی داتاکان، داڕشتنی سیسته‌م و رێبازه‌کانی سپاردن سازگار بێت وهیچ چه‌شنه‌ فۆڕمووڵێکی له‌ پێش دیاری کراو بۆ بیناکردنی LMISه‌کان بوونی نیه‌.

LMISه‌کان له‌ ئاستی وڵاته‌کاندا هه‌ندێکی به‌روڵاو له‌ توانایی و کاریگه‌رییه‌کانی هه‌یه‌. هه‌ندێک له‌ وڵاتانی به‌هره‌مه‌ند له‌ LMIS که‌ سالانێک له‌وه‌ که‌ڵک وه‌رده‌گرن وه‌ له‌ پشتیوانی دامه‌زراوه‌ییه‌کی به‌رچاو به‌هره‌مه‌ندن، خاوه‌نی ئه‌و سیسته‌مانه‌ن که‌ له‌ بارودۆخێکی ته‌واو دڵخواز زۆر نزیک بونه‌وه‌. به‌م حاڵه‌ش، پێڕستی ئه‌و حه‌وت تایبه‌تمه‌ندییه‌ی LMISێکی ته‌واو دڵخواز که‌ له‌ سه‌ره‌وه‌ ئاماژه‌ی پێ درا هه‌یه‌تی، له‌خۆگری ئه‌و تواناییانه‌یه‌ که‌ به‌ره‌و سه‌رتره‌ له‌ کۆکردنه‌وه‌ و لێکدانه‌وه‌ی زانیارییه‌کان بۆ نموونه‌ پێوه‌ندی‌دانی LMIS به‌ ناوه‌نده‌کانی به‌کارگرتنی نه‌ته‌وه‌یی و راوێژکاره‌ پیشه‌ییه‌کان (بابه‌تی ژماره‌ ٥ له‌ سه‌ره‌وه‌) و بریتیه‌ له‌ به‌شداری کردنی په‌روه‌رده‌یی به‌ مه‌به‌ستی په‌روه‌رده‌ کردنی کاربه‌ره‌کان بۆ که‌ڵک وه‌رگرتنی کاریگه‌ر له‌ LMIS (بابه‌تی 6 له‌ سه‌ره‌وه‌). ئه‌گه‌ر چی ئه‌م کاردایانه‌ حاڵه‌تێکی ته‌واو دڵخواز پێک دێنن، به‌ڵام ئێمه‌ له‌سه‌ر ئه‌و بڕوایه‌ین که‌ له‌وانه‌یه‌ ئه‌م کاردایانه‌ به‌ره‌و سه‌رتر له‌ توخمه‌ پێویست و سه‌یه‌تاییه‌کان بۆ LMISێکی سه‌ره‌تایی بن و حه‌تمه‌ن خه‌رجه‌کانی به‌کارگرتنی هه‌ر LMISێک زۆرتر ده‌که‌ن. له‌ هه‌مان کاتدا، هه‌ندێک له‌ وڵاتانی تر که‌ زۆرتر وڵاتانی له‌ حاڵی گه‌شه‌دان له‌م دواییانه‌دا ده‌ستیان کردوه‌ به‌ دامه‌زراندنی LMIS و زۆربه‌یان به‌ پێی تایبه‌تمه‌ندی و کارداکانی LMIS، کاره‌که‌یان به‌ سیسته‌مێکی بچووکتر ده‌ست پێکردوه‌ و هیوایان به‌ دامه‌زراندنی LMISێکی ته‌واو دڵخواز له‌ درێژخایه‌ندا هه‌یه‌. به‌ مه‌به‌ستی به‌ که‌مترن راده‌ گه‌یاندنی خه‌رج و هه‌وڵه‌کانی پێویست بۆ ده‌ست پێکردنی کار، له‌وانه‌یه‌ رێبازێکی هاوشێوه‌ باشترین رێباز بێت بۆ هه‌رێمی کوردستان. که‌واته‌، ئێمه‌ هه‌رێمی کوردستانبه‌ ورده‌کاری زیاتره‌وه‌ به‌ پێی دامه‌زراوه‌ی بازاڕی کار و حکوومه‌ت و هه‌روه‌ها چالاکییه‌ ئاماده‌ و به‌رنامه‌ڕێژکراوه‌کان بۆ کۆکردنه‌وه‌ی زانیارییه‌کان ده‌خه‌ینه‌ به‌ر چاو.

بۆ دانانی جۆری ئه‌و داتایانه‌ی که‌ ده‌بێت له‌ یه‌کLMISدا بۆ به‌دیهێنانی بابه‌تی1 له‌ پێڕستی سه‌ره‌وه‌دا، بگونجێندرێن، ئێمه‌ پێڕستی مارتین(2011) قبووڵ ده‌که‌ین و هاوکێش ده‌که‌ین، چونکوو پێڕسته‌که‌ی ئه‌و تایبه‌ت به‌ وڵاته‌ کانی له‌ حاڵی گه‌شه‌ کردندایه‌ له‌وانه‌ تونیس که‌ پێکهاتی ئابووریه‌که‌ی وه‌کوو هه‌رێمی کوردستانه‌.[4] بۆ هه‌رێمی کوردستان، ناوکه‌وتی داتاکان بۆ LMISێکی نموونه‌یی بریتییه‌ له‌مانه‌ی خواره‌وه‌

1. ئاماره‌کانی پیشه‌
2. ئاماره‌کانی خوێندن و توانسته‌کان(زانیاریگه‌لێک سه‌باره‌ت به‌ فێرکاری هێزی کار)
3. تۆمار کردنی که‌سانێک که‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمی کوردستاندان.
4. LMNAیه‌ک
5. تۆمار کردنی پیشه‌ هه‌بووه‌کان
6. تۆمار کردنی ئه‌وانه‌ی که‌ به‌ شوێن کاردا ده‌گه‌ڕێن
7. زانیارییه‌ پێشکه‌ش کراوه‌کان له‌ لایه‌ن رێکخراوه‌ تایبه‌تییه‌کانی کار دۆزینه‌وه‌

بابه‌ته‌کانی 1 تا 4، به‌شه‌کانی سه‌رچاوه‌ی داتاکانیLMISده‌گرنه‌ به‌ر. به‌ پێ خوێندنه‌وه‌ی مارتین، بابه‌ته‌کانی 1تا 3 زیاترین راهاتوویی بۆ دابین کردنی زانیارییه‌ په‌یوه‌ندیداره‌کان به‌پێشکه‌ش کردنی هێزی کار هه‌یه‌، له‌ کاتێکدا که‌

[4] ئێمه‌ هه‌موو ده‌ به‌شی داتا پێشنیارییه‌کانی مارتین بۆLMISدانانێین و ئه‌و چه‌مکانه‌ی که‌ پێمان وایه‌ بۆ هه‌رێمی کوردستان ناکرێت به‌کاربهێنرێن، ده‌خه‌ینه‌ لاوه‌. به‌ تایبه‌ت، ئێمه‌ "تۆمار کردنی ئه‌و هاووڵاتییانه‌ی له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵاتدا ده‌ژین" ده‌خه‌ینه‌ لاوه‌، چونکوو له‌وانه‌یه‌ ناردنی پاره‌، شێوازێکی باو بۆ تێچوونه‌کان له‌ هه‌رێمی کوردستاندا نه‌بێت.هه‌روه‌ها ئێمه‌ بابه‌تی "بنکه‌ی داتای نێوده‌وڵه‌تی پیشه‌کان"یش ده‌خه‌ینه‌ لاوه‌، چونکوو بۆی هه‌یه‌ پێشنیاره‌ پیشه‌یه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کان بۆ دانیشتووانی هه‌رێمی کوردستان، سه‌رچاوه‌یه‌کی گه‌وره‌ بۆ دامه‌زران له‌ سه‌ر پیشه‌ و کۆچ کردن بۆ هه‌نده‌ران نه‌بێت.

بابەتی 4، پەیوەندییەکی زیاتری لە گەڵ داوا کردن بۆ هێزی کار هەیە. بابەتی5 ئەگەر پیشە پێویستەکان لە فۆرمێکی کۆ کراوەدا وەکوو پیشەکان یا شوێنی جوگرافی پیشەکان پێڕست بکات یان ئەوەی کە پیشە پێویستەکان بە شێوەی جیا جیا پێڕست بکات، دەتوانێت وەکوو بەشێک لە بەشەکانی سەرچاوەی داتاکان کار بکات. لە ئاکامدا، بابەتەکانی 5 تا 7 دەتوانن کردەوەی راهاتوو کردنی هێزی کار– بازاڕ بەدیبێنن، ئەگەرچی بابەتی 7یش دەتوانێت لە ڕێگای دابین کردنی زانیاری زۆرتر سەبارەت بە پیشە پێویستەکان، وەکووی بەشێک لە سەرچاوەی داتاکان کار بکات. مارتین (2011)، پێشنیاری درووست کردنی LMOیەک دەکات کە وەکوو نووسینگەیەک کار دەکات کە LMIS دەگرێتە بەر و بابەتەکانی 1تا 7 تێکەڵ دەکات و هەروەها زانیارییە کۆ کراوە و لێکدراوەکان شی و بڵاو دەکاتەوە (بە هەبوونی ئەو کارگێڕانەی کە بریتین لە ئەانەی بازاڕی کار شی دەکەنەوە). ئێمە بە وردی سەبارەت بە LMO و هەروەها هەر کام لە حەوت ناوکەوتەکانی داتاکان بۆ روون کردنەوەی کردەوەی وردی ئەوانە و شرۆڤە کردنی ئەوەی کە لەوانەیە هەر کام لە ناوکەوتەکانی زانیارییەکان لە کەشی هەرێمی کوردستاندا ڕێک چۆن دەبن، باس دەکەین هەروەها لە کاتێک اکە LMISلە حالی درووست بووندایە، باسی یەکەمایەتی ڕێژەیی هەر کام لە ناوکەوتەکانی ئەم داتایانە دەکەین. وەکوو لە سەرەوەدا، کاتێک کە وتمان LMISدەتوانێت هەندێک تایبەتمەندی کەمتر لە حەوت تایبەتمەندی LMISێکی نموونەیی هەبێت، هەر بەم شێوەیە LMISێک دەتوانێت کەمتر لە حەوت ناوکەوتی داتاکانی ببێت، چونکوو لە کاتێکدا کە LMISێک چالاکی خۆی دەست پێدەکات، هەندێک لەم ناوکەوتی داتایانە بە بەراورد لە گەڵ ناوکەوتەکانی دیکە پێویستییەکی زیاتریان هەیە. پاش باس کردن لە حەوت ئێلێمانی داتاکان، ئێمە دەگەڕێینەوە ئەم بابەتە کە ئایا LMISای هەرێمی کوردستان دەبێت بریتی لە کردەوەی راهاتوویی هێزی کاریش بێت. ئەگەر هەرێمی کوردستان بڕیار بدات کەLMISێک دروسبکات، خشتەی 5.1 ئەم حەوت ناوکەوتی داتایەی کورت کردووەتەوە و ئەولەوییەت بەندی کردووە.

**دیمەنەکانی بازاڕی کار**

کردەوەی سەرەکی LMOکان کۆ کردنەوەی زانیارییە جیاکان لە سەرچاوە جیاوازەکان و پاشان لێکدانەوە و شی دنەوەی ئەم داتایانە بە شێوەی فۆرمەتی شیاوی کەڵک لێ وەرگرتن بۆ بەکارهێنەرە رەچاوکراوەکانی LMISە. LMOکان وەکوو نووسینگەی نێوڕێکخراوەیی کار دەکەن کە هاوئاهەنگی پەیوەندیدار بە گۆڕینەوە و لێکدانەوەی زانیارییەکان دەکەن. دیزاینی وردیLMO یەک و ئەوەی کە چۆن دروست دەبێت بە گرنگی دان بە وڵات یا ناوچەیەک دابین دەکرێت کە دەیەوێت LMISدەست پێبکات. سەرکەوتوویی LMO و هەروەها سەرکەوتوویی گشتی LMIS تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ڕێژەی هاوئاهەنگی کاریگەر کە LMOدەتوانێت لە نێوان وەزارەتە جیاوازە حکوومییەکان و هەروەها لە نێوان بەشە حکوومی و تایبەتییەکاندا دابین بکات. زۆرێک لە وڵاتەکان، LMOکانیان لە نێو وەزارەتی کاردا دادەنێن و هەندێکی تریان LMO راستەوخۆ وەکوو ڕێکخراوەیەکی چەند لایەنە دیزاین دەکەن کە ڕێک بۆ گەرەنتی کردنی ئەم بەستێنی هاوئاهەنگییە، لە نێوان وەزارەتە جیاوازەکاندا گەشە دەکات. بە شێوەی نموونەیی، LMOکان، دامەزراوەگەلی سەربەخۆ و خاوەنی کارگێڕ و بودجەی خۆیانن. ئەوانە هەروەها دەتوانن، ڕێکخروەگەلی بەرپرس لە ئەنجام دانیLMNAگەلی ڕێک و پێک بن، ئەگەرچی بۆ هەرێمی کوردستان، بۆی هەیە KRSO هاوئاهەنگییەکی زۆرتری بۆ ئەم مەبەستە هەبێت. لە هەرێمی کوردستاندا، MOLSAوەکووMOPدەتوانێت میواندارێکی سروشتی بۆLMOبێت، ئەگەرچیKRSOئەگەر بە باشتر دابنرێت،بە ئاوڕدانەوە لەو بەرپرسیارەتییە زۆر نزیکانە کە پێشتر بۆیان دابین کراوە، دەتوانێت بەرپرسیارەتییەکانی LMOیش وە ئەستۆ بگرێت (لەوانە ئەنجام دانیLFS هەر سێ مانگ جارێک).

**ناوکەوتەکانی زانیارییەکانی پێشکەش کردنی هێزی کار**

**ئامارەکانی هێزی کار** داتا پەیوەندیدارەکان بە ئامارەکانی بازاڕی کار، دڵی زیندووی یەک LMISە. زۆربەی کات، لەو وڵاتانەی کە لەحاڵی گەشە سەندندان، باشترین سەرچاوە بۆ ئەم ئامار و زانیارییانە، لێکدانەوەی هێزی کار بۆ پێشکەش کردنی پێش بینیگەلێکە کە نیشاندەری پێشکەشکردنی هێزی کار و پیشەن (مارتین، 2011). کارە پێشنیارییەکان بریتین لە لانی کەم ئەنجام دانیLFSای ساڵانە و لە حاڵەتی نموونەییدا هەر سێ مانگ جارێک بۆ کۆ کردنەوەی بەردەوامی داتاکان وەکوو پێوەرێکی ورد و لە سەر کات سەبارەت بە بازاڕی کارە. بۆ بەدەست هێنانی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە کۆچ کردنی هێزی کارەوە، بە شێوەی نموونەییLFSدەبێت بریتی لە مۆدوولی کۆچ کردنی نێونەتەوەییش بێت. بە خۆشحاڵییەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەرنامەی هەنووکەیی بۆ ئەنجام دانیLFSای خولی لە ڕێگای KRSO و بە بەشداری کردنیRAND بەم مانایەیە کە ئەم هەرێمە لە پێشەوە ژێرخانووی دروست کردنیLMISێکی لە بەردەستدا بووە.

پێکهاتەکانی تری داتاکان کە لە کەشێکی نموونەییدا دادەنرێن، بریتین لە زانیاریگەلێک سەبارەت بە حەشیمەت و پەیوەندیدار بە ئامارگیرییەکانەوە. هەرێمی کوردستان پێشتر ژمارەیەک لێکدانەوە سەبارەت بە بارودۆخی خێزان زیاتر وەکوو بەشێک لە هەوڵەکانی لێکدانەوە کە لە ئاستی وڵاتی عێراقدا دەکرێن، ڕێکخستووە، لەوانە لێکداەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی– ئابووری خێزان( ڕێکخراوەی ناوەندی ئامارەکان و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، ڕێکخراوەی ئاماری ناوچەی بێت، کوردستان، بانکی جیهانی، 2008) و IKN (ڕێکخراوەی ناوەندی ئامارەکان، نووسینگەی ناوچەی کوردستان و ڕێکخراوەی

نەتەوە یەکگرتووەکان، 2012). ئەم لێکدانەوانە دەتوان کامڵ کەرەوەیLFSەکان بۆ پێشکەش کردنی ئەم ئامارە حەشیمەتییانە و گۆڕاوە حەشیمەتییەکان بۆ بەهێز کردنی زانیارییەکان سەبارەت بە رادە و پێکهاتەی هێزی کار لە کاتی ئێستا و بۆ داهاتوو بن.

**ئەو ئامارانەی سەبارەت بە خوێندن و لێهاتوویەکانن.** ناوکەوتی کاریگەری تر بۆ LMIS، بنکەی داتای ناوەندی کارامەییە هەبووەکان، فێرکاری و کارامەییەکان لە نێوان هێزی کاردان. راستەوخۆترین رێگا بۆ بەدەست هێنانی ئەم بابەتانە، کۆ کردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی راستەوخۆ لە دامەزراوە خوێندنی و تەکنیکییەکان سەبارەت بە ناونووسی کۆرسە خوێندنییەکانە. بە شێوەی نموونەیی، ئەم زانیارییانە بۆ ئەوەی بازنەیەکی تەواویان هەبێت دەتوانن لە قۆناغەکانی سەرەتایی (پۆلی نۆیەم)، ئامادەیی (پۆلی دوازدەیەم)، تەکنیکی و پیشەیی(دووساڵ خوێندنی باڵا ) و لە قۆناغی زانکۆ(خولی چوار ساڵەی زانکۆیی) کۆ بکرێنەوە. لە هەرێمی کوردستاندا، MOE و MOHESR پێشتر دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی ئەم داتایانە لە دامەزراوە حکوومییەکان. لە پاژی 2دا، بۆ پێشکەشکردنی پێش بینی لە ناوکەوتەکانی داهاتووی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە بە شرۆڤە کردنی ئەم داتایانەی کە ئەم ساڵانەی دواییان دەگرتە بەر، باسمان کرد. م پێیە، ئەم جۆرە ناوکەوتانە دەتوانن وەکوو پێوانی هێڵی بنەمایی ئەم ئامارانە سەبارەت بە هەر LMISێکی نوێ کار بکەن. بە شێوەی نموونەیی، MOE وMOHESRدەتوانن لە دەرەنجامدا دۆزراوە بە دەست هاتووەکان لە بنکە خوێندنییەکان و فێرکاری تایبەتی لە بنکەی داتاکانی خۆیاندا بگونجێنن. ئەم ناوکەوتانە سەبارەت بە ناونووسی لە هەموو ئاستە خوێندنییەکان و لقی تایبەتی خوێندنی لە قۆناغی خوێندنی باڵا دەتوانن زانیاری گرنگ لە تێگەیشتن لە کارامەییە هەبووەکانی هێزی کاری ئێستا و و داهاتووی بازاڕی کار بن. ئەم داتایانە دەبێت بەردەوام کۆ بکرێنەوە و لە گەڵ هەر جۆرە LMISێکدا کە بۆی هەیە گەشە بدرێت، تێکەڵاو ببن.

**تۆمار کردنی کەسانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان** ئەوەی کە گرنگییەکی رۆژ بە رۆژ زیاتری هەیە لە ئابوری ئەمڕۆدا و بە گەشەی خێرا لە هەرێمی کوردستاندا، هەبوونی داتاگەلی رێک و ورد، لە سەر کات و بەربڵاو لە کۆچبەرگەلێکدا کە دێنە ناو ناوچەکەوە کە بریتین لە کۆچبەرەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق و شوێنەکانی تری دنیایشە. زۆربەی کات ئەم داتاگەلە پێشتر بۆ دەرکردنی بەڵگەنامەی کاری یان رێگە پێدانی هاتنە ژوورەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لە لایەن بەرپرسە ناوچەییەکاەوە کۆ بوونەتەوە. دەکرێت ئەم داتانە لە LMISیەکدا بگونجێندرێت کە ئامانجی داینکردنی وێنەیەکی گشتی لە کارامەیی و توانستەکانی هەبووی هێزی کاری خۆجێییە.

#### ناوکەوتەکانی زانیاری داواکاری بۆ هێزی کار

**هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی بازاڕی کار** تێگەیشتن لە کارامەییەکانی داواکراو لەلایەن خاوەنکاران و بەتایبەت ئەو کارامەییانە کە دۆزینەوەیان لە نێوان هێزی کار بۆ خاوەنکاران سەختە، ناوکەوتی سەرەکی LMIS یەکێکە لە ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان بو پەرەپێدانی کەرتی تایبەتە. بە شێوەی نموونەیی، ئەم پێداویستیانە دەکرێن بە جیا لە لایەن بەشی ئابووری و رەنگە لە لایەن خۆی پارێزگاکانیشەوە شی بکرێنەوە. بە پێی رادەی سەرچاوەیەک کە بۆ دامەزراوەکانی خوێندن و پەروەردە تەرخان کراوە، بۆ هەر ئابووریەک، پێویستە کە تێگەیشتنێکی روون و بەرۆژی لە کارامەیی پێویست لە بازاری کار بە تایبەت ئەو کارامەییانە کە لەگەڵ رەوتی گەشەی خێرای ئابووری و بە جیهانی بوون گەشە دەکەن لە بەردەستیا بێت.

دەستکەوتەکانی ئەم خوێندنەوە سەبارەت بە بۆشاییەکانی کارامەیی و پێویستییەکان بە پێی هەڵسەنگاندنی جێبەجێ کراو لە 360 دامەزراوەی بازرگانی لە ئاستی سێ بەشی سەرەکی ئابووری و لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و هەر وەها دیمانە ئەنجام دراوەکان لە لایەن RAND لە خاوەنکاران لە ساڵی 2010، دەتوانن وەکوو هێڵێکی بنچینەیی بۆ هەڵسەنگاندنی پێویستییەکان بن. بۆ وێنە، دەستنیشان کرا کە زانستی تەکنیکی، زمانەکان ( ئینگلیزی و عەرەبی) و کارامەییە نەرمەکان (بەرێوەبردنی خزمەتخواز، کارامەیی پەیوەندی کردنی زارەکی و بە نووسراوە) داواکاری زۆریان بۆ هەیە و نیشاندەری ئەو بوارانە بوون کە پێویستە دامەزراوەکانی خوێندن جەختیان لە سەر بکەن و دەرفەتێکی زۆرتر لەم بوارە بە مەبەستی دەستە بەر کردنی ئەزموونە کاریەکان چ بۆ تەواوبووانی خوێندنی قوتابخانەی ناوەندی و چ تەواوبووانی خوێندنی زانکۆیی دابین بکەن. بە شێوەی نموونەیی، هەڵسەنگاندنە جێبەجێ کراوەکان لە لایەن دامەزراوە بازرگانییەکان یان دیکەی جۆرەکانی وتووێژە وردبینانەکان لەگەڵ خاوەنکاران کە هەلی وەدەست هێنانی روانگەیەک سەبارەت بە کارامەیی و توانستە جیاوازەکان کە بۆ بەشە جیاوازەکان پێویستن، دابین دەکەن، هەروەها وەکوو دەستەیەکی پلان داڕێژراو لە راستای بەرۆژ راگرتنی زانیاری بە پێی گۆڕانکاری خێرا کە خەریکی روودانە، درێژەیان دەبێت.

شێوەیەکی شاراوەی تر بە مەبەستی پێوانی پێویستییەکانی هێزی کار لە نێوان خاوەنکاران دەتوانێت شیکردنەوەی ئیشە پێویستەکانی ئێستا بێت کە بریتیە لەو ئیشە ریزکراوانە لە ماڵپەڕە تایبەتییەکان یان رۆژنامەکان و یان ئیش و کارە پێویستەکانە کە لە لایەن LMIS وەکوو بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ شیکردنەوەی داتاکان و یان وەکوو بەشێک لە سایتی گۆڕینەوەی هێزی کار کە میوانداریێتی ئەو لە ئەستۆی LMIS دایە کۆکراوەتەوە. بەوەشەوە، سوودمەندی وەها رێبازێک وێدەچێت گرێدراوی رادەی لە خۆ گرتن و رادەی ئەو وردەکاریانە بێت کە گونجێندراوە.

**کردەوەکانی ڕاهاتوویی بازاڕی کار**

هەروەها کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، هەرێمی کوردستان لە سیپتامبەری 2013، گۆڕینەوەی هێزی کاری دەست پێکرد. ماڵپەڕی ئیش و کاری کوردستان (kw.krg.org) کە پشتگیری دەکرێت لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان خاوەن ئەم تایبەتمەندیانەیە کە تا ڕێکەوتی 3 ئۆکتوبەری 2013، لە زانیاری بەڕۆژ بەهرەمەندە.

- پێڕستی ئیشەکان 1,079 ئیش پێڕست کراوە. ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان، پێڕستی ئیشەکانی خۆی بە پێڕست کردنی سەر لە نوێی ئیشە پێویستەکان کە لە لایەن دامەزراو تایبەتی کاردۆزی و یان دیکەی ماڵپەڕە کاردۆزییەکانەوە پێڕست کراون، دەستەبەر دەکات. تەنیا ئیشەکانی کەرتی تایبەتی پێڕست کراون.
- ڕێنوێنی گەلێک بۆ ئەو کەسانە بە دوای کاردا دەگەڕێن وەک پێناسەی پێشینەی کاری (CV) هەروەها ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان، لینکێک بۆ دامەزراوە تایبەتییەکانی پەیوەندیدار بە کاردۆزی دابین دەکات کە لەوانەدا ئەو کەسانەش کە بە دوا کاردا دەگەڕێن دەتوانن ڕزوومەکانی خۆیان دابنێن.
- دەرفەتەکانی ڕاهێنان
- سایتی ڕاگرتنی شوێنەکانی کارفێرکردک (ڕاهێنان بۆ کار) ئەم لاپەڕە، زانیاریەک سەبارەت بە فێربوونی کار بە پێی بەرنەمەیەکی نوێ دابین دەکات کە لە لایەن زانکۆکان هاوئاهەنگ کراوە و بە هاوکاری کەرتی تایبەتی و هەرێمی کوردستان جێبەجێ و و لە ژێر چاودێری لیژنەیەکدایە.
- دەرفەتە خۆبەخشانە و خێرۆمەندانەکان
- هەندێک لینک بۆ دەستڕاگەیشتن بە یاساکانی کار، وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی، زانیاری سەبارەت بە حەشیمەتی پرژ و بڵاوی کورد زمان، پەیامی سەرۆک وەزیران لە پەیوەندی لەگەڵ دەستپێکردنی کاری ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان و پیشانگای کار و ڕاهێنانی پیشەیی کوردستان کە ئەم ماڵپەڕە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەم پیشانگا چالاکی خۆی دەست پێکرد.

ئەگەرچی ئەم سایتە چالاکی خۆی دەست پێکردووە، ئێمە زانیاری سەرەتایی سەبارەت بەوەیکە هەر سیستەمێکی تۆمارکردنی گشتگیر دەبێت کام بابەتەکان لە بەر چاو بگرێت، پێشکەش دەکەین تا سیاسەت دانەرانی هەرێمی کوردستان دڵنیا بینەوە کە ئەوان باشتری خزمەتگوزاری شیاو بە خاوەنکاران و ئەوانەی بە داو کاردا دەگەڕێن، دەدەن.

**تۆماری ئیشە هەبووەکان.** تۆماری گشتگیر و لە کاتی خۆی ئیشە هەبوو و پێویستەکانی خاوەنکارەکان بە مەبەستی پیشاندانی داواکاری بۆ هێزی کار، بەشێکی گرنگە لە کردەوەی ڕاهاتوویی پیشەیی بە بێ ڕەچاو کردنی ئەوەیکە بەشێک لە LMISە یان نا. ئاسانترین شێوە، لە بەر دەستدا بوونی سیستەمێکی ئانلاینە و زۆرێک لە وڵاتەکان وەکوو ترینیداد و تۆباگۆ، سیستەمی تۆمار کردنی ئانلاین بۆ خاوەنکاران بە مەبەستی هێنانە ناوی زانیاریان هەیە کە ئەم جۆرە سیستەمە بۆ ئەو کەسانەی کە بە شوێن کاردا دەگەڕێن ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە بە پێی ڕادەی خوێندەواری پێویست، شوێن و دیکەی هۆکارەکان لە بنکەی داتای ئیشەکان دا بگەڕێن.

جگە لە گشتگیر بوون، پێویستە وەها سیستەمێکی تۆمار لەم بابەتە دڵنیا بێتەوە کە پێشینەکانی ڕابردوو بۆ بەڕۆژ ڕاگرتنی زانیارییەکان، پاک کراونەتەوە. لە سیناریۆیەکی نموونەیی دا، ئەوانەی کە بە دوای کارەوەن دەتوانن دەستڕاگەیشتنیان بەم سیستەمی تۆمارە هەبێت و بە پێی وشەیەکی تایبەت وەکوو سەردێڕ، شوێن یان توانستە پێویستەکان بە دوای دامەزراندنی پۆتێنسیێلەوە بن. بۆ وێنە، بەڕێوەبەری فرۆشتنی کۆمپانیای Amedi، یان پسپۆڕی تەکنۆلۆجیای پەسەندکراو لە لایەن کۆمپانیای مایکرۆسافت یان دەتوانن بە پێی ڕادەی خوێندنی پێویست، ئامادەبوون بۆ کار یان هۆکارەکانی تر، بۆ ئیشەکان بگەڕێن.

**تۆماری کەسانێک کە بە دوای کارەوەن.** تۆماری گشتگیر و لە کاتی خۆی ئەوانەی بە دوا کارەوەن دەبێتە هۆی دڵنیا بوون لەمەیکە هەر چەشنە گۆڕینەوەی هێزی کار، باشتری جۆری شیاوە. دادوەرانەترین شێوە بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە، لە بەردەستدا بوونی سیستەمێکی ئانلاینە کە هەموو هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و لەگەڵ ناوەندەکانی دامەزراندن لە جێگا جیاوازەکاندا تێکەڵ ببێت کە دەتوانن بۆ کەسانێک کە ئینتێرنێتیان نییە، خزمەتگوزاری بە بێ پێویستبوونی دیاریکردنی کاتی پێشوو لەگەڵ ڕاوێژکارانی دامەزراندن و ڕاوێژکارانی پیشەیی دابین بکەن. سیستەمێکی تۆمار دەبێت زانیاری لەوانەی کە بە دوا کارەوەن سەبارەت بە داتا پەیوەندیدارەکان بە پەیوەندی تاکەکسی، کارامەییەکان و تواناییەکان و ئەزموونی کاری و هەروەها جۆری کارێک کە بۆی دەگەڕێن و کاتی ئامادەباشی بۆ دەستپێکردنی کار کۆ بکاتەوە (مارتین، 2011). هەروەها دەبنێت ئەم سیستەمی تۆمارە لە بەرنامەکانی ئێستای حکومەتیش کەڵک وەربگرێت وەک سیستەمی تۆماری کەسانی بێکار کە لە لایەن دامەزراندنی MOLSA بە ڕێوەدەبرێت و هەروەها ناوەندەکانی ڕاهێنان لە هەرکام لە پارێزگاکان. لە ڕاستیدا وەها دەردەکەوێت، کە ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان ئەم کارە جێبەجێ دەکات. سەرۆک وەزیران دەربیڕی کە ئەم ماڵپەڕە

نوێیە وەکوو تەواوکەرێک بۆ بەرنامەکانی پەرەپێدراو لە لایەن وەزارەتی کار و کار و باری کۆمەڵایەتی، دیزاین کراوە و داواکاری پشتگیریکردنی بوو (N. Barzani، 2013).

بە مەبەستی کردەوەیەکی سەرکەوتوو، وەها سیستەمێکی تۆمار دەبێت بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەو کەسانەی لە خۆ بگرێت کە بە دوا کارەوەن و بریتی لە ڕێگای کارکردن بۆ پاک کردنەوەی پێشینەکانی ڕابردوو بێت تا بەم جۆرە زانیاری بەرۆژ پێشکەش بکات. لە سیناریۆیەکی نموونەیی دا، ئەو خاوەنکارانەی کە بە دوای کارمەندەوەن دەتوانن دەستڕاگەیشتنیان بە سیستەمی تۆمار هەبێت و بە پێی وشەیەکی تایبەت وەکوو کارامەیی یان توانایییەکی تایبەت وەک زانینی زمانی ئینگلیزی، نەرمئامرازی Microsoft Access یان کارەباکاری پەسەندکراو، بە دوا کاندیدەکانی دامەزراندنی پۆتێنسیێلی خۆیانەوە بن. یان دەتوانن بە پێی ڕادەی خوێندنی پێویست، کاتی ئامادەبوون بۆ کار یان هۆکارەکانی تر، بۆ ئەوانەی بە دوا کارەوەن بگەڕێن.

**زانیاری پێشکەش کراو لە لایەن دامەزراوەکانی تایبەتی کاردۆزینەوە.** پیشانگاکانی کار کە لە لایەن زانکۆکان، دیکەی دامەزراوەکانی خوێندن یان دامەزراوەکانی مسۆگەری هێزی کار و یان دیکەی دامەزراوەکانی تایبەتی ڕاهاتوویی بازاڕی کار بەڕێوە دەبرێن، رۆڵێکی سەرەکی لە ئابووری کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان دەگێڕن. لە ڕاستیدا، ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان چالاکی خۆی لە دووەمین پیشانگای ڕاهێنان و دامەزاندنی پیشەیی کوردستان کە لە هەولێر بەڕێوە برا، دەست پێکرد کە ئەم پیشانگا لە لایەن لاوانێک لە هەرێمی کوردستان و لە ژێر چاودێری سەرۆک وەزیران ڕێک خرابوو. گۆڕینەوەی نموونەیی (ideal) هێزی کار، داواکاری گونجاندنی زانیاری دەستەبەر کراو لەم چەشنە دامەزراوانەیە تا هەلی تەواوکردنی بنکەی داتاکانی خۆی سەبارەت بە چالاکییە ئەنجامدراوەکان لە لایەن بازاڕی کاری لە بەر دەستدا بێت. بۆ ئامانجە تایبەتەکانی LMIS، تەنانەت بە بێ بەهرەمەند بوون لە کردەوەی ڕاهاتوویی کاریی، وەها زانیارییەک دەتوانێت لە پێشکەش کردنی داتا گشتگیرتر سەبارەت بە چیگا کارییەکان، بەشدار بێت.

**زۆرترین کەڵک وەرگری لە گۆڕینەوەی هێزی کار.** گۆڕینەوەی هێزی کاری ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان پەیوەند بووە بە گۆڕینەوە جۆربەجۆرەکانی هێزی کاری کەرتی تایبەتی کە ئێستا هەیە وەکوو Aweza.com، ئیشە پێڕستکراوەکان لە لاپەڕەی فایس بووکی پارێزگای هەولێر Erbil Manpower، F–Jobs، Karox، Kodo Jobs، MSelect، بانگەشەی ڕۆژنامەکان،ماڵپەڕەکانی خاوەنکارە تایبەتییەکان (وەک WHA Financial کە لە ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستاندا پێڕست کراوە)، و سیاتە نێونەتەوەییەکانی گۆڕینەوەی هێزی کار لە لایەن ئەو خاوەنکارانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بە دوا توانا و بەهرە جیهانییەکان دان. ئەگەرچی ئێمە لە ئاستی کەڵک وەرگرتن لەم سایتە تایبەتییانەی گۆڕینەوەی هێزی کار ئاگادار نین، وتووێژەکانمان ئەوە پیشان دەدەن کە ئەو خاوەنکارانەی کە کەڵکیان لێ وەردەگرن، خاوەن تەکنۆلۆجیایەکی بەرزن، یان بەرهەم و خزمەتگوزارییەک کە بۆ هەرێمی کوردستان، بوێن، پێشکەش دەکەن یان بەرهەم و خزمەتگوزارییەک پێشکەش دەکەن کە خاوەن ئاستێکی بەرزی ستانداردی نێونەتەوەیی کواڵیتین. ئەم دەستکەوتانە ڕاهاتووە لەگەڵ دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی جێبەجێ کراو لە لایەن RAND کە بەم دەرەنجامە گەیشتووە کە بەشێکی گەورە لە ئیشەکانی ئێستا کە ئەمڕۆکە پێشنیار دەکرێن لە نێوان دامەزاوە تایبەتییە بچووک و ناوەنجیەکاندان کە بە زۆری ئەم دامەزراوانە نافەرمین و باوترین شێوەی دامەزراندنی کارمەندان بۆ ئەم دامەزراوانە لە ڕێگای تۆڕە نافەرمییەکان جێبەجێ دەکرێت..

سەرەڕای ئەوەش، هەروەها کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، پیشانگا نوێکانی کار بە میوانداریێتی زانکۆکان و دامەزراوە تایبەتیەکان و هەروەها دامەزراوە تایبەتیەکانی کاردۆزینەوە بەڕێوە دەبرێن. هەڵسەنگاندنی کارامەییەکانی جێبەجێکراو لە لایەن RAND لە 360 کۆمپانیا ئەم دەرەنجامەی بوو کە خاوەنکارانی تایبەتی ڕاپۆرتیان داوە کە لە دامەزراوە تایبەتیەکانی کاردۆزینەوە کەڵک وەردەگرن ( لەسەدا 26 لە 360 کۆمپانیا ڕاپۆرتیان دا کە کارمەندانی خۆجێییان بە کەڵک وەرگرتن لە دامەزراوەی تایبەتیکاردۆزینەوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا خستووەتە سەر کار و هەروەها لەسەدا 18ی ئەم کۆمپانیانە ئاماژەیان پێکرد کە لەم دامەزراوانە بۆ دامەزراندنی کارمەندانی بیانی کەڵکیان وەرگرتووە) و هەروەها بە مەبەستی دامەزراندنی تاکەکان لاگەڵ قوتابخانەکان یان دامەزراوەکانی تری خوێندن دا ( لەسەدا 10) پەیوەندییان کردووە.

ئێستاکە ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان دامەزراوە، سیاسەتدانەران دەبێت لەم کارە دڵنیا بن کە ئەم ماڵپەڕە نابێتە هۆی سڕینەوەی ڕێگاچارەسەری پێشکەش کراو لە لایەن کەرتی تایبەتییەوە، چونکە ئەم ڕێگا چارەسەرە پێشکەش کراوانە لە لایەن کەرتی تایبەتی لە بەراورد لەگەڵ کەرتی گشتی چالاکانەتر و نوێکارانەترە. تا ئێستا، وا دەرناکەوێت کە ئەم بابەتە بووبێتە کێشەیەک چونکە ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان، خاوەنکاران و ئەوانەی بە دوا کارەوەن بۆ ڕێگاچارەسەرە پێشکەش کراوەکان لە لایەن کەرتی تایبەتی ناردووە و بنکەی داتاکانی خۆی بە پێی پێڕستە پێشکەش کراوەکان لە لایەن کەرتی تایبەتییەوە دروست دەکات. ئەگەر هەرێمی کوردستان، دەست کات بە پێکهێنانی LMISی فەرمی، پێویستی بە بڕیاردان لەم بارەوە هەیە کە ئاخۆ دەبێت ماڵپەڕی ئیشەکانی کوردستان لەگەڵ LMIS تێکەڵ بکات یان نا و ئەگەر تێکەڵ بکات دەبێت بە چ شێوازێک ئەم کارە جێبەجێ بکات. هەریەک لەم دوو شێوازە، سیاسەتدانەران ئەگەر زانیاری سەرەتایی سەبارەت بە کارە پێویستەکان و ئەوانەی بە دوا کارەوەن بە هاوبەشی دابنرێن کەڵکی لێ وەردەگرن تا بەم شێوە شیکارەکان و سیاسەتدانەران بتوانن شێوازەکانی دامەزراندن ببینن.

## خاڵە پەیوەندیدارەکان بە بازاری کاری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

پێش لە بڕیاردان سەبارەت بە دەست پێکردنی یەک LMIS، پێویستە هەرێمی کوردستان بڕیاری زۆر بگرێت و کاری جۆربەجۆر ئەنجام بدات. ئەم کارانە بریتین لە تەخمینی ڕێژەی کارمەندانی پێویست و تێچوونەکان، پێکهێنانی سیستەمی کۆکردنەوەی داتاکان، کاری تاوتوێ کردن و شیکردنەوەی داتاکان و دڵنیا بوون لە دروست کردنی پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان و لە نێوان ناوچەکانی هەرێم، خاوەنکاران و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە خوێندن. ئەگەرچی پێویست نییە کە یەک LMISبە یەکجارە درووست ببێت بەڵام پێویستە پلان دانانی وردبینانە بکرێت.

ئەگەرچی خوێندنەوەی پێشووی ئەنجامدراو لە لایەن RANDلە هەرێمی کوردستان بەم دەرەنجامە گەیشتبوو کە هەرچەند هەرێمی کوردستان رادەیەکی زۆر لە داتاکان کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەم داتاکە کواڵیتی لاوازیان هەیە کەلێنێک هەیە لە نێوان ئەو شتەی کە کۆ کراوەتەوە و ئەو شتەی کە پێویستە و هەندێک لە داتا کۆراوەکان فۆرمەتێکیان نییە کە بکرێت کەڵکیان لێ وەربگیردرێت (Berry et al.، 2012) . سەرەڕای ئەوەش، پەیوەندی نێوان وەزارەتخانەکان، بەش یان دامەزراوە جیاوازە حکومەتیەکان هەندێک جار بەس نییە و وەها پێکهێنانێکی پەیوەندی بابەتێکی سەرەکییە لە کردەوەی تەواوی LMIS بەتایبەت بۆ نووسینگەی LMO کە گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان وەزارەتخانەکان و بەشە حکومەتیەکان ئاسان دەکاتەوە.

هەوڵەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێز کردنی توانست لە ناو KRSO بەرنامەی بۆ جێبەجێ کردنی LFS ڕێکوپێک لە هەر سێ مانگ جارێک ئەم واتایە هەیە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان لە سەر پێکهێنانی LMISییەک کە لانیکەم تیشک دەخاتە سەر بەشەکانی سەرچاوەی داتاکان، بڕیار بدات زۆربەی پێگە گرنگەکان لە پێشەوە بنیات نراون. ئەم شتە ئەم واتایە هەیە کە ناوکەوتە پێویستەکانی داتاکان لە پێشەوە هەن ( هەرچەند باشتر کردنی کواڵیتی ئەوانە، بەردەوام خەریکی ئەنجامە). ئەو شتەی کە ئێستا پیویستە و ناوکەوتی سەرەکی و دەست پێکەری ترە، هاندەری دامەزراوەیی بە مەبەستی کۆ کردنەوەی داتاکان و ناوکەوتەکانی تر لە وەزارەتخانە جیاوازە حکومەتیەکان و سەهامدارەکانی کەرتی تایبەتی و پێکهێنانی چوارچێوەی کاری خاوەن کردەوەی وەکیەکە کە بە هاوئاهەنگی و گەڕانی زانیاری لە نێوان دامەزراوەکان دەگات. بەتایبەت، پێکهێنانی یەک LMO– کە دامەزراوەیەکە کە بە روونی بە مەبەستی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار بە بازاڕی کار لە وەزارەتخانە جیاوازە حکومەتیەکان و کەرتە تایبەتییەکان دیزان کراوە یەکەمین کێشەیەکە کە هەرێمی کوردستان ئەگەر بۆ پێکهێنانی LMIS بڕیار بدات دەبێت رووبەڕووی بێتەوە. بەوەشەوە، بۆ سەرکەوتوو بوون، LMO دەبێت بە سەر کولتووری ئێستادا سەرکەوێت. ئەگەر نەتوانێت ئەم کارە بکات مەترسی گۆڕینی بە گەڵاڵەیەکی پڕخەرج و بە قازانجی کەم هەیە. دڵنیابوون لە پەیوەندی سەرکەوتوو لە نێوان وەزارەتخانەکان و وەرگرتنیان لە لایەن سەهامدارەکان گەرەنتی کراوە و ئەم پرۆسە پێویستی بە کاتە.

یەک LMIS پێویستی بە ڕێگایەکی کارکردن بە مەبەستی کۆکردنەوە، خزنکردن و بەڕێوەبەرایەتی داتاکان هەیە. هەروەها، پێویستە کە ئەم سیستەمە لە گەڵ دیکەی دامەزراوەکان کە خەریکی کۆکردنەوەی داتان پەیوەندی بکات (KRSO، MOP، MOE، MOHESR و MOLSA) و پێویستی بە توانستێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی، لێکدانەوە و ڕاپۆرتدانی داتاکان بۆ یارمەتیدانی گرتنی بڕیارەکان هەیە. ئەگەرچی زۆربەی داتاکان لە ڕێگای سەرچاوە بیانیەکانەوە دەستەبەر دەکرێن، LMO خۆی دەتوانێت داتاکان کۆ بکاتەوە یان بە پێی پێویستییەکان و توانایی دەستراگەیشتن، کاری کۆکردنەوەی داتاکان بە کۆمپانیاکانی تر بسپێرێت. لە ئاکامدا ئەوەی کە بە پێی بەڕێوەبەرایەتی داتاکان، ئەم سیستەمە پێویستی بە پارێزگاری لە داتاکان لە هەمبەر بەدبەکارهێناندا هەیە.

ئەم پێویستییە جیاوازانە، پۆتانسیێڵی پێکهێنانی دامەزراوەیەکی بە تەواوەتی نوێ کە دەتوانێت پڕخەرج بێت یان سەرنەکەوێت و هەروەها کارنامەی لاوازی LMIS لە هەندێک لە وڵاتەکان پیشان دەدات کە سیاسەتدانەرانی هەرێمی کوردستان دەبێت بە دوا بژاردەیەکی تر بۆ ئەمە بن. زۆرێک لە بەشەکانی LMIS بۆخۆیان دەتوانن گرنگایەتیان بۆ سیاسەتدانەران، خاوەنکاران، ئەوانەی کە بە دوا کارەوەن، دامەزراوەکانی خوێندن و توێژەرەکان هەبێت. کەواتە، هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەندێک دامەزراوەی سەربەخۆی لە ڕێبازێکی ناناوەندی هەبێت یان دەست بکات بە کۆکردنەوەی زانیاری سوودمەند بۆ وێنە بە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ڕێکوپێک لە پێویستییەکانی بازاڕی کار و یان بەهای زانیارییەکانی ئێستا بەهێز بکاتەوە بۆ وێنە بە لە بەردەستدا دانانی داتا کۆبووەکانی پەیوەندیدار بە خوێندن. ئەم کارە پێشتر لە ئاستی KRSO LFSی نوێ دەستی پێکردووە. بە درێژایی کات، لە کاتێکدا کە ئەم بەشانە لە جێگای خۆیاندا دادەنرێن ئەگەر وەها سیستەمێکی ناناوەندی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانیان نەبێت، سیاسەتدانەران دەتوانن پێداچوونەوە لە سەر بیرۆکەی پێکهێنانی یەک LMIS بکەن.

# دەرئەنجامەکان و ئاراستەکانی سیاسەتەکان

لە ساڵی 2003 ەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق گەشەی هەرە زۆری لە بواری ژێرخان و خزمەتگوزاریدا بەخۆوە بینیوە و ئەم گەشەیە بە ئەگەری زۆرەوە درێژەی دەبێت. چاکتربوونی کردەی بازاڕی کار دەتوانێت یارمەتی پاراستنی ئەم گەشەیە بدات و بە هۆی دامەزراندن و چوونەسەرکاری کارگێڕانی زیاتر لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و پەرەپێدانی زیاتری کەرتی تایبەتی، قازانجەکانی دەگاتە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا. ئەم خوێندنەوەیە سێ لایەنی گرنگی بازاڕی کاری لێکداوەتەوە. ئەم بابەتانە بریتین لە پێشکەشکردنی هێزی کار، داواکاریی بۆ هێزی کار و ئەو بەسانەی کە ئەگەری گەشەی پیشەو چوونەسەرکار لەوانەدا زۆرە. هەروەها ئامرازێکی پۆتانسیەل لەبۆ سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان واتە سیستەمی زانیاریی بازاڕ کار لێکدراوەتەوە. سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن لە بواری سیاسەتدانان بۆ کەڵکوەرگرتن لە رەوتەکان و پێویستیەکانی ئێستاکە و لەبۆ چاکتربوونی بازاڕی کار بە قازانجی کەرتی تایبەتی، هەندێ هەنگاوی کردەوەیی هەڵێنن.

## قۆناخەکانی سیاسەتدانان لەبۆ چاکتربوونی پێشکەشکردنی هێزی کار و هەڵسەنگاندنی داواکاریی هێزی کار

کارخوازانی نوێ بە گوێرەی زۆرێک لە بەشداربووانی ئێستاکە لە بازاڕی کاردا پلەی خوێندنی چاکتریان دەبێت. بە درێژەپێدانی گەشە و جۆراوجۆری ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق، کارخوازەکان بەرەوڕووی شەبەنگێکی بەربڵاو لە دەرفەتەکانی پیشە لە کەرتی تایبەتیدا دەبنەوە. سیاسەتدانانەکانی پەروەردە و بازاڕی کار کە لەسەر بنەمای رەوتەکانی بازاڕی کار و پێویستیەکانی کارامەیی بێت بۆ دڵنیابوونەوە لەم کارە زۆر گرنگ دەبێت کە تەواوبووانی خولی دواناوەندی و باڵا بەتایبەت خاوەن کارامەیی پێویست بۆ ئابووری مۆدێرن بن کە تەوەرەکەی کەرتی تایبەتی پێکی دەهێنێت. ئێمە لەم بەشەدا لەسەر ئاراستەکانی سیاسەتدانان پێوەندیدار بە سیستەمی خوێندنی باڵا و پاشان بە هەموو بەشەکانی بازاڕی ئێستاکەو داهاتووی هێزی کار باس دەکەین.

### ئاراستەکانی سیاسەتدانان پێوەندیدار بە سیستەمی خوێندنی باڵا

زۆربەی خاوەنکارەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئامادەبوونی تەواوبووانی خوێندن بۆ کار باش یان زۆر باشی، هەرچەند لانیکەم هەندێ لە خاوەنکارەکان (لانی زۆر لەسەدا 40ی ئەوان) لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەرچووانی خولی دواناوەندی ئامادەیی کەمیان هەیە بۆ چوونەناو بازاڕی کار. نزیکەی یەک لەسەر چواری خاوەنکارەکان راپۆرتیان کردووە کە ناتوانن دەرفەتە پیشەییەکانی خۆیان بە کەڵکوەرگرتن لە داواکارانی خۆجێیی بازاڕی کار رووماڵ بکەن. لەوەها بابەتگەلێکدا، یان داواکاران ئەو کارامەییە پێویستیان نییە کە خاوەنکارانی کەرتی تایبەتی دەیانەوێت، یان ئەم کارامەییانە بە رادەی تەواو نییە بەجۆرێ کە پێویستیەکانی ئەوان دابین بکات. رەنگە هەندێ لە قوتابییان راهێنان و رێنوێنی پێویست سەبارەت بە دەرفەتە پیشەییەکانی کەرتی تایبەتی و شیاوەتی و کارامەییە پێویستەکانیان لەم بوارەدا بۆ کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتانە نەبێت. چاکسازیەکانی ئەم دواییانە لە سیستەمی خوێندنی باڵا تاڕادەیەک لەبۆ راگەیشتن بە هەندێ لەو کێشانەی کە خاوەنکارەکان جەختیان لەسەریان کردووە جێبەجێ کراون. زانکۆکان هەوڵ و تێکۆشانی نوێیان دەس پێکردووە بۆ گۆڕانی بەرنامەی وانەیی ساڵی یەکەم و دانانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و باسکردن، زانستی کۆمپیۆتەر و زمانی ئینگلیزی تێیدا. هەروەها چاوەڕوانی دەکرێت بەرنامەی وانەکانی هەندێ لقی تایبەت بگۆڕدرێت. بەڵام سیستەمی خوێندنی باڵا دەتوانێت هەنگاوی زیاتر هەڵێنێت.

**پێکهێنانی پێوەندیی لەگەڵ کەرتی تایبەتی لە ڕێگای لێژنەکانی ڕاوێژکاریی کەرتی تایبەتییەوە.** ئەم لیژنانە پێکهاتوون لە ڕێبەرانی کەسب و کارە ناوخۆیی و دەرەکییە چالاکەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و تەنانەت دامەزراوەکانی خوێندنی خولی دواناوەندی کە دەتوانن ڕاستەوخۆ سەبارەت بە پێویستیەکانی کەرتی تایبەتی هەندێ سفارشت پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن. ئەم لێژنانەی ڕاوێژکاریی دەتوانن هەموو کاتێک هەندێ ناوکەوت لەبۆ بڕیاردانەکانی پێوەندیدار بە سەردێڕ و بەرنامەکانی وانە دابین بکەن کە یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ داواکاریەکانی بازاڕی کاری کەرتی تایبەتی چاکتر ئامادە بن. ڕۆڵی زیاتری کەرتی تایبەتی لە چوارچێوەی لێژنەیەکی ڕاوێژکاریدا یارمەتی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاش دەدات کە بڕیاردانە ستراتێژیکەکان و مسۆگەرکردنی ئەو سامانانەی لێکبدەنەوەو جێبەجێیان بکەن کە دەتوانێت یارمەتی ڕۆڵی ئەوان بدات لە بواری ئامادەکردنی هێزی کاری داهاتوودا.

**پێکهێنانی پێوەندیی لەگەڵ کەرتی تایبەتی لە ڕێگای ناوەندەکانی پیشە و پیشانگاکانی دەرفەتی پیشە.** ئەگەری ئەوە هەیە کە تەواوبووانی خوێندن لە کاتی بڕیاردانەکانی پێوەندیدار بە پیشەدا زانیاریی شیاو لەسەر کەرتی تایبەتی و بازاڕی کاری داهاتوو وەرنەگرن. ناوەندەکانی پێوەندیدار بە پیشە دەتوانن قوتابیەکان فێر بکەن کە چلۆن لە کەرتی تایبەتیدا بۆ کار بگەڕێن، لە کوێ بە دوای دەرفەتی پیشەیی پۆتانسیەلەوە ببن و چۆن خۆیان چاکتر بۆ ژیانی پاش کۆتایی خوێندن ئامادە بکەن. پیشانگاکانی دەرفەتە پیشەییەکان کە تیشکی خستووەتە سەر کەرتی تایبەتی و پاڵپشتی دارایی لەوانە لەلایەن زانکۆکانەوە و ناوەندەوە پیشەییەکانی ئەوانە، ئەنجومەنەکانی خاوەنکاران، یان ڕێکخراوە ناحکومیەکانی بێ بەرابەر و یان تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، دەتوانن مێکانیزمی بەکەڵک بۆ ڕاهاتووکردنی خاوەنکارەکان لەگەڵ کارخوازەکان دابین بکەن و هەندێ زانیاریی لەسەر دەرفەتە پیشەییەکان پێشکەشی قوتابییەکان بکەن.

**چاکترکردنی ئەزموونی کاری قوتابیەکان لە ڕێگای پەرەپێدان و چاکترکردنی فێرکاریی.** ڕاپرسی کارامەییەکانی RAND و دیمانەکانی ئێمە پیشانی دا کە خاوەنکارەکان گرنگایەتی دەدەن بە ڕادەی ئەزموونی کار. قوتابییەکان دەتوانن ئەم ئەزموونە لە ڕێگای فێرکاریەوە دەستەبەر بکەن. ئێستاکە ڕێژەیەک بەرنامەی فێرکاریی هەیە، بەڵام دیمانەکانی ئێمە پیشانی دا کە لە زۆربەی ئەوانەدا قوتابیەکان کاری کەم جێبەجێ دەکەن و کارامەیی کەم فێر دەبن. بەوەشەوە وتراوە کە هەندێکی تر لەم بەرنامانە بەکەڵک بوون و بوونەتە هۆی پێشنیاری کار. یەکێک لە ڕۆڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیری لە فێرکاریی، برەودانی ناوەندەکانی کار لە زانکۆکانە. ئەم ناوەندانەی پێوەندیدار بە پیشە دەتوانن ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بگێڕن لە بەهێزکردنی فێرکاریی ئێستاکە لە ڕێگای هاوکاری لەگەڵ خاوەنکارەکان و خوێندکاران و بە مەبەستی بردنە سەرەوەی چاوەڕوانیەکان سەبارەت بە دەرەنجامەکانی فێرکاریی. هەنگاوی دواتر وانە فێربوون لەم ئەزموونانەیە بۆ پەرەپێدانی شێوازی سەرکەوتووانە بە درێژایی کات.

**ئاڕاستەکانی سیاسەتدانان پێوەندیدار بە هەموو بەشەکانی ئێستاکە و داهاتووی بازاڕی کار**

**جێبەجێ کردنی لێکدانەوە ڕێکوپێکەکانی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی بازاڕی کار.** زۆرێک لە سفارشتەکانی ئێمە بۆ چاکترکردنی پێشکەشکردنی هێزی کار لە دەسکەوتەکانی ڕاپرسی کارامەییەکانی RAND بەدەست هاتوون. ئێستاکە، مێکانیزمی سیستماتیکی کەم لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بۆ یارمەتیدانی بەرنامەداڕشتن و ئاگادارکردنەوەی سیاسەتدانانەکانی بازاڕ کار هەیە. جگە لە مێکانیزمە فەرمییەکان بۆ هاندانی خاوەن بەرژەوەندیەکانی کەرتی تایبەتی لەبۆ بەشداری لە بەرنامەداڕشتن و دابەزاندنی پێوەندیدار بە خوێندن، پێویستە چالاکی ڕێکوپێک و سیستماتیکی کۆکردنەوەی زانیاریش لەسەر پێویستیەکانی بازاڕ کار جێبەجێ بکرێت. بەمجۆرە داتاگەلێک کۆ دەکرێنەوە کە دەکرێ لەوانە بۆ تێگەیشتن لەو ڕەوتانەی کە خەریکە سەرهەڵدەدەن و یارمەتیدانی بەرنامەداڕشتنی خوێندن کەڵک وەرگیردرێت. بەتایبەتی، سفارشت دەکەین خوێندنەوەیەک بۆ تێگەیشتنی چاکتر لە ڕێژەیەکی زۆر لە دامەزراوە بازرگانیەکان جێبەجێ بکرێت کە ڕادەی ئەوانە زۆر بچووکە (و لە خوێندنەوەدا خراونەتە لاوە). بەپێی ڕێژەی زۆری ئەم جۆرە دامەزراوانەی کەسب و کار، جێبەجێ کردنی وەها کارێک دەتوانێت بۆ تێگەیشتن لە نێوەڕۆکی چالاکییە ئابووریەکانی جێبەجێ کراو لەلایەن ئەم دامەزراوانەوە، دەرفەتەکانی پێوەندیدار بە گەشەو دەرفەتەکانی داهێنانی کار بەتایبەت بۆ دەرچووانی نوێ هەرە گرنگ بێت. وەها خوێندنەوەیەک دەتوانێت هەندێ زانیاریی بۆ گەڵاڵەکانی داهێنان وەکو گەڵاڵەی جێبەجێ کراو لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەبۆ پێدانی قەرز بە دەرچووانی نوێ بۆ دەسپێکردنی کەسب و کار پێشکەش بکات. هەروەها دەتوانێت زانیاریی گرنگ لەسەر پۆتانسیەلی دامەزراندن لەم بەشەی کەرتی تایبەتی دابین بکات.

**جەخت خستنەسەر پەرەپێدانی ئەو کارامەییانەی کە پەیوەستن بە کۆمەڵێک کەرتی گەشەسەندووەوە.** سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشکیان خستووەتە سەر زیاتربوونی پیشە لە بواری بەرهەمهێنان، کشتوکاڵ و گەشتیاریی. بێگومان لە هەمووی ئەم بەشانەدا دەرفەتگەلێک هەیە و ڕەنگە دیاری بکرێت کە ئەم بەشانە بزوێنەرە سەرەکیەکانی چالاکی ئابوورین لە ناوچەکەدا. بەوەشەوە شیکاریی ئێمە لەسەر ئابووریەکانی تر پیشان دەدات کە زۆرترین چوونەسەرەوەی پیشە

بە ئەگەری زۆرەوە لە بەشگەلێکدا وەک بیناکردنەوە؛ گواستنەوە، عەمبارداری و راگەیاندنەکان؛ و بەکۆمەڵ فرۆشی و وردەفرۆشی روودەدات. سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەڵک وەرگرتن لەم بەشانە کە بە ئەگەری زۆرەوە گەشە دەستێنن و هەر لەو کاتەشدا پاراستنی هەلی دارابوونی هێزێکی کاری ئامادە بۆ بەشە چاکەکانی خۆیان واتە بەرهەمهێنان، وەرزێڕیی و گەشتیاریی، دەبێت دڵنیا بن کە خوێندن و فێرکاریی تاکەکان بریتی بن لەو کارامەییانەی کە لە شەبەنگێکی بەربڵاو لە بەشە ئاماژەپێکراوەکاندا بەکار دەهێنرێن. ئەم بابەتانە بریتین لە پیشەکانی ئەندازیاریی و کارامەیی، کارامەیی لە پێوەندییەکان و راگەیشتن بە مشتەریدا (هەروەها ناسراوە بە کارامەیی نەرم) و کارامەییەکانی کەسب و کار. وێڕای ئەوە، شیکاریی ئێمە پیشان دەدات کە ئەگەر سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدەن کە دامەزراوەکانی پێشکەشکاری فێرکردنی کارامەیی بەرەو تیشک خستنە سەر پیشەسازی تایبەت ببەن کە رەنگە لە داهاتوودا دەرفەتی پیشەیی نوێی جێی سەرنج پێکنەهێنن، ئەم کارە بە ئەگەری زۆرەوە ئەوەندە بەقازانج نابێت.

**درێژەدان بە چاکسازیەکانی پێوەندیدار بە دامەزراندنە حکومیەکان.** پیشە حکومیەکان هێشتاکو وەکو بژاردەیەک لە بواری پیشەدا دێنە ئەژمێر کە زۆرێک لە دەرچووانی سیستەمی خوێندنی باڵا و تەنانەت سیستەمی خوێندنی دواناوەندی ئەوانە بە چاک دەزانن. درێژەی پەرەپێدانی پیشەی پێوەندیدار بە حکومەت بە دوو هۆ بۆی نالوێت. یەکەم، ئێستاکە بووجەی حکومەت بە توندی تەرخان دەکرێت بۆ تێچوونەکانی پێوەندیدار بە هەڵمەتی کارکردن تا بۆ وەبەرهێنان. دووەم، لەوێوە کە پیشەی حکومەتی ئەولەویەتی هەیە، درێژەدان بەم جۆرە پیشەیە بە شێوەی دەسودڵ کراوەیی رەنگە زیان بگەیەنێت بە گەشەی کەرتی تایبەتی. بابەتی ئەولەویەت پیشەی حکومی بەسەر کار لە کەرتی تایبەتیدا کێشەیەک نییە کە تەنیا تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و هێزی کاری خۆجێیی ئەوە بێت. ئەم کێشەیە لە زۆربەی ئابوورییە هاوشێوەکاندا کە بە شێوەی نەریتی پشت ئەستوورن بە حکومەت و کۆمپانیا حکومیەکان وەکو سەرچاوە سەرەکیەکانی پێکهێنانی پیشە، دەبینرێن. کۆمپانیای RAND لە کاری پێشووی خۆیدا (هانسێن و هاوکارانی، 2011)، گەلاڵەیەکی تەواوی بۆ سنووردارکردنی پیشەی حکومەتی و پەرەپێدانی پیشە لە کەرتی تایبەتیدا پێشکەش کردووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە چوارچێوەی ئەم گەلاڵەدا درێژە بدات بە چاکسازیی شێوازەکانی دامەزراندنی حکومی خۆی.

## دابەزاندنی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان

سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستاکە یەکەمین هەنگاوە گرنگەکانیان لە ئاراستەی پەرەپێدانی سیستەمەکانی داتا و زانیاریی هەڵێناوە کە لە دانانی سیاسەتی مەنتیقی و دووربینانەی بازاڕی کار یارمەتی ئەوان دەدات. لە راستیدا بەکارهێنانی داتاکان لەبۆ سیاسەتدانان بەردەوام یەکێک لە ئامانجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە (بێری و هاوکارانی، 2012). ئەگەر سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریان دابێت کە هەروەها درێژە بدەن بە کەڵکوەرگرتن لە زانیاریەکان لەبۆ سیاسەتدانان و زانیاریی بەکەڵک بخەنە بەردەستی خاوەنکاران، کارگێڕان، کارخوازان و قوتابییان، بەمجۆرە دانانی سیستەمێکی زانیاریی بازاڕی کار بژاردەیەکی پۆتانسیەل بۆ جێبەجێ کردنی وەها کارێک دێتە ئەژمێر. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە، قۆناخەکانی خوارەوە سفارشت دەکەین.

**لەبەرچاوگرتنی تەواوی تێچوونەکان و قازانجەکانی پێکهێنانی سیستەمی زانیاری بازاڕی کار.** رەنگە سیستەمی زانیاری بازاڕ کار بە هۆی دانانی داتاکانی بازاڕ کار، شیکاریی و بڵاوکردنەوەی ئەوانە لە رێکخراوێکدا، بایەخدار بێت. ئەم رێکخراوە دەتوانێت خاڵی ناوەندی رێکخستن بێت و توانستی شیکاریی دابین دەکات کە لە جۆری داتاکانی بەردەست بە تەواوی کەڵک وەردەگرێت. بەوەشەوە، رەنگە وەها رێکخراوێک تێچوونی زۆری بوێت، نەتوانێت کەسانی خاوەن مەرج راکێشێت، لە رێکخستنی شیاودا سەرنەکەوێت و ببێتە هۆی سنووردارێتی ناپێویستی دەسڕاگەیشتنی بەکارهێنەران بە زانیاریی. لە راستیدا، لانیکەم هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان پیشانیان داوە کە سەخڵەتی پێکهێنانی سیستەمی زانیاریی بازاڕ کار زۆربەی کات بە هێند وەردەگیردرێن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وتوویە کە یەکێک لە ئامانجەکانی سنووردارکردنەوەی قەبارە و گەشەی حکومەتە. ئەگەر پێکهاتنی سیستەمێکی زانیاریی بازاڕی کار لەڕادەبەدەر تێچوونی هەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە شێوازی ناناوەندیی دەست بکات بە بەهێزکردنی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاریی بازاڕیی کار. بۆ وێنە، نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئێلێمێنتەکانی داتا جیاوازەکان کۆ کاتەوە و ئەوانە بنێتە بەردەست. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کێشەی تێکەڵکردنی ئەم ئێلێمێنتانە بە مەبەستی گۆڕانی ئەوانە بە شێوەیەک کە بکرێ بەکار بهێنرێن بۆ سیاسەتدانەران، بەشداربووان لە بازاڕێ کار، دامەزراوەکانی خوێندن و لێکۆڵەران رووبەڕوو دەبێت. بەوەشەوە، ئەگەر پێکهێنانی سیستەمی زانیاریی بازاڕیی کار کارێکی دروست بێتە ئەژمێر، پاشان حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی قۆناخەکانی دواتر دەست بەکار بێت.

**جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی دەست بەکار بوون بۆ پەرەپێدانی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار بە پانتایی هەرێمی کوردستانی عێراق کە یەکەمین هەنگاوی ئەوە دەبێت دیاریکردنی پێکهاتەی چاوەدێریی بازاڕی کار بێت.** ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سوور بێت لەسەر بڕیاری خۆی بۆ پێکهێنانی سیستەمی زانیاریی بازاڕ کار، چاوەدێری بازاڕی کار ژێرخانێکی دامەزراوەیی دەبێت کە لەسەر سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار بەڕێوەبەرایەتی و چاوەدێریی دەکات. ئەو بڕیارانەی کە دەبێت لەسەر چاوەدێری بازاڕی کار بدرێن بریتین لەوەی کە دەبێت لە چ وەزارەتخانە یان وەزارەتخانەگەلێکدا جێگیر بن، بووجە و کارگێڕانی چۆن مسۆگەر ببن و چۆن بگەن بە هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکان. بە شێوەی سروشتی وەزارەتی پلاندانان یان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەتوانێت شوێنی چاوەدێری بازار کار بێت کە هەمووی کوردستانی عێراق رووماڵ دەکات. ئەگەر لە وەزارەتی پلاندانان جێگیر ببێت، ئەو هەلە هەیە کە نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان کارەکانی خۆی پەرە پێ بدات و وەکو چاوەدێری بازاڕ کار، کار بکات. بژاردەیەکی تر پێکهێنانی دامەزراوەیەکی سەربەخۆی نێوان وەزارەتخانەکانە. ئەگەر ئەم شێوازە بگرنە بەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ خاوەن چاوەدێرێکی بازاڕ کاری ناوەندیی و لقەکانی لە هەر پارێزگایەکدا بێت تاکو بۆ رووماڵی جوگرافیایی و تێکەڵکردنی داتای فەرمانگەکانی وەزارەتخانەکان لە ئاستی پارێزگا دڵنیا ببێتەوە. هەرکام لەم شێوازانە کە هەڵبژێردرێن، پێکهێنانی چاوەدێرێکی بازاڕی کار و دابینکردنی پاڵپشتی و دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی تەواو کلیلی سەرەکی سەرکەوتنی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کارە. بۆ ئەم بڕیاردانە، پێویستە تێچوونی راشکاو و نهێنی پێوەندیدار بە دوو بژاردەکە بکەوێتە بەر لێکدانەوە. بۆ وێنە، ڕەنگە پێکهێنانی دامەزراوەیەکی نوێ حکومی خاوەن هێزی مرۆیی و سامانی سەربەخۆ لەگەڵ ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سنووردارکردنی گەشەی کەرتی گشتی (دەوڵەتی) لە دژایەتیدا بێت.

پاش بڕیاردان لەسەر پێکهاتەو شوێنی جێگیربوونی چاوەدێریی بازاڕی کار، یەکەمین کاری دەتوانێت شیکردنەوەی کۆیەک لە داتای راپرسیەکانی بازاڕی کار بێت کە لەلایەن نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان کۆ کراونەتەوە یان ئەم نووسینگە بەمەبەستە ئەوانە وەکو سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار شی بکاتەوە. هەروەها دەتوانێت دەسبەجێ دەسکەوتەکان و داتا کۆکراوەکان لەلایەن RAND لە پێوەندی لەگەڵ بابەتەکانی بازاڕی کار و خوێندن لەوانە راپرسی کارامەییەکانی RAND لە 360 خاوەنکاری کەرتی تایبەتی و پێشبینیەکانی پێوەندیدار بە کارامەییەکانی داواکارانی چوونەناو بازاڕی کار لە ساڵانی داهاتوودا لەبەرچاو بگرێت. پاشان ئەم گەڵاڵە دەبێت بەرە بەرە و لە کاتێکدا کە چاوەدێری بازاڕی کار ئەزموون دەستەبەر دەکات و ڕێکخستنی نێوان ڕێکخراوەیی پێویست پێکدەهێنێت، هەندێ بابەت بخاتە سەر کارەکان و توانستەکانی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار. لە دواییدا، دەبێت ئامانجی درێژخایەنی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار تێکەڵکردنی هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی خەزێنەی داتاکان (پێشکەشکردن و داواکاریی هێزی کار) بێت و ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت کاری گۆڕینەوەی هێزی کاریش بخاتە ناوی، دەبێت ناونووسی کارخوازان و پیشە هەبووەکانیش جێبەجێ بکرێت.

**بەهێزترکردنی ماڵپەڕە حکومیەکان بە مەبەستی جەخت کردن لەسەر ئامار و زانیاریی بازاڕی کار.** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بۆ پێکهێنانی ماڵپەڕێک (یان پەرەپێدانی ماڵپەڕی نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بە مەبەستی خستنە بەردەستی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان لە بواری زانیاریی بازاڕی کاردا دەست بەکار بێت. شێوازی تری پێکهێنانی ماڵپەڕێکی نوێی سیستەمی زانیاریی بازاڕ کارە کە پێوەند درابێت بە ماڵپەڕی نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان. ئەم زانیاریانە سەرەتا دەتوانێت بریتی بێت لە دەسکەوتەکانی سەرچاوەکانی زانیاریی خوارەوە کە ئێستاکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆ کراونەتەوە یان جێبەجێ کردنی ئەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابێت:

1. کۆیەک لە راپرسیەکانی بازاڕی کار کە بە شێوەی شەپۆل دەکەونە بەردەست تاکو ئامارەکانی بازاڕی کار پێشکەش بکەن
2. دەسکەوتەکانی لێکدانەوە چەندایەتیەکانی RAND و دیمانەکانی پێوەندیدار بە چۆنایەتی لەگەڵ خاوەنکارە تایبەتیەکان کە وەکو هەڵسەنگاندنی بنەڕەتی پێویستیەکانی بازاڕی کار لە پێوەندی لەگەڵ کەلێنەکانی پێوەندیدار بە کارامەیی ئێستاکە کار دەکات
3. دەسکەوتەکانی پێشبینیەکانی RAND سەبارەت بە کارامەییەکان و ئاستی خوێندنی داواکارانی چوونەناو بازاڕی کار لە ساڵانی داهاتوودا بەپێی زانیاری دامەزراوەکانی خویندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە وەکو تۆماری پێگەی بڕوانامەکانی خوێندن کار دەکات
4. دەسکەوتەکانی IKN، IHSES و دیکەی لێکدانەوەکانی فرەلایەنە بۆ پێشکەشکردنی وردەکاریی زیاتر لەسەر دواهاتەکانی پێوەندیدار بە بازاری کار و حەشیمەت، وەکو ئەو بابەتانەی کە ئێستاکە لە ماڵپەڕی نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

ئەم ماڵپەڕە نوێیە یان بەهێزکراوە دەتوانێت وەکو بنەمایەک بۆ سیستەمی زانیاریی بازاڕیی کار بێت و کاری لێکدانەوەی ڕەوتی زانیاریی لە نێوان مسۆگەرکارانی زانیاریی و بەکارهێنەرە جیاوازەکانی دەست پێ بکات. سەرەڕای ئەوە، ئەمە دەتوانێت وەکو یەکەمین و تەنیا سەرچاوەی بەردەستی گشتی لە پێوەندی لەگەڵ زانیاریی بەڕۆژ و تەواو سەبارەت بە ئابووری کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار بکات. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم ماڵپەڕە دەتوانێت ڕاگەیاندنی ڕوون و کاریگەری ئەم بابەتە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت کە لە ساڵانی داهاتوودا چی تر کاری حکومەتی بژاردەیەکی باو بۆ زۆربەی تاکەکان نابێت و دەتوانێت دەرفەت و پیشە پێکهاتووەکان بە هۆی گەشەی بەشی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پیشان بدات تاکو هەلی دەسپراگەیشتن بە وەها دەرفەتگەلێک زیاتر بێت. ئەمە بەو واتایە کە ئەم ماڵپەڕە نەتەنیا دەبێت بریتی بێت لە ڕاپۆرتی کۆکراو و داتای کاڵ (خاو) لە سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان لە سەرەوە، بەڵکو دەبێت هەندێ لە ڕافەکان و ئەو سفارشتانەش کە لە خوارەوە هاتووە —واتە کورتەیەکی بەکەڵک لەم زانیاریانە – لەبەر بگرێت. ئەم کارە پیشان دەدات کە لە کاتی مسۆگەرکردنی هێزی مرۆیی پێویست بۆ چاوەدێری بازاڕی کار، نەتەنیا دەبێت شیکارانی بازاڕی کار بەڵکو دەبێت کارناسانی پێوەندییەکان و پێوەندییە گشتییەکانیش دامەزرێن.

**بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی بەهاوبەشیدانانی داتاکان لە نێوان چاوەدێری بازاڕی کار و دامەزراوەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستانی باشوور (عێراق).** بۆ دڵنیابوونەوە لەو کارەی کە تۆماری بڕوانامەکانی خوێندن بەڕۆژ بێت، دەبێت بەڕۆژکردنەوەی —چاکترە ساڵانە بێت— ڕادەی تۆمارکردن و ناونووسی و هەروەها لقە سەرەکیەکانی خوێندنەوەیی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بکرێن بە شێوازێکی ستاندارد و لەلایەن چاوەدێری بازاڕی کارەوە بچنە ناو سیستەمی زانیاریی بازاڕ. بەهاوبەشیدانانی داتاکان ڕەنگە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای شێوازی ئێستاکەی بەهاوبەشیدانانی داتاکان لە نێوان وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی و خوێندنگەکان جێبەجێ بکرێت.

**کارکردن لەگەڵ فەرمانگەکانی نیشینگە و خاڵە سنوورییەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا لەسەر هاتنی هێزی کار لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق.** لەوێوە کە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەی ڕوو لە زیادی بووەتە شوێنی نیشتەجێ بوونی کۆچبەران —چ لە دیکەی شوێنەکانی عێراق و چ لە دەرەوەی وڵات— پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشینەکان، ڕێژە و کارامەییەکانی ئەم کۆچبەرانە ڕاگرێت تاکو وێنەیەکی دڵنیا لە هێزی کاری هەبوو لە هەرێمی کوردستانی عێراقی هەبێت. ئەگەر زانیاریی پێوەندیدار بە بڕوانامە سەرەکیەکانی کۆچبەران ئێستاکە تۆمار ناکرێت یان ئەگەر زۆرێک لەم کۆچبەرانە بە شێوازی یاسایی ناچنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق، لەم کاتەدا چاکسازیی فۆرمەکانی چوونەناو سنوورەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێوەندیدار بە خوێندن و کارامەییەکان یان زێدەکردنی بەشێکی کۆچبەریی نوێ بە ڕاپرسیەکانی بازاڕی کار کە ئەم حەشیمەتە دەکاتە ئامانج، ئەولەویەتیەکی گرنگ دەبێت تاکو دڵنیایی دەستەبەر بکرێت کە دەکرێ ئەم زانیاریانە کۆ بکرێنەوە. ئەم زانیاریانە دەبێت بخرێنە ناو سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار و لەگەڵ دیکەی دامەزراوەکان و بەکارهێنەران بخرێنە هاوبەشی.

**مەجبوورکردنی چاوەدێری بازاڕی کار بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکوپێکی هەڵسەنگاندنەکانی پێویستیەکانی بازاڕی کار لە بەشە جیاوازەکاندا بۆ بەڕۆژکردنەوەی دەسکەوتەکانی بەدەستهاتوو لە دەسکەوتە بنەڕەتیەکانی ئامادەکراو لەلایەن کۆمپانیای RAND لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیەکانی بازاڕی کار و کەلێنی کارامەیی.** لەوێوە کە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق پەرە دەستێنێت و گۆڕانکاریی خێرا ئەزموون دەکات، پێویستە کە تێگەیشتنی ئێستاکەی ئێمە لەسەر قەڵشتەکانی کارامەیی و پێویستیەکانی بازاڕ کاری کەرتی تایبەتی بە شێوەی خول بە خول (سووڕاوەیی) بەڕۆژ بکرێنەوە تاکو زانیاریی دروست و شیاو لە بەردەست بێت. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانەی پێویستیەکانی بازار کاری بەڕۆژکراو دەکرێ بە شێوەی ڕاپرسی ڕێکوپێک لە خاوەنکارەکان یان کۆمپانیاکان یان لە ڕێگای باسەکانی نافەرمی تر لەگەڵ خاوەنکارانی مامناوەندی و گەورەی بەشەکان و پارێزگا جیاوازەکان دابین بکرێت.

**هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کاردۆزینەوەی تایبەت بۆ پێکهێنانی مێکانیزمێکی پۆتانسیەل لەبۆ بەهاوبەشیدانانی زانیاریی لە سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار.** لەوێوە کە ڕێکخراوەکانی کاردۆزینەوەی تایبەتی لە ئابووری کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق چالاکن، کۆکردنەوەی زانیاریی کارخوازان و پیشە هەبووەکانی تۆمارکراو و ڕادەی کاردۆزینەوە، ناوکەوتگەلێکی بەکەڵکن بۆ تێگەیشتن لە کردەی بازاڕی کار. بۆ وێنە، یەکێک لە کارە بەکەڵکەکان ئەوەیە کە نیشاندەری چالاکیەکانی ڕێکخراوەکانی کاردۆزینەوەی تایبەتی بە شێوەی سووڕاوەیی بە ئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەن. ئەم نیشاندەرانە دەتوانێت بریتی بێت لە بەشە ئابووریەکانی مشتەریەکان (کۆمپانیاکان)، هەموو دەرەفتە پیشەییەکان کە پێویستییان بەدیهاتووە، تایبەتمەندیەکانی پێوەندیدار بە کارامەیی پێویستی ئەم پیشانە و زانیاریی تر کە بەپێی بیروڕای چاوەدێری بازاڕی کار بە گرنگ دێنە ئەژمێر.

هەبوونی زانیاریی تێروتەسەلتریش بەکەڵکە، بەڵام ڕەنگە ڕێکخراوەکانی کاردۆزینەوەی تایبەتی حەزیان لە ڕاپۆرتی دڵخوازانەی وەها داتاگەلێک نەبێت، مەگەر ئەوەی کە وەها کارێ بەقازانجیان بێت. سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار دەتوانێت بەستێنێکی بەکەڵک بێت بۆ ئەم ڕێکخراوانە لەبۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی پێوەندیدار بە دەرفەتە پیشەییەکان و کارخوازان. سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار بە ئەگەری زۆرەوە بەردەنگانی بەربڵاوی لە هەمووی هەرێمی کوردستاندا دەبێت و ڕەنگە ئەم ڕێکخراوانە تێبگەن کە پێشکەشکردنی زانیاریەکانیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەی پۆتانسیەل زۆرتر دەسیان بگات بە بەردەنگەکان. هەر بەمجۆرە، سیستەمی زانیاریی بازاری کار دەتوانێت هەندێ پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە ئاماژەپێکراوەکان دابین بکات تاکو کارخوازەکان لە کاتی گەڕان بۆ کار لە بژاردەکانی خۆیان ئاگادار بنەوە.

**پاش ئەوەی کە سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار ڕۆڵی خۆی بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی لە سیاسەتدانان بە تەواوی جێبەجێ کرد، لوا بوون و شیاوبوونی پێکهێنانی پێوەندی یان تێکەڵکردنی کردەی ڕاهاتووکردنی بازاڕی کار لەبۆ پێویستیەکانی پیشەی ڕۆژ لێکدەدرێتەوە.** لە پاژی پێنجەمدا، لەسەر ڕۆڵی سەرەکی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار وەکو خەزێنەی داتاکانی بازاڕی کار جەختمان کرد. کردەی ڕاهاتوویی بازاڕی کار کردەیەکی لاوەکییە و ئێستاکە لە دەرەوەی پێکهاتەی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار لە چوارچێوەی "کارەکانی کوردستان"ە. بە درێژایی کات دەکرێ لە ڕێگای پێکهێنانی پێوەندیەکانی بەهاوبەشیدانانی داتاکان کارێک بکرێت کە سیستەمی زانیاریی بازاری کار تەشەنەی زیاتری هەبێت لەسەر داواکارانی کار و دەرفەتە پیشەییەکان. هەبوونی پێوەندی فەرمیش دەتوانێت توانایی گۆڕینەوەی زانیاریی هێزی کار بۆ خزمەت کردن بە کارخوازان بەهێزتر بکات و هەروەها کە سیستەمەکە ئێستاکەش بە دوای جێبەجێ کردنی وەها کارێکەوەیە، دەکرێ ئەم کارە بە پێشکەشکردنی هەندێ دوابینی لەسەر ئەو بوارانەی کە تێیاندا دەرفەتی پیشەیی پێکدێت، جێبەجێ بکرێت.

# راپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی 2012: دیزاینی لێکۆڵینەوەی ئاماری

لە هاوینی ساڵی 2012، RAND راپرسییەکی لە دامەزراوەکانی کار و کاسبی ( کە لەم پاشکۆیەدا وەکوو خاوەنکار ناویان لێدەبرێت) لە هەرێمی کوردستانی عێراق جێبەجێ کرد بۆ ئەوەی کە پێداویستیە کارییەکانی ئێستا دیاری بکرێت—راپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی 2012 (کە راپرسی لێهاتووییەکانی RAND یشی پێ دەوترێت). تا بە ئەمڕۆ و ئەوەندەی کە ئێمە ئاگادارین، هیچ هەڵسەنگاندنێکی سیستەماتیک لە پێویستییەکانی بازاڕی کار جێبەجێ نەکراوە؛ راپرسی خاوەنکارەکان تیشک دەخاتە سەر بابەتگەلێک وەک دۆخی سەرمایەگوزاری (ئاندێرسن و دیتران 2012) و هەروەها دەرفەتەکان و کێشەکانی ئەنجامدانی کار و کاسبی (بیزینێس) لە عێراقدا (USAID، 2010a، 2010b). لە کاتی پێویست بە ئامادەکردنی زانیاری پەیوەندیدار بە پێداویستییەکانی هێزی کار، ئەم زانیاریانە زۆرتر بە پێی لێکۆڵینەوەی کەیسی (لێکۆڵینەوەی رابردوو و ژیاننامەی کەس یان شتێک) یان داتا کۆکراوەکان لە گرووپێکی بچووک لە رێبەرانی کار و کاسبی (بیزینێس) و لە رێگای وتووێژ، دانیشتنی گرووپی تیشک خستنە سەر و ئەنجومەنەکان کۆ کراونەتەوە. ئامانجی راپرسی لێهاتووییەکانی RAND پێکهێنانی بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەماتیک تری پێداویستییەکانی سەرچاوە مۆرییەکان و لێهاتووییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقە. ئەم پاشکۆ دەقی تەواوی راپرسییەکە پێشکەش دەکات.

## رووپێوی کارامەییەکانی RAND

**بەڕێوەبەرایەتی مەیدانی**

1. پارێزگا ( )
2. ناو قەزا ( )
3. ژمارەی گەڕەک/ژمارەی موقەتەع

| | | |
|---|---|---|
| | | |

4. ژمارەی کۆڵان/ژمارەی شەقام

| | | |
|---|---|---|
| | | |

5. ژمارەی پرسیارنامە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

6. رۆژ و مانگی دیمانە

رۆژ

| | |
|---|---|
| | |

مانگ

| | |
|---|---|
| | |

7. پێناسەی دەزگا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

8. ناوی ئەندامی گرووپی رووپێو:
9. پێناسەی ئەندامی گرووپی رووپێو

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

10. پێناسەی چاودێر

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |

11. پێناسەی کەسێک کە داتا دەباتە ناو

| | | |
|---|---|---|
| | | |

ئەندامی گرووپی رووپێو
تێبینییەکان:______________________________________________________

بەڕێز کاک/خاتوو:
کۆمپانیای ASHARQ بە هاوکاری کۆمپانیای RAND و فەرمانگەی پلاندانانی هەرێمی کوردستان خەریکی جێبەجێ کردنی گەڵاڵەیەکی رووپێوی زانستی بۆ پەرەپێدانی هێزی کار لە هەرێمە. داواتان لێدەکەین کە بە بەشداری لەم دیمانەدا یارمەتی سەرکەوتنی ئەم گەڵاڵەی رووپێوە بدەن.
دیمانەی خاوەنکار
ڕێنوێنی: ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ کەسێک قسە بکەین کە زۆرترین ناسیاوی لەگەڵ بابەتەکانی دامەزراندن، سەرچاوە مرۆییەکان و کارامەییەکانی کار لەم جێگا/نووسینگە هەیە.

تێبینی بۆ بەڕێوەبەری گەڵاڵەی رووپێو:
(ئەگەر ڕێژەی کارمەندان کەمتر لە پێنج کەس بن، دەبێت دیمانە هەڵبوەشێننەوە و کۆمپانیایەک هەڵبژێرن کە ڕێژەی کارمەندانی لە پێنج کەس کەمتر نەبن.)

1. بە حسێب کردنی خۆیشتان، ئێستا چەند کەس لەم دەزگا بازرگانییەی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن؟ ژمارەکەی بنووسن.

**ڕێژەی کارمەندانی ئەم دەزگا بازرگانییە بنووسن.**

**بەشی 1: زانیاری پێشینە**

2. ناوی دەزگای بازرگانی: ______________________________
3. ناو (پێناسە)/ جێگای کەسێک کە دیمانەی لەگەڵدا دەکرێت لە دەزگای بازرگانی *(ئەگەر دەکرێت داوای کارتی ڤیزیت بکەن)*:
_______________________________________
4. چالاکی و کاری ئەم دەزگای بازرگانییە لە هەرێمی کوردستان لە چ ساڵێکەوە دەستی پێکرد؟ ______________
5. جۆری خاوەنداریەتی ئەم دەزگای بازرگانییە ناو ببەن. لە لای بابەتە هێنراوەکاندا نیشانەی *"X" بنووسن*.

| جۆری دەزگای بازرگانی | لە ناو چوارچێوە بۆ بابەتە پەیوەندیدارەکان "X" بنووسن |
|---|---|
| خاوەنداریەتی تایبەتی | ☐ |
| خاوەنداریەتی سەهامی (تۆمار کراو لە بازاڕی سەهام) | ☐ |
| بە شێوەی بەشی یان گشتی سەر بە KRG (بەشی تێکەڵکراو) | ☐ |
| بە شێوەی بەشی یان گشتی سەر بە حکومەتی ناوەندی بەغداد (بەشی تێکەڵکراو) | ☐ |
| خاوەنداریەتی بیانی، تکایە ناو ببەن (ناوی وڵات بنووسن) ______ | ☐ |
| بابەتی تر، تکایە ناو ببەن (بنووسن) ______ | ☐ |

6. ئایا ئەم دەزگای بازرگانییە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کارێک دەکات؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | ☐ |
| نا | ☐ |

7. ئەم دەزگای بازرگانییە لە چ بەشێکدا چالاکە؟ هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکان دیاری بکەن. (زیاتر لە بابەتێک دەکرێت هەڵبژێردرێت)

| بەش | لە ناو چوارچێوە بۆ بابەتە پەیوەندیدارەکان "X" بنووسن |
|---|---|
| کشتوکاڵ، راو، دارستانداری و ماسی گرتن | ☐ |
| کانگا و دەرهێنانی کانزا، بریتی لە دەرهێنانی نەوت و گاز | ☐ |
| بەرهەمهێنان | ☐ |
| دابینکردنی کارەبا، گاز و ئاو | ☐ |
| بیناسازی | ☐ |
| فرۆشتن، راگرتن و چاککردنەوەی ئامێری هاتوچۆی مۆتۆری و موتورسیکلێت؛ وردەفرۆشی سووتەمەنی ئۆتۆمبیل | ☐ |
| بەکۆمەڵ فرۆشی و کۆمیسیۆنی بازرگانی (جگە لە ئامێری هاتوچۆی مۆتۆری و موتورسیکلێت) | ☐ |
| وردەفرۆشی (جگە لە ئامێری هاتوچۆی مۆتۆری و موتورسیکلێت) | ☐ |
| چاککردنەوەی ئامێری تاکەکەسی و کەلوپەلی ناوماڵ | ☐ |
| خزمەتگوزاری هۆتێلداری، ریستورانت و گەشت و گوزار | ☐ |
| گواستنەوە، عەمبارداری و راگەیاندن (پەیوەندی کۆمەڵایەتی) | ☐ |
| بانکداری و کاروباری دارایی | ☐ |
| خانووبەرە و ئەرز، کرێ و چالاکی بازرگانی | ☐ |

| | |
|---|---|
| بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی و بەرگری؛ مسۆگەرکردنی کۆمەڵایەتی زۆرەملێیی | ☐ |
| پەروەردە | ☐ |
| تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی | ☐ |
| بابەتی تر (ناو ببەن):_______________ | ☐ |

8. تێبینی: هەموو پرسیارەکانی دواتر پەیوەندیان بە چالاکی و کاری دەزگای بازرگانی ئێوە لە هەرێمی کوردستان هەیە. ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی کارمەندان چەند کەسە...؟ ژمارەکەی بنووسن.

| بارودۆخی کاری | ڕێژەی کارمەندان لە بەشی پەیوەندیداردا بنووسن | | |
|---|---|---|---|
| | پیاو | ژن | کۆی گشتی |
| نیوە - کات | | | |
| تەواو - کات | | | |
| بابەتی تر، تکایە ناو ببەن_______________ | | | |

9. ڕێژەی کارمەندانێک کە ... ن، چەند کەسە؟ ژمارەکەی بنووسن.

| هاووڵاتیەتی کارمەند (فەرمانبەر) | ڕێژەی کارمەندان لە بەشی پەیوەندیداردا بنووسن | | |
|---|---|---|---|
| | پیاو | ژن | کۆی گشتی |
| هاووڵاتی هەرێمی کوردستان عێراق (KRI) | | | |
| هاووڵاتی عێراقی دانیشتووی ناوچەکانی تری دەرەوەی KRI | | | |
| هاووڵاتی وڵاتانی تر | | | |

10. ڕێژەی ئەو کارمەمەندانەی کە ئەم ئاستە لە خوێندنیان دەستەبەر کردووە، چەند کەسە؟ ژمارەی پەیوەندیدار بە هەر ئاستێکی خوێندن بنووسن.

| ئاستی خوێندن | ژمارەکەی بنووسن | | |
|---|---|---|---|
| | پیاو | ژن | کۆی گشتی |
| نەخوێندەوار/بە بێ خوێندەواری فەرمی | | | |
| چەند ساڵ ئامادەبوون لە قوتابخانە (سەرەتایی/خاوەن توانایی خوێندن و نووسین) | | | |
| تەواوکردنی خولی سەرەتایی | | | |
| چەند ساڵ ئامادەبوون لە قوتابخانەی ناوەندی | | | |
| تەواوکردنی خولی تەکنیکی- پیشەیی (ئامادەباشی پیشەسازی یان بازرگانی و ... ) | | | |
| تەواوکردنی خولی ناوەندی | | | |
| دامەزراوە/دیپلۆم | | | |

خوێندنی باڵا نیوە تەواو

تەواوکردنی خولی زانکۆیی

**بەشی 2: دامەزراندن لە سەر کار و دەرفەتە کارییەکان کە کەم داواکارییان بۆ هەیە**

*ئێستاکە دەمهەوێت  پرسیاری سەبارەت بە دامەزراندنی کارمەندی نوێ بهێنمە ئاراوە.*

11. دەزگای ئێوە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو چەند کەس کارمەندی نوێ دادەمەزرێنێت؟ *ژمارەکەی بنووسن.*

| Year | ساڵی ڕێژەی کارمەندانێک کە بڕیار وایە دابمەزرێندرێن، بنووسن |
|---|---|
| الف. 1 ساڵی داهاتوو (2013) | |
| ب. 2 ساڵی داهاتوو (2014) | |

12-15 چەند بابەتی دامەزراندنی نوێ بە پێی ئاستی خوێندن و ئاستی ئەزموون لە **1 ساڵی داهاتوو بوونی دەبێت؟** ژمارەکەی بنووسن.ڕێژەی بابەتەکانی دامەزراندن

| Number of hires | | | |
|---|---|---|---|
| (12) ئاستی خوێندنی کەم | (13) خوێندکاری خولی ناوەندی یان تەکنیکی - پیشەیی | (14) دامەزراوی تەکنیکی | (15) زانکۆ و پلەی باڵا |
| کارامە بە بێ ئەزموون | کارامە بە بێ ئەزموون | کارامە بە بێ ئەزموون | کارامە بە بێ ئەزموون |

*تێبینی بۆ وتووێژکەر : کۆی گشتی Q12،Q13،Q14وQ15دەبێت کەمتر لە ڕەقەمی وەڵامی Q11A یان وەک ئەو بێت.*

16.چاوەڕوان دەکەن کە چەند کەس لە کارمەندان لە ماوەی **1 ساڵی داهاتوو** کاری خۆیان جێ بهێڵن؟ ژمارەکە بنووسن.

| **ڕێژەی کارمەندانێک کە چاوەڕوان دەکەن لە ماوەی 1 ساڵی داهاتوو کاری خۆیان بە جێ بهێڵن، بنووسن.** |
|---|
| |

17. [ڕەقەمی وەڵامی Q16 لە Q11A کەم کەنەوە = ڕێژەی بابەتی دامەزراندنی نوێ] ئاخۆ ئەم تەخمینەی من دروستە کە ئێوە دەتانەوێت چالاکی دەزگای خۆتان بە زێدە کردنی نزیکەی —— کارمەندی نوێ لەسەر کارمەندی ئێستا لە ماوەی 1 ساڵی داهاتوو پەرە [کەم بکەنەوە] پێبدەن؟ ژمارەکەی بنووسن.

| **ڕێژەی کارمەندانێک کە چاوەڕوان دەکەن لە ماوەی 1 ساڵی داهاتوو بە هێزی کاری ئێستای ئێوە زێدە بکرێن، بنووسن.** |
|---|
| |

18. لە هەموو ئەو دەرفەتە کارییانەی کە بۆ 1 ساڵی داهاتوو لە بەرچاوتان گرتووە، چەند بابەت لەوانە وێدەچێت کەسانی هاووڵاتی عێراقی و خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق نین، بیگرن؟ ژمارەکەی بنووسن.

| **ڕێژەی کارمەندانێک کە لە ماوەی 1 ساڵی داهاتوو دادەمەزرێن و خەڵکی کوردستانی عێراقن (KRI)، بنووسن.** |
|---|
| |

19. بە ڕەچاو کردنی ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە خوێندنی ناوەندی یان بەڵگەنامەی قوتابخانەی تەکنیکی – پیشەیی هەیە، 3 کارامەیی یان بەهرەیەکی سەرتر کە ئێوە لە داواکاری دەرفەتی کاریی چاوەڕوان دەکەن، چییە؟...... ئێستا، داواکارانی ئەو دەرفەتە کارییانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی دامەزراوی تەکنیکی یان زانکۆیی هەیە، لە بەرچاو بگرن. 3 کارامەیی یان بەهرەیەکی سەرتر کە داواکارانی ئەو ئیشانە دەبێت هەیانبێت، چییە؟

*(لە ستوونی لای ڕاس، لە لای **سێ** بابەتی یەکەم "X" بنووسن. پاشان بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی دامەزراوی تەکنیکی یان زانکۆیی هەیە دووپاتی بکەنەوە.)*

| | **ئەلف. لە چوارچێوەی پەیوەندیدار بە سێ کارامەیی یەکەمی ئەو کارانەی پێویستیان بە بەڵگەنامەی ناوەندی هەیە "X" بنووسن** | **ب. لە چوارچێوەی پەیوەندیدار بە سێ کارامەیی یەکەمی ئەو کارانەی پێویستیان بە بەڵگەنامەی دامەزراوی تەکنیکی یان زانکۆیی هەیە "X" بنووسن** |
|---|---|---|
| کارامەیی گشتی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر | ☐ | ☐ |
| کارامەییە پرۆفیشناڵەکانی کۆمپیوتەر | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی پەیوەندی زارەکی | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی پەیوەندی نووسراوەیی | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی خزمەتخواز | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی کاری گرووپی | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی زمانی ئینگلیزی | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی زمانی عەرەبی | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی چارەسەری کێشە | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی | ☐ | ☐ |
| کارامەیی ئەژماردن | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی خوێندن | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی نووسین | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی نووسینگە | ☐ | ☐ |
| زانستی تەکنیکی پسپۆڕانە | ☐ | ☐ |
| ئەزموونی تەکنیکی کردارییانە ( خۆتێوەردانی ) | ☐ | ☐ |
| ئۆگری بۆ چالاکی بەردەوام | ☐ | ☐ |

| | | |
|---|---|---|
| ئۆگری بۆ فێربوون | ☐ | ☐ ئەرێنی |
| هەڵوێست | ☐ | ☐ |
| هەر کارامەیی و یان بەهرەی تر (ناو ببەن): | | |
| ________________ | ☐ | ☐ |

20. بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامەی ناوەندی یان تەکنیکی – پیشەیی هەیە، ئایا کارامەییەکانی خوارەوە لە داواکارانی **عێراقی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا** بوونی هەیە؟ *(لە هەر دێرێک، "بەڵێ"، "نا" یان "نازانم" لێبدەن.)*

| | **ئاخۆ ئەم کارامەییە هەیە؟ لە ناو چوارچێوە وەڵامی خۆتان بە "X" دیاری بکەن.** | | |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نا | نازانم |
| کارامەیی گشتی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییە پرۆفیشناڵەکانی کۆمپیوتەر | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی پەیوەندی زارەکی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی پەیوەندی نووسراوەیی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی خزمەتخواز | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی کاری گرووپی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی زمانی ئینگلیزی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی زمانی عەرەبی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی چارەسەری کێشە | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەیی ئەژماردن | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی خوێندن | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی نووسین | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی نووسینگە | ☐ | ☐ | ☐ |
| زانستی تەکنیکی پسپۆڕانە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ئەزموونی تەکنیکی کردارییانە ( خۆتێوەردانی ) | ☐ | ☐ | ☐ |
| ئۆگری بۆ چالاکی بەردەوام | ☐ | ☐ | ☐ |
| ئۆگری بۆ فێربوون | ☐ | ☐ | ☐ |
| بیرکردنەوەی ئەرێنی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەیی یان بەهرەکانی تر (بنووسن): ________________ | ☐ | ☐ | ☐ |

21. بۆ ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامی بالاتر لە بەڵگەنامەی ناوەندی *(بەڵگەنامەی دامەزراوی تەکنیکی، زانکۆ یان بالا)*، ئایا کارامەییەکانی خوارەوە لە داواکارانی **عێراقی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا** بوونی هەیە؟ *(لە هەر دێرێک، "بەڵێ"، "نا" یان "نازانم" لێبدەن.)*

| | ئاخۆ ئەم کارامەییە هەیە؟ لە ناو چوارچێوە وەڵامی خۆتان بە "X" دیاری بکەن. | | |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نا | نازانم |
| کارامەیی گشتی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییە پرۆفیشناڵەکانی کۆمپیوتەر | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی پەیوەندی زارەکی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی پەیوەندی نووسراوەیی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی خزمەتخواز | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی کاری گرووپی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی زمانی ئینگلیزی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی زمانی عەرەبی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی چارەسەری کێشە | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی ئەژماردن | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی خوێندن | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی نووسین | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی دفتر | ☐ | ☐ | ☐ |
| زانستی تەکنیکی پسپۆڕانە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ئەزموونی تەکنیکی کردارییانە ( خۆتێوەردانی ) | ☐ | ☐ | ☐ |
| ئۆگری بۆ چالاکی بەردەوام | ☐ | ☐ | ☐ |
| ئۆگری بۆ فێربوون | ☐ | ☐ | ☐ |
| بیرکردنەوەی ئەرێنی | ☐ | ☐ | ☐ |
| کارامەیی یان بەهرەکانی تر (بنووسن): | ☐ | ☐ | ☐ |

22. بە ڕەچاو کردنی هەموو جێگەکانی پێویست بە لانیکەم بەڵگەنامەی ناوەندی تەکنیکی- پیشەیی، ئاخۆ بۆ پڕ کردنەوەی ئەم جێگانە بە هاوولاتیانی عێراقی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق کێشەیەکتان هەیە؟ ئەگەر "بەڵێ"بۆ Q23 بڕۆن. ئەگەر "نا" یان «نازانم»،بۆ Q24 بڕۆن.

- بەڵێ ☐
- نا ☐
- نازانم ☐

23. ئەگەر وەڵامتان بە Q22 "بەڵێ" بووە، گرنگترین کێشەکانتان بۆ پڕ کردنەوەی ئەم جێگایانە بە هاوولاتیانی عێراقی خەڵکی کوردستانی **عێراق چی بوو**؟ سە بابەتی گرنگ دیاری **بکەن**.

| سێ | **لە ناو چوارچێوە بۆ سێ بابەتی گرنگ "X" بنووسن** |
|---|---|
| دەستنیشانکراوەکان کارامەییەکانی ڕەچاوکراوی ئێوەیان نییە | ☐ |
| دەستنیشانکراوەکان خوێندەواری یان بەڵگەنامەی خوێندنی ڕەچاوکراوی ئێوەیان نییە | ☐ |
| دەستنیشانکراوەکان ئەزموونی کاریی ڕەچاوکراوی ئێوەیان نییە | ☐ |
| ڕێژەی داواکارانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر کەم بوو یان لە بنەڕەتدا داواکاریی خەڵکی ئەم هەرێمە بوونی نەبوو | ☐ |
| بۆچوون یان هاندەری داواکاران شیاو نییە | ☐ |
| ڕکابەرایەتی دیکەی خاوەنکارانی تایبەتی | ☐ |
| ڕکابەرایەتی حکومەت | ☐ |
| | ☐ |
| بابەتی تر: (بنووسن) ________________ | ☐ |
| بە دەنگی بەرز مەیخوێننەوە: نازانم | |

24. ئاخۆ بۆ دامەزراندنی کەسانی خۆجێیی بۆ ئیشە تایبەتەکان تووشی کێشە بوون؟ *ئەگەر "بەڵێ"،بۆ Q25 بڕۆن، ئەگەر "نا" یان "نازانم"،بۆ Q26 بڕۆن.*

| | |
|---|---|
| بەڵێ | ☐ |
| نا | ☐ |
| نازانم | ☐ |

25. لە کامیەک لە جۆرەکانی ئیش دامەزراندنی کەسانی خۆجێیی بۆ ئێوە دژوارە؟ *پێتی پەیوەندیدار بە سێ جۆری (کەتێگۆری) پەیوەندیدار بە ئیش لە بەشی خوارەوەدا بنووسن.*

| **کەتێگۆری ئیشی** |
|---|
| **A.** ئیشە سەرەتاییەکان یان ئەو ئیشانەی پێویستیان بە کارامەیی کەم هەیە |
| **B.** کارەکانی بەرهەمهێنان، کارگەیی و ماشینی |
| **C.** ئیشەکانی فرۆشتن و بەڕێوەبردنی خزمەتخواز |

| |
|---|
| D. ئیشەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاری تاکەکەسی |
| E. ئیشە بازرگانییەکانی پێویست بە کارامەیی |
| F. ئیشە تەکنیکییەکان |
| G. ئیشە پرۆفیشناڵەکان |

1: ______________________
2: ______________________
3: ______________________

26. بۆ کام ئیش و کاری تایبەت دامەزراندنی کەسانی خۆجێیی بۆ ئێوە دژوارە ؟ *ناوی پێنج ئیش لە بەشی خوارەوەدا زیر بنووسن. ئەگەر هیچ ناوێک نەنووسرا، بۆ Q28 بڕۆن.]*

1: ______________________
2: ______________________
3: ______________________
4: ______________________
5: ______________________

27. بە گشتی، ئاخۆ کێشە پەیوەندیدارەکان بە دامەزراندنی کەسانی خۆجێیی لە بوارەکانی خوارەوە کاریگەری لە سەر کار و کاسبی ئێوە بووە؟ وەڵامی"بەڵێ" یان "نا" بۆ هەر کام لە بابەتەکانی خوارەوە بدەنەوە. بە دەنگی بەرز بیخوێننەوە. *لە ئەستوونەکان لە لای "بەڵێ" یان "نا" نیشانەی "X" بنووسن. (وەڵامی دانە بە دانەی پرسیارەکان بدەنەوە).*

| | **ئاخۆ ئەم کێشە کاریگەری لە سەر کار و کاسبی ئێوە هەیە؟ لە ناو چوارچێوە وەڵامی خۆتان بە "X" دیاری بکەن.** | |
|---|---|---|
| | بەڵێ | نا |
| دانی قازانجەکان یان سفارشتەکان بە رکابەرەکان | ☐ | ☐ |
| دواکەوتن لە ڕەوتی پێشکەش کردنی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ | ☐ | ☐ |
| پێکنەهاتنی پرۆسەی گەشەی دڵخواز | ☐ | ☐ |
| ڕوودانی کێشە لە ڕەوتی مسۆگەر کردنی ستاندارده کواڵیتییەکان | ☐ | ☐ |
| زێدە بوونی تێچوونەکانی پەیوەندیدار بە کار | ☐ | ☐ |
| ڕوودانی کێشە لە ڕێگای ناساندنی مێتۆدە نوێکانی چالاکی | ☐ | ☐ |
| زێدە بوونی ئەندازەی کاری کارمەندە نوێکان | ☐ | ☐ |
| دروست بوونی پێویستی بە سپاردنی کارەکان بە کەسانی بیانی | ☐ | ☐ |

28. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو لە کامیەک لە مێتۆدەکانی دامەزراندن کەلکتان وەرگرتووە؟ *لە لای بابەتە هێنراوەکاندا نیشانەی "X" بنووسن. ئەگەر ئەو وەڵامەی کە ئێوە لە بەرچاوتان گرتووە نییە، ئەوە لە بەشی "بابەتی تر"دا بنووسن. (دەکرێت زیاتر لە بژاردەیەک هەڵبژێردرێت)*

| | **لە ناو چوارچێوە بۆ هەرکام لە بابەتە پەیوەندیدارەکان "X" بنووسن** |
|---|---|
| ئاژانسی حکومەتی کاردۆزینەوە | ☐ |
| ئاژانسی تایبەتی کاردۆزینەوە تایبەت بە دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیی | ☐ |

| | |
|---|---|
| ئاژانسی تایبەتی کاردۆزینەوە تایبەت بە دامەزراندنی هێزی کاری بیانی | ◘ |
| پەیوەندی لەگەڵ قوتابخانەکانی ناوەندی، زانکۆکان و قوتابخانەکانی تەکنیکی یان پیشەیی | ◘ |
| زارەکی/خزمان، هاوڕێیان یان پەیوەندییە نافەرمییەکان | ◘ |
| ڕیکلامی ڕۆژنامە | ◘ |
| ڕیکلامی بە دوا کاردا گەڕانی ئینتەرنەتی | ◘ |
| ڕیکلامی شەقامی | ◘ |
| بابەتی تر (بنووسن):________________________ | ◘ |

٢٩. ئەگەر بنکەی داتای ناوەندی ئیش و کار لە هەرێمی کوردستان پێک بێت، گرنگترین تایبەتمەندیگەلێک کە دەبێت هەیبێت بۆ ئەوەی ئێوە بتوانن لەو بۆ ڕاگەیاندنی دەرفەتە کارییەکانی خۆتان و دامەزراندنی داواکارانی گریمانەیی کار کەڵک وەربگرن، چییە؟ (لە ستوونی لای ڕاست، لە لای سێ بابەتی یەکەمی هەڵبژێردراو، "X" بنووسن. (هەلی هەڵبژاردنی زیاتر لە سێ بابەت بۆی هەیە.)

| | **لە ناو چوارچێوە بۆ سێ بابەتی گرنگ "X" بنووسن** |
|---|---|
| دەسڕاگەیشتنی ئانلاین و بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراو | ◘ |
| هەبوونی زانیاری زۆر و بە وردەکاری سەبارەت بە داواکارانی کار لەوانە ڕێزومە و ناوەندەکانی نیشاندەر | ◘ |
| دابین کردنی هەلی ناردنی ڕاستەوخۆی ئیمەیل لە ماڵپەڕ بۆ خاوەنکاران و داواکارانی کار | ◘ |
| دابین کردنی هەلی ڕاگەیاندن و بینینی دەرفەتە کارییەکان بۆ خاوەنکاران و داواکارانی کار بە شێوەی نەناسراو | ◘ |
| خۆڕایی بوون | ◘ |
| هەلی پێکهێنانی پەیوەندی خۆکار لەگەڵ بنکەی داتای سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان | ◘ |
| توانایی سفارشتی کردنی پۆرتاڵی ئینتێرنێتی | ◘ |
| بابەتی تر (بنووسن): ________________________ | ◘ |

| | |
|---|---|
| بابەتی تر (بنووسن): ______________________ | □ |
| بابەتی تر (بنووسن): ______________________ | □ |

**بەشی 3: کەلێنەکانی کارامەیی هێزی کاری ئێستا**

30 – 32 ئێستا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر گرووپێک لە کارمەندانی ئێستای ئێوە کە هاوولاتی هەرێمی کوردستانن (KRI). ئەمن هەندێک ڕستە بۆ ئێوە دەخوێنمەوە و داواتان لێدەکەم کە ڕادەی هاوڕایی یان دژبەری خۆتان لەگەڵ هەرکام لەوانە بە من ڕابگەیەنن. بۆ هەرکام لە وەڵامەکان چوارچێوەیەک دیاری بکەن.

**لە ناو چوارچێوە وەڵامەکانی خۆتان بە "X" دیاری بکەن.**

| | | بەتەواوەتی هاوڕا | هاوڕا | دژبەر | بەتەواوەتی دژبەر | بیروڕایەکم نییە/ نازانم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .30 | بە ڕەچاو کردنی کارمەندانی من کە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراقن، ئەمن ڕازیم لە هەڵوێستێک کە بۆ کار هەیانە. | □ | □ | □ | □ | □ |
| .31 | بە ڕەچاو کردنی کارمەندانی من کە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراقن ،ئەمن ڕازیم لە کارامەیی نووسین و زمانیی ئەوان. | □ | □ | □ | □ | □ |
| .32 | بە ڕەچاو کردنی کارمەندانی من کە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراقن ، ئەمن بە گشتی ڕازیم لە ڕەوشتی پرۆفیشناڵی ئەوان. | □ | □ | □ | □ | □ |

33 – 36 ئێستا، دەمەوێت سەبارەت بە ڕادەی ئامادەبوونی کاری خوێندکارانی قوتابخانەکان، دامەزراوە تەکنیکیەکان و زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق پرسیار بکەم. بۆ هەرکام لەم بابەتانە ڕابیگەیەنن کە ئاخۆ ئامادەبوونی کاری خوێندکاران زۆر باش، باش، لاواز یان زۆر لاوازە. بە دەنگی بەرز بیخوێننەوە. بۆ هەرکام لە وەڵامەکان چوارچێوەیەک دیاری بکەن.لە ناو چوارچێوە وەڵامەکانی خۆتان بە "X" دیاری بکەن.

**لە ناو چوارچێوە وەڵامەکانی خۆتان بە " X " دیاری بکەن.**

| | | ئامادەبوونی زۆر باش | ئامادەبوونی باش | ئامادەبوونی لاواز | ئامادەبوونی زۆر لاواز | بیروڕایەکم نییە/ نازانم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .33 | ئامادەبوونی کاریی خوێندکارانی قوتابخانەکانی ناوەندی هەرێمی کوردستانی عێراق چۆنە... | □ | □ | □ | □ | □ |
| .34 | ئامادەبوونی کاریی خوێندکارانی قوتابخانەکانی ناوەندی تەکنیکی - پیشەیی... | □ | □ | □ | □ | □ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستانی عێراق چۆنە | | | | | |
| 35. | ئامادەبوونی کاریی خوێندکارانی دامەزراوە تەکنیکییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق چۆنە... | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ |
| 36. | ئامادەبوونی کاریی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق چۆنە ... | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ |

37. بە گشتی، بۆ گەیشتن بە ئاستێکی شیاوی ئامادەبوون و کارامەیی لە کاتی دامەزراندن، هەر چەند ماوە جارێک بەم ئاکامە دەگەن کە پێویستان بەو داواکارانەیە کە خەڵکی هەرێمی کوردستان نین ؟ تکایە یەک بابەت بە نووسینی نیشانەی "X"هەڵبژێرن.

| | |
|---|---|
| هەمیشە | ☐ |
| هەندێک جار | ☐ |
| تا رادەیەک بە کەمی | ☐ |
| بە کەمی | ☐ |
| نازانم/بیروڕایەکم نییە | ☐ |

بەشی 4: راهێنانی هێزی کار و پەرەپێدان

38. ئاخۆ دەزگای ئێوە بەرنامەیەکی بۆ راهێنانی کارمەندان هەیە؟ تکایە یەک بابەت بە نووسینی نیشانەی "X" هەڵبژێرن. ئەگەر "بەڵێ"، بۆ Q39 بڕۆن. ئەگەر "نا" یان "نازانم"، بۆ Q42 بڕۆن.

| | |
|---|---|
| بەڵێ | ☐ |
| نا | ☐ |
| نازانم | ☐ |

39. دەزگای ئێوە کارمەندانی خۆی چۆن رادەهێنێت؟ لە ناو دەزگا، دەرەوەی یان هەردووک؟

| **جۆری راهێنان** | **لە ناو چوارچێوە وەڵامەکانی خۆتان بە "X" دیاری بکەن..** |
|---|---|
| ناوەکی | ☐ |
| دەرەکی بە یارمەتی دامەزراوەیەکی تر | ☐ |
| ناوەکی و دەرەکیش | ☐ |

40. چ جۆرە راهێنانێکی فەرمی پێشکەشی کارمەندان دەکرێت؟ (چوارچێوەی لای هەرکام لەو بابەتانەی کە هێنراون، دیاری بکەن.)

| | **لە لای بابەتە هێنراوەکاندا نیشانەی "X" بنووسن** |
|---|---|
| کارامەیی گشتی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر | ☐ |
| کارامەییە پرۆفیشناڵەکانی کۆمپیوتەر | ☐ |
| کارامەییەکانی پەیوەندی زارەکی | ☐ |

| | |
|---|---|
| کارامەییەکانی پەیوەندی نووسراوەیی | ◘ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی خزمەتخواز | ◘ |
| کارامەییەکانی کاری گرووپی | ◘ |
| کارامەییەکانی زمانی ئینگلیزی | ◘ |
| کارامەییەکانی زمانی عەرەبی | ◘ |
| کارامەییەکانی چارەسەری کێشە | ◘ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی | ◘ |
| کارامەیی ئەژماردن | ◘ |
| کارامەییەکانی خوێندن | ◘ |
| کارامەییەکانی نووسین | ◘ |
| کارامەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی دفتر | ◘ |
| کارامەیی پرۆفیشناڵ یان بازرگانی | ◘ |
| کارامەیی تەکنیکی، کرداری، یان تایبەت بە کار | ◘ |
| کارامەییەکانی تر (بنووسن) ___________ | ◘ |
| نازانم | ◘ |

41. کێ دەتوانێت لە راهێنانی تایبەت بە کارمەندان بەهرەمەند بێت؟ هەموو بابەتە هێنراوەکان دیاری بکەن .

| | لە لای بابەتە هێنراوەکاندا نیشانەی "X" بنووسن |
|---|---|
| هەموو کارمەندان | ◘ |
| هێزی کاری ناکارامە | ◘ |
| هێزی کاری کارامە | ◘ |
| کارمەندانی ناسراو لە لایەن چاودێر (کارامە یان ناکارامە) | ◘ |
| کارمەندە نوێکان | ◘ |
| بابەتی تر، تکایە ئاماژەی پێ بکەن (بنووسن) ___________ | ◘ |

42. لە ماوەی ساڵی رابردوو ئاخۆ، کێشەیەک بۆ پێشکەش کردنی راهێنان هەبووە؟ ئەگەر"بەڵێ"بۆ Q43 بڕۆن.ئەگەر "نا"،کۆتایی بە دیمانە بێنن.

بەڵێ ◘
نا ◘
نازانم ◘

43. چ کێشەیەک بوەتە هۆی کۆسپی پێشکەش کردنی راهێنانی زۆرتر بۆ کارمەندان لەم شوێنە؟ چوارچێوەی لای هەرکام لەو بابەتانەی کە هێنراون، دیاری بکەن.

| | له لای بابەتە هێنراوەکاندا نیشانەی "X" بنووسن |
|---|---|
| کەمبوونی بودجەی راهێنان/زۆربوونی تێچوونی راهێنان | ☐ |
| کەمبوونی کات | ☐ |
| بە تەواوەتی لێهاتوو بوونی کارمەندان/بە پێویست نەبوونی راهێنان | ☐ |
| ئۆگرنەبوونی کارمەندان | ☐ |
| نەبوونی دامەزراوی پەروەردەی خۆجێیی شیاو | ☐ |
| نەبوونی ئیمکانات (بۆ وێنە پڕبوونەوەی خولەکان) | ☐ |
| سەخت بوونی دۆزینەوەی دامەزراوەی پەروەردە کە بتوانێت راهێنان لە شوێن یان کاتی رەچاوکراوی ئێمە پێشکەش بکات | ☐ |
| نەبوونی خولە پەروەردەییەکان/ هەل و مەرجی شیاو لە بوارە کارامەییە پێویستەکان | ☐ |
| سەخت بوونی دۆزینەوەی کات بۆ بەڕێوە بردنی خولە پەروەردەییەکان | ☐ |
| نەناسینی دەرفەتە پەروەردەییەکان و/یان سەرچاوە شیاوەکان | ☐ |
| بابەتی تر (بنووسن):________________________________________ | ☐ |
| نازانم | ☐ |

سوپاسی بەشداری کردنتان لەم دیمانە دەکەین.

# ڕاپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی 2012: دیزاینی نموونەی ئاماری

ئێمە لەم پاشکۆیەدا، مێتۆدی نموونەهەڵگری ئاماری بۆ لێکۆڵینەوەی لێهاتوویيەکانی RAND شرۆڤە دەکەین. ئێمە داتا کۆکراوەکان لە لایەن فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ژمارەدانان و گەمارۆسازی هەموو خێزان و شوێنە بازرگانییەکان 2009 لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەپشکنین. ئەم سەرژمێرییە زانیاری سەرەتایی هەر کام لە یەکەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقی کۆ کردەوە و هەرکم لەوانەی وەکوو خێزان یان کار و کاسبی پۆلێنبەندی کرد. پێرستی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لەم سەرژمێرییەدا پێشاندەری دۆخی کار و کاسبییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی 2009. ئێمە سەرەتا دەمانەویست لەم پێرستە وەکوو چوارچێوە و بنچینەی نموونەهەڵگرِی ئاماری خۆمان کەڵک وەربگرین، بەڵام لە کاتی جێبەجێ کردنی کاری مەیدانی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ کێشەی وەک دیاری کردنی شوێنی کار و کاسبی بە بەکارهێنانی زانیارییە هەبووەکان لە چوارچێوەی نموونەهەڵگریدا ڕووبەڕوو بووینەوە. بەڵام وەکوو سەرچاوەیەکی زانیاری گشتی سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە هەرێمی کورستانی عێراق سوودی هەیە. بۆ نموونە، دەکرێت بۆ دەرهێنانی زانیاری گشتی دامەزراوەکانی کار و کاسبی (دابەشکردنی جوگرافیایی، وەک پارێزگاکان و دابەشکردن بە پێی بەش وەک کردنەوە و وردەفرۆشی) کەڵکی لێ وەربگیردرێت. بەوەشەوە، پێویستی بە بەرۆژکردنەوەیەکی ڕێکوپێک هەیە کە جێبەجێ کردنی ئەوە زیاترە لە کات و ئەو سەرچاوانەی کە لە بەر دەستی ئەم خوێندنەوەدان کە بکرێت وەکوو چوارچێوەیەک بۆ نموونەهەڵگری بەکاربهێنرێت. وێرای ئەوەش، زانیاری پەیوەندیدار بە ئەندازەی دامەزراوەکانی کار و کاسبی ( لە بواری ڕێکەی فەرمانەران) بۆ ئەو کۆمپانیانە کە زیاتر لە نۆ کەس فەرمابەریان هەیە، نەبوو. نزیکەی لە سەدا 17ی نموونەکانی ئێمە لە چوارچێوەی نموونەهەڵگری فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەگیراوە، پاشماوەی لە ڕێگای نموونەهەڵگری ڕێکەوتی سیستەماتیک کۆمپانیاکان بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبی ڕێنمونی 2011–2012 ی کۆمپنیاکانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردران کە لە لایەن فیدراسیۆنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی کوردستان کۆ کرابوونەوە. ئێمە لە جیاتی ئەوە لە سەرژمێری ساڵی 2009 کە بە شێوەی ئەلێکترۆنیکی لە بەردەستدایە بۆ ئاگادار بوون لە دابەشبوونی کۆمپانیاکان بە پێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان وەک پارێزگا و بەشی ئابووری و هەروەها بۆ کێشپێدان بە نموونەکانی خۆمان کەڵکمان وەرگرت. چونکە زانیاری سەرژمێری فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان تەواو نەبوو، لە ڕووپێوەکانی بانکی جیهانی هەندێ زانیاریمان سەبارەت بە ئەندازەی کۆمپانیاکان دەرهێنا. بەرنامەی ڕووپێوی بانکی جیهانی سەبارەت بە کۆمپانیاکان ڕووپێوێکی نێودەوڵەتی و چەند ساڵەیە لە نێوان وڵاتە جیاوازەکان سەبارەت بە دامەزراوە بازرگانییەکان لە ئابوورییەکانی لە حاڵی تێپەڕیندا.

## زانیاری بنچینەیی سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لەم خوێندنەوەدا، دامەزراوەکانی کار و کاسبیمان گونجاندووە کە پیشاندەری سێ تایبەتمەندی سەرەکین: (1) سنووری جوگرافیایی بە پێی یەکێک لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستانی عێراق (دهۆک، هەولێر و سلێمانی)؛ (2) کەرتە ئابورییەکان (کانزایی و بەرهەمهێنان، ژێرخان، خزمەتگوزارییەکان و پیشەکان) بە پێی پێداچوونەوەی ISIC 4 ؛ و (3) قەبارە (ژمارەی کارمەندان).

سەرژمێری خێزانەکان و کۆمپانیاکان لە ساڵی 2009 بووە هۆی دیاری کردنی 226,924 دامەزراوی کار و کاسبی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. زۆرینەی فراوانی ئەم دامەزراوانەی کار و کاسبییە بەشیک لە حەشیمەتی ئاماری ئێمە نین. ئێمە لەم ڕاپرسییەدا تیشک دەخەینە سەر بەشی جگە لە کشتوکاڵ و کەرتی تایبەتی. کەواتە حەشیمەتی ئاماری لە بەر چاو گیراوی خۆمان بە ڕێکخراوەکانی جگە لە کشتوکاڵ و کەرتی تایبەتی سنووردار دەکەینەوە. وێرای ئەوەش، زۆربەی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە سەرژمێری (لە سەدا 53) وەکو یەکەی تاکی هاتوونەتە ئەژمێر و زۆرینەی

فراوانی کۆمپانیاکان (لە سەدا 90) کەمتر لە پێنج فەرمانبەریان هەیە. ئێمە لە چوارچێوەی نموونەهەڵگری ئەندازەی بانکی جیهانی کەڵکمان وەرگرتووە و دامەزراوەکان بە 5–19 فەرمانبەر وەکوو دامەزراوەی بچووک، بە 20–99 فەرمانبەر بە دامەزراوەی ناوەنجی و بە 100 فەرمانبەر یان زۆرترمان وەکوو دامەزراوەی گەورە لە بەر چاو گرت. لە دەرەنجامدا حەشیمەتی ئاماری ڕەچاوکراومان زۆرتر سنووردار بوو و بریتی بوو لەو دامەزراوانەی کار و کاسبی کە پێنج فەرمانبەر یان زیاتریان هەبوو. ئێمە کۆمپانیاکانی کەمتر لە پێنج فەرمانبەرمن لە لێکۆڵینەوە خستمانە لاوە چونکە وەها دامان نابوو کە ئەم دامەزراوانە هەلی بەکارگرتنی کەسی نوێیان نییە و ڕەنگە بە ڕەحەتی نەتوانن وەڵامی پرسیارەکانی راپرسی ئێمە سەبارەت بە کارامەییە پێویستەکان و شێوەکانی دامەزران لە سەر کار بدەنەوە. هەروەها ئەم هۆکارەمان هێنایەوە کە دووره کە وەڵامی دامەزراوەکانی بە کەمتر لە پ‌ءنج فەرمانبەر زۆر جیاواز بێت لەگەڵ وەڵامی کۆمپانیا بچووکەکانی تر، جگە لەوەی کە ڕەنگە کەمتر جەخت بکەنە سەر لێهاتوویيە سەرەتاییەکان. سەرەڕای ئەوەش، ڕووپێوەکانی بانکی جیهانی سەبارەت بە کۆمپانیاکان هەروەها هاوشێوە تیشکی خستبووە سەر ئەم چەشنە لە کۆمپانیاکان لە هەموو وڵاتەکان لەوانە عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەم ڕووپێوانە پێومانێکی شیاو بۆ لێکۆڵینەوەی ئێمە دەهاتنە ئەژمێر. ئێمە هەروەها ئەو یەکانەمان لە بەر چاومان نەگرت کە ISIC یان (بەشی ئابووری) نەبوو. ئەم قۆناغانە بووە هۆی ئەوەی کە حەشیمەتی ئامانجی ئێمە بۆ نزیکەی 9000 کار و کاسبی دابەزێت (خشتەی ب.1). کەواتە، خاڵی گرنگ ئەمەیە کە دەرەنجامە وەرگیراوەکانی ئێمە تەنیا بۆ کۆمپانیاکانی خاوەن پێنج فەرمانبەر یان زیاتر لە کەرتی تایبەتی جگە لە کشتوکاڵ و هەڵکەوتوو لە ناوەندەکانی پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی گشتگیر دەکرێت.

ئێمە بە ڕووپێوی دابەشبوونی 8,689 کۆمپانیا، زانیمان کە نزیکەی لە سەدا 41 لە دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە سلێمانی، لە سەدا 39 لە هەولێر و لە سەدا 20 لە دهۆکدان. ئەندازەی نموونەی ئامانجی ئێمە 360 کۆمپانیا بوو، لە لایەکی ترەوە ئەم نموونانە بە یەکسانی لە نێوان هەموو پارێزگاکاندا دابەش کران کە دڵنیا ببینەوە کە ئەگەر پێویست بکات هەلی بەراورد کردن لە نێوان پارێزگاکاندا بۆی هەبێت (خشتەی ب.2).

ئێمە هەروەها نموونەی خۆمان بە پێی بەشی ئابووری پۆلێنبەندی کرد و دامەزراوەکانی کار و کاسبیمان لە کانگایی و بەرهەمهێنەری، ژێرخان و خزمەتگوزاری و ئیشەکان گرووپبەندی کرد.[1] زۆربەی دامەزراوەکانی کار و کاسبی (لە سەدا 66) لە بواری خزمەتگوزاری و ئیشەکاندا چالاکیان هەبوو، پاشان لە بواری کانگا و بەرهەمهێنان (لە سەدا 23) و ژێرخانەکان (لە سەدا 11). لە نموونەی ئێمەدا، کەمێک زیاتر لە نیوەی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە بەشی خمەتگوزاری و ئیشەکان خەریکی کارن، لە کاتێکدا کە یەک لە سێیان لە بواری ژێرخانەکان و لە سەدا 16 لە بواری دەرهێنان و بەرهەمهێناندا چالاکن.

**خشتەی ب.1**
**حەشیمەتی ڕەچاوکراوی دامەزراوەکانی کار و کاسبی، 2009**

| تایبەتمەندی | ڕێژەی دامەزراوەکانی کار و کاسبی |
|---|---|
| کۆی سەرژمێری | 226,924 |
| جگە لە کشتوکاڵ | 172,248 |
| کەرتی ناحکومی، بەشی هەبوو | 151,722 |
| زیاتر لە 5 فەرمانبەر (حەشیمەتی ئامانج)* | 8,689 |

سەرچاوە: نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، 2009.

تێبینی: حەشیمەتی ئامانج لە پاش سڕینەوەی ئەم دامەزراوانەی خوارەوە دەستەبەر کرا: کشتوکاڵ (54,676)، حکومی (17,253)، گشتی (1,018)، لیژنەی بازرگانی (227)، بەشی ونبوو یان بەشی پێناسەنەکراو (2,08)، و کۆمپانیاکانی خاوەن کەمتر لە پێنج فەرمانبەر (143,033). ڕێژەی دامەزراوەکانی خاوەن پێنج فەرمانبەر یان زۆرتر لە بەرچاو گیردرا چونکە لە سەرژمێری، ئیشکردن لە نێوان 1–9 کەس ناو لێبرابوو و پاشان زانیارییەکی تر نەبوو و ئێمە وامان دانا کە ئەو دامەزراوانەی کە داتاکانی ئیشییان بوونی نییە زیادتر لە نۆ کەس فەرمانبەریان هەیە.

[1] کانگایی و بەرهەمهێنەری (کۆدەکانی 5–33 لە ISIC) بریتی لە یەکەکانی کانگایی و بەرهەمهێنەری بوو؛ ژێرخانەکان (کۆدەکانی 35–43، 49–53 و 58–63 لە ISIC) بریتی لە کردنەوە، گواستنەوە و ئاو و کارەبا بوو؛ خزمەتگوزاری و ئیشەکان (کۆدەکانی 45–47، 55–56، 79، 64–66، 68–78، 80–82 و 85–99 لە ISIC) بریتی لە بەکۆمەڵ فرۆشی و وردەفرۆشی، خزمەتگوزاری خانووبەرەو و ئەرز و گەشت و گوزار بوو. لە بەشی خزمەتگوزاری و ئیشەکان، یەکە تایبەتیەکانمان لە بەشەکانی وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەرگری، فێرکاری، تەندروستی مرۆیی و ئاریکاری کۆمەڵایەتی، هونەر و رابواردن و دەستەیەک بە ناو "شتی تر" گرووپ بەندی کرد.

**خشتەی ب.2**
**دابەشکردنی کۆمپانیاکان بە پێی پارێزگا لە حەشیمەت و نموونەی ئاماری، 2009**

| | حەشیمەت | | نموونە | |
|---|---|---|---|---|
| **پارێزگا** | **ڕێژە** | **%** | **ڕێژە** | **%** |
| دهۆک | 1,727 | 20 | 121 | 34 |
| هەولێر | 3,386 | 39 | 120 | 33 |
| سلێمانی | 3,576 | 41 | 119 | 33 |
| کۆی گشتی | 8,689 | 100 | 360 | 100 |

سەرچاوەکان: نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، 2009، و کۆمپانیای RAND، 2012.

**خشتەی ب.3**
**دابەشکردنی کۆمپانیاکان، بەپێی کەرت، 2009**

| | حەشیمەت | | نموونە | |
|---|---|---|---|---|
| **کەرتی ئابووری** | **ڕێژە** | **%** | **ڕێژە** | **%** |
| کانگایی و بەرهەمهێنەری | 2,000 | 23 | 59 | 16 |
| ژێرخانەکان | 925 | 11 | 116 | 32 |
| خزمەتگوزاری و ئیشەکان | 5,764 | 66 | 185 | 51 |
| کۆی گشتی | 8,689 | 100 | 360 | 100 |

سەرچاوەکان: نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، 2009، و کۆمپانیای RAND، 2012.

تێبینی: ڕەنگە بە هۆی سەرڕاست کردنەوەی (خرت کردنەوە) ژمارەکان، کۆی گشتی نەبێتە 100.

خشتەی ب.4 دابەشبوونی حەشیمەتی ئاماری دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی بەشی ئابووری و پارێزگا پیشان دەدات و خشتەی ب.5 هەر ئەم دابەشبوونە بۆ نموونەی ئاماری ڕاپرسی ئێمە پیشان دەدات.

بە تێکەڵ کردنی زانیاری پەیوەندیدار بە دابەشبوونی کۆمپانیاکان لە حەشیمەتی ئاماری و نموونەی ئاماری و بە ڕەچاو کردنی ڕێژەی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە حەشیمەتی ئاماری نیسبەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە نموونەی ئاماری، کێشی ئەوانەمان ئەژمێر کرد. (خشتەی ب.6). بەم شێوە کێشی وەڵامەکانی ئەو دەستە لە دامەزراوەکانی کار و کاسبی بە ڕاپرسی کە ڕێژەیان لە نموونەی ئاماریدا نیسبەت بە حەشیمەتی ئاماری لە ڕادە بەدەر بوو کەم کرایەوە و کێشی وەڵامەکانی ئەو دەستە لە دامەزراوەکانی کار و کاسبی کە ڕێژەیان لە نموونەی ئاماریدا کەمتر بوو لە حەشیمەتی ئاماری، زێدە کرا. بۆ وێنە، کێشی وەڵامەکانی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە بەشی ژێرخانەکاندا کەمتر کرایەوە چونکە ڕێژەیان لە نموونەی ئاماری نیسبەت بە حەشیمەتی ئاماری زۆرتر بوو. لە لایەکی ترەوە، بە گشتی کێشی وەڵامەکانی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە بەشی خزمەتگوزاری و ئیشەکان و بەشی کانگایی و بەرهەمهێنەری زۆرتر کرا. کێشی وەڵامەکانی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە پارێزگای دهۆک کەم کرایەوە، چونکە سەهمی دهۆک لە دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە حەشیمەتی ئاماری نیسبەت بە سەهمی ئەو لە نموونەی ئاماری ڕاپرسی بچووکتر بوو.

**خشتەی ب.4**
**دابەشبوونی کۆمپانیاکان لە دانیشتوان، بەپێی کەرت و پارێزگا، 2009**

| پارێزگا | کانگایی و بەرهەمهێنەری | | ژێرخانەکان | | خزمەتگوزاری و ئیشەکان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژە | % | ڕێژە | % | ڕێژە | % | ڕێژە | % |
| دهۆک | 356 | 4 | 169 | 2 | 1,202 | 14 | 1,727 | 20 |
| هەولێر | 815 | 9 | 353 | 4 | 2,218 | 26 | 3,386 | 39 |
| سلێمانی | 829 | 10 | 403 | 5 | 2,344 | 27 | 3,576 | 41 |
| کۆی گشتی | 2,000 | 23 | 925 | 11 | 5,764 | 66 | 8,689 | 100 |

سەرچاوەکان: نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، 2009، و کۆمپانیای RAND، 2012.

تێبینی: ڕەنگە بە هۆی سەرڕاست کردنەوەی (خرت کردنەوە) ژمارەکان، کۆی گشتی نەبێتە 100.

**خشتەی ب.5**
**دابەشبوونی کۆمپانیاکان لە نموونەکەدا، بەپێی کەرت و پارێزگا، 2006**

| پارێزگا | کانگایی و بەرهەمهێنەری | | ژێرخانەکان | | خزمەتگوزاری و ئیشەکان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژە | % | ڕێژە | % | ڕێژە | % | ڕێژە | % |
| دهۆک | 27 | 8 | 42 | 12 | 52 | 14 | 121 | 34 |
| هەولێر | 17 | 5 | 40 | 11 | 63 | 18 | 120 | 33 |
| سلێمانی | 15 | 4 | 34 | 9 | 70 | 19 | 119 | 33 |
| کۆی گشتی | 59 | 16 | 116 | 32 | 185 | 51 | 360 | 100 |

سەرچاوەکان: نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، 2009، و کۆمپانیای RAND، 2012.

تێبینی: ڕەنگە بە هۆی سەرڕاست کردنەوەی (خرت کردنەوە) ژمارەکان، کۆی گشتی نەبێتە 100.

**خشتەی ب.6**
**دابەشبوونی کێشی نموونەگری بەپێی پارێزگا و کەرت، 2009**

| پارێزگا | کانگایی و بەرهەمهێنان | ژێرخانەکان | خزمەتگوزاری و ئیشەکان |
|---|---|---|---|
| دوهوک | 0.55 | 0.17 | 0.96 |
| هەولێر | 1.99 | 0.37 | 1.46 |
| سلێمانی | 2.29 | 0.49 | 1.39 |

سەرچاوەکان: نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، 2009، و کۆمپانیای RAND، 2012.

بە بۆنەی ئەوەیکە زانیاری بڕوپێکراومان سەبارەت بە ئەندازەی دامەزراوەکانی کار و کاسبی لە حەشیمەتی ئاماریدا نەبوو، نەماندەتوانی بە کەڵک وەرگرتن لە زانیاری تایبەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق کێشی نموونەکان بە پێی ئەندازە لە بەرچاو بگرین. ئەگەرچی دەتوانین ئەندازەی یەکەکان لە کێشدانانی خۆماندا رەچاو نەکەین، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە رێژەی نموونەکانی پەیوەندیدار بە کۆمپانیا ناوەنجی و گەورەکان لە رادە بەدەرە. خشتەی ب.7 دابەشبوونی دامەزراوەکانی کار و کاسبی بە پێی ئەندازە لە نمونەی ئاماری ئێمە لە کۆمپانیاکان پیشان دەدات.

بۆ لە بەر چاو گرتنی ئەم بابەتە، سەیری سەرچاوە بیانییە پەیوەندیدارەکان بە دابەشبوونی ئەندازەی کۆمپانیاکانمان کرد وەک رووپێوی بانکی جیهانی سەبارەت بە کۆمپانیاکان کە بۆ ئابوورییەکانی لە حاڵی دەرکەوتندا جێبەجێ کرابوو. ئێمە لە زانیاری پەیوەندیدار بە دابەشبوونی کۆمپانیاکان بە پێی ئەندازە لە هەندێک لە وڵاتەکان بۆ رەچاو کردنی ئەندازە لە کێشدانان بۆ نموونەکانی خۆمان کەڵکمان وەرگرت. ئێمە دابەشکردنی کۆمپانیاکانمان بە پێی بەش و ئەندازە لە وڵاتانی بە داهاتی ناوەنجی دەستەبەر کرد چونکە بە پێی پۆلێنبەندی بانکی جیهانی، هەرێمی کوردستانی عێراق لەم گرووپەدا دادەنرێت. (خشتەی ب. 8).

هەروەها دابەشبوون بە پێی ئەندازە و بەش کە لە رووپێوی بانکی جیهانی سەبارەت بە کۆمپانیاکان هاتبوو لە دابەشبوونی حەشیمەتی ئاماری پەیوەندیدار بە سەرژمێری فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستاندا گونجاندنمان. ئێمە کێشدانانی خۆمان بە کەڵک وەرگرتن لەم زانیارییە نوێیانە دیسان ئەژمێر کردەوە. (خشتەی ب.9).

سەرەتا، نموونە هەڵگری کۆمپانیا پۆلێنبەندی کراوەکانمان ئەنجام دا بە پێی پارێزگا و بەش لە سەرژمێری فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 . هەروەها کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکرا، نەبوونی گۆڕاوەی ئەندازە لە بنکەی داتا رێگەی بە ئێمە نەدا کە دڵنیا ببین لەوەی کە نموونەکانی ئێمە خاوەن رادەی گۆڕانی و جیاوازی تەواو لە بۆواری ئەندازە (رێژەی فەرمانبەران)ەوەن. کۆمپانیای ئەلشارق (ASHAR) کە لە جێبەجێ کردنی راپرسیدا هاواکاری دەکردین هەروەها بە هۆی کەمو کوڕیەتی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ناونیشان رووبەڕوو بووەوە لەگەڵ کێشەی دۆزینەوەی شوێنەکانی بیزینێس (کار و کاسبی) سەرەڕای ئەوەش، نەبوونی ژمارە تەلەفۆن لە بنکەی داتا ئەم واتایەی بوو کە کۆمپانیای ئەلشارق بە زۆری نەیدەتوانی پەیوەندی بە کۆمپانیای پەیوەندیداروە بکات تا لە پێش سەردانی

**خشتەی ب.7**
**دابەشکردنی کۆمپانیاکان بە پێی گرووپبەندی ئەندازە لە نموونەی ئاماری ئێمە، 2012**

| گرووپبەندی ئەندازە | رێژە | % |
|---|---|---|
| بچووک (5–19) | 181 | 50 |
| ناوەنجی (20–99) | 132 | 37 |
| گەورە (زیادتر لە 100) | 47 | 13 |
| کۆی گشتی | 360 | 100 |

سەرچاوە: کۆمپانیا 2012، RAND.

**خشتەی ب.8**
**پشکی کۆمپانیاکان، بەپێی کەرت و قەبارە لە وڵاتە داهات ناوەندەییەکاندا، لە ڕووپێوێکی بانکی جیهانیدا، 2010-2006**

| گرووپبەندی ئەندازە | بە گشتی | کانگایی و بەرهەمهێنان | ژێرخانەکان | خزمەتگوزاری و ئیشەکان |
|---|---|---|---|---|
| بچووک (5–19) | 58 | 52 | 49 | 71 |
| ناوەنجی (20–99) | 30 | 34 | 34 | 23 |
| گەورە (زیادتر لە 100) | 12 | 14 | 17 | 6 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 | 100 | 100 |

سەرچاوە: رووپێوی بانکی جیهانی سەبارەت بە کۆمپانیاکان

ئەوێ سەبارەت بە ڕێژەی فەرمانبەران دڵنیا ببێتەوە. کۆمپانیای الشارق بە کەڵک وەرگرتن لە سەرژمێری ساڵی 2009

**خشتەی ب.9**
**کێشەکانی نموونەگری بەکارهاتوو لە شیکارییەکەدا، بەپێی پارێزگا، کەرت و قەبارە**

| پارێزگا | ئەندازە | کانگایی و بەرهەمهێنان | ژێرخانەکان | خزمەتگوزاری و ئیشەکان |
|---|---|---|---|---|
| دهۆک | بچووک | 0.64 | 0.19 | 1.26 |
| | ناوەنجی | 0.33 | 0.12 | 0.58 |
| | گەورە | پەیوەندیدار نییە | 0.24 | 0.77 |
| هەولێر | بچووک | 8.77 | 0.42 | 2.03 |
| | ناوەنجی | 1.42 | 0.41 | 1.18 |
| | گەورە | 0.69 | 0.23 | 0.44 |
| سلێمانی | بچووک | 3.57 | 0.48 | 1.37 |
| | ناوەنجی | 2.31 | 0.37 | 1.13 |
| | گەورە | 0.99 | 1.43 | پەیوەندیدار نییە |

سەرچاوە: نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، 2009، و کۆمپانیای RAND، 2012 و رووپێوی بانکی جیهانی سەبارەت بە کۆمپانیاکان 2006–2010.

تێبینی: ناپەیوەندیداری (NA) پیشان دەدات کە ئەم چەشنە لە کۆمپانیاکان لە نموونەی ئێمەدا نەگونجێندراون.

توانی لەگەڵ 60 کۆمپانیادا وتووێژ بکات.

بە بۆنەی سنووردارێتی کات و سەرچاوەکان، بڕیارمان دا نموونەکانمان بە سەرچاوەیەکی تر تەواو بکەین. نموونەکانی تری خۆمان لە پەرتووکی ڕێنوێنی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011–2012 بە دەست هێنا. کۆمپانیای ئەلشارق لە یکەمین پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکان بە پێی پەرتووکی ڕێنوێنی بۆ ڕێکخستنی بەرنامەی دیمانە، سەبارەت بە ئەمدازەی کۆمپنیاکان پرسیاری دەکرد و پاشان لەگەڵ هەموو کۆمپانیا هەڵبژێردراوەکاندا وتووێژی کرد تا ئەو کاتەی کە بەشی پێبڕاوی ڕەچاو کراو لە هەموو چەشنە ئەندازەیەک گەیشت. بە شێوەی ئاسایی بەم شێوازە، نموونەهەڵگریی بە پێی پشک دەوترێت. ئامانجی ئێمە ئەوە بوو کە لانیکەم لەگەڵ 50 کۆمپانیادا لە هەر چەشنێک وتووێژ بکرێت. کۆمپانیای الشارق بە کەڵک وەرگرتن لە پەرتووکی ڕێنوێنی کۆمپانیاکان لەگەڵ نزیکەی 400 بیزینێسدا پەیوەندی کرد کە لە سەدا 80 یان پێوەرەکان هاتنەنێو لێکۆڵینەوەیان هەبوو. کەواتە، نموونەی سەرەتایی خۆمان کە بریتی لە 60 کۆمپانیا لە سەرژمێری فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان بوو بە نزیکەی 300 کۆمپانیای تر لە پەرتووکی ڕێنوێنی کۆمپانیاکان تەواو کرد. زۆرتر لە لە سەدا 90 لە کۆمپانیاکانی خاوەن مەرج وەڵامی ئێمەیان دایەوە. بە گشتی ئەم ڕادە زۆرە لە وەڵامدانەوە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا ئاسایی نییە، بەڵام گریمانەی ئەمە هەیە کە هۆی گەیشتنی کۆمپانیای جێبەجێ کەری ڕاپرسی بە ئەم ڕادە زۆرەی وەڵامدانەوە ئەوە بێت کە پەیوەندی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە کرا ( تا سێ جار هەوڵ)، پاشان وتووێژ بە شێوەی ڕووبەڕوو ئەنجام درا و کۆمپانیای ئاماژە پێکراو نامەیەکی لە لایەن وەزارەتی پلاندانڕێژی هەبوو کە دەبووە هۆی دڵنیایی ئەوانەی وتووێژیان لەگەڵ کرا لە کەرتی تایبەتی و گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

## ئەندازەی نموونە و پەراوێزی هەڵە

مێتۆدی نموونەهەڵگری بەکارهێنراو بۆ ڕاپرسی، مێتۆدی نموونەهەڵگری هەڵکەوتی پلێنبەندی کراو بە بێ جێگۆڕکێ و زۆرتر بە کەڵک وەرگرتن لە پەرتووکی ڕێنوێنی کار و کاسبی بوو. ئێمە بە گشتی لەگەڵ 360 کۆمپانیا وتووێژمان کرد. لە درێژەدا باس لە زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ئەندازەی نموونە دەکەین.

**هەڵسەنگاندنی ئەندازەی نموونە**

ئێمە هەڵسەنگاندنی ئەندازەی نموونەی خۆمان بە سەرنجدانی ڕەچاو کردنی تێبینی پەیوەندیدار بە کات و تێچوون بە مێتۆدێکی سادەوە دەست پێدەکەین. (سالیڤان، 2010). پارامەتری سەرەکی ئێمە ڕێژەی حەشیمەتە و لە ئاکامدا هاوکێشەی ئێمە ئەم بابەتە پیشان دەدات.

ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ بە دەستهێنانی (1 − α) × ناوبەری دڵنیایی لە سەدا 100 بە پەراوێزی هەڵە، $E$، بریتییە لە

$$n = \hat{p}(1-\hat{p})\left(\frac{\frac{Z\alpha}{2}}{E}\right)^2$$

کە لەوێدا $\hat{p}$ تەخمینێکی پێشوو p. کە لەوێدا تەخمینێکی پێشوو $p$یە. چونکە تەخمینی پێشووی $p$ لە بەر دەستدا نییە، ئێمە لە ژمارەی 0.5 وەکوو دابەشکردنی وەڵامی خۆمان کەڵک وەردەگرین کە ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ هەموو ڕادەیەکی دڵنیایی و پەراوێزی هەڵەی هەڵبژێردراو بە زۆرترین ئاستی خۆی دەگەیەنێت. کەواتە: $\hat{p}(1-\hat{p}) = 0.5(0.5) = 0.25$.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەندازەی نمونەی خۆمان دەتوانین فۆرمولەی (دەستور) سەرەوە بە جۆرێک ڕێک بکەین کە پەراوێزی هەڵەی پەیوەندیدار بە ئەندازەی نموونە و ڕادەی دڵنیایی دیاری بکات.

$$E = \frac{Z\alpha}{2} \times \sqrt{\frac{\hat{p}(1-\hat{p})}{n}}$$

بە بەکار هێنانی ژمارەی 0.25 کە لە پێشەوە بۆ $\hat{p}(1-\hat{p})$ بە دەست هات و هەڵبژاردنی ڕادەی دڵنیایی 0.95 لەگەڵ ئەندازەی نموونەی هەڵبژێردراو بەرابەر لەگەڵ 360، ئەمەمان هەیە:

$$E = 1.96 \times \sqrt{\frac{0.25}{360}} = 0.0517$$

ئەژمێرکارییەکی زۆر سادە پیشان دەدات کە بەم شێوە حەشیمەتی نموونە بە پەراوێزی هەڵەی لە سەدا ±5.17 و بە ڕادەی دڵنیایی لە سەدا 95 پیشان دەدرێت. ئەم ڕادە نزیکە لە پەراوێزی هەڵەی ستانداردی لە سەدا 5 کە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا بەکار دەهێنرێت و ڕێکدەکەوێت لەگەڵ پارامەترەکانی کات و تێچوون لە خوێندنەوەی ئێمەدا.

**ئەندازەی نموونە بە پێی پۆلێنبەندی بە بێ کێشپێدان**

تەخمینی سەرەتایی لە گۆڕانکارییەکانی نموونەهەڵگری پەراوێزی هەڵەی لە سەدا 5.17 کە لە سەرەوەدا هێنرا ئەم ڕاستییە لە بەر چاو ناگرێت کە کە نموونەی خۆمان بە پێی پارێزگا، پیشەسازی و ئەندازە پۆلێنبەندی کردووە. کاریگەری پۆلێنبەندی لەوەدایە کە ڕووپێوێک بۆ ڕووپێوی زۆری سەربەخۆت تر دەگۆڕێت کە هەرکامیان پەیوەندیان بە پۆلێنێکەوە کەیە. (دیتۆن، 1997)، لە کارپێکردندا، پۆلێنبەندی هەڵەی ستانداردی مەزندە کەم دەکاتەوە چونکە ئەندازەی نموونەی کاریگەر نیسبەت بە نموونە پۆلێنبەندی نەکراوەکان زیاد دەبێت. بەوەشەوە، ئەگەر کۆمپانیا نموونەکان لە پۆلێنێکدا بە ڕاستی سەربەخۆ نەبن و هەرچەشنە هاوپەیوەندیان لە دەرنجامی ڕەچاو کراودا پێکەوە هەبێت، لەم کاتەدا ڕەنگە نموونەی پۆلێنبەندی کراو وەک نموونەی هێشوویی کار بکات و هاوپەیوەندی نێوهێشوویی (نێودەستەیی) ڕوو بدات کە دەبێت لە بەر چاوی بگرن. هاوپەیوەندی نێوهێشوویی لە سەرەوە بەو واتایە دێت کە هەر یەکەیەک لە نێو هێشووەکاندا زانیاری زیاتر ناخەنە بەردەست کە بکرێت تەخمینی ڕەچاو کراو ئەنجام بدرێت، لە ئاکامدا ئەندازەی نموونەی کاریگەر کەم دەبێتەوە و پەراوێزی هەڵە بە گوێرەی نموونە پۆلێنبەندی کراوەکان بە هاوپەیوەندی نێو هێشوویی کەمتر، زێدە دەبێت. بۆ دیتنی ئەم بابەتە، سەرەتا *کاریگەری دیزاینی* مێتۆدی نموونە هەڵگری خۆمان ئەژمێر دەکەین. کاریگەری

دیزاین بە شێوەیەکی بنەڕەتی بریتییە لە پێوا و ئەندازەگرتنی ڕێژەی ڤاریانسی نموونەهەڵگری لە پۆلێنبەندی ڕەچاوکراو نیسبەت بە ڕادەیەک کە بە پێی نموونەهەڵگری هەڵکەوتی سادە پێی دەگەین. کاریگەری دیزاین یان، *DEFF*، بەم فۆرمولەی خوارەوە بە دەست دێت:

$$DEFF = 1 + p(n - 1),$$

کە لەودا $n$ ئەندازەی مامناوەندی هێشوو (پۆلێن)(لەم حاڵەتەدا13 = $n$ ) و $p$ هاوکۆڵکەی هاوپەیوەندی نێوهێشوویی بۆ دەرەنجامی ڕەچاوکراوە — واتا پێوانی ڕادەی هاوپەیوەندی هەبوو لە نێوان کۆمپانیاکان لە یەک پیشە، پارێزگا و ئەندازە بۆ دەرەنجامی ناولێبراو.

لە کارپێکردندا، کاریگەری لە ڕووپێوێکدا بۆ هەموو پرسیارێک و گرێدراوی ڕادەی p دەگۆڕدرێت. بە پێی ئەوەیکە کە هێشووەکانی ئێمە کۆمپانیای یەک پۆلێنبەندی پیشەسازی هاوشێوە و بە شرۆڤەی بەربلاو لە نێو یەک پارێزگادان، ڕادەیەکی زۆر بۆp پێشبینی ناکەین. بەوەشەوە، ڕادەیەکی بە شێوەی ڕێژەیی پارێزگارانە بۆ p بەرابەرە لەگەڵ 0.05 کە پیشان دەدات کە ئەگەر دوو کۆمپانیا لە هێشوویەک هەڵبژێردرێن ئەگەری ئەوەیکە نرخێکی هاوشێوەیان هەبێت لە سەدا 5 زۆرتر لە کاتێکە کە بە شێوەی هەڵکەوتی هەڵبژێردرێن. بەم شێوە هەرکام لە کۆمپانیا وەک نموونە هەڵبێردراوەکان لە هێشوویەکی یەکسان، لە کۆمپانیایەکی نوێ لە هێشوویەکی نوێ زانیارییەکی کەمتر پێشکەش دەکات. لە خشتەی ب.10، ئەندازەی نموونەی کاریگەر واتە،$n_{eff}$,بە پێی ڕێژەی گشتی ئەندازەی نموونە واتە دابەشکراو لە سەر کاریگەری دیزاین یانDEFF، بۆ ڕادەکانی هاوپەیوەندی نێوهێشوویی دراو بۆ p. ئەژمێر دەکەین. لەم ڕادانە هەروەها دەکرێت بۆ ئەژمێرکردنی هەڵسەنگاندنی پەراوێزی هەڵە کە پێیداچوونەتەوە یان E کەڵک وەربگیردرێت و ئەم کارە دەکرێت بە گۆڕینەوەی ئەندازەی نموونەی کاریگەر یان $n_{eff}$ ، لە باتی کۆی ئەندازەی نموونە واتە n ئەنجام بدرێت:

$$E_{clus} = \frac{Za}{2} \times \sqrt{\frac{\hat{p}(1-\hat{p})}{n_{eff}}}$$

کە لەوێ $E_{clus}$ پەراوێزی هەڵەی نموونەی هێشووییە. بە کەڵک وەرگرتن لە پارێزگارانەترین تەخمین $\hat{p}$ (1 − $\hat{p}$) = 0.5(0.5) = 0.25 و ڕادەی دڵنیایی لە سەدا 95 ی ڕادەی Za/2، ئەم پاراوێزانەی هەڵە بۆ ڕادە جیاوازەکانی p بە دەست دێت.

بە پێی ئەم خشتە دەبینین کە تەنانەت لە پارێزگارانەترین سیناریۆ واتە پێوەری دەرەنجامی لە سەدا 50 بۆ $\hat{p}$ و ڕادەی 0.05 بۆ p، پەراوێزی هەڵەی ئێمە کەمتر دەبێت لە ڕادەی لە سەدا 10. بەوەشەوە، ئەگەر هیچ هاوپەیوەندیەکی نێوهێشوویی لە نێوان کۆمپانیا وەک نموونەهەڵگراوەکان بە شێوەی هەڵکەوتی لە هەر پۆلێنێکدا نەبێت، جۆراوجۆری نموونەی ئێمە باشتر دەبێت و ڕەنگە پەراوێزی هەڵەی ئێمە کەمتر لە تەخمینی سەرەتایی لە سەدا 5.17 بێت.

**خشتەی ب.10**
***p* پەراوێزی هەڵە بۆ ڕادە جیاوازەکان**

| | $p$ = 0.005 | $p$ = 0.01 | $p$ = 0.05 |
|---|---|---|---|
| *DEFF* | 1.06 | 1.12 | 1.6 |
| $n_{eff}$ | 339 | 321 | 225 |
| پەراوێزی هەڵە، $E_{clus}$ | ± 5.32% | ± 5.47% | ± 6.53% |

# ریزبەندی سەرچاوەکان


ئاندێرسن، ئینگێر، لۆئیچ، چیکور، هێدی لاربی، سیمۆن سی. بێل و هوومان دابیدیان، *عێراق: لێکۆڵینەوەی دۆخی وەبەرهێنان 2012*، واشینگتن دی.سی.: بانکی جیهانی، 2012.

ئاندێرسۆن، کیم، "بۆچی لەگەڵ گەشەی ئابووری، کشتوکاڵ کەم دەبێتەوە "، *ئابووری کشتوکاڵ*، بەرگی. 1، ژمارە 3، ئوکتوبەری 1987، لاپەڕەی 195–207.

ئاژانسی نەتەوەیی سەربەخۆی ئیش و کار (ANETI)، لاپەڕەی وێب، 2013. لە ڕێکەوتی 8 ی نوڤەمبەری 2012: http://www.emploi.nat.tn

ئاکسمان، مایکێل، "ئاسانکردنەوەی چوونەناو بازاڕی کار بۆ لاوان لە ڕێگای بەرنامەکانی پەیوەندیدار بە کۆمپانیا لە فێرکاری پیشەیی ومەشق کردن و پەرەپێدانی کارامەیی"، بابەتی SEED ژمارە 48، بەرنامەی InFocus بە مەبەستی بەهێزکردنی ئیش لە ڕێگای پەرەپێدانی کۆمپانیا بچووکەکان، دروست کردنی ئیش، و بەشەکانی پەیوەندیدار بە کۆمپانیا، نووسینگەی نێودەوڵەی کار، جێنێڤ، سویسرا، 2004.

ماڵپەڕی ئیشی حکومەتی ئەلێکترۆنیکی بەحرەین . لە ڕێکەوتی 6ی نوڤەمبەری 2012: http://www.bahrain.bh/wps/portal/!ut/p/c5/fcxLDoIwFAXQtbiC—yHMmUAbUNSjGiUNyHFqGliCgNjoqsXN–DwTA4YAwYzlqSqrbdkOxOI_NGWbVNr2doCnJb57bQ0RCQlTvHyTHMGg3N8pXv8KT7Whv82BwwOZ3AxUi_IaSHJ7rqGxF4pXQct1x79NWOZPuHmq80XcTwfMQ!!/

ماڵپەڕی ئیشی حکومەتی ئەلێکترۆنیکی بەحرەین، "ناونووسی بۆ بەرنامەکانی فێرکاری بەردەوام ". لە ڕێکەوتی 21ی جانیوەری 2014: /http://www.bahrain.hb/wps/portal/!ut/p/c5 fcw9DsigGAbgs3iC75WflrUDRdlEjNhYWAg1ahoNOhgHT69ewPFZHkoUKbZZQXRra2B86wA7GjX0WvLBNJRUnfxVKcEAoehQjs_IXilRquW1XMpP5fZt0t9mT1HTRKnJCAwbyTjM1vdgOyGkdplDoHCqeQz0mN_ubLvVB31uhSU!/

بارزانی، مەسعوود (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، "وتاربێژی سەرۆک بارزانی لە ڕێورەسمی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان "، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، 10ی ئوکتوبەری 2009. لە ڕێکەوتی 11ی جونی 2013: http://www.krp.org/english/articledisplay.aspx?id=nyBQTcXoztU=#

بارزانی، نێچیروان (سەرۆک وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان)، "پێشەکی: هەرێمی کوردستان: وەبەرهێنان لە داهاتوو"، لاپەڕەی 14–18 لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، *هەرێمی کوردستان > وەبەرهێنان لە داهاتوو (بڵاوکراوەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان 2008)*، واشینگتن دی.سی.: کۆمپانیای مێدیایی 2007 ،Newsdesk.

———، "کارەکانی کوردستان: پەیامی سەرۆک وەزیر"، وتاربێژی بەڕێز نێچیروان بارزانی، سەرۆک وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر، هەرێمی کوردستان، 4 ی سیپتامبەری 2013.

ساندرا بێری (Sandra H. Berry)، نیکۆلاس بێرگر (Nicholas Burger)، هارۆن دۆگۆ (Harun Dogo)، کریشنا کومار (Krishna B. Kumar)، ئالێساندرۆ مالکیودی (Alessandro Malchiodi)، جێفری مارتینی (Jeffrey Martini)، تووداج مینگیستۆ (Tewodaj Mengistu)، هاوارد شاتز (Howard J. Shatz)، ئالێکساندریا ئیسمیت (Alexandria C. Smith)، ئارتور یوسانوف (Artur Usanov) و یوان یونگ (Joanne K. Yoong)، *گەڵاڵەکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت بۆ هەرێمی کوردستان– عێراق*، سانتامونیکا، کالیفۆرنیا: کۆمپانیا RAND، MG–1184–KRG، 2012.

BP، *پێداچوونەوەی ئاماری BP لە ئێنێرجی جیهانی لە ساڵی 2013*، لەندەن، جونی 2013.

ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری، ڕێکخراوەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بانکی جیهانی، *لێکۆڵینەوەی ئابووری کۆمەڵایەتی خێزانەکانی عێراق* —IHSES–2007، بەغداد، عێراق، 2008. لە ڕێکەوتی 3ی جولای 2012: http://go.worldbank.org/GMS95L4VH0

ڕێکخراوی ناوەندی ئامار، نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان، *لێکۆڵینەوەی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*، بەغداد، عێراق، 2012

چێرنیشێف، ئیگۆر، بە یارمەتیدانی گای ستندینگ، *ئاماری بازاڕی کاری تازە دەرکەوتوو لە ئابوورییەکانی لە حاڵی تێپەڕین: ڕێنموونی تەکنیکی سەبارەت بە سەرچاوەکان، مێتۆدەکان، پۆلێنبەندی، و سیاسەتەکان*، زنجیرە خوێندنەوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، بازینگستۆک: بڵاوکەرەوەی Palgrave Macmillan، 1997، گوتراو لە مانگوژۆ، 2002.

کۆلیژی لێکۆڵینەوەکانی کاو و هاوکاری کیرپیانی، "سیستەمی زانیاری فێرکاری بازاڕی کاری کارائیب بۆ ILO / OECS" ،2013. لە ڕێکەوتی 8ی نوڤەمبەری 2013: http://cclcs.edu.tt/training–caribbean–labour–market–information–system–for–ilooecs/

کۆنستانت، لووی، شێلی کالبێرستۆن، کاتلین ستاز، و جۆرج ڤێرنز، *بەهێزکردنی پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستان –عێراق*، سانتا مۆنیکا، کالیفۆرنیا: کۆمپانیای RAND، RR–277–KRG، 2013.

دیتۆن، ئانگووس، *شیکاری و ڕاڤەی لێکۆڵینەوەکانی خێزان: بۆچوونی ئابووری بچووک بۆ سیاسەتی پەرەپێدان*، بالتیمۆر، مدیسۆن: بڵاوکەرەوەی زانکۆی جانزهاپکینز، 1997.

بەشی پەرەپێدانی ئیش و کار (کالیفۆرنیا)، "بیزنێس / خاوەنکاران،" 2010a. لە ڕێکەوتی 8ی نوڤەمبەری 2013:: http://www.labormarketinfo.edd.ca.gov/Content.asp?pageid=113

———، "زانیاری پەیوەندیدار بە کار"، 2010b. لە ڕێکەوتی 8ی نوڤەمبەری 2013: http://www.labormarketinfo.edd.ca.gov/Content.asp?pageid=3

———، "سەیرکردنێکی گشتی—زانیاری بازاڕی کار"، ویلایەتی کالیفۆرنیا، 2013. لە ڕێکەوتی 8ی نوڤەمبەری 2013: http://www.labormarketinfo.edd.ca.gov/

گوتشالک، پیتەر و مایکێل هانسن، " ئاخۆ نیسبەتی فەرمانبرانی کۆلیژ بە کارەکانی جگە کۆلیژ روو لە زێدەبوونە ؟" *گۆڤاری ئابووری کار*، بەرگی. 21، ژمارە 2، ئاپریلی 2003، لاپەڕەی 449–471.

هانسن، مایکێل ئێل.هوارد جی. شاتز، لووی کۆنستانت، ئالێکساندریا سی. سمیت، کریشنا بی. کومار، هێزهر کرول، ئارتور ئوسانۆف،هارون دۆگۆ، و جێفری مارتینی، *ستراتێژییەکانی پەرەپێدانی کەرتی تایبەتی و چاکسازی خزمەتگوزاریٔ شاری لە هەرێمی کوردستان –عێراق*، سانتا مونیکا، کالیفۆرنیا: شرکت RAND، MG–1117–KRG، 2011.

هێستۆن، ئالان، رابرت سامێرز، و بیتینا ئاتێن، *خشتەی جیهانی پێن وێنەی 7.1*، ناوەندی نێودەوڵەتی بەراوردکردنی بەرهەمهێنان، داهات و نرخەکان لە زانکۆی پینسیلڤانیا، جولای 2012.

حسێن، رۆجر، "لایەنەکانی بازاڕی کار لە ئابوورییەکی بچووکی نەوتی و هەندێک پێشنیاری پەیوەندیدار بە سیاسەتدانان "، بەندەری ئیسپانیا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، 2006.

کۆمپانیای توێژینەوەی فێرکاری IFF، *لێکۆڵینەوەی کارامەییەکانی خاوەنکارە نیشتمانییەکان 2007: پرسیارنامەی مینستەیج*، لەندەن، بەریتانیا، 2007.

کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی، *لێکۆڵینەوەی کۆمپانیاکان: کام ئەزمونی کار و کاسبی*، بانکی جیهانی، ساڵی 2013. لە ڕێکەوتی 24ی جوونی 2013: http://www.enterprisesurveys.org/

کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی و بانکی پەرەپێدانی ئیسلامی، *فێرکاری بۆ دامەزران لە سەر ئیش: تێگەیشتن لە پۆتێنسیاڵەکانی لاوانی عەرەب*، واشینگتن دی.سی.، 2011.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، S*کارامەییە پێویستەکان بۆ باشترکردنی سوودوەرگری، گەشەی ئیش و پەرەپێدان*، ڕاپۆرتی پێنجەم، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کار، دانیشتنی 97، جنێڤ، سویسرا، 2008.

———، "مامۆستایان و فێرکارانی داهاتوو— فێرکاری پیشەیی ومەشق کردن لە جیهانی لە حاڵی گۆڕان "، ڕاپۆرتێک بۆ باس لە ئەنجومەنی دیالۆگی جیهانی لە بواری پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی (29–30ی سپتەمبەری 2010)، جنێڤ، سویسرا، 2010a.

———، *هێزی کاری لێهاتوو بۆ گەشەی قایم، بەردەوام و هاوکێش: ستراتێژی فێرکاری G20*، جنێڤ، سویسرا، 2010b.

———، *پێوەرە سەرەکییەکانی بازاڕی کار*، جنێڤ، سویسرا، 16ی ئۆکتوبەری، 2011. لە ڕێکەوتی 26ی مارسی 2013: http://www.ilo.org/empelm/what/WCMS_114240/lang—en/index.htm

———، "خشتەی 2ب: کۆی ئیش و کار بە پێی چالاکی ئابووری (هەزار)"، *بنکەی داتا ئامارییەکانی کار LABORSTA*، جنێڤ، سویسرا، 20ی جولای، 2012.

تۆڕی نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکانی کارامەییەکانی کەرت،دیمەنە *نێودەوڵەتییەکانی زانیاری بازاڕی کار*، ئامادەکراو بۆINSSO لە لایەن ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی ئەنجومەنەکانی کەرتی (کانادا)، لەندەن، بەریتانیا، 2011. لە ڕێکەوتی 16ی نوڤەمبەری 2012:
http://insso.org/wp–content/uploads/2010/02/LMI_INSSO_ENG.pdf

ئاڵوگۆڕ کردنی کاری ئەلێکترۆنیکی جامائیکا، بە بێ بەروار. لە ڕێکەوتی 5ی نوڤەمبەری 2012:
http://www.lmis.gov.jm/home.aspx

جۆهانسۆن، ریچارد، *باشووری سەحرای ئەفریقا (SSA): وەڵامی ناوچەیی بە سیاسەتی TVET بانک لە دەیەی 1990*، AFTH4، بانکی جیهانی، جانیوەری 2002.

نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، *لێکۆڵینەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان*، 2012، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق، 2012.

نووسینگەی ئامار و ڕێکخراوی ناوەندی ئامار و تەکنۆلۆجیای زانیاری هەرێمی کوردستان (عێراق)، *سەرژمێری خانوو و دامەزراوەکانی کار و کاسبی کوردستان*، 2009، هەولێر و بەغداد، 2009.

لین، جاستین یيفو، نامەناردن بە ئیمەیل سەبارەت بە چوارچێوەی دۆزینەوە و ئاسانکردنەوەی گەشە، فێبریوەری 22 و 25، 2013.

لین، جاستین یيفو، و سێلیستین مونگا، " دۆزینەوە و ئاسانکردنەوەی گەشە: ڕۆڵی حکومەت لە داینامیکی گۆڕانکاری پێکهاتەیی "، *لێکۆڵینەوەی سیاسەتی پەرەپێدان*، بەرگی. 29، ژمارە 3، 2011، لاپەڕەی 264–290.

مانگوژۆ، نیکۆلاس، "شێوازەکانی ئێستای پەرەپێدانی سیستەمکانی زانیاری بازاڕی کار بۆ پلاندارێژی پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئابوورییەکانی پێشکەوتوو، لە حاڵی گەشە و لە حاڵی تێپەڕین "، وتاری ژمارە 13 کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە کار، بەرنامەی InFocus بۆ لێهاتووییەکان، زانست و ئیش، نووسینگەی نێودەوڵەتی کار، جنێڤ، سویسرا، 2002. لە ڕێکەوتی 15ی نوڤەمبەری 2012:
http://www.ilo.org/skills/pubs/WCMS_103881/lang––en/index.htm

Marcopolis.net، "سەرمایە خستنە گەڕ (وەبەرهێنان) لە کوردستان: وتووێژ، شیکاری وردبینانەی وەبەرهێنان: دیمانە لەگەڵ هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان "، 10ی جانیوەری 2013. لە ڕێکەوتی 11ی جوونی 2013:
http://marcopolis.net/investment–in–kurdistan–detailed–investment–interview–analysis–1001.htm

مارتین، ئیڤان، " سیستەمەکانی زانیاری بازاڕی کار و زانیاری کۆچبەریی کار لە شەش وەلاتی لە حاڵی گەشە: کێشەی یەلپارچە کردن "، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەریی، نوڤەمبەری 2011.

مکداوال، دەیڤید، *مێژووی نوێی کوردەکان*، ئێدیتێک کە بۆ جاری سێهەم پێداچوونەتەوە، لەندەن و نیویۆرک: ئای.بی. تائوورووس، 2004.

وەزارەتی کار و گەشەی کۆمپانیا بچووک و وردەکان، " خزمەتگوزاری نیشتمانی ئیش" حکومەتی کۆماری ترینیداد و توباگۆ، 2007. لە ڕێکەوتی 19ی دیسەمبەری 2013:
http://www.molsmed.gov.tt/Services/NationalEmploymentService/tabid/235/Default.aspx

مورشید، مۆنا، دیانا فارێل، و دومینیک بارتۆن، *فێرکاری بە مەبەستی دامەزران لە سەر کار: گەڵاڵە کردنی سیستەمێکی کارامە*، ناوەندی مەککینزی برای حکومەت، کۆمپانیای مەککینزی، 2012. لە ڕێکەوتی 24ی جوونی 2013:
http://mckinseyonsociety.com/downloads/reports/Education/Education–to–Employment_FINAL.pdf

موورای، ئالێکساندەر، " بارودۆخی ئاگاداری سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری زانیارییەکانی بازاڕی کار: لێکۆڵینەوەی بەڵگە نێودەوڵەتییەکان "، ڕاپۆرتی توێژینەوەی 2010، 05–2010 CSLS. لە ڕێکەوتی 15ی نوڤەمبەری 2012:
http://scholar.googleusercontent.com/scholar?q=cache:s515_ocvPXUJ:scholar.google.com/+LMIS+%22Labor+Market+Information+System%22+&hl=en&as_sdt=0,5&as_ylo=2008

ڕێکخراوی هاوکارییەکانی پەیوەندیدار بە ئابووری و پەرەپێدان، "ستراتێژی کارامەییەکانی OECD"، پاریس، 2011a. لە ڕێکەوتی 6ی جولای 2012:
http://www.oecd.org/general/searchresults/?q=the%20oecd%20skills%20strategy&cx=012432601748511391518:xzeadub0b0a&cof=FORID:11&ie=UTF–8

——— "ISIC، لێڕوانینەوەی 3 پێناسەی توندی تەکنۆلۆجیا"، فەرمانگەی زانست، تەکنۆلۆجیا و پیشەسازی، بەشی شیکاری و راڤە و ئاماری ئابووری، پاریس، جولای 7، 2011b.

کۆمپانیای RAND، *ڕاپرسی RAND سەبارەت بە دامەزراوەکانی کار و کاسبی* (ڕاپرسی کارامەییەکانی RAND)، سانتا مونیکا، کالیفۆرنیا، 2012.

*پێداچوونەوە: هەرێمی‌کوردستانی عێراق*، "پرسیار و وەڵام: نووسین و کۆکردنەوەی پێشتریەتییەکان: هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان "، مارسی 2013a، لاپەڕەی 18–19.

———، "ئێنێرجی"، مارسی 2013b، لاپەڕە. 24.

ساکس، جێفری دی.، و فیلیپ بی. لارین، *ئابووری گەورە لە ئابووری جیهانی*، ئەنگلوود کلیفز، نیوجێرسی، 1993.

کۆمپانیای پیشەسازی بنچینەیی سعودی (SABIC)، کۆمپانیای بووز و کۆڕی جیهانی ئابووری، ڕۆڵی خاوەنکارە گەورەکان لە هەندانی ئیش لە جیهانی عەرەب، جنێڤ، سویسرا، 2012.

شوالیە، وێس، " لێکۆڵینەوەی کەلێنەکانی کارامەییەکان لە ئاستی جیهان: چۆن کەلێنی کارامەییەکان کاریگەری دەبێت لە سەر کاری کۆمپانیاکان لە جیهانی عەرەب"، کۆنفرانس و پیشانگای نێودەوڵەتە سەرچاوە مرۆییەکان، دوبەی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، 2011.

شارپ، ئەندرو، و شارون کیائۆ، "ڕۆڵی زانیاری بازاڕی کار لە چاککردن و گونجان: بەراوردی نێودەوڵەتی"، ڕاپۆرتی توێژینەوەی CSLS ژمارە 2006–03، ناوەندی خوێندنەوەکان و لێکۆڵینەوەکانی ستانداردەکانی ژیان، ئۆتاوا، ئانتاریو، دیسەمبەری 2006. هەروەها بەم شێوەیە لە بەر دەستدایە: وتاری توێژینەوەیی کارامەییەکان 2006 14–C، گەلاڵەی توێژینەوەیی لێهاتووییەکانی ئەنجومەنی سەرچاوە مرۆییەکان و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کەنەدا – پیشەسازی کەنەدا– زانستە کۆمەڵایەتییەکان و توێژینەوەکانی زانستە نرۆییەکان، ئۆتاوا، کەنەدا. لە ڕێکەوتی 16ی نوڤەمبەری 2012:
http://www.ic.gc.ca/eic/site/eas–aes.nsf/eng/h_ra01877.html

استانلی، برووس، " هەورامی دەڵێت: تەوەرەی یەکڕیزی عێراق نەرمی لە سەر نەوتی کوردەکانە"، بلوومبێرگ، 15ئ ئاپریل 2013. لە ڕێکەوتی 17ی جوونی 2013:
http://www.bloomberg.com/news/2013–04–15/iraq–s–unity–hinges–on–flexibility–over–kurd–oil–hawrami–says.html

سالیوان، مایکێل، *ئامار: بڕیاردانی ئاگادارانە بە کەڵک وەرگرتن لە داتاکان*، چاپی سێیەم، پیێرسۆن، 2010.

ماڵپەڕی خزمەتگوزاری نیشتمانی ئیشی ترینیداد و توباگۆ، بە بێ بەروار. لە ڕێکەوتی 6ی نوڤەمبەری 2012:
http://www.nes.gov.tt/

گۆڕینەوەی هێزا کاری توونس،ماڵپەڕ، بە بێ بەروار. لە ڕێکەوتی 16ی نوڤەمبەری 2012:
http://www.emploi.nat.tn/fo/Fr/global.php?menu=1 (بە زمانی فەڕانسە)

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، *ڕاپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەبەکان 2003: پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئاگا*، بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی گەشەی مرۆیی وڵاتە عەرەبییەکان، نیویۆرک، 2003.

———، *ڕاپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەبەکان 2004: بەرەو ئازادی لە جیهانی عەرەب*، بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی گەشەی مرۆیی وڵاتە عەرەبییەکان، نیویۆرک، 2004.

———، *ڕاپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەبەکان 2005: بەرەو گەشەی ژنان لە جیهانی عەرەب*، بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی گەشەی مرۆیی وڵاتە عەرەبییەکان، نیویۆرک، 2005.

———، *ڕاپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەبەکان 2009: کێشەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی مرۆیی لە وڵاتە عەرەبییەکان*، بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی گەشەی مرۆیی وڵاتە عەرەبییەکان، نیویۆرک، 2009.

———، *ڕاپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەبەکان 2012: توانا کردنەوە: ویستی خەڵک*، بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی گەشەی مرۆیی وڵاتە عەرەبییەکان، نیویۆرک، 2012.

ڕێکخراوی توسعە صنعتی نەتەوە یەکگرتووەکان، *ئێدیتی INDSTAT2–2012*، سی‌دی زانیاری، ڤیەن، 2012.

بەشی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، "پۆلێنبەندی پیشەیی ستانداردی نێودەوڵەتی هەموو چالاکییە ئابوورییەکان، لێڕوانینەوە 3: پێکهاتەی تەواو (بە وردەکارییەوە) و یاداشتەکان بۆ ڕوون کردنەوە "، ماڵپەڕ، بە بێ بەروار. لە ڕێکەوتی 21 ژوئن 2013:
http://unstats.un.org/unsd/cr/registry/regcst.asp?Cl=2

USAID–عێراق، بەرنامەی گەشەی ئابووری بازرگانی پارێزگایی، *کورتەی هەڵسەنگاندنی بازاڕ: سنووردارییەتییەکان و دەرفەتەکانی کار و کاسبی بە مەبەستی چالاک کردنی شوێنی کار و کاسبی لە ئاستی کۆمپانیاکان بۆ پارێزگای هەولێر، عێراق*، واشینگتن دی.سی.، مارسی 2010a.

———، *بەرنامەی گەشەی ئابووری بازرگانی پارێزگایی، کورتەی هەڵسەنگاندنی بازاڕ: سنووردارییەتییەکان و دەرفەتەکانی کار و کاسبی بە مەبەستی چالاک کردنی شوێنی کار و کاسبی لە ئاستی کۆمپانیاکان لە عێراق*، واشینگتن دی.سی.، مارسی 2010b.

ڤێرنز، جۆرج، شێلی کالبێرستون و لووی کۆنستانت، *پێشتریەتی ستراتێژیکی بۆ باشترکردنی دەستراگەیشتن بە فێرکاری بە چۆنێتی باش لە هەرێمی کوردستان –عێراق*، سانتا مونیکا، کالیفۆرنیا: کۆمپانیا RAND، MG–1140–KRG، ئاگوستی 2012.

ڤیفیان، دەیڤید، مارک وینتەربوتام، ژان شووری، بێن دەیڤیس، و سوزانا کانستابل، *ڕووپێوی کارامەییەکانی خاوەنکارەکانی بەریتانیا 2011: دەرەنجامە سەرەتاییەکان*، کۆمپانیای توێژینەوەیی IFF و کۆمیسیۆنی ئیش و کارامەیی بەریتانیا، ڕوتێردام، بەریتانیا، 2011.

وودز، جەیمز ئێف. و کریستوفەر جی. ئۆلری، *چوارچێوەی تایبەت بە بیرکردنەوەی بۆ سیستەمێکی کارامەی زانیارییەکانی بازاڕی کار: راپۆرتی کۆتایی*، راپۆرتی دامەزراوی تەکنیکی ئاپجان ژمارە 07–022، کالامازوو، میشیگان: دابلیو. ئی. دامەزراوەی توێژینەوەی ئیشی ئاپجان، 2006. لە رێکەوتی 15ی نوڤەمبەری 2012:
http://research.upjohn.org/up_technicalreports/22

بانکی جیهانی، پێوەرە ئۆنلاینەکانی پەرەپێدانی جیهان، بە بێ بەروار. لە رێکەوتی 4ی سێپتەمبەری 2012:
http://databank.worldbank.org/ddp/home.do?Step=12&id=4&CNO=2

———، *بردنە سەرەوەی کارامەییەکان: بۆ ئیشی زۆرتر و سوودوەرگرتنی زیادتر*، واشینگتن دی.سی.، 2010.

———، *زانیارییەکانی وڵاتی عێراق 2011*،رووپێوی کۆمپانیاکان، واشینگتن دی.سی.، 2011. لە رێکەوتی 3ی جولای 2012:
http://www.enterprisesurveys.org/Data/ExploreEconomies/2011/iraq#workforce—location

ئەنجومەنی گەشت و گەشت و گوزاری جیهانی، ئامێری بەدواداگەڕانی داتا ئابوورییەکان، بنکەی داتای ئۆنلاین، بە بێ بەروار. لە رێکەوتی 4ی سێپتەمبەری2012:
http://www.wttc.org/research/economic–data–search–tool/

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی پلاندانان**

RAND CORPORATION

راڤە بە روانگەیەکی راستەقینانە.
رێگاچارەسەرە کارامەکان.

ئەم لێکۆڵینەوە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت گەشە بە بەشی بازاڕی کاری کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) بدات. ئەم جۆرە کارانە، پێکهێنانی هەندێک میکانیسمی تایبەت کە کارخوازان بتوانن بە پێی ئەوانە لێهاتوویی شیاو دەستەبەر بکەن و ئەو خاوەنکارانە بدۆزنەوە کە پێویستیان بەم جۆرە لێهاتووییانە هەیە، دەگرێتەوە. حکومەت دەتوانێت شوێن و ئاقارێکی گونجاو بۆ چارەسەر کردنی پێویستییەکانی کارخوازان و خاوەنکاران دابین بکات. ئەم لێکۆڵینەوە، رێژەی گریمانەیی کارخوازە نوێکان و ئاستی خوێندنیان تا ساڵی ٢٠٢٠ تەخمین دەکات. بە پێی ئەمە، رووپێوی نوێکارانە و زانستیانە بۆ دەستنیشان کردنی تێگەیشتنی خاوەنکاران لە پێویستییەکانی پەیوەندیدار بە لێهاتوویی و کارامەیی لە KRI جێبەجێ دەکرێت. پاشان، رادەی گەشەی ئیش و کاری کەرتی لە ئابوورییە بەراوردکراوەکان بۆ دیاری کردنی کەرتێک بە گەشەی دڵخۆشکەر دەپشکنێت. لە کۆتاییدا، سیاسەتی قۆناغ بە قۆناغ کە حکومەت دەبێت بۆ باشکردنی کاری بازاڕی کاری کەرتی تایبەت بیکات، شرۆڤە دەکات.

$29.95

ISBN-10 0-8330-8796-7
ISBN-13 978-0-8330-8796-6
52995
9 780833 087966

RR-489/2-KRG